# گزینگ ٢٤

گۆڤـــــــارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە     هاوینی ١٩٩٩(١٣٧٨)


- ☐ کێ تێرۆریستە، ئۆجەلان یان دەوڵەتی تورکیا؟
- ☐ دادگاییکردنی ئۆجەلان: سەرکەوتنی دیمەن و دۆڕانی ناوەڕۆک
- ☐ لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی: خۆشەویستی، دەسەڵات، جەستە
- ☐ دۆزی کورد و ڕاگەیاندنی عەرەبی
- ☐ بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەمەڕ کۆماری کوردستان (١٩٤٦)
- ☐ شێعر و پۆست مۆدێرنیتێ، میتامۆرفۆسەکانی شێعرگەرایی و ئەدەبی بێدەنگی سەردەم
- ☐ چەند شێعرێک بە ڕاوێژی هەمەدانی لە بابا تاهیر
- ☐ هۆنەر، ئەدیب، موسیقیدان و بنگەدانەری ئەدەب و کولتووری کوردی جاسمی جەلیل(١٩٩٨-١٩٠٨)
- ☐ ناساندنی سێ نامیلکەی (ژ.ک)و پارچەهۆنراوەی: «ئەم ئاسمانە شینە»
- ☐ یادی دەساڵەی شەهیدبوونی سیاسەتمەداری کورد د. قاسملوو
- ☐ کوردستان و «د. قاسملوو» لە توێی بیرەوەرییەکانی «بزورگ عەلەوی»دا

شێعر، کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، ئەدەبی گاڵتە، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی

**مەحوی:**

به جێ نایێ، دەبێ ڕوو کــــەینە ســـــارا
حــــەقی ئادابی مـــــەجنوونی لە شــــارا
کـــــــە چەرخ ئـەسکـەنـدەری دی دەردەدارە
وتــی: ئـەم هـەم بـووە هـەمـــــــــدەردی دارا
هەتا حـەق ناسـیـــرە، هەر هەقــمــە مـەنزوور
وەکـــوو (مـــەنســـوور) ئەگـــەر بمکەن بە دارا
نەگـــەیمە ئەو جــــەوانە و گـــــەیمە پیـــــری
مــــــەدەد یـا پیــــری پیـــــرانی بـوخـــــارا
لـەبەر زار و نـەزاری بـوومــــــــــە وەک پـووش
دە ئـەمـــــــــجـــــــا ڕابـوێـرە مـن بـە زارا
مـــەگـــەر تۆ عـــەرزی حـالْم کـەی لە کن یار
قـــەڵەم، ســـاغی قـــســـە: من نیـمــــە یارا

لـەڕم دی زاهیـــــد ئـەم زســــتـــــانە، زانیم
کـــلـــک نـــادا بـــە زڕیـــنـــگـــی بـــەهـــارا
وەرە دەســــــتێ بە خـــــوێنم کــــــە نیگـارین
کـــــە خــــوێنی من حــــەڵاڵت بێ، نیگـارا
زو ئەو شـــــۆخــــــە لە عـــــاشق وەردەچەرخێ
لەگـــەڵ کـــەس، چەرخـــە ئەو، ناکــــا مـــودارا
مـــــوژەی خـــوێنێ دەکــــا هەر لەحـــزە، ســـەیرە
ئەمــــــەندە گـــوڵ لە بن یەک نووکــــــە خــــارا
کـــە شک بەم «مـــەحـــویا» هەر شـەربەتی مـەرگ
لە ســـــەر ئەرزا نـیــــــیـــــە ئاوی گـــــەوارا

* * *

# گزینگ ـ ژماره ٢٤

هاوینی ١٩٩٩(١٣٧٨)

## نێوەرۆک


قــــــــەی ئەو ژمـــــارەیە: ................ س. چ. هێـــرش ٤
کێ تیـرۆریستـــە، ئۆجـەلان یان دەوڵەتی تورکـیا ؟: .... د. عـەزیز ژیان ٥
دادگاییکردنی ئۆجەلان: سەرکەوتنی دیمەن و دۆڕانی ناوەڕۆک:.. نزار ئاگری ٧
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی: خۆشەویستی، دەسەڵات، جەستە: ٩
........................ دلسـۆز حـەمـە
دۆزی کـورد و ڕاگـەیاندنی عـەرەبی: ............... مـەهاباد کـوردی ١٢
پەیامی شێخ عەزەددینی حوسێنی بە بۆنەی جێژنی قوربان.............. ١٧
بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەمەڕ کۆماری کوردستان (١٩٤٦): ١٨
ئیسماعیل پوروالی، دوکتور مستەفا ئەلەموتی؛ و:.... ئەنوەری سوڵتانی
شێعـر و پۆست مۆدێرنیتێ، میـتـامۆرفۆسەکانی شێعرگەرایی و ئەدەبی ٢٥
بێــدەنگی ســەردەم: ..................... ئازاد حـــەمـــە
چەند شـێـعـرێک ... لە بابا تاهیـر: د. مـەلیک مـێـهـردادی بەهار ٣٢
چەند هۆنراوەیەک: ............... ڕەفـــیق ســـابیــــر ٣٨
خـــاکی ســـارد (شـــێـــعـــر): ............... الف. زاگـــرۆس ٣٩
لەبەر دەم دیوارەکـــاندا (شـێـعـر): ............... سارا فـەقێ خـدر ٤٠
هێژا حەمە سەعید و ساتیرەچیرۆکەکەی: ........ کوردان کەریم مەحموود ٤١
ساتیـرەچیـرۆک یان وڕێنەی پیـاوێکی نەخۆش: ....... گۆران قـەرەداغی ٤٤
هۆنەر، ئەدیب، مـوسـیـقـیـدان و بنگەدانەری ئەدەب و کـولتـووری کـوردی ٥١
جـاسمی جەلیل(١٩٩٨-١٩٠٨): ................ حەسەن ئەیوبزادە
ناسـاندنی سێ نامـیلکەی (ژ.ک)و پارچەهۆنراوەی: «ئەم ئاسمـانە شینە»: ٥٤
.............................. ئەحمەدی شەریفی
دوو چیرۆکی منداڵان: ....................... محەمەد فەریق حەسەن ٥٦
کورتە چیرۆکێکی تەنز: ئەو بەورەی ئینسانەکانی دەناسی: ... جیمز توربێر ٥٧
یادی دەسـاڵەی شـەهیـدبوونی سـیـاسـەتمەداری کـورد د. قـاسـملوو ٥٨
کوردسـتان و «د. قاسملوو» ، لە توێی بیرەوەرییەکانی «بزورگ عەلەوی»دا ٥٩
ناوڕێک وەسـەر «کـوردایەتی و حـیـزبایەتی دوو شـتی لێک جـیـا ؟»: ٦٠
........................... س. گ. مـاکـوان
ڕانانی کـتـێب: وەک ڕەشـەبایەک: ................ بەخـتـیـار حوسـێن ٦٢
ناسـاندنی دوو کتـێب: «لێکۆڵینەوەی وشە خوازروەکانی ئورووپایی ...» و ٦٤
«دەستە بوخچە...»: ................................ هێرش
ئەدەبی گـــاڵتـــە: ............................ کـــاوە ٦٦
چـاپـەمــــــەنی: ......................................... ٦٨



ISSN 1104 - 3473

چاپ، کتێبی هەرزان: هاوینی ١٩٩٩



**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس/ تەلەفۆن:**

**Fax/Tel**: +46 -0650- 94029
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

# بانگەوازی ئاشتیی ئۆجەلان

س. چ. هێرش

هەروەک دەزانین ڕۆژی ۳۱ مانگی مای (۹۹) دادگایی بەڕێز **عەبدوڵلا ئۆجەلان** سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا لە ژێر چاودێرییەکی زۆر سەختی پۆلیسییانە، لە دوورگەی ئیمرالی دەستی پێکرد و ئاخر سەر دادگا، بڕیاری حوکمی ئیعدامی بۆ «هاووڵاتییەکی تاوانباری تێرۆریستی خاین بە خەڵک و وڵات!!»!دەرکرد. دیارە حوکمێکی ئاوا، لەلایەن دادگا و دەوڵەتێکی پێکهاتوو لە ماکەگەلی ڕەگەزپەرستی و ئیدەئۆلۆژیی کەمالیسمەوە، شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، کە تۆڵەی گوایە (پەنجا هەزار کوژراو)ی شەڕی ۱۵ ساڵە (دەستپێکراو لە ۱۹۸٤/۸/۱۵)ی نێوان هێزەکانی تورکیا و P.K.K، لە «خەتەرناکترین تێرۆریستی سەردەم!» بکاتەوە. بەڵام ئایا دەوڵەتی تورکیا تا کەی دەتوانێ مەسەلەی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنیی کورد لە نێو زلکاوی ئیدەئۆلۆژیی کەمالیستییانەی خۆیدا قەوزەپۆشی بکا؟ دیارە بوونی گەلی کورد و قەبوڵکردنی مافەکانی، شتێکە کە پیسترین و ڕژدترین هێزی بەڕێوەبەری نێو حکوومەتی تورکیا و تەنانەت ژەنەڕاڵەکانیش ناتوانن هەتاهەتایە چاوی لێ بپۆشن.

دەوڵەتی تورکیا، بە نیشاندانی ناڕاستەوخۆی سەحنەکانی دادگا لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و بڵاوکردنەوەی پچڕپچڕی قسەکانی وی، وای دە گوێی بیروڕای گشتیی جیهانیدا دەخوێند کە گوایە لە قسان ئۆجەلان هاووڵاتییەکی تاوانبار و پەشیمانە و بە لەناوبردنی وی، ئیدی ڕیشەی «تێرۆریزم!» بۆ هەمیشە لە وڵات بنەبڕ دەکرێ و، مەسەلەیەکیش بە نێوی مەسەلەی کورد لە ئارادا نییە!

دیارە لە سەرەتاوە و لە کاتی دادگایی کردنی ئۆجەلان دا، بە ڕواڵەت وادەهاتە بەرچاو، کە قسەکانی وی لە ڕوانگەی زەعف و شڵەژاویی پشت نەردەی زیندانەوە هەڵقوڵابن و پاکانە بۆ پاراستنی گیانی خۆی بێ. بەڵام دواتر و بەتایبەت ڕاگەیاندنی «**بانگەوازی ئاشتی**» و پێوەندی مەنتیقیی قسەکانی ئۆجەلان لە توێی ڕوونکردنەوەکانی یەک لە دوای یەکی ڕۆژانی ۹۹/۸/۲ و ۹۹/۸/۵ لە ڕێگەی پارێزەرەکانییەوە؛ ئەوەی خستە ڕوو کە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە باوەڕی گەلێک لە شارەزا و لێکدەرەوە سیاسییەکانی ڕۆژئاوایی، هەر لە سەرەتای هاتنییەوە بۆ ئیتالیا و بگرە پێشتریش، بیر و بۆچوونێکی ئاوای سەبارەت بە هەوڵی پرۆسەی ئاشتی و وەلانانی ڕێبازی چەکداری و گرتنەبەری ڕێبازی سیاسی هێناوەتە ئاراوە و تەنانەت لە نێو ڕێکخراوەکەشدا کاری بۆ کردووە.

بە کورتی قسەکانی ئەو دواییانەی ئۆجەلان، تەمی سەرکەوتنی کاتیی لە دەوری دادگایی کردنی «**تاکە کەسێکی تێرۆریست!**» ڕەواندەوە و بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ لای مەسەلەی ڕەوای نەتەوەیەکی خاک وێرانکراو و مافخوراو ڕاکێشا. دەوڵەتی تورکیا لەو شانۆگەرییە پۆلیسییەدا، نەتەنیا سەرنەکەوت، بەڵکوو لەباری سیاسییەوە بە دۆڕاو لە قەڵەم درا؛ بەتایبەت ڕەنگی ئەو دۆڕان و بۆڕدرانە کاتێک زیاتر زەردتر و بزرکاوتر هاتەبەرچاو، کە ئۆجەلان بانگەوازە ئاشتییەکەی خۆی لە پێناو کۆمارێکی دێمۆکراتیکدا، بە قۆناغێکی ستراتێژیک دانا و ڕایگەیاند:

- ڕاگرتنی شەڕ و کشانەوەی هێزەکانی گریلا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە.
- مانەوەی هێزی گریلا لە ناوەوەی وڵات، دەبێتە هۆی ئاژاوە و گێچەڵ گێڕان، چونکە هێندێک ناوەند هەن دەورێکی دووڕووانە دەگێڕن.
- کشانەوەی هێزەکان، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە و چ لە ڕووی ڕێکخراوەیی و ئیدەئۆلۆژییەوە بە قازانجی (پ.ک.ک) تەواو دەبن.
- تەنانەت بەستنی کۆنگرەی P.K.K (کە بە شێوەی نائاسایی دەبەسترێ)، دەبێ ببێتە کۆنگرەی گەڕانەوە بۆ وڵات و چەکدانانی گریلا، بە مەرجێک دەوڵەتی تورکیا مافی گەلی کورد قەبوڵ بکا و لێبووردنی گشتیی ڕابگەیێنێ.
- دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتی لە نێوان (پ.ک.ک) و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق... هتد.

بانگەوازی ئاشتیی ئۆجەلان، کە لە ڕێی پارێزەرەکانییەوە بڵاوکرایەوە، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی (پ.ک.ک)، سپای ڕزگاری نەتەوەیی (ARGK)، بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی (RNK) و کۆنگرەی نەتەوەیی و پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و هەروەها گەلێک لە سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بۆ قۆناخی ئێستا (کە قۆناغی ڕێبازی سیاسی یە) بە گاوێکی زۆر گرینگ داندراوە و پێشوازییەکی بە تینی لێکراوە.

هەرچەند تا ئێستا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە شێوەی ڕەسمی وەڵامی ئەو بانگەوازەی ئۆجەلان نەدراوەتەوە، بەڵام دەوەدا شک نییە کە نواندنی هەڵوێستێکی بوێرانەی ئەوتۆی سیاسی و بەرپرسێتی ڕۆڵێکی ئاوا گرینگ، ئەویش بۆ کەسێک کە لە پشت نەردەی زیندانەوەڕا، هەم ڕێکخراوەکەی خۆی ڕێبەری بکا و هەم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بدا، ئەگەر دەستاولەجێش دەسکەوتی سیاسی بە دەست نەهێنێ، لە دواڕۆژێکی نزیکدا، دەوڵەتی تورکیا ناچار دەکا کە مل بۆ دیالۆگی ئاشتی ڕابکێشێ. تورکیا دەبێ لە بەرانبەر بیر و ڕای گشتیی جیهانی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و هەروەها ڕێکخراوی یەکێتی ئورووپا وەڵامدەر بێ.

تۆ بڵێی سەردانی «**هارۆڵد کۆ**» (Harold Koh) یارمەتیدەری وەزارەتی دەرەوەی مافی مرۆڤی ئەمریکا بۆ وڵاتی تورکیا لە سەرەتاکانی مانگی ئاگوستیدا، بە لانی بەرژەوەندی سیاسیی کوردان دانەشکێتەوە؟ ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە کە ئەمریکا ئاوڕێکی ئینسانیی لە کێشەی گەلی کورد لە تورکیا بداتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دەبێ چاوڕوانی ڕۆژی یەکی سێپتامبری ۹۹ بین، کە هەم پارتی کرێکارانی کوردستان قەرارە بڕیارەکەی خۆی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ و کشانەوەی هێزەکان لە پێناو «**پرۆسەی ئاشتی**»دا، بەجێبهێنێ و هەمیش «**ئەجەویت**» قەرارە سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکا. ■

د. عەزیز ژیان

# کێ تێرۆریستە، ئۆجەلان یان دەوڵەتی تورکیا؟

ڕۆژی ١٥ی مانگی فەوریەی ١٩٩٩، عەبدوڵلا ئۆجەلان لیدەری پارتی کرێکارانی کوردستان بە یارمەتی سازمانە جاسووسییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە فرۆکەخانەی کینیا دزرا و بە نەهێنی تەسلیمی تورکیا کرا. کە ئەوانیش بە دەست و چاوی بەستراو ڕفاندیان بۆ تورکیا و بەندیخانەی ئیمراڵیان لە دەریای مەرمەڕە بۆ چۆڵ کرد و بە تەنێ لەو زیندانە کە جێگای دوسەد کەس بوو لە ژێر چاودێریی تایبەتی پۆلیس و جەیشی تورکیا لە ناو کۆت و بەنددا ڕاگیرا.
دەوڵەتی تورکیا ئەو پیاو دزینەی بە سەرکەوتنێکی گەورەی نەتەوەیی ناوبرد و تەبلیغاتێکی پان و بەرینی دژی ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان دەست پێکرد و هێندێک ژن و منداڵی پۆلیس و نیزامییەکانی نارده ناو شەقامەکان چەقڵەسەما و زەماوەند بکەن.
ئەجەویت سەرۆک وەزیرانی تورکیا دە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤیزیۆنیدا ڕایگەیاند کە گرتنی ئۆجەلان کۆتایی بە ئاژاوەی ڕۆژهەلاتی تورکیا دێنێ و تێرۆریزم لە وڵات ڕادەوەستێنێ (جێگەی سەرنجە کە کاربەدەستانی تورکیا وشەی کوردستان بەکارناهێنن و دەڵێن ڕۆژهەلات).
بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە دزین و ڕفاندنی ئۆجەلان کۆتایی مەسەلەی کورد نەبوو. بەڵکوو سەرەتایەکی نوێ بوو لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و هەروەها ژانەسەرێکی دیکە بوو بۆ دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا.
ئۆجەلان هەتا کاتی گیرانی تەنیا لیدەری P K K بوو و تەنیا دەیتوانی نوێنەرایەتی پارتی ناوبراو بکا، بەڵام پاش گرتنی گۆڕانێکی گەورەی بە سەرداهات، واتە بوو بە سەمبولی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەروەها لە ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنەکانی جیهان. کوردەکان لە هەموو لایەک خۆپیشاندانیان ڕێکخست و دەنگی خۆیان بۆ پارێزگاریی مافی گەلی کورد و دژی ئەوکارە ناحەزەی تورکیا بەرز کردەوە. تورکیا زۆری حەولدا کە ئۆجەلان بە مرۆڤێکی پیاوکوژ و تێرۆریست بە دونیا بناسێنێ و تێدەکۆشا نەهێڵێ ئۆجەلان ببێتە باسی گەلی کورد، بەڵام دەو تێکۆشانەدا سەرنەکەوت. لە هەموو لاوە دزین و ڕفاندنی ئۆجەلان بە دەستدرێژی دژی یاسای ناونەتەوەیی ناسرا و لە زۆر جێگە مەحکووم کرا.
ڕۆژی چواری مانگی مەی ١٩٩٩ لە پارلمانی کینیا، نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن بەڵگەیەکیان تەسلیمی سەرۆکی پارلەمان کرد کە دەیسەلماند دەوڵەتی تورکیا چوار میلیۆن دۆلاری داوە بە سازمانی ئەمنیەتی کینیا بۆ ئەوەی ئۆجەلان تەسلیمی تورکیا بکا. هەر ئەو نوێنەرانە ڕایان گەیاند کە تورکیا باڵوێزی یۆنانیشی بە پارە ڕازی کردووە کە هاوکاری ئەو پیلانە بکا. بەڵام ئەو نوێنەرانە نەیانگوت چەند میلیۆن دۆلار دراوە بە باڵوێزی یۆنان. دیارە جوولەکەکان بۆ هیچکەس بێ پارە وەرگرتن ئیش ناکەن. گومان دەوەدا نییە کە بەشی هەرە زۆری دۆلارەکان دراوە بەوان، چونکە شێوەی ڕاگرتن و بردنی ئۆجەلان بۆ ناو قەفەسی شووشە لە لایەن جوولەکەکانەوە فێری تورکیا کراوە. ئەوەش تەجروبەیەکە کە جوولەکەکان، دە گرتنی «ئایشمەن» تاوانباری بەناوبانگی ئاڵمانی لە ساڵی ١٩٦٠ وەدەستیان هێنا. دەبێ چاوەڕوان بین بەڵگەی زیاتر دەرکەوێ، تا ڕوونبێتەوە تورکیا چەندی خەرج کردووە هەتا ئۆجەلانی وەدەست هێناوە.
ڕۆژنامەکانی ئورووپا و ڕادیۆی BBC ئینگلیزی قسە لە ٢٠ میلیۆن دۆلار دەکەن. بەڵام ڕۆژنامەکانی لومۆند و ئیل پائیس کە لە پاریس و مادرید دەردەچن پێیانوایە تورکیا بۆ ئەوکارەساتە زۆر زیاتری خەرج کردووە.
شایی و هەڵپەڕینی تورکیا زۆر زوو کۆتایی هات. چونکە لە هەموو لایەک باسی گەلی کورد لە تورکیا هاتەگۆڕێ و سیاسەتی دژی کوردیی تورکیا مەحکووم کرا. لە چوار گۆشەی جیهان ژن و پیاوە زانا و ڕووناکبیرەکان بۆ لایەنگری لە مافی گەلی کورد دەنگی خۆیان بەرزکردەوە و بیروباوەڕی خۆیان دە بارەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا و مافی ڕەوای گەلی کورد بە شێوەی وتار و نووسین و وتووێژ دەربڕی. بەمجۆرە بەپێچەوانەی بۆچوونی دەوڵەتی تورکیا، گرتنی ئۆجەلان بوو بە هۆی بەهێزبوونی ڕیز و ڕێکخراوەی گەلی کورد و شکانی سیاسەتی فاشیستیی تورکیا لە کوردستان.
پێش گرتنی ئۆجەلان، گرتن و ئازاردانی کوردەکان لە تورکیا و وێرانکردنی گوند و ئاوەدانییەکانی کوردستان باسی نەدەکرا. بەڵام دەگەڵ دزینی ئۆجەلان باسی ئەو جینایەتانەش کە تورکیا لە مێژساڵە دژی گەلی کورد دەستی تێدایە لەسەرڕا هاتەوەگۆڕێ و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ تورکیایان بە درێژەدان بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار کرد. بە سەدان فاکس و نامە و نووسراوە، بۆ دەوڵەتی تورکیا ناردرا کە نارەزایی خۆیان دژی تورکیا دەردەبڕی و سەرنجی پارلمانی ئورووپایان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دەستدرێژییانەی تورکیا ڕاکێشا.
دەوڵەتەکانی ئاڵمان و ئیتالیا پێشنیاریان کرد دادگایەکی ناونەتەوەیی بۆ باسکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیا بێتە کایە. ڕۆژنامەکانی بەناوبانگی فەڕانسە و ئینگلیس و ئیسپانیا و ڕۆژنامەی بەناوبانگی هەرالد تریبون باسی پەیمانی ١٩٢٠ی «سێڤر»یان هێناگۆڕێ. ئەو باسە تورکیای تووشی ترسێکی گەورە کرد. پیاوە سیاسییەکانی ئورووپا و چەند کەسێک لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا گوتیان لە دادگای ئۆجەلان دا پێویستە ژەنڕاڵەکانی تورکیاش حازر بن و جوابی ئەو هەموو پیاوکوشتن و ماڵوێرانییەی کوردستانی تورکیا بدەنەوە. نوێنەری بەرەی یەکگرتووی چەپ لە پارلمانی ئیسپانیا (Tulio Inguita) گوتی: ئەگەر هێرشی ناتۆ بۆ سەر یۆگوسلاوی بۆ بەرگریی لە پێشێلکردنی مافی گەلی کۆسۆڤۆیە، پێویستە هەر ئەو هێزە لە مافی گەلی کورد لە تورکیاش دیفاع



**❑ ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تورکیا دەو تەبلیغاتەدا تەنیا باسی ئۆجەلان دەکا و ناوی گەلی کورد و خەباتی لەمێژینەی ئەو گەلە لە دژی تورکیا نابا! واوێدەچێ ئەوانەی خەباتیان کردووە و ژیانی خۆیان داناوە کورد نین!**

بکات. بەمجۆرە دەبینین تورکیا لە شەترەنجی سیاسەتدا مات کراوە و هیچی پێ نەماوە ئەوەنەبێ کە دەست بە دامێنی ئەمریکا و ئیسرائیل بێ پێشی ئەو هەموو دەنگوباسەی بۆ بگرن. ئەمریکا و ئیسرائیل لە کانالی دیپلۆماتیکەوە حەولێکی زۆریان دا بۆ هێمنکردنەوەی ڕای گشتیی جیهانی و کۆتایی هێنان بە باسی مافی گەلی کورد بەڵام ئەو دوو دەولەتەش لە تێکۆشانی خۆیاندا سەرنەکەوتن.

تورکیا لەوەتی داخوازی کردووە بچێتە ناو یەکێتی ئوڕووپاوە، حەولی داوە بە وڵاتەکانی ئوڕووپایی بسەلمێنێ کە لە تورکیا یاسای دیمۆکراسی هەیە و فەرقێک لە نێوان کورد و تورک و نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتانە نییە، بەڵام پارلمانی ئوڕووپا داخوازیی تورکیای وەلانا و چەند مەرجی بۆ دانا کە پێش هاتنە ناو یەکێتی ئوڕووپا پێویستە بە جێیان بێنێ:

یەکێک لەو مەرجانە کۆتایی هێنان بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و حەلی مەسەلەی کورد بە وتووێژ و دیالۆگە دەگەڵ کوردەکان لە ڕێگای هێمنانەوە، بەڵام تورکیا هەر بە قسە دەڵێ نەتەنیا دێمۆکراتن بەڵکوو سوسیال دێمۆکراتیشن!! ئاشکرایە کە تورکیا لاپەڕەی ڕەشی زۆرە و بە قسە سپی ناکرێتەوە.

لەو ڕۆژەوە کە ئۆجەلان گیراوە، دەزگای ئەمنیەتی و پۆلیسیی تورکیا پڕوپاگەندێکی زۆری دژی ئۆجەلان دەست پێکردووە و بە دوژمنی دەرەجە یەکی تورکیای ناودەبا و تاوانی ۳۰ هەزار کوژراوی شازدە ساڵی ڕابردووی شەڕی P. K. K دژی هێزی تورکیا داوێتە ئەستۆی ئەو، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تورکیا دەو تەبلیغاتەدا تەنیا باسی ئۆجەلان دەکا و ناوی گەلی کورد و خەباتی لەمێژینەی ئەو گەلە لە دژی تورکیا نابا! واوێدەچێ ئەوانەی خەباتیان کردووە و ژیانی خۆیان داناوە کورد نین!

بە وتەی ڕۆژنامەکانی ئوڕووپا، شێوەی ڕفاندن و ڕاگرتنی ئۆجەلان لە زیندانی تایبەت و قەفەسی شووشەیی دادگا، هەموو لاساکردنەوەی ڕفاندن و گوێزتنەوەی ئایشمەن تاوانباری بەناوبانگی ئالمانی یە کە ئیسرائیلییەکان لە ساڵی ۱۹٦۰ لە ئارژانتین ڕفاندیان و بردیانە ئیسرائیل بۆ محاکەمە و کوشتن. بەمجۆرە تورکیا تێکۆشاوە بیروڕای گشتیی جیهانی فریو بدا و ئۆجەلان بە تێرۆریستی هەرە گرینگی قەڕن بناسێنێ. بەڵام بە ڕوانینێکی سەرەتایی دەردەکەوێ کە تێرۆریستی ڕاستەقینە تورکیایە نەک ئۆجەلان.

کوردەکانی تورکیا بە شەهادەتی مێژوو، نیزیک دووهەزار ساڵ پێش ئەوەی سەروکەللەی تورکەکان پەیدا بێت لەو وڵاتەدا بوون و هەر لەوێ ژیاون و بەدرێژایی مێژوو دژی هێرشی داگیرکەران ژیانی خۆیان پاراستووە. سولتانەکانی عوسمانی کە خۆیان بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانی، دە هەموو یاسا و فەرمانەکانیان دا دانیان بە بوونی ئەو گەلە لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتوری خۆیان پێداناوە، لە زۆر شەڕان دەگەڵ دراوسێکان لە یارمەتی کوردەکان سوودیان وەرگرتووە. کوردەکان بە هۆی بیروباوەڕی ئایینی دە زۆربەی شەڕەکاندا لایەنگری عەسکەریی عوسمانیان کردووە و بە هۆی بەڵگە مێژووییەکان، عوسمانییەکان لە سەدەی ١٦ی زایینی بە یارمەتی کوردەکان توانیان سوپای بە هێزی شائیسماعیلی سەفەوی تێک بشکێنن.

پاش شەڕی ئەوەڵی جیهانی بە پێی قەراردادی ئاشتیی سیڤری ۱۹۲۰ کە دەولەتە سەرکەوتووەکان و تورکە شکاوەکان ئیمزایان کردبوو، بۆ کوردەکانی ئیمپراتوری عوسمانی سنووری جوغرافیا دانرا و مافی سەربەخۆیی کوردان بە ڕەسمیەت ناسرا. بەڵام سەرکەوتنی تورکەکان لە شەڕی دژی یۆنان بوو بە هۆی بەستنی پەیمانی لۆزان (۱۹۲۲). دەو پەیمانەدا سنووری تازە بۆ دەولەتی تورکیا کێشرا و باسی کوردەکان نەکرا! دیارە ئەودەم کوردەکان لەبەر شێوەی ژیانی عەشیرەیی و دەرەبەگی نەیانتوانی دژی ئەم پەیمانە هەستن و مافی خۆیان بپارێزن. تورکەکانی کەمالیست لەم بێدەنگییەی کوردەکان سوودیان وەرگرت و دەولەتی تازەی

خۆیان لە سەر بناغەی ڕەگەزپەرستی دامەزراند و حاشایان لە بوونی گەلی کورد کرد. قانوونی ئەساسی تورکیا بەبێ بەشداریی نوێنەرانی کورد پەسند کرا کە هەر ئەو قانوونەیە هەتا ئەورۆ سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی تورکیای پێ پتەوکراوە.

کوردەکان دە ماوەی نیزیک حەفتا ساڵی ڕابردوودا بێ وچان سەرهەڵدان و ڕاپەڕینیان دژی تورکەکان پێکهێناوە بەڵام جەیشی تورکیا هەموو جارێ هێرشی بردووتەسەر کوردەکان. بە سەدان شار و گوندی سووتاندووە و بە هەزاران کوردی گرتووە و کوشتووە. لە سەروەشڕا ئەو خەبات و ڕاپەڕینە هەتا ئەورۆ هەر درێژەی هەبووە و درێژەشی هەر دەبێ.

خەباتی چەکدارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان بەشێکی تایبەتی یە لەو خەباتە بێوچانە کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەستی پێکراوە و هەتا ئەو کاتەی کە ئەو نووسراوە دەخوێننەوە هەر بەردەوامە. جەیشی تورکیا بەرانبەر بەو خەباتە دوو سیاسەتی دژبەیەکی گرتووەتەپێش: لەلایەک دەڵێ و لە ڕابردووشدا گوتوویەتی ئەوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات چەکیان هەڵگرتووە و خەڵک دەکوژن، هێندێک چەتە و پیاوکوژن کە بە زوویی هەموویان دەگیرێن و سەزا دەدرێن واتە ئەوانە نە کوردن، نە پارتێن بەڵکوو تێرۆریستن و هیچ گرینگییان نییە! لەلایەکی ترەوە، دە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەشێکی بەرچاو لە هێزی چەکداری تورکیا لە کوردستان خەریکی وێرانکردنی شار و ئاوەدانیی و گرتن و کوشتنی کوردەکان بووە. دیارە زۆریشی عەسکەر و پۆلیس تەنانەت سەروان و سەرهەنگ لێ کوژراوە. ژەنەڕاڵەکانی جەیشی تورکیا هەموو ڕۆژێ دە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی هێزی چەکداردا خەبەری گرتن و کوشتنی تێرۆریستان بڵاودەکەنەوە کە دە ساڵدا سەر لە هەزاران دەدا.

بە پێی نووسراوەی ڕۆژنامەکانی ئوڕووپا و بەڵگە و وێنەی وەدەستکەوتوو هەتا ئەو ساڵ نیزیکەی چوار هەزار گوند لە کوردستان وێران کراوە و زیاتر لە نیو میلیۆن کورد گوێزراونەوە بۆ بەشەکانی تورکنشین و زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس کوژراون. بەڵام دەوڵەتی تورکیا ئەو ڕاستییانە دەشارێتەوە و حاشایان لێدەکا. دوو ساڵ لەوەپێش وەختێک ئەربەکان بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، دە وتووێژێکی ڕادیۆ ـ تەلەڤیزیۆنیدا ڕایگەیاند کە "ئەو گوندانەی دە ماوەی چەند ساڵ شەڕی ناوخۆدا وێران کراون هەموان ساخ دەکەمەوە و کوردەکانی گوێزراوە دێنمەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان". ڕۆژنامەکانی "گاردیەن" و "لومۆند" و "هیرالد تریبون" و زۆربەی تەلەڤیزیۆنەکانی ئوڕووپا ئەو قسانەی ئەربەکانیان خستە بەرچاوی خەڵک. بەڵام ژەنەڕاڵەکانی تورکیا هەڕەشەیان لە سەرۆک وەزیر کرد کە ئەو قسانە دژی قانوونی ئەساسین و هەر بەو تۆمەتە ئەربەکان وەلاندرا و تەنانەت حیزبەکەشی قەدەغە کرا!

بەم جۆرە دەبینرێ کە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان کوشتن و بڕین و وێران کردن بووە. جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئایا بە ڕاستی کێ تێرۆریستە، دەوڵەتی تورکیا یان P. K. K؟ دەوڵەتی تورکیا چەند ژنی ناردۆتە ناو ساڵۆنی دادگا کە وێنەی کوڕە کوژراوەکانیان بە دەستەوەیە. ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆژئاوایی دەڵێن کوڕی ئەو ژنانە قوربانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا بوون، ئەگەر ڕێگە بدرێ بەو دایکە کوردانەی کە کوڕیان کوژراوە بێنە دادگا، دەوڵەتی تورکیا دەبێ ساڵۆنێک ئامادەبکا کە جێگەی ٢٠ هەزار دایک ببێتەوە.

مادرید ٢٣ی جولای ١٩٩٩



## دادگاییکردنی ئۆجەلان:

# سەرکەوتنی دیمەن و دۆڕانی ناوەڕۆک

**نزار ئاگری**

وەرگێڕان لە عەرەبییە: مەهاباد کوردی

بەرپرسیارە تورکەکان تاکە ساڵۆنی شانۆیی دوورگەی (ئیمرالی)یان، لە دەریای ئیجە*، وەک ساڵۆنێکی دادگا لێکردووە بۆ دادگاییکردن و لێپرسینەوەی پێشەوای کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان بە تاوانی ناپاکیکردن و تێکۆشان لە پێناو دابەشکردنی وڵات. ئەم کارەی لێپرسراوانی تورک، گەر بە ئەنقەست بێ یان نا، ئەمە هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و بەڵگەیەکە بۆ ڕووداوەکانی سەر شانۆی سیاسیی تورکی لە دەسپێکی گرتنی ئۆجەلان، لە کینیا، ئینجا هێنانەوەی بە دەست و پەل بەستراوی و سپاردنی بە گرتووخانەی ئامادەکراوی دوورگەی ئیمرالی. هەر لە سەرەتادا، هەڵسوکەوتی هەموان، وەک ئەوە وا بوو کە کارەکە پێوەندی بە نمایشێکی شانۆییەوە هەیە نەک شتێکی تر. وا دیار بوو خەڵکی ڕەشۆکی و نارەشۆکیی تورکیش، زیاتر گرێدراو و شێتی وێنە بوون نەک ناوەڕۆک.

دەسەڵات و ڕاگەیاندنی نووسراو و بینراو و بیستراو لە سەر شتێک ڕێک کەوتن: خۆخەریککردن بە تاکە خەمێک کە لە بەرجەستەکردنی پرۆسەی گرتنەکە و دەرهێنانی بە شێوەیەکی "شانۆییانە" خۆی دەبینێتەوە. ئامانجی ئەم کارەش بریتی بوو لە وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک و کارتێکردنیان.

ڕووداوەکە بە تەواوی مانای وشەوە لە ناوەڕۆکی ڕامیارییانەی خۆی وەدوور خرایەوە و بەرگێکی کەشخەی وروژاندنی دیمەنناسای دەبەر کرا. هەر لە چرکەساتی یەکەمدا حەز و ئارەزووەکانی سەرلە دوونانی دیمەنەکە، لە شێوەی سیمبۆل و هێما، سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوەیان دەکرد. عەبدوڵلا ئۆجەلان وەک کەسێکی دەروون شەڕانی و خراپ و تاوانبار نیشان درا کە قەدەر خستوویەتیە دەست تورکە باش و خێرخواز و دڵۆڤانەکان، چاکەش هەمیشە بەسەر خراپەدا زاڵ دەبێت. بە وێنەی تەلەڤیزیۆنی ڕفێنەرانی دەمامکدراوی ئۆجەلان پیشانی خەڵک دەدران کەوا چۆن دەستیان بۆ سەرەوە بەرز دەکردەوە و لەپی دەستیان دەگەڵ یەکتر جووت دەکرد و پەنجە گەورەی دەستیان ڕوو لە سەرەوە و نیشانەی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەیان پێوە دیار بوو، لە ناوەڕاستیشیان، ئۆجەلان بە چاوی بەستراو و دەستی کەلەپچەکراوەوە لەسەر پشت کەوتووە.

ڕووداوی گرتنی ئۆجەلان و، بارێکی وەها، ڕەفتارێکی سیاسییانە نەبوو، بەڵکوو دیمەنێک بوو بۆ تێرکردنی بێمانای چاو و غەریزەی کەسانێک کە بە دیمەنگەلێکی ئەوها شاد و سەرمەست دەبن. لە دروستکردنی وێنە و کۆپلەکاندا، هەروەک لە هەموو نواندن و نمایشێکی وێنەییدا، ئەوپەڕی هونەر بەکار هێنرابوو. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوە درابوو دوورییەکانی ئەو وێنانە بە شێوەیەکی چڕ و پڕ لە ئیلهام وەگەڕ بخرێن. بە مەبەستی چوونە ناو هزری تورکی، پڕاوپڕ دژ بە ئۆجەلان، وێنەکانی ناوبراو بە یەک جار نیشان نەدەدران، بەڵکوو بە جۆرێکی بەش بەش و ماوە لە دوای ماوە، ئەمەش کارێکی پێویست بوو بۆ بە بێداری هێشتنەوەی مێشک و دەمارەکانی خەڵک و بزواندنی هەست و سۆزیان.
وەک گشت وێنەیەکیش پەیامەکە بەرەو دوو ڕێباز ملی دەنا: ڕێبازی سەرکەوتوو و براوە، کە مافی خۆیەتی چێژ لە دوژمنە بێزەوەر و لە زەوی کەوتووەکەی وەربگرێت. ڕێبازی ژێرکەوتوو و دۆڕاو کە دەبێ بە گەورەترین ڕادە تاڵاو بچێژێت. لە هەموو بارەکانیشدا وێنە بە ئەرکێکی خێرا ڕادەبێت، ئەویش خاڵیکردنی هزرە لە بارگە چێنراو و ماتدراوەکان. کارەکە، بە بەردەوامی، وەک کێشەیەکی ڕیشەداکوتاوی نێوان خراپە و باشە، نیشان دەدرا. بارێکی ئەوهاش دەمودەست نەهاتۆتە ئاراوە.
تورکەکان سەرهەڵدانە کوردییە داماوەکانیان لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی وەک ڕەفتارێکی شەیتانئاسا تەماشا کردووە. ڕای گشتیی تورکی، بە بەردەوامی ئامادەی ئەوە بووە، سەرهەڵداوانی کورد بە تاوانباران و ڕێگران دابنێت و هەر بەو چاوەشەوە سەیریان بکات. هیچ ڕۆژێک واقیعی خەفەتاویی ژیانی کوردەکان و هۆیە پاڵپێوەنەرەکانی سەرهەڵدانەکانیان بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە. پێشەواکانی سەرهەڵدانی کوردیش لە قالبی کەسانێک وێنە کێشراون گوایا شەیتان هەڵیخەڵەتاندوون.
بەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەکە، لە نێوان دەوڵەت، کە دەسەڵاتەکانی خۆی لە بەرگێکی ڕەگەزپەرستی و لێک جیاکردنەوە سەپاندووە و، لە نێوان کەمینەیەکی نەتەوەیی کە دەیەوێ بە دەوڵەت بسەلمێنێت تا ئاورێکی لێ بداتەوە، نەبووە؛ بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەکە بریتی بووە لە شەڕ و ململانێی نێوان خێرخوازان و شەڕخوازان، کەسانی چاکەکار و خراپەکار. تەواوی مەسەلەکە، بەم شێوەیە، بە ڕای گشتیی تورکی نیشان دراوە.
لە دادگاییکردنی ئۆجەلانیشدا دەبوایە خەڵک خۆیان ئامادە کردبایە بۆ پێشوازیکردنی کەسە شەڕانییەکە بە جۆرێک کە لایقیەتی: توورەیی و قسە و جنێوی ناشیرین و نەفرەت. تورکیا ئۆجەلانی بۆ ئەوە نەگرتووە تا لە تەنگوچەڵەمەی کوردی، کە تەنگوچەڵەمەیەکی ڕامیارییە، ڕزگاری ببێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی گرتووە تاکوو ڕەشەبای سۆزی ڕک و کینەی خۆی پێ دامرکێنێت.
لە بریتانیا یا ئیسپانیا و فەڕەنسا، دەستگیرکردنی پێشەواکانی بزووتنەوە جوداخوازی و سەرهەڵدانەکان، دەبێتە سەرەتایەک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە، دادگاییکردنەکەش کارێکی یاسایی و ڕۆتینی و ئاسایی دەبێت. دادگاییکردن لە تورکیا بە کەش و ئاهەنگە ئایینییەکانی خێڵ و هۆزەکانی ئەفریقا دەچێت کە تێیاندا قوربانی دەکوژرێنەوە و سەرکەوتووان سەما دەکەن.
ساڵۆنی دادگاکە، جگە لە هەموو دوورگەی ئیمرالی خۆیشی، لە جیاتی ئەوەی ببوایە شوێنێک بۆ بەڕێوەچوونی یاسا و کاری دادپەروەرانە، وەک شانۆیەکی لێ هاتبوو تا سەرنجی تەماشاکەران بۆ خۆی ڕابکێشێت.
دەسەڵاتدارانی تورک هۆیەکانی گواستنەوەیان ئامادە کردبوو تا "کەس و کاری شەهیدان"، هەڵگرانی وێنە ڕەنگین و لە چوارچێوە گیراوەکانی کوژراوان، بێن و لە ساڵۆنی شانۆکە، دادگاکەیان، بپەستێون، کاری ئەوانیش ئەرکێکی دیمەنئاسا دەبێت کە شوێنەوار و ئاماژە و ئیلهامەکانی لە بەر چاوی قازییەکان و تاوانبارەکە و ئامادەبووان بزر نابن، بێجگە لە بینەرانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانیش.
هەروەک لە کەش و بەزمە ئایینییەکان، لێرەش کەسانی ئامادەبوو هاوار هاواریانە و داوای کوشتنی قوربانییەکە دەکەن، دادگاییکردنەکە پیشاندانێکی نمایشناسای پێشوەخت ئامادەکراو بوو، کاری هەمووان تەنیا لەبەرکردنی ڕۆڵەکان بە باشی و ئەنجامدانیان بە شێوەیەکی لێهاتووانە بوو.
لە پێش کامێراکانی وێنەگرتنی تەلەڤیزیۆنی ئاپۆڕەی خەڵک لەسەر ئاوازێکی تەگبیر بۆکراو سروودان دەڵێنەوە و داوای کوشتن و هاڕینی سەرهەڵداوان دەکەن، ئەو پانکارتانەی کە بەرزیش کراونەتەوە عەبدوڵلا ئۆجەلان بە تاوانبار و "مندالکوژ" ناو دەبەن. سەیر لەوە دایە وشەکانیش بە ڕەنگی بریقەدار نووسراون لەو جۆرە ڕەنگانەی کە لە ئاهەنگی قوتابخانەکان و فیستیڤاڵی سەماکاندا بەکار دەبرێن.
بۆ زیاتر "بە دنیا سەلماندن" کە "دادگای تورک پاک و سەربەخۆیە" خاوەنانی میوانخانەکانی شارۆچکەی مۆدانیای نزیک بە دوورگەکە بانگهێشتی کۆبوونەوەیەک کران، داواشیان لێ کرا شوێنی حەوانەوە بە پارێزەرانی داکۆکیکەر لە ئۆجەلان نەدەن، چونکە ئەوان داکۆکی لە "تێرۆریستەکە" دەکەن، ئیدی ئەوکات تورکیاش بە زمانی دەسەڵات دەڵێت: "مافی ئەوەمان نییە کە خاوەنانی میوانخانەکان ناچار بکەین پێشوازی لە کەسانێک بکەن کە نایانەوێ پێشوازییان لێ بکەن". لە ساڵۆنی دادگاییکردنەکەدا سەربازێک ڕادەبێت و قاچە دەستکردەکەی بەرەو ڕووی قازییەکان و پارێزەرەکان دەکاتەوە و هاواریش دەکات: کێ لەمە بەرپرسیارە؟ ژنێک فرمێسکی زۆر دەبارێنێت و بە گریانەوە مێردە کوژراوەکەی دەلاوێنێتەوە... تاد. ئەمانە گشتیان دیمەنگەلێکن کە زۆر بە ڕێکوپێکی ئەرکەکانیان حیسابیان بۆ کراوە و لە نمایشێکی شانۆیی پڕ لە دراما و کۆپلە و قسەی هەستدار و بە سۆز خۆ دەدۆزنەوە. شتەکان زیاتر لە نواندن نزیکن و بە هەموو مانای وشەشەوە لە سیاسەت و ڕێکوپێککردنی بارەکان لەمەڕ بەرژەوەندی ئاشتبوونەوە و لە یەکبوردن و سەقامگیرییەوە دوورن.
دادگاییکردنی ئۆجەلان بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ لەرزۆکی حیکمەتی سیاسی و نەبوونی داد و ڕەوایی.

***

* دوورگەی ئیمرالی دەکەوێتە دەریای مەڕمەڕەوە کە نووسەر بە هەڵە دەریای ئیجەی نووسیوە ـ وەرگێڕ.

**تێبینی وەرگێڕ:** نووسەری ئەم وتارە کە ناوی "نزار ئاگری"یە خەڵکی باشووری کوردستانە. من لە نزیکەوە ناوبراو ناناسم و ئەوە جاری یەکەمیشە نووسراوێکی ئەو بخوێنمەوە. هەروەها جارێکیان لە تەلەڤیزیۆنی ANN گوێم لە یەک دوو قسەی بووە. ئەم نووسراوە لە ڕۆژنامەی "*الشرق الاوسط*" لە ڕێککەوتی ١٩٩٩/٦/٢٧ بڵاو کراوەتەوە. من تەنیا لەبری "نووسەرێکی کوردی عێراقی" کە لە کۆتایی نووسینەکەیدا هاتووە، وەک دەبینن نووسیومە: خەڵکی باشووری کوردستانە. ئاواتەخوازم کاک نزار ئەمەم لێ پەسند بفەرموێت.

لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی

# «خۆشەویستی، دەسەڵات، جەستە»

دڵسۆز حەمە

■دارشتنی ئاست و شێوەی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان لە هەر قۆناغێکی ئابووری و مێژووییدا پێناسەیەکی تایبەت هەڵدەگرێ و لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجەکەدا بە جۆرێکی تر خۆ دادەڕێژێتەوە. هەر بڕگەیەکی مێژووییش، هەر قۆناغێکی ئابووریش هەڵگری چەمک و پێناسی تایبەتە بۆ گرێدان و دارشتنەوەی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە لە هەموو ئاستەکاندا. هەرچی پایەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە لە سەر دیمۆکراتی و ئاشتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بیناکرێ لە شێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتدا، زیاتر ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە ئینسانیتر خۆ ڕێکدەخەن و، بەپێچەوانەشەوە قۆناغی توندوتیژیی و سەرکوت و قەیرانی سیاسی و ئابووری هەمیشە زەمینەی بە قەیران گەیشتنی پێوەندییەمرۆڤایەتییەکان و خالیکردنەوەی پێوەندییەکانە لە خەسڵەتی مرۆڤدۆستانە و بەهاکانی. پێوەندیی تاک بە سەرجەمی کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگا بە تاک و تاکەکانیش پێکەوە و هەر هەموویان لە ڕێکخستنی هەرەمی دەسەڵاتدا، ڕووکاری قەیران و خۆشبەختیی دەسەڵاتن لە کاتێکی مێژوویی دیاریکراودا.

پێوەندیی ژن و پیاو وەکوو پێوەندیی پێکهاتەی فیزیکیی جەستەی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ (لە ستراکتوری خێزاندا) و ناڕاستەوخۆ (لە دەسەڵاتدا) بەر کاریگەریی ئەو گۆڕانانە دەکەوێ سەرەڕای دابەشبوونی چینایەتی و جیاوازیی ڕێژەیی فەرهەنگ و جوگرافیای کولتوورەکان و جیاوازیی شوێنگەی ژن و پیاو لە هەمان کۆمەڵگادا. **ئینگێلس** لە «**منچینەی خێزان و موڵکداری تایبەتی و بەرهەم هێناندا**»، بەدرێژی ئەو هەڵگۆڕانە مێژووییە دەگێڕێتەوە کە بە سەر پێوەندیی تایبەتی ژن و پیاودا هاتووە لە سەرەتای مێژووی پێکەوەژیانی کۆمەڵگا و دروستبوونی بەرژەوەندییەکانەوە تا پێشبینی کردنی ئەمڕۆ کە مارکس (لە «**سەرمایە**»دا) زیاتر قامکی خستووەتەسەر ــ ئەو پێشبینییەی کە داهاتووی گەشەکردنی بەرژەوەندییە سەرمایەدارییەکان بۆ پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی دەهێنێ و دەیخاتە بەر مەترسی کەمبوونەوەی بەهاکان لە هەموو ئاستەکاندا لەوانەش پێوەندی ئینسانیی ژن و پیاو.

«خۆشویستن» بەو مانایەی ئاستێکی تایبەتی و ڕەهەندێکی قووڵتر و چڕتری پێوەندییە مرۆییەکانە لە تەڕەفداربوونی فیزیکی و ڕۆحیی دوو تاکی جیاوازی جەستەی کۆمەڵایەتی، کە لە هەموو ئاست و چین و پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکاندا و لە هەموو ساتەوەختێکی مێژووییدا قابیلی پێکهاتن و ڕوودانە و، بگرە زۆر جار ڕیزبەندی و جیاوازیی چینەکانیش تێدەپەڕێنێ و مانای مێژوویی و ئایینی دیاریکراوی پێوەندییەکانیش تێکدەداتەوە. چونکە تەنها پێوەندییەکی مرۆییە کە خۆ نابەستێتەوە بە خوێن و ڕەگەز و جوگرافیای فەرهەنگی و، تەنانەت ئایینی و هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ئەخلاقی و فەرهەنگی و یاسایی ترەوە کە لە پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا وجودیان هەیە. هەروەها خۆشویستن تەنها پێوەندییەکی مرۆییە کە دیسکۆرسی جەستەیی وەکوو ڕەهەندێکی ڕاستەوخۆ بوونی هەیە، هەر بۆیە پەیوەستبوونی ژن و پیاو لە پێوەندییەکی وادا بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو بەها ئەخلاقییە باوانەی لەو قۆناغە مێژووییەدا پێوەندیی ژن و پیاو ڕێکدەخەن. خۆ ئەگەر ڕێککەوین لە سەر سەربەخۆیی خۆشویستن لەو بەها ئەخلاقییانە کە ڕەنگە زۆرجار دەسەڵاتی ڕەگەزێک بەسەر ئەوی تردا مسۆگەر بکات یان تەواوی پانتایی ویست و ئامادەیی تاک لە ویستی تێفکرینی دەستەجەمعی کۆدا لە قالب دەدات ئەوکات بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ بەها ئەخلاقی و ئیرادەگەرییەکانی تاک کە ئەویش هۆشیاری پێناسەی دەکات، ئا لێرەدایە خاڵی وەرچەرخان و کارکردنی ئیرادەگەریی و ئامادەیی تاک بۆ گۆڕانکاری لە مێژوودا.

دەکرێ بپرسین ئایا خۆشویستن ئەو ئالوودەبوونە دەروێشانەیەیە کە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا ــ لەوانەش فەرهەنگی ئێمەی کورد ـ پێناسە دەکرێ و لە مێتۆلۆژیا و داستانەکاندا دەیخوێنینەوە؛ یان ئەو حاڵەتەیە کە «ویکتۆر هۆگۆ» پێیوابوو لە یەکەم نیگاوە دروست دەبێ؛ یان ئەو پرسیارە هونەری و شپرزەییە هەمیشەییە کە «پیکاسۆ» پێیوایە چارەی نییە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەیەکی دەروونی یە هەر جارەی بە گرفتێکی هونەری تازەوە، ئەو لە سەر ئەو هەموو پێوەندییە جۆراوجۆرەی خۆی لە کۆتاییدا دەڵێت: «من ئەو هەموو ژنانەم ناسی، لە هەمووشیان توڕەم...»؛ یان دەکرێ بڵێین خۆشویستن ئەو پێویستییە مرۆیی و مێژوویی و ئابوورییە یە کە مارکس پێیوابوو لە کۆمەڵگای چینایەتی و بێدەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی ژن، ئەو پێکەوەبوونە زەحمەتە بگاتە بەها مۆراڵی و مرۆییەکانی خۆشویستن؛ یان ئەو هەستەیە کە «فرۆید» پێی وایە غەریزە فیزیکییەکان ڕاستەوخۆ لە پشتییەوە ئامادەیە؛ یان ئەو پەیوەستبوونەیە کە «ئەفلاتوون» جیاواز لە هەر یەکێکی تر وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و فەرهەنگی پێ دا، بەو شێوەیەی کە پێیوابوو ژن و پیاوە زرینگ و هۆشیار و هەڵکەتووەکان لەو کۆمارەدا دەکرێ بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ لەمپەرێک لە نێو خۆیاندا منداڵ لە یەکتری بخەنەوە بۆ چاککردن و پتەوکردنی نەوەکانی داهاتوو لە پێناو پێشخستنی چلۆنایەتی کۆمەڵگا، لە ڕووی فەرهەنگی و هۆشیاری و مرۆڤایەتییەوە. ئەم ئەو چاوەڕوانییەی لە پەیوەستبوونی هەستیی و سێکسیی ژن و پیاو هەبوو. لای ئەو لە دەرەوەی هۆشیاری و بەدیهێنانی وەزیفەیەکی سیاسی

**❑ خۆشویستن بەوجۆرەی کە ماناکردنەوەی سەرنویشت و مێژووی تاک بێت لە دەرەوەی قەدەرە چەسپاو و سەپێنراوەکان، داهێنانە لە ئیرادەی کۆمەڵایەتیدا**

و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو پێکەوەبوونە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، دیارە تەفسیر و پێناسەکان لەوە زیاترن و بە زۆر قۆناغی مێژووییدا تێپەڕیون کە ڕەنگە هەر هەمووی ڕاست بن، ئەگەر بە سەر جوگرافیای جیاوازیی کولتووری کۆمەڵگادا دابەش بکرێن و ئینجا بە سەر مرۆڤ و پێوەندییەکانییەوە. چونکە خۆشویستن ئەوحاڵەتە ئینسانی و ئایرۆنی و سایکۆلۆژییە یە کە لە قاڵبدان و چوارچێوەگرتنی لە تەفسیر و پێناسێکدا زەحمەتە، بەو مانایەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەلومەرجی پانتایەکی ئازدیی سایکۆلۆژیی تاکپەڕانەی تاکە لە چوارچێوەی هۆشیاری و ئامادەیی بونیادی تاکەکەس خۆی بە ئاراستەی بینین و لێکدانەوەی پەیوەستبوون لەگەڵ ئەویتر یان ئەوانی تردا.

بەهەرحاڵ، ئەگەر چەمکی خۆشویستن ئەو حاڵەتە دەروونی و ئینسانییە بێت کە خۆ نابەستێتەوە بەو پێناسە باوانەی کە لە پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتیدا ئامادەییان هەیە، ئەوا ئەو تێپەڕاندنە ئیرادەگەرییە لە سەر مێژووی تاک لە پانتای کۆدا خەسڵەتی (داهێنان) دەبەخشێتە پرۆسەی خۆشویستن لە داڕشتنەوە و ماناکردنەوەی شوێنی تاک و بەستنەوەی خودی تاک بەوی دیکەوە. میتۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤایەتی پڕە لە وێنە و نیشاندانی ئەو حاڵەتی داهێنانە لە ئۆرم و شێوەی جیاوازدا لە داڕشتن و بیناکردنەوەی تێگەیشتنی نوێ، ناوەندی نوێ، پێناسەی نوێ و ئامرازی نوێ لە پێوەندگرتنی پێکهاتەی فیزیکیی کۆمەڵایەتیدا، کە ژن و پیاو نوێنەرایەتی دەکات؛ ئەگەر زۆر جاریش نوێنەرایەتییان لە ڕێی سیمبۆل و ئەفسانە وئامرازی ترەوە گوزارشی لێکرابێ، لە تەموز و عەشتاری گلگامشەوە تا مەم و زین و، مەهابەهارتاو و ڕۆمیۆ و ژۆلیت ...هتد؛ کە ئەو کارەکتەرانە بۆ نموونە ڕۆمیۆ و ژۆلیت و مەم و زین کاراکتەری کارای پانتایی هونەر نەبوون وەکوو نووسەر و وێنەکێش و بیرکار، بەڵکو داهێنانی مرۆیی ئەوان ئەو کایە ئینسانییەیە کە پەیوەستبوونی خۆیان بە یەکتر و بە ژیان و بە مێژوودوە پێ مانا کردووەتەوە، ئەو پێکەوەبوونە نوێیەیان داهێناوە لە پانتای پێناسەی گشتی واقعی پێکەوەبوون لەو قۆناغە مێژووییەدا. ئەو حاڵەتە مێژووییە ئەو داهێنانەیە کە ئەو دووانە دەکاتە سیمبۆلێک بۆ داهێنان و تازەگەریی مانایەکی نوێی حاڵەتێکی مرۆیی، لە کاتێکدا شکسپیر سیمبۆلێکە بۆ حاڵەتێکی فکری و هونەری و فەرهەنگی لە مێژوودا.

خۆشویستن بەوجۆرەی کە ماناکردنەوەی سەرنویشت و مێژووی تاک بێت لە دەرەوەی قەدەرە چەسپاو و سەپێنراوەکان، داهێنانە لە ئیرادەی کۆمەڵایەتیدا. هەربۆیە هەموو پێکەوەبوونێک مەرج نییە لە ئەنجامی ئەو ئیرادەگەرییەوە بیناکرابێت. کەواتە مەرج نییە پێناس و مانای خۆشویستن بدات، بۆیە بەرهەمهێنانی داهێنان و کارکردی ئیرادەگەریی لە سەر پانتایی مێژووی تاک و دەسکاریکردنی سەرنویشت لە مانایەکی نوێتردا، هۆشیاری هەمیشە کارکردێکی ئامادەیە بە لەبەرچاوگرتنی شوێنی تاک و قۆناغی مێژوویی، داهێنان بێ هۆشیاری بەرهەم نایەت، هۆشیاریش بێ گەیشتنە حاڵەتی داهێنان خۆشەویستی پێ مانا ناکرێت. تەنها هۆشیاری پیادەی داهێنانی پێناسەیەکی نوێ یە بۆ بەستنەوەی خود بەوی دیکەوە لە حاڵەتێکی نوێ و جیاوازتردا. ئەمە تەنها ئەو حاڵەتەیە مانای خۆشویستن دەنەخشێنێ وەکوو بەهایەکی مێژوویی و ئینسانی.

پێغەمبەری موسوڵمانان (د. خ) لە درێژایی ژیانیدا ٢٤ ژنی هەبووە، بەڵام عەشقی گەورەی ئەو (عائشە) بوو کە هەمیشە بە (حمیراء) ناوی دەبرد. عائشە سەرەڕای جوانی و شۆخ وشەنگیی، خاوەنی زرینگی و هۆشیاریی سیاسی و فکری بوو کە دەخاڵەتی لەو گفتوگۆ فکری و ئایینی وکۆمەڵایەتی و تەنانەت شەڕە عەسکەرییەکانیشدا دەکرد و ئامادەییەکی مرۆیی و ڕۆشنبیریی بەرزی هەبوو. هۆشیاری و لێهاتوویی ئەو ژنە بوو کە توانی لە پانتایی هۆشیاریی پیاوێکی هۆشیار و هەڵکەوتوو وەکوو پێغەمبەر (د.خ) جێگای خۆشویستن بکاتەوە بەو ڕادەیەی کە «عومەری کوڕی عاص» لە پێغەمبەر (د.خ) دەپرسێ: «کێ خۆشەویستترین کەسی تۆیە لە جیهانەدا؟» پێغەمبەریش دەفەرموێ: «عائشە». عومەری کوڕی عاص سەری زۆر لەوە سوڕما. چونکە ئەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەو خۆشەویستترین کەسە یەکێک لە سەحابەکان یان سەرکردەیەکی سەربازی بێت. وەختێکیش پرسی: «ئەی یەکەمین پیاو لە بەر دڵی تۆ کێ یە؟» پێغەمبەر فەرمووی: «ابوکر الصدیق». ئەبوبەکر بابی عائشە لەو پیاوە ناسک و بەڕەحمانە بوو کە هەرجار قورئانی بخوێندایە دەگریا.

داڕشتنی پێکەوەبوونی ژن و پیاو لە سەر پایەکانی هۆشیاری و خەونی هاوبەش و گردبوونەوەی بە دەوری مەسەلەیەکی مرۆیی و مێژوویی گەورەتر، فراوانکردنی ڕووبەری ژیان و تێگەیشتنە لە سەر ماناکردنەوەی ئەو پەیوەستبوونە بۆ ئاسۆیەکی فراوانتر و مرۆڤانەتر کە پاشان دەکاتە پێوەندییەکی قوڵتر و مێرووییتر و سەقامگیرتر.

خۆشویستن تەنها پێوەندییەکی مرۆیی یە کە دیسکۆرسی جەستە تێیدا ئامادەیە کە ئەوەش خەسڵەتی دووهەمی داهێنان بوونی ئەم پەیوەستبوونەیە لە چاو سەرجەمی پەیوەستبوونە مرۆڤایەتییەکانی تردا. لە کۆمەڵگایەکدا کە دەسەڵاتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی پێگە و شوێنی جیاوازی بۆ ژن و پیاو لە سەر بنچینەی جیاوازیی (جەستەیی) دەستنیشان کردووە، جەستەی نێر جەستەی دەسەڵاتە، بەوجۆرە خۆشویستن یان پێوەندیی ئیرادەگەریی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای وادا دەکەوێتە ناوەندێکەوە کە چەوساندنەوەی دەستەیەک بەرانبەر دەستەیەکی تریان، ئامادەیی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەیە. لێرەوە هەڕەشەیەکی ماددی، لەو ناوەندەی جیاوازی پێگەی ژن و پیاو بەرهەمی هێناوە ئاراستەدەکرێتە سەر ئامادەیی جەستەی بندەست بۆ پێخستنە ناو پانتاییە واقعییەکانی (خۆشویستن) و سیحری ئەو دنیا ئایرۆنییە، کە ئەم هەڕەشەیە لەگەڵ زیادبوونی فاسیلەی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیدا توندتر و مەترسیداردتر دەبێت و بە دیوێکی تردا خۆشویستن خاڵی دەکاتەوە لە مانا قووڵەکان و بەها پیرۆزەکانی و ڕەنگە ئیتر هەر پێکەوەبوونێکی جەستەی بندست و جەستەی سەردەست تا ڕادەی نادیاربوون و خۆدانەدەست ریسکی ئەخلاقی و ڕاستگۆیی جەستەی بالادەست، ئەم هەڕەشەیەی جەستەی بندەست ڕاپێچدەکات.

ئەریک فرۆم دەڵێ: دەسەڵاتداران هەمیشە بندەستەکان لە ڕووی ڕۆحییەوە ئیفلیج دەکەن تا ملکەچی دەسەڵات بن.٢ لێرەدا تێگەیشتنە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا لە توندکردنەوە و فراوانکردنی فاسیلەی هەڵاواردنی ژن وپیاو دا، لەو پێوەندیگرتنە ئایرۆنییەدا ئامادەیی دیاری

هەیە و لە پەیوەستبوونی بندەست و سەدەستێکدا وێنای دەکاتەوە. جەستەی ژن مولکێکی دەستەجەمعی و چەمکێکی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی یە، لەو ڕێیەوە (دەسەڵات) بەشێک لە ئامادەیی ژن لە پرۆسەی مێژوویی پەیوەستبوونی مرۆڤانەدا بێ چەند وچون تەحریم(بێبەری) دەکات. دەسەڵات پێکەوەبوونی بەرانبەر کردووە بە (جەستە)، لەو دیوی جەستەشەوە، هۆشیاری و ئازادیی تاکەکەس هیچ مانایەکی نییە. چونکە (جەستە)ش بەرانبەرە بە مولکێکی کۆمەڵایەتی لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا.

دەسەڵاتی سیاسیی خاوەن میلیشیا و میدیا و زیندان و یاسا و تەنانەت بەهاپێدان یان گۆڕینی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی باوە تا ڕادەیەکی باش، هەربۆیە دەکرێ هەمیشە بندەستەکانی فریو بدات بۆ ماوەی درێژ یان کورت. بەو جۆرەش دەکرێ لە بەرقەرابوونی دەسەڵاتی دەستەیەکی مرۆیی بەرانبەر دەستەیەکی مرۆیی دی، دەستەی دووهەم بە فریوخواردن بدەن و بەهاکانی خۆشویستن تووشی ونبوون و چەواشەیی بێت. ئاسان نییە پێوەندیی ئینسانی کە تەواوی «بونیادی ڕۆحی و ماددی دوو مرۆڤ دەگاتە کامڵ بوون لە بەرزترین وەزیفەکانی خۆیاندا»٣ تەنها بۆ دەسەڵاتی مۆراڵی و ویژدانی تەرەفێک بەجێدەهێڵرێ کە تەرەفی جەستەی دەسەڵاتە. ئەو جۆرە نابەرانبەرییە لە تەرەفداربووندا ونکردنی مانای خۆشویستنە بەتەواوی.

پێکەوەبوونی خاڵی لە هۆشیاری، خاڵی بوونە لە داهێنایش واتە خاڵی بوون لە پرسیارەکانی خۆ نوێکردنەوە، کە ئەو نوێکردنەوە مانای زیندوویی یە لە پانتای پێکەوەبوونێکی مێژووییدا. لەو کۆمەڵگایانەی ئێمەدا کە ئازادی و دیمۆکراتی و باری هۆشیاری کۆمەڵایەتی نزمن، ژیانی کۆمەڵایەتی ئاوێتەی دووبارەکردنەوەی توندوتیژیی و ڕووداوی یەک لە دوای یەکە و ویستی تاک لە پانتایی فراوانی تراژیدیای کۆدا ون بووە، کەمجار پێوەندییەکان داهێنەرانە بوون. ئەمەش بۆخۆی دەوری کۆلۆنیالکردن وکارەساتی داگیرکردن و بەپاشکەوتووی هێشتنەوەی کۆمەڵگایە کە هەمیشە هەوڵی فەلەجکردنی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی داوە کە گرینگتریان دوای مرۆڤ و خاک پێوەندیی ژن و پیاوە لە کۆمەڵگابندەستەکاندا.

مارکس ٧٠ ساڵ لەمەوبەر قامکی بۆ داهاتوویەک ڕاکێشا کە لە داهاتووی گەشەکردنی سەرمایەدا لەگەڵ خۆی بۆ پێوەندیی کۆمەڵایەتی ژن و پیاوی دەهێنێ، لە کاتێکدا شۆڕشی پێوەندییەکان دەتوانن درێژترین فاسیلەی نێوان مرۆڤەکان لە کورتترین ماوەدا کورتبکەنەوە. کەچی **«فرانسوا ساگان»** لە سەر پێوەندییەمرۆییەکان لە بن دەسەڵاتی ئەلەکترۆنی ئەم سیستمە نوێیەدا دەڵێ: «تەنهایی لە ئوڕووپادا لە چاخی زێرینی دایە». ئەگەر لە پەرەگرتن و گەشەکردنی ئەو بازارە ئەلەکترۆنی و ترسناکەدا سنووری سیاسی و جوگرافی زۆربەی وڵاتانی ئوڕووپا هەڵگیرا و شەڕوشۆڕ کەوتە هەندێک پارچەی ترەوە، ئەوا سنوورە مرۆییەکان بەتایبەت لە ئوڕووپای ڕۆژئاوادا تا دێ ئەستوورتر دەبێت و پێوەندییە مرۆییەکان دەکاتە پاشکۆی گەشەکردن و قەیرانەکانی ئەو بازارە، ئەو چەرخە گەورەیەی کە دەسەڵاتی گەیشتۆتە سەر (جەستە) و بەها مەعنەوییەکانی جەستە، چی وەکوو وەگەڕخەری بازارەکە، چی وەکوو ئامانج بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان ـ ئەگەر لە سەر پایەی شکان و ترازاندنی پێوەندنییە مرۆییەکانیش بێت ـ چی وەکوو کەرتێکی ئازاد و سەربەخۆی بەرهەمهێن، کە ئەمرۆ (جەستە)ی مرۆڤ لە (بەرهەمهێنانی

**❐ دەسەڵاتی سیاسیی خاوەن میلیشیا و میدیا و زیندان و یاسا و تەنانەت بەهاپێدان یان گۆڕینی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی باوە تا ڕادەیەکی باش، هەربۆیە دەکرێ هەمیشە بندەستەکانی فریو بدات بۆ ماوەی درێژ یان کورت.**

سێکس)دا لە (دەسەڵاتی) ئەو بازاڕەدا (جەستە) بەتایبەت جستەی ژن بێبەها دەکرێت و مرۆڤ بە بێبایەخترین شێوە هەستفرۆش دەکرێ لە ڕێگای بازرگانیکردن بە تایبەتیترین و حەساسترین و پانتایی زۆر نزیک لە مرۆڤ خۆیەوە کە (جەستەی) خۆیەتی.

پرۆسەی (خۆشویستن) کەوتۆتە بەر هەلومەرجی فەراهەمبوونی ژیان کە فرۆم واتەنی (استهلاک) ڕووکاری بەرچاوی بەڕێوەچوونیەتی، ژیانێک کە بازاڕ بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکوپێک لە سەر زەینی تاکەکان ڕۆژانە وێنای دەکات و هەمیشەش تەئکیدی لێدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی بازارەکە هەمووشت تێیدا کاڵایە و پێشبڕکێی قازانجی بەڕێوەی دەبات، (جەستە)ش کەوتۆتە پێش بونیادە ڕۆحییەکان و زۆرجار لەگەڵ تەواوبوونی پێویستییە فیزیکییەکاندا پێویستی پێکەوەبوونیش لەو کۆمەڵگا ـ بازاڕەدا تەواودەبێ. لەکاتێکدا خۆشویستن لە ڕۆحەوە دەستپێدەکات و جارێکی تر لە جەستەدا دەبێتەوە بە وێنەیەکی تر بۆ پێویستییەکی ڕۆحی لە شێوەیەکی نوێتردا. تێگەیشتن بۆ خۆشویستن و پێوەندیی فیزیکی و ڕۆحیی ژن و پیاو لە سیفەتەکانی داهێنانی دیسکۆرسی نوێ و گەیشتنە بەها باڵاکانی داهێنانە، لە مۆدێلی ڕۆژئاوایی پێوەندییەکاندا و بە شتومەک کردنی جەستە، داهاتووی پێکەوەبوون و خۆشەویستی لە بەها و ئەتمۆسفێرە ڕۆحییەکان خاڵی کردۆتەوە، سەرگەردانی پێوەندییەکان لە ڕێکخستنی ورد و توندوتۆڵی بازاڕدا و تازەکردنەوەی خێراخێرای ئەو بازارە ژێرچاو دەخرێ، بە مانایەکی تر جەستە کەوتۆتە پێش پێویستی ڕۆحی و دیسکۆرسێکی مرۆڤدۆستانەوە، ئەوە بۆ خۆی بەبازاڕکردن یان سیمابەخشینی بازاڕییانەیە بە پێوەندییەکان.

نزیکەی هەموو جەستەکان لە توانای فیزیکیدا هاوبەشن، بەڵام شەیدابوون و هەڵبژاردنی فیزیایەک لەو جەمعەدا واتە ئامادەیی ڕەهەندی (ڕۆحی) لەو نێوەدا، کە هۆشیاری ڕۆڵی سەرەکی یە لە سەلامەتی ڕۆح و ئامادەیی لە داهێنان و کارایی بوونیدا.

ئەگەر شۆڕشی ئەلەکترۆنەکان و گەشەکردنی بە پەلەی تەکنۆلۆژیاش هێواش بێتەوە، ئەگەر خێرایی لە دەماری میترۆ و دەستکەوتە حازربەدەست و ڕووناکی شارە قەرەباڵغەکانیشدا کەمبێتەوە، ژیان هەر بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئاخۆ دەتوانین پێشبینی بەردەوامیی ژیان بکەین ئەگەر بۆ یەک چرکە دڵنیا نەبین لە هەبوون و بەردەوامیی خۆشەویستی؟!

١٩٩٩

**سەرچاوەکان:**

1- Fatima Mernissi, De politiek harem (vrouwen de profeet), p. 81, De Geus, breda 1991, Holland.

٢- لە پێناوی ژیاندا، ئەریک فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، بڵاوکردنەوەی بنکەی ڕەوشەنبیری گەلاوێژ، سلێمانی.

٣- د. نوال السعداوی، المراة و الجنس، بیروت، دارلعلم الملایک.

# دۆزی کورد و ڕاگەیاندنی عەرەبی

## مەهاباد کوردی

**"دەوڵەت و حکوومەتانی عەرەب، پاش ئەوەی کە سەددام حوسێن لە ٢ی ئۆگستی ١٩٩٠دا کوێتی داگیر کرد، جاری یەکەم باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان کرد...لە چاپەمەنییەکانی ئەواندا، پێش کێشەی کەنداو، سەبارەت بە کوردان چ شتێک نەدەبینرا. کاتێ کە لە هەڵەبجە بە هەزاران کورد بوونە قوربانی چەکی کیمیایی، دیسانیش لە چاپەمەنییەکانی عەرەبەکاندا شتێک نەنووسرا. بەڵام پاش ٢ی ئۆگستی، مرۆڤ لە چاپەمەنییەکانی ئەواندا، لە بارەی کوردانەوە، هەندێ نووسراو و هەواڵی بەر چاو دەکەوێت."**

(ئیسماعیل بێشکچی، چەند وتەیەک سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ژ. ئەسپار و ئامەد تیگریس، مەهاباد کوردی پەراوێزی بۆ ئامادە کردووە و گۆڕیویەتی بۆ کرمانجیی خواروو، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، ستۆکهۆلم ١٩٩٨، ل ٤٥ و ٤٧ و ٤٨)

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە تا ڕادەیەک مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتەمان دەخاتە بەر چاو کە دەمانەوێ باسی لێوە بکەین. لەم نووسینەدا بە شێوەیەکی خێرا و سەرپێیانە سەبارەت بە مەسەلەیەک دەدوێین کە زۆربەمان کەم تا زۆر لێی بەئاگاین. لێرەدا نامانەوێ لە دەرگای هەر هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەخشی عەرەبی بدەین. دیارە ئەم کارە بوارێکی گەلێ فراوانترە و ئەم نووسینەش لە عۆدەی نایەت. لە هەمان کاتدا دەکرێ بە شێوەی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆش وەها باسێک ئامادە بکرێت و بنووسرێت. بە کورتییەکەی ئەم شتانەی کە لەم وتارەدا هاتوون بریتین لە تێبینی و سەرنج و جۆرێکیش لە وردبوونەوە دەربارەی ڕاگەیاندنی عەرەبی سەبارەت بە گەلی کوردمان و دۆزە ڕەواکەی. هیواداریشین ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا شارەزا و لێزانن بە ڕۆڵی خۆیان ڕابن و تێروتەسەلتر لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە.

لای هەمووان ئاشکرایە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن یاخود ماسمیدیا بە گشت جۆرەکانیەوە هەتا بڵێی ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو دەگێڕێت. هەر ڕاگەیاندنە کە تەنانەت ڕەوتی ڕووداوەکانیش دەگۆڕێت. هەر پیشاندانی کچێکی کوێتی بوو کە کاری کردە سەر بیر و ڕای ئەمەریکاییەکان و وایانی لێکرد بە سیاسەتی وڵاتەکەیان ڕازی بن. شایانی باسە لە کاتی داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، کچی باڵیۆزی کوێتیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هێنا و وەک قوربانییەکی داگیرکردنی کوێت نیشانیان دا. کاری ئامادەکردنی ئەم سیناریۆیە کە پارەیەکی زۆری تێچووبوو، کچی باڵیۆزی کوێت لە شێوەی ئەکتەرێکی بەتوانا زیرەکانە پێی ڕابوو. چەند ساڵ دواتر نهێنییەکانی ئەم مەسەلەیە لە لایەن کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنیی کەنەداییەوە بۆ ڕای گشتیی دنیا ئاشکرا کران.

لە وڵاتە عەرەبییەکاندا شتێک نابینیت تا ناوی لێ بنێیت ڕاگەیاندن یا ماسمیدیای ئازاد. ئەمەش بە پلەی یەکەم هەواڵ و دەنگوباس و شیکردنەوە سیاسییەکان دەگرێتەوە. ڕژێمە حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان بەسەر گشت هۆیەکانی ڕاگەیاندن داگرتووە و گەورە و گچکەی هەواڵ و شیرۆڤە و هەر هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن سانسۆر دەکرێن. دیسان هەر لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا خوتبەی ڕۆژانی هەینیش سانسۆر دەکرێن. موفتی و خوتبەخوێن و ئیمامی مزگەوت و شوێنە بەرچاوەکان لە لایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە دیاری دەکرێن. بچووکترین ڕەخنە سزاکەی ئەگەر مردن نەبێت زیندانیکردنە.

لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا دەنگە ئازاد و سەربەخۆکان، ئەگەر هەشبن، کپ دەکرێن. دەسەڵاتداران هەر هەوڵێک کە بۆنی ئازادیی سیاسی و ڕاگەیاندنی ئازادی لێوە بێت زیندەبەچاڵی دەکەن. لام وابێ لەم بوارەدا پێویست بە نموونە هێنانەوەش ناکات، چونکە مەسەلەکە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە هاووڵاتییانی ئەو وڵاتانە پێی ڕاهاتوون.

دوای ئەم پێشەکییەی سەرەوە کاتی ئەوە هاتووە دەست بە بابەتە سەرەکییەی خۆمان بکەین. با بزانین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە دەوڵەتە عەرەبییەکان چۆن مامەڵە دەگەڵ دۆزی کوردان دەکەن؟ ئایا هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتانە لە چ گۆشەنیگایەکەوە لە مەسەلەی کورد دەڕوانن؟ تۆ بڵێی ئەوان لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد باسی گەل و نیشتمانێک بکەن؟ بۆچی پێشتر باسی دەرد و ئازارەکانی ئەم نەتەوە بندەستەیان نەدەکرد؟...تاد.

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش ناچار دەبین چاوێک بە دەسپێکی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئەم چەند ساڵانەی دوایی گەلەکەمان بخشێنین. هەر بەم شێوەیەش بۆمان دەلوێ بچینە ناواخن و کرۆکی باسەکەوە. دەکرێ ئەم کارە بە وەبیرهێنانەوەیەکی خێرا ناوزەد بکەین. دیارە لێرەدا لە بابەتێک دەدوێین کە پێوەندی بە کارەسات و مەرگەساتەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی گەلەکەمانەوە هەیە.

کۆڕەوە مەزنەکەی دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١، نەک هەر کوردی بە دنیا ناساند، بگرە بیر و ڕای گشتیی جیهانیشی سەبارەت بە کورد گۆڕی. کورد هیچ جارێک وەکوو ئەو کاتە پشتیوانی و هاودەردی و هاوخەمیی دنیای بە دەست نەخستبوو. سەد حەیف و مخابن لە سایەی سەرانی سەرەخۆرەی باشوور، ئەم هەموو هاودەردی و پشتگیرییەی کە

کورد بە خوێن و فرمێسک و خەبات وەچنگی کەوت، ئەوان لەبەر خەمی دەسەڵات بەفیڕۆیان دا. هەر کوردێک کە تۆزقاڵێک کەرامەتی نەتەوەیی هەبێت و خوێنی کوردایەتی لە دەمارەکانیدا بجوولێتەوە، نابێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات و پشت گوێی بخات.

بەڵێ.. هەر لەو کاتانەدا بوو کە تەواوی چاوی ماسمێدیا و ڕاگەیاندنی جیهانی کەوتبووە سەر کورد و مەسەلە مافدارەکەی. ڕۆژنامە و چاپەمەنی و تەلەڤیزیۆن و گشت هۆیەکانی ڕاگەیاندن خۆیان بە باسی کوردەوە مژووڵ کردبوو. کورد پشکی هەرە سەرەکی هەواڵ و دەنگوباسەکانی داگیر کردبوو. بە ناوونیشانی درشت و دیار ڕووپەلی یەکەمی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بە هەواڵ و باس لەسەر کوردان دەنەخشێنران. کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە بەرچاوەکانی جیهان زۆر بایەخیان بە هەواڵەکانی کۆچ و مەرگەساتی کوردەکان دەدا. بە کورتییەکەی لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنی جیهانی کورد شوێنی سەرەکی بۆ خۆی دابین کردبوو.

بێگومان هەر لەو کاتانەشدا بوو کە ڕۆژنامە و ئاژانسی دەنگوباس و ماسمێدیای وڵاتانی عەرەبی، بەڵام بە شێوەیەکی حیساببۆکراو، باسی دۆزی کوردیان دەکرد و هەواڵ و دەنگوباسیان لەمەڕ ئازارەکانی کورد بڵاو دەکردەوە. هەر لەمێژەوە یەکێک لە سیما هەرە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی سەبارەت بە کوردان لە تاکە خاڵێکدا خۆی بینیوەتەوە. ئەم خاڵەش بریتییە لە: باسکردنی کورد و هەواڵەکانی تا ئەو ڕادەیەی پێوەندی بە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانی عەرەبەوە هەیە. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە نیشتمانی عەرەب، دیارە بە بۆچوونی عەرەبەکان خۆیان نەک هی ئێمە، دوو پارچەی کوردستانیشە کە لە لایەن دوو دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستیی عەرەبییەوە زەوت کراوە، ئەویش هەردوو بەشە کوردستانی ژێر چەپۆکی سوریا و عێراقە. عەرەبەکان لە هەر هەنگاوێکیاندا، دەڵێم ئەگەر لە پێناوی کورددا نابێتیان، ئەوا دەیان و سەدان حیسابی ورد و درشتیان بۆ مەسەلەکە کردووە. دەبێ ئەوەش بڵێم نابێ بە هەڵە لێم تێبگەن گوایا من خوانەخواستە گلەیی لە عەرەب و ئەم و ئەو دەکەم. نەخێر..ئەمڕۆ هەر نەتەوە و میللەتێکی ئەم سەرزەمینە بیر لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی دەکاتەوە. تەنانەت زۆر جاریش وا ڕوویداوە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەک لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەکی دیکە بووە. بێگومان ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و چ گلەییەکیش لە داگیرکەرانی وڵاتەکەم ناکەم. ئەوە خۆمانین کە خۆمان بە کەم دەزانین و ئەوەی بە خەڵکی ڕەوا دەبینین بە خۆمانی ڕەوا نابینین. خودی کارەساتەکە لێرەدایە و دیارە ئەم قسەیەش بەر لە هەر کەسێکی تر ڕووبەڕووی ڕێبەرانی بەناو دەسترۆیشتووی ئەوڕۆی کورد دەبێتەوە.

داگیرکردنی کوێت و شەڕی کەنداو وایان لە دەوڵەتە عەرەبییەکان کرد هەرنا چاوێک، ناڵێم بە هەڵوێستەکانیان لەمەڕ ڕژێمی عێراق و گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بگرە بەو پێوەندییە گەرموگوڕانەی خۆیاندا بخشێننەوە کە لە کاتی جەنگی عێراق - ئێراندا دەگەڵ هەر هەمان ڕژێم هەیانبوو. هەر دەوڵەتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکانی کەنداو بوون کە چاویان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق لەهەمبەر کورد دەپۆشی و، لە هەمان کاتیشدا بە هەموو شێوەیەک لە کاتی جەنگی وێرانکەری عێراق - ئێراندا کۆمەکی ڕژێمی دیکتاتۆریی عێراقیان دەکرد. تا ئێستاش لە بیرمە لە گەرمەی ڕووداو و کارەساتەکانی ئەو ساتانەدا میری کوێت سەردانی بەغدای دەکرد و بەرزترین خەڵات(ڕافیدەین)ی عێراقی پێشکێش دەکرا. تەنانەت جارێ لە جاران، پاش داگیرکردنی کوێتیش لە لایەن سوپای عێراقەوە، لە یەکێ لە ڕۆژنامە کوێتییەکاندا گاڵتە بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە کرابوو.

ماسمێدیای عەرەبی کە تا ڕادەیەکی زۆر گەورە نوێنەرایەتی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی عەرەب دەکات، لە باشترین باریدا تەنیا و تەنیا هەڵوێستی ڕەسمیی حوکمڕانانی ئەو دەوڵەتانەی سەبارەت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد هێناوەتە زمان. ئەگەر لێرە و لەوێ چەند دەنگێکیش هەبن، خاوەنەکانیان هیچ لە دەست نەهاتوو و کارتێکەر نین، ئەمانە زیاتر تاکە کەسن وەک لەوەی کە دەزگای ڕەسمیی سەر بە دەوڵەت و خاوەن بڕیار بن.

لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا خەمی هەرە گەورەی ڕاگەیاندنی عەرەبی، ئەوەی کە تایبەت بێت بە کورد و کوردستان، جەختکردن و دووبارە و دەبارە جەختکردنەوەیە لەسەر یەکپارچەیی و پیرۆزیی سنوورەکانی عێراق. ئەو سنوورانەی کە ئەگەر ئێستا لە جیاتی گەلی کورد هەر گەلێکی دیکە بوایە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵ ئازادییەدا لەمێژ بوو نەک هەر سڕیبوونییەوە، بگرە دەوڵەتیشی لە شوێن دامەزراندبوو. عەرەب کە لە "ئۆقیانووسەوە تا کەنداو" بەشیان ناکات، هەموو سەروەری و سەربەرزییەکی خۆیان لەو پارچە خاکەدا دەبینن کە پێی دەڵێن"باکووری عێراق". دیارە عێراقیش بە "دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب" ناوزەد دەکەن. هەر کە مەسەلە دێتە سەر عێراق یەکسەر ڕووبەڕووی ئەو وشانە دەبیتەوە: یەکپارچەیی خاکی عێراق، سەروەریی خاکی عێراق، دەست لێنەدانی یەکێتیی عێراق و دابەشنەکردنی عێراق و زۆری تریش. ناوەڕۆکی گەلێ لە نووسین و وتارەکانی نێو ڕۆژنامە عەرەبییەکان، لەمەڕ باشووری کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

"...کوردستانی عێراق هێشتا پارچەیەکە لە عێراق و خەڵکی ئەم هەرێمە و بەرپرسیارانی هەر وەک عێراقییەکان کار و هەڵسوکەوت دەکەن و دابەشکردنی نیشتمانەکەشیان (مەبەست لە تەواوی عێراقە- م. کوردی) دەدەنە دواوە... هەر لە دەسپێکی چوونەناو خاکی عێراق لە خاڵی پەڕینەوەی ئیبراهیم خەلیل لەسەر ڕووباری خابوور، کەسی گەشتوان هەست دەکات لە بەغدا یا لە بەسرەیە. خاک هەر هەمان خاک و میللەتیش هەر هەمان میللەتە، جودایی تەنیا لە درۆشمەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و وێنەکانی پێشەوای نەتەوەیی کوردەکان مەلا مستەفای بارزانی دایە کە لە شێوەی پۆستەری زەبەلاح لەسەر دەروازەی شار و گوند و شارۆچکەکان و چوارڕێیانی ڕێگاکاندا شوێنی سەرۆکی عێراقی سەددام حوسێنیان گرتۆتەوە. لە غەیری وێنەکانی سەددام حوسێن و پەیکەرەکانی هیچ جیاوازییەکی دیکە لە ئارادا نییە. تابلۆی پێشەوەی ماشێنەکان عێراقین و ناوەکانی - نەینەوا و تەئمیم و بەغداد و بەسرە و نەجەف و کەربەلا - یان لەسەرە. بەرهەمەکانی باشووری عێراق پڕی بازاڕەکانن. جێ و بنەگەی هۆزەکانی - شەمەر - ی عەرەبیی ڕەسەن کە زیاتر لە خوارووی مووسڵ نیشتەجێن، بە درێژایی ڕێگای نێوان دهۆک و شەقڵاوە ڕیزیان بەستووە و، ڕانە مەڕەکانیشیان لە قەدپاڵی چیاکان بە درێژایی ڕێگایەکی ٣٠٠ کیلۆمەتری پەرش و بڵاو بوونەتەوە.

لەم بوارەدا دەگوترێت شێخی گەورەی ئەم هۆزانە داوای لە ڕێبەری کوردەکان مەسعوود بارزانی کردووە تاکو ئەم هۆزانە بە خۆیان و مەڕ و ماڵاتیان ڕوو لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق لە باکوور بکەن، چونکە

**❑ یەکێک لە باشترین بەرنامەکانی MBC، بە ڕای من، بەرنامەی "اجندە"یە کە لە لایەن لەیلا ئەلشێخلی ئامادە و پێشکەش دەکرێت. بەرنامەکە زیاتر سیاسی و شیکردنەوەی ڕووداو و هەواڵەکانە. تا ئێستا چەند جار لەسەر کورد و بزافی ڕزگاریخوازی کورد، لەو بەرنامەیەدا بابەتی تایبەتی پێشکەش بە بینەران کراوە و خەڵک لەنێو ستۆدیۆ و بە تەلەفۆن سەبارەت بە کورد و کوردستان قسەیان کردووە.**

ئەمساڵ باران کەم باریوە و لە باشوور ساڵەکەی نەهاتە، دیارە ئەم داواکارییەش یەکسەر جێبەجێ کراوە، لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەم خێڵانە عێراقین و لە ناوچەیەکی عێراقەوە ڕوو لە ناوچەیەکی دیکەی عێراق دەکەن."[1]

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم چەند وشانەی سەرەوە لە ڕاستییەوە دوور نین، لێ.. بەڵێ دەکرێ بپرسین: نووسەری ئەم وشانە بە چ مەبەستێکەوە دەیاننووسێت؟! تۆ بڵێی هیچ جیاوازییەک دەنێوان خەڵکی زاخۆ و دهۆک و شەقڵاوە لەگەڵ دانیشتوانی هەردوو شاری بەغدا و بەسرە نەبێ؟! داخوا کوردێک هەیە، مەگەر زۆڵ بێت، نەیەوێت وڵاتەکەی ئەویش هەر وەک وڵاتانی تری دنیا بە سەربەخۆیی و ئازادی بگات؟! ئایا ئەمە بە مانای پارچە پارچە کردن دێت یان بە مانای لە نیشتمان خاوەن دەرکەوتن؟!

خەفەتە گەورەکە لەوەدایە کە ئێمە خۆمانین ڕێگامان خۆش کردووە تا کەسانێکی گومانلێکراو وا بە هەرزانی لەسەرمان بنووسن. ئەمە ئەنجامی هێنانی سوپای ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانە بۆ سەر ئەو بستەخاکەی کە پێی دەگوترێت "ناوچەی ئارام"، کە بە داخەوە هەموو شتێک و دیاردەیەکی تێدا بەدی دەکرێت تەنیا "ئارامی" نەبێت. ئارامی و ئاشتی نێوان کورد و کورد. ئەگەر حیزبی دەسەڵات بەدەستی کورد ڕێگە بە وەزیری نەوتی ڕژێم و تاریق عەزیزی بەچکە دیکتاتۆر[2] بدات بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا تێپەڕێت، ئا لەو کاتەدا بۆ دەبێ گلەیی لە تاکێکی عەرەب و عێراقییەک بکەین کە خواروی کوردستان بە بەشێکی جیانەکراوە لە وڵاتەکەی خۆی بزانێت؟!

نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و سیاسەتمەداران و بگرە خەڵکی ئاسایی عەرەبیش لە زمانی هەردوو سەرکردەکەی باشووری کوردستان، سەبارەت بە خوارووی کوردستان، قسان فێردەبن و دەیانقۆزنەوە. چەندین جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنی جۆراوجۆردا خەڵکی عەرەبم بینیوە کە بە کوردیان گوتووە: ئەمە قسەی سەرکردەکانتانە، ئەوان لەمە زیاتریان ناوێت، ئەوان خۆیان بە عێراقی دەزانن، ئایا چ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە لەبری ئەوان شک دەبەن؟!

لە هەندێ وڵاتانی عەرەب بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باس لەسەر کوردان نادرێت. دەوڵەتێکی وەکوو سووریا کە پارچەیەکی کوردستانی داگیر کردووە، ئەگەر لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ئەورووپاش شتێک لەسەر کورد و کوردستان بڵاو ببێتەوە، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ڕێگە بەو ڕۆژنامانە نادەن لە ناوچە کوردنشینەکان بفرۆشرێن و بڵاو بکرێنەوە. جاری وا بووە ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەیەک وتارێکی لەسەر کورد نووسیوە، بەرپرسیارانی سوورایی نەیانهێشتووە ژمارەی تایبەتی ئەو ڕۆژنامەیە بە شارەکانی قامیشلی و سەری کانی و کوبانی و عیفرین و دەڤەرە کوردنشینەکان بگات.[3]

لە شاری "ڕیبات"ی پایتەختی مەغریب بە ڕێکەوت کابرایەکی ڕۆژنامەنووسم ناسی. کابرا ناوی "عەبدوللەتیف عەواد" بوو و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئەلئەنوال"ی مەغریبی بوو. ئەم ڕۆژنامەیەش ئۆرگانی ڕێکخراوێکی گچکەی چەپ بوو بە ناوی "ڕێکخراوی کاری میللی"، کە ئەوکات "١٩٩٣" یەک دوو نوێنەریان لە پەرلەمانی مەغریب هەبوو. کابرای ناوبرا لە شاری مووسڵ خوێندنی زانکۆیی تەواو کردبوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی ئاسینماندا کە زانی کوردم، وەک بڵێی بە ناسینی من هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردبێ، یەکسەر خۆی لە من شاردەوە و تا ئەوڕۆش یەکترمان نەبینییەوە. گەلێ جار سەیری ڕۆژنامەکەیم دەکرد تا بزانم شتێک لەسەر کورد بڵاو دەکاتەوە یان نا؟! ئەوی ڕاستی بێ بە میکرۆسکۆبیش شتێکم لەسەر کورد، لە ڕۆژنامەکە هەڵنەکڕاند. لە دوای گەڕانەوەشم بۆ سوێد، وتارێکی چەند لاپەڕەییم، لەسەر کورد و کوردستان، بۆ یەکێک لە گەورەترین ڕۆژنامەکانی مەغریب"ئەلعەلەم" نارد. ڕۆژنامەکە نەک هەر وتارەکەی بڵاو نەکردەوە، بگرە وەڵامیشی نەدامەوە. لە وڵاتێک کە ڕۆشنبیرانی لەمەڕ گەلێکی گەورە و گران وا بیر بکەنەوە، دەبێ خەڵکە ڕەشۆکییەکە چۆن بن؟!

دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە لەناو وڵاتانی عەرەبدا کەسانێکی بە ویژدان و کورددۆست بەر چاو ناکەون. نەخێر..بە پێچەوانەوە سەرەڕای هەموو سنووردانانێکیش دیسان کەسانی خاوەن هەڵوێست و سەربەخۆ هەڵکەوتوون، بەڵام ژمارەیان تا بڵێی کەمە و ئەوەندە کاریگەریش نین. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسایەتییانە ناتوانن فشار بۆ سەر دەزگای سیاسی وڵاتەکانیان بێنن. بە مانایەکی دیکە هیچ جۆرە سەنگینییەکیان لەسەر بڕیاری سیاسی لەو وڵاتانەدا نابێت کە گوزەرانیان تێدا دەکەن. هەر لەم بوارەدا دەکرێ نموونەیەکیش بێنینەوە. دوای ڕفاندنی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ تورکیا زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکانی میسر، بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئۆجەلان و پشتگیریکردن لە دۆزی کورد، کۆمیتەیەکیان پێکهێنا. حکوومەتی تورک نارەزایی خۆی بەرانبەر بەم کارە نیشاندا و بە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی تورکیاشی دانا. دواتر سەرچاوە میسرییەکان، سەبارەت بە هەمان بابەت، ڕاگەیاندنێکی وەهایان بڵاو کردەوە:

"ئەم هەنگاوانە ڕەسمی نین و نە حکومەت پێوەندییان پێیانەوە هەیە و نە هیچ لایەنێکی ڕەسمییش. ئەوانەی بەو کارانەش هەڵدەستن کەسانێکی گشتین و بیر و ڕای خۆیان دەردەبڕن نەک هەڵوێست و بیر و ڕای لایەنێکی ڕەسمی.. دەوڵەت هیچ پێوەندییەکی بەم جووڵانەوانە نییە.. ئەم کەسایەتییانە لە چوارچێوەی دۆزە مرۆڤایەتییەکان مامەڵە دەگەڵ بابەتەکە دەکەن نەک بە ئامانجێکی سیاسی".[4]

لەم دە ساڵانەی دواییدا کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە ئاسمانییەکان بە ڕۆڵێکی گرینگی ڕاگەیاندن ڕادەبن. بێگومان دەوڵەتە عەرەبییەکان هەریەکە و وردە وردە دەبن بە خاوەنی کەناڵی تایبەتی خۆیان. لە سەرەتادا تەنیا یەک دوو کەناڵی عەرەبیزمان بەدی دەکران کە لە ئەورووپا بەرنامەکانیان پەخش دەکرد و، لە لایەن دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو کۆمەکی ماددییان پێ دەکرا. کەناڵی ئاسمانیی MBC لە لەندەن یەکەمین کەناڵی عەرەبییە و عەرەبستانی سعودی لە پشتیەتی. بەرنامەکانیشی زیاتر پیاهەڵدانی سعودیە و "خادم الحرمین الشریفین"، واتا پاشای عەرەبستانی سعودی شا فەهدە. دیارە لە هەمان کاتیشدا بەرنامەی جۆراوجۆری دیکەیان هەیە، بەڵام هەر کەس دەزانێت سعودیە و میرە

پارەدارەکانی ئەو وڵاتە دامەزرێنەر و پاڵپشتی ئەو کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە ئاسمانییەن. ئەوەی تایبەتە بە کورد، MBC لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا زۆر کورت و بە شێوەیەکی سنووردار خۆی لە قەرەی کورد و مەسەلە ڕەواکەی دەدا. دوای ڕاپەڕینی بەشکۆی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، کەناڵی ناوبراو زیاتر لە جاران هەواڵ و دەنگوباسی لەسەر کوردان، بە تایبەتی لەسەر باشووری کوردستان بڵاو دەکردەوە. وەک هەمیشە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات. لە هەواڵەکانیشیدا باشووری کوردستان، هەر وەک لێپرسراوە ڕەسمییەکانی عەرەب، بە "باکووری عێراق" ناو دەبات. لە چاکترین باریشدا خوارووی کوردستان بە "کردستان العراق" ناوزەد دەکات. کورد گوتەنی: زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە!

یەکێک لە باشترین بەرنامەکانی MBC، بە ڕای من، بەرنامەی "اجندە"یە کە لە لایەن لەیلا ئەلشێخلی ئامادە و پێشکەش دەکرێت. بەرنامەکە زیاتر سیاسی و شیکردنەوەی ڕووداو و هەواڵەکانە. تا ئێستا چەند جار لەسەر کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەو بەرنامەیەدا بابەتی تایبەتی پێشکەش بە بینەران کراوە و خەڵک لەنێو ستۆدیۆ و بە تەلەفۆن سەبارەت بە کورد و کوردستان قسەیان کردووە.

کەناڵی تەلەڤیزیۆنی ئاسمانیی "الجزیرە"ی سەر بە دەوڵەتی قەتەر، هەرچەندە تەمەنێکی ئەوەندە درێژی نییە و لە دوای کەناڵی MBC دامەزراوە، بەڵام دیسانیش خاوەن دەنگ و ڕەنگێکی تایبەتی سەر بە خۆیەتی و، هەموو کەناڵە عەرەبییە ئاسمانییەکانی تری لە پاش خۆی هێشت. دیارە گەلێ هۆ هەن کە وایان لە کەناڵی "الجزیرە" کرد زوو پێش بکەوێ و گرەو بباتەوە. من پێم وایە ئەمانە هەندێکیانن: هەبوونی ئازادیی بیر و ڕا دەربڕین تا ڕادەیەکی باش، لە دەرگادانی چەند باس و بابەت کە پێشتر لەبەر هەر هۆیەک بێ ماسمێدیای عەرەبی خۆی لێیان لاداوە، بەتوانایی و لێهاتوویی کەسانی ئامادەکەر و پێشکەشکەری بەرنامەکان، تینوویی بینەرانی عەرەب بۆ بەرنامە گەلێک کە لەمێژ بوو چاوەڕوانییان دەکرد،..تاد.

بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم کەناڵی "الجزیرە" لە گشت کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە عەرەبییە ئاسمانییەکانی دیکە زیاتر باسی کوردان دەکات، یان هەواڵ و نووچەیان لەمەڕ بڵاو دەکاتەوە. لە شارەکانی باشووری کوردستان زۆر لە ڕووناکبیران و "ئەهلی قەڵەم و سیاسەت" سەیری هەردوو بەرنامەکانی "اکثر من رأی و الاتجاه المعاکس (زیاتر لە ڕایەک و دژە ڕەوت)" دەکەن. زۆر جار ئەو بەرنامانەی سەبارەت بە کوردن، لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار دەکرێن و بگرە لە ڕۆژنامەکانیش بڵاو دەکرێنەوە.[٥] هەتا هەنووکە گەلێ بەرنامەی ڕێکوپێک لە تەلەڤیزیۆنی جەزیرە لەمەڕ کوردان، بە تایبەتی باشوور و باکووری کوردستان، پێشکەش کراون. بە بڕوای من یەکێک لە بەرنامە هەرە چاکەکان کە لەسەر کورد پێشکەش کرابێ، بابەتی بەرنامەیەکی " نقطە ساخنە " ی ئەسعەد تەها بوو. ناوبراو خۆی چووبووە باشووری کوردستان و بەرنامەکەی ئامادە کردبوو.

سەرەڕای ئەمانە هەموویان کەناڵی جەزیرەش، هەروەک زۆربەی زۆری کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی دیکەی عەرەب، سەرسەختانە داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و، باشووری کوردستانیش بە بەشێک لەو وڵاتە ناو دەبات. شایانی وەبیرهێنانەوەیە یەکێک لە بەرنامە هەرە هەوڵینەکانی ئەلجەزیرە، لە سەرەتای دامەزراندنی کەناڵەکەدا، لەسەر کورد بوو. ئەوی ڕاستی بێ، بابەتی بەرنامەکە سەبارەت بە شەڕی کوردکوژانەی نێوان یەکێتی و پارتی بوو. هەر کەسێ چاوی بەو بەرنامەیە کەوتبێ یەکسەر دەگاتە ئەو مەبەستەی بڵێت: ئەو بەرنامەیە کتومت بۆ ئەوە ئامادە کرابوو کە کوردی پێ سووک و ڕیسوا بکرێ. بێگومان لەم بوارەدا نابێ گلەییمان تەنیا ڕووبەڕووی کەناڵی ئەلجەزیرە بکەینەوە. جاری وا بووە سەرۆکی هێزێکی شەڕکەر و کوردکوژی خوارووی کوردستان، وەک ئەوەی لە چایخانەیەک دانیشتبێ، تەنانەت وشەیەکی وەکوو جاشی لەسەر تەلەڤیزیۆن بەکار بردووە. تۆ بڵێی بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە بینەرانی عەرەب وا لێبکەین پێمان بڵێن: سیاسی و ئاقڵ؟! دیسان هەر لە جەزیرەدا کەسانێکی مێشک پووت و شۆڤێنیستی عەرەبیان هێناوە تا لەبارەی کوردەوە قسە بۆ بینەران بکەن. کابرایەکی بەناو مێژوونووسی وەکوو "النشاشیبی"یان بانگهێشت کردووە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: لە عێراق شتێک نییە پێی بگوترێت کوردستان..ئێوە تەنیا مافی ئەوەتان هەیە کە بە کوردی قسان بکەن..ئێمە ئەو مافەتان پێ دەبەخشین![٦] هەروابێتەوە نووسەرێکی بەعسی و ڕەگەزپەرستی وەکوو "مونزیر ئەلمووسڵی" تا ئێستا چەند جار، بە تەلەفۆن، لە زۆر گفتوگۆ و بەرنامەی جۆراوجۆردا بەشداری کردووە. ناوبراو کە عەرەبێکی کەللەڕەقی سوریایە، خەمی هەرە گەورەی ئەوەیە بە بینەران و دنیا بسەلمێنێت لە سوریا خاکێک نییە بە ناوی کوردستان، لە عێراق کوردەکان خودموختارییان هەیە، ڕژێمی عێراق قەت قەت چەکی کیمیایی لە هەمبەر کوردان لە هەڵەبجە بەکار نەهێناوە.[٧] شایانی باسە هەر هەمان مونزیر ئەلمووسڵی لە کۆنگرەی قاهیرە (گفتوگۆی کورد و عەرەب)دا بەشداری کردبوو. دەبێ ئەوەش بڵێین ئامادەکەری یەکێ لە بەرنامەکان سامی حەداد هەر بە ئاشکرا داکۆکی لە سەددام حوسێنی خوێنڕێژ دەکات. جارێ لە جاران بە بینەرێکی گوت: من ڕێت پێنادەم بەم شێوەیە باسی سەددام حوسێن بکەی. بۆ من سەددام حوسێن سەرۆک و پێشەوایەکی نەتەوەی عەرەبە.

دوو ساڵ بەر لە ئێستاش کەناڵێکی دیکەی ئاسمانیی عەرەبی سەری هەڵدا. ئەو کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە تۆڕی دەنگوباسی عەرەبی ـ ANN بوو. لە دەسپێکدا زۆر قسە لەسەر ئەو کەناڵە کرا: دەوڵەتی ئوردن لە پشتیەتی، عێراق یارمەتی دەدات، برای حافز ئەلئەسەدی سەرۆکی سوریا ڕەفعەت ئەلئەسەد بەڕێوەی دەبات. من خۆم هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ANN شک نابەم کە پێوەندی بە خاوەن و یارمەتیدەر و بەڕێوەبەری کەناڵەکەوە هەبێ. تەنیا ئەوە نەبێ کە ANN زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکانی دیکەی عەرەبی زیاتر باسی عێراق دەکات. دەنگوباس و بەرنامەکان، تا ڕادەیەک و هەندێ جار بە ئاشکراش، داکۆکی لە ڕژێمی سەددام حوسێن دەکەن. بەرنامەی "الحوار المفتوح ـ ئاخاوتنی واڵا"ی "هشام الدیوان"ی خەڵکی شاری بەسرە، لە هەموو بەرنامەکانی تر پتر باسی کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و مەسەلەی کورد بە گشتی دەکات. کابرا بە هەموو شێوەیەک دژی سەرخۆبوونی کوردانە لەو پارچە کوردستانەی کە ئەو پێی دەڵێت: شمال العراق. لە دوا بەرنامەیەکیدا، لە چەشنی بەعسییەک قسەی دەکرد، لە هەمبەر بیری فیدراڵی دەوەستا و بە خەتەر و ئەگەری جوداخوازی دادەنا. تەنانەت دژی گرووپە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی قسەی دەکرد و دەیگوت: ئەگەر ئێوە بیری فیدرالیتان قەبوڵە، کەواتە لەگەڵ دابەشکردنی عێراقدان. من وەک بینەرێک کە گوێم لە قسەکانی ناوبراو بوو تەنیا و تەنیا بەعسییە خوێنمژ و ڕەگەزپەرستەکانی عێراقم وەبیر دەکەوتەوە.[٨]

**❑ لەنێو عەرەبیشدا کەسانێکی بوێر و خاوەن هەڵوێست و ڕووناکبیر هەبوون یا هەن کە داکۆکییان لە کورد کردووە و دەکەن. دەبێ ئەوەش بڵێین لە هەموو جیهانی عەرەبیدا نموونەیەکی وەک ئیسماعیل بێشکچی هەڵنەکەوتووە تا بەو ڕادە مەزنە خزمەتی دۆزی کوردان بکات**

دیارە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا زۆر لە دەوڵەتە عەرەبەکان بوونەتە خاوەن کەناڵی ئاسمانیی خۆیان. هەندێکیان چەند ساڵێک و هەندێکی تریشیان تازە کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی ئاسمانیی خۆیان دامەزراندووە. لەم بوارەدا دەکرێ ناوی چەند وڵاتێک بەرین: میرنشینە عەرەبە یەکگرتووەکان، میسر، جەزایر، مەغریب، تونس، لیبیا، سوریا، عێراق،... تاد.
ئەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە ئاسمانییانە کەمتر لە MBC و ANN و ئەلجەزیرە باسی کوردان دەکەن. بۆمان هەیە بڵێین، ئەم کەناڵانە ئەگەر سەبارەت بە کورد شتێکیش بڵاو بکەنەوە، ئەوا زیاتر لە شێوەی هەواڵ و دەنگوباسدا دەبن. هەڵبەت پتر لە گەرمەی ڕووداوەکاندا هەواڵ لەسەر کورد بڵاو دەکەنەوە. دیارە دەوڵەتانێکی وەکوو تونس یا جەزایر ئەوەندە پێوەندییان دەگەڵ مەسەلەی کورددا نییە تا بایەخی پێبدەن. تاکە شتێک کە ئەوان دەیکەن و قەتیش لێی ماندوو نابن: پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و تەواوی وڵاتانی عەرەبە!
ڕاگەیاندنی عەرەبی "ڕبەیەکی دوو پێوانەیی" هەیە لە کاتی باسکردنی ئەم یا ئەو پارچەی کوردستاندا. بێگومان لێرەدا زیاتر مەبەستم هەردوو پارچەی بندەستی عێراق و تورکیایە. من پێم وایە چەند هۆیەک هەن کە عەرەبیان وا لێکردووە لە بەرانبەر تورکان کەمێ ڕک و کینەیان هەبێ. لەوانەیە دوو هۆی سەرەکی ئەمانە بن: یەکەم) دەستبەسەراگرتنی عوسمانییەکان بۆ خەلافەتی ئیسلامی. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ تورکە عوسمانییەکان تاکو بتوانن دەسەڵاتداریەتی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبیشیان بکەوێتە دەست. عەرەبیش کە خۆیان بە میراتگری ئایینی ئیسلام دەزانن، گەر ناچار نەبان، هەرگیز بە کارێکی وەها ڕازی نەدەبوون. بە کورتییەکەی ئەم کارە جۆرە ڕک و ساردبوونەوەیەکی لە نێوان عەرەب و تورک دروست کردووە. دووەم) پێوەندی و پەیمانی سەربازی نێوان تورکیا و ئیسرائیل تا ڕادەیەکی گەورە مەترسی عەرەبەکانی لە بەرانبەر تورکیا زیاد کرد. دەوڵەتانی عەرەب ئەم ڕێککەوتننامە سەربازییە بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن. بە دزی و بە ئاشکراش ڕەخنەیان لە تورکیا گرتووە. هەمووشمان دەزانین مەسەلەی ئاوی فورات و کێشەی لیوای ئەسکەندەروون هێندەی تر نێوان تورکیا و وڵاتانی عەرەبی ناخۆشتر کردووە. لێ.. هەر کە مەسەلە دێتە سەر کورد تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق و بگرە تەواوی وڵاتانی عەرەب و توورەم دەکەی دنیاش، دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆن.
سەرەڕای ئەمانەش ڕاگەیاندنی عەرەبی زیرەکانە هەوڵی ئەوە دەدات سوود لە دۆزی کورد وەربگرێت، هەرنا ناڵێم بۆ فشارخستنە سەر تورکیا، بەڵکوو بۆ ئەوەی بە کورد نیشان بدات کە خەڵکی عەرەب دەگەڵ کوردی پارچەیەکی کوردستاندان. گەلێ جار گوێمان لە نووسەران و ڕووناکبیرانی عەرەب بووە لە دژی تورک قسەیان کردووە، یاخود نووسین و وتاریان بڵاو کردۆتەوە. لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسەتڤانانە، ئەوەی تایبەت بێت بە باشووری کوردستان، یەکدەنگ لە هەمبەر ئازادیی ئەو بەشەی کوردستانن. بۆ نموونە یەکێکی وەکوو حەنان ئەلعەشراوی، تا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەش، خۆی خاوەن دەوڵەت نییە، کەچی ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: ئێمە "فەلەستینییەکان" دەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقداین. ئەمە نەک هەر دووڕوویی یە، بەڵکوو بەشداریکردنە لەو تاوان و کۆمەڵکوژییانەی کە دەرهەق بە کورد ئەنجام دەدرێن.
هەر وەک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بەوە کرد کە لەنێو عەرەبیشدا کەسانێکی بوێر و خاوەن هەڵوێست و ڕووناکبیر هەبوون یا هەن کە داکۆکییان لە کورد کردووە و دەکەن. دەبێ ئەوەش بڵێین لە هەموو جیهانی عەرەبیدا نموونەیەکی وەک ئیسماعیل بێشکچی هەڵنەکەوتووە تا بەو ڕادە مەزنە خزمەتی دۆزی کوردان بکات. دەنێو عەرەباندا، ئەوانەی کە لەسەر کوردیان نووسیوە یان جاروبار دژی داگیرکەرانی کوردستان زمانیان جوولاوە، دەکرێ بڵێین لە گەرمەی کارەسات و مەرگەساتەکاندا هەڵوێستیان وەرگرتووە نەک بە شێوەیەکی هەمیشەیی و پێشوەخت. بۆ نموونە کە هەڵەبجە بە گازی کیمیایی شەهید کرا نووسەری گەورەی عێراقی هادی ئەلعەلەوی، وەک نارەزایی دەربڕینێک، نکۆڵی لە ناسنامە یا ڕەگەزنامە "جنسیە" عێراقییەکەی خۆی کرد، چونکە ئەو فڕۆکەوانانەی کە هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد هەر هەمان ناسنامەی نووسەری خوالێخۆشبوو هادی ئەلعەلەوییان لە باخەڵ بوو. گومان لەوەدا نییە کە هەڵوێستێکی وەها جێگای شانازی و سەربڵندیی یە بۆ خاوەنەکەی. لێ.. بەڵێ یەکێکی وەکوو بێشکچی تەمەنێکی درێژی ژیانی خۆی لە پێناوی کورد بەسەر بردووە. ئاشکرایە کە بەراوردکردن لە نێوان ئەم دووانەدا، نەک هەر نابێت، بگرە مەحاڵە. ئەوەی من لێرەدا مەبەستم بوو زیاتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بوو نەک شتێکی تر.
ڕاگەیاندنی عەرەبی سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بندەستی ئێران و سوریا، بە ڕادەیەکی یەکجار کەم هەواڵ و زانیاری و دەنگوباس بڵاو دەکاتەوە. مرۆڤ تاک و تەرا لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤیزیۆنەکانی سەر بە دەوڵەتانی عەرەب ئەم جۆرە هەواڵ و باسانەی بەر چاو دەکەوێ. لەوانەیە هۆیەکی سەرەکی ئەم مەسەلەیەش سستیی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەم دوو پارچەیەی کوردستان بن، بە تایبەتیش ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە داخەوە لە چاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لە کورتییان داوە. من خۆم لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا تەنیا دوو نووسینم لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان بینیوە.[9] ڕێی تێدەچێ بابەتی دیکەش بڵاو کرابنەوە من چاوم پێیان نەکەوتبێ، هەرچەندە بە بەردەوامی سەیری ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە ئاسمانییە عەرەبییەکان و ئینتەرنێتیش دەکەم.
خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ لەم نووسینەدا پەنجەی بۆ درێژ بکەم کەموکوڕیی ڕووناکبیران و نووسەرانی کوردە. ئەم مەسەلەیە هەر هەموومان دەگرێتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی کە زمانی عەرەبی دەزانن و تەماشای پڕۆگرام و بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان دەکەن. زۆر جار وا دەبێ لە کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنیدا بەرنامەیەک لەبارەی کورد پێشکەش دەکرێت. بینەرانیش مافی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە تا بە تەلەفۆن یا فاکس بیر و ڕای خۆیان بێننە زمان. بە داخەوە ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات، لە ئەورووپا، تا بڵێی کەم بەشداری لەم جۆرە بەرنامانە دەکەن. ئەوی ڕاستی بێ خەڵکانێک هەن هەر لە

بنچینەدا خۆیان بە گەورەتر دەزانن لەوەی کە کاتی خۆیان بە بابەتی ئەم بەرنامانە بەسەر بەرن، چجای ئەوەی کە تەلەفۆنێ یان فاکسێک بۆ ئامادەکەر و پێشکەشکەری بەرنامەکە بکەن. لە وڵاتێکی وەکوو سوێد کە لێواولێوە لە ڕۆشنبیری کورد تا ئێستا یەک دوو کەس بە تەلەفۆن بەشداریی ئەم بەرنامانەی کردووە. لە کاتێکدا ئەوە هەر ڕۆشنبیری کوردن کە بەیەکەوە خەریکن و وەڵامی یەکتر دەدەنەوە. ڕەنگە کەسانێک هەبن لێم ڕاست ببنەوە و بڵێن ئێمە هەوڵمان داوە، بەڵام ڕێگەمان پێ نەدراوە یان نەمانتوانیوە قسان بکەین. هەموو شتێک دەبێ، لێ..بەڵێ تەنیا وردبوونەوەیەک لەو بەرنامانەی کە تا ئەمڕۆ لە کەناڵە عەرەبییەکان، لەسەر کورد و کوردستان پێشکەش کراون، گەلێ ڕاستیمان بۆ دەردەخات.
لە ڕۆژی ئەوڕۆدا بە شێوەیەکی ڕۆژانە هەواڵ و دەنگوباس و شیرۆڤەهەواڵ لەمەڕ کورد و کوردستان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیدا بڵاو دەکرێنەوە. ئەمانە پتر لەسەر کوردستانی بندەستی عێراق و تورکیان. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت دوای هاتنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ ئەوروپا و قەومانی کارەسات، ماسمیدیای جیهانی و عەرەبیش لە جاران زیاتر بایەخ بە دەنگوباس و ڕووداوەکانی کوردستان دەدەن. هەڵبەت گەلێ جاریش باس لە ناتەبایی و پێکەوە هەڵنەکردنی ڕێکخراوە کوردییەکان دەکەن. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا برینێکی قووڵە لە جەستەی هەلاهەلابووی گەلەکەماندا.
هەموومان دەزانین هەر کاتێ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ناکۆکیی نێوان خۆیان وەلانا و بیریان لە بەرژەوەندی ئەم نەتەوەیە کردەوە، ئەوا تەنیا ئەوکات ڕاگەیاندن و ماسمیدیای جیهانی و عەرەبی و تەواوی دنیاش هیچ بیانوویەکیان لە دەستدا نامێنێ تا بە خراپە ناومان بەرن.
کەواتە تەنیا کورد خۆی، بە یەکگرتنی ڕیزەکانی، دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ماسمیدیای جیهانی و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکانیش بکات. تۆ بڵێی سەرانی کورد بیر لە مەسەلەیەکی وەها بکەنەوە؟! داخوا کوردیش، وەکوو نەتەوە، بە ئاستێکی وەها گەیشتووە یان نا ؟!

ناوەڕاستی مانگی ٦/ ٩٩

## پەراوێزەکان:

(١) *الشرق الاوسط*، ايام فی کردستان العراق: ليس جيبا عميلا و لا جزء من کوکب اخر، صالح القلاب، الجمعه١٥/ ٥/ ١٩٩٩، العدد ٧٤٧٢.
(٢) جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "*الوسط*" باسی ئەوە دەکات کەوا چۆن تاریق عەزیز، لە کاتی وتووێژەکانی بەرەی کوردستانیی عێراقی دەگەڵ ڕژێمدا، جارێ لە جاران بە مەسعوود بارزانی گوتووە: هەروەک چۆن عەرەب بۆ ئەندەلوس"ئیسپانیای ئێستا" دەگریێن، ئێوەش بە هەمان شێوە مافی خۆتانە بۆ کەرکووک بگریێن! بڕوانە: الوسط، العدد ٣٥٦، ٢٣/ ١١/ ١٩٩٨، ص ٣٢.
(٣) ئەمەم لە ساڵی ١٩٩١ لە خەڵکی شاری قامیشلی بیستووە.
(٤) *الخليج*،٥/ ٥/ ١٩٩٩.
(٥) هەر بۆ نموونە بڕوانە: ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات، هەولێر ـ کوردستان، ژمارە ١٨٠/ ١٩٩٨.
(٦) ئەم قسانەی بە ڕۆژنامەنووس کامەران قەرەداغی گوت. جێگای داخە کامەران قەرەداغی گەلێ جار، تەنانەت تا ڕادەیەک لەو بەرنامەیەشدا، هەروەک کەسێکی بێگانە نەک کورد هەڵسوکەوتی کردووە. من خۆم کامەران قەرەداغیم لە کەناڵی MBC بینیوە کە گوتوویەتی: شمال العراق = باکووری عێراق، بەڵام کابرایەکی مەغریبی"نوورەدین فەڕیزی" هەر لە هەمان کاتدا "کوردستان"ی لەجیاتی "شمال العراق"ی کامەران قەرەداغی بەکار بردووە.
(٧) بۆ زیاتر ئاگاداری سەبارەت بە بیر و ڕاکانی مونزیر ئەلمووسڵی، لەمەڕ کورد و کوردستان، بڕوانە: ١) عرب و اکراد، المقدم منذر الموصلی، بیروت/الطبعه الاولی ١٩٨٦؛ ٢) الحياه السياسيه و الحزبيه فی کوردستان، منذر الموصلی، الطبعه الاولی ايار/مايو ١٩٩١.
(٨) کاک ئاوات ئامیق ئاغا سەبارەت بە یەکێ لە بابەتەکانی ئەو بەرنامەیە وتارێکی جوانی نووسیبوو. بڕوانە: پەیام، ژمارە ١٥، ١٥ی مای ١٩٩٩، ل ٩.
(٩) بڕوانە: *الشرق الاوسط*، خاتمی يسعی لاصلاح اوضاع "کردستان" الايرانيه لجعلها مصدر قوه بدلا من صداع امنی لطهران، 1999-5-4.
هەروەها: الزمان، اکراد ايران؛ الحوار کطريق الی شکل من اشکال الحکم الذاتی، کامل صالحی، العدد ٣١٦، الجمعه ٧/ ٥/ ١٩٩٩.

* * *

# پەیامی مامۆستا شێخ عەزەددینی حوسێنی
# بە بۆنەی جێژنی قوربان

بسم الله الرحمان الرحيم

ئەم جێژنە موبارەکە کە یەکێکە لە دوو جێژنی ڕەسمیی ئیسلام کە ڕەمەزان و قوربانن، لە هەموو موسوڵمانان بەتایبەت لە نەتەوەی کورد پیرۆز بێت.
مەراسیمی حەج لە تەوافی کەعبە و سەعی و ڕاوەستان لە کێوی عەرەفات، یەکێکە لە ئەرکانی گەورەی ئیسلام کە لە ئیمان و خوداپەرستی سەرچاوە دەگرێ. لەلایەکی دیکەوە بەردەبارانی سێ کوچکەی شەیتان کە لە ڕێ و ڕەسمی حەجدا دەکرێ، لە ڕاستیدا ڕەمزی ناپاکی و دووبەرەکی و خۆپەرستی یە بەردەباران دەکرێ.
جێژن چ ئایینی یا نەتەوەیی، کاتی خۆشیی و لێکنزیکبوونەوە و ئاشتبوونەوە و لێبووردنە، هیوادارم ئێمە لەو ڕۆژەدا بە دڵێکی پاکەوە پەیڕەوی لێبکەین و هەموومان دوعا بکەین کە جیهان بەرەو ئاشتی و سوڵح و ئازادی و خوداپەرستیی چالاکانە بەرەوپێش بڕوا و خەبات بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی نەتەوەی کورد پیرۆز و سەرکەتوو بێ. جێژنی قوربانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ساڵڕۆژی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی کە بوونە قوربانی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا. جا بەو بۆنەوە هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوا و هاوڕێیانی.
لە کۆتاییدا جێژنە موبارەکی دەکەم لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدان.

شێخ عەزەددینی حوسێنی
١١١٩/ ٣/ ٢٧

* ئەم ڕاگەیاندنە لە کاتی خۆیدا لە ڕادیۆ ئەمریکا (بەشی کوردی) بڵاوکراوەتەوە.

# بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەمەڕ کۆماری کوردستان (١٩٤٦)

**وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی**

**ئەم دوو وتارەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، وەرگێڕاوی بەشێکن لە بیرەوەرییەکانی دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەمەڕ ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦). ڕۆژنامەنووسەکان بریتین لە:**

**- ئیسماعیل پووروالی (بامشاد) سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری "بامشاد"**

**- دوکتور مستەفا ئەلەمووتی، سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری "تهران مصور".**

**هەردوو کەسەکە ئێستا لە ئورووپا دەژین و بیرەوەرییەکانی خۆیان لە پاریس و لەندەن بڵاوکردۆتەوە. سەرەڕای ڕوانگەیەکی هەندێ ڕەخنەگرانە کە ئێستا بەنیسبەت ڕژێمی شای ئێرانەوە هەیانە، هەردوو ڕۆژنامەنووسەکە لە چوارچێوەی لایەنگرانی ڕژێمی پێشووی ئێراندا حیسابیان بۆ دەکرێت و بەم ئیعتیبارە، نەک هەر مەسەلەی کورد بە جیددی وەرناگرن بەڵکوو داواکارییەکانی کورد و کەسایەتی ڕێبەرەکانی دەکەنە گاڵتەجاڕ - کارێک کە لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا بێوێنە نییە!**

**بیرەوەرییەکان، سەرەڕای ئەو ڕاستییە، گەلێک دەوڵەمەندن و هەندێ زانیاری نەزانراومان لە سەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە پێ دەبەخشن. ئەلەمووتی بەگشتی هیچی لە زمان خۆیەوە نەگوتووە و زیاد لە ٩٥٪ی وتارەکەی لە سەر ئەساسی وتاری ،پووروالی، و بیرەوەری سەرلەشکر ،هومایوونی، فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان و هەندێ ڕۆژنامەنووسی دیکەی ئێرانی نووسیوە - بە بێئەوەی سەرچاوەکانی بناسێنێت. من پێویستم نەدی هەموو وتاری یەکەم کە جارێکی دیکە لە وتاری دووهەمیشدا هاتووە،دووپاتبکەمەوە و ئەو بەشەم لێ لابرد، بەڵام پاشماوەی نووسینەکانیانم بە بێدەستێوەردان وەرگێڕایەوە سەر کوردی - گەرچی هەڵەیەکی زۆر لە زانیارییەکان و بەتایبەت لە بۆچوونەکانیاندا هەیە. بۆ نموونە، وەزیری ڕاوێژکاری کابینەی کوردستان بە وەزیری دەرەوە ناوبراوە و وەزیری ڕێگاوبان بە وەزیری پێوەندییەکان، یا ناوی ،کەریم ئەحمەدەین، وەزیری پۆست وتێلگراف لە شێوەی ،ئەحمەدیان،دا نووسراوە.**

**بەڵام بەگشتی و سەرەڕای ئەو هەڵە و پەڵەیە، هەردوو نووسەر، دەستیان بە سەرچاوەی ئەوتۆ ڕاگەیشتووەو قسەکانیان لە زمان کەسانی واوە گێڕاوەتەوە، کە کورد ڕاستەوخۆ لە گەڵیاندا کەوتۆتە شەڕەوە و ئاشکرایە تەنانەت ئێستاش دەستی پێیان ڕاناگات و ناتوانێ لەگەڵیاندا وتووێژ بکات.**

**لە کاتی ئیعدامی پێشەوا و سەیف و سەدری قازی دا، جگە لە خواڵێخۆشبوو ،مەلا محەمەد سەدیق صدقی،(مامۆستا کورد، ژ ٢٤و٢٥، ١٩٩٥) و گروهبانێکی خەڵکی سنە (مەڵبەند، ئەحمەدی شەریفی، ژ ٨٦، ١٩٨٨) تەنیا دوژمنان ئامادەبوون و بەم پێیە بیرەوەریی دوژمنان تاقە سەرچاوەیەکەن کە ئەو شانۆیەمان زیندوو بۆ ڕادەگرن.**

**هەروەها لەمەڕ ئەو شوێنەی کە پێشەوا، لەوێ خۆی تەسلیمی سوپای ئێرانی کردووە، قسەی زۆر کراوە. ،ئەلەمووتی، لە زمان سەرلەشکر هومایوونییەوە دەگێڕێتەوە کە پێشەوا و خواڵێخۆشبوو حاجی بابەشێخ چوونەتە میاندواو و لەوێوە پێکەوە لەگەڵ هومایوونی چوون بۆ ،شارێکی دیکەی کوردستان،. ئەوەش لەگەڵ ئەو زانیارییەدا کە دەگوترێ پێشەوا لە گوندی ،حەمامیان،ی ڕۆژئاوای بۆکان خۆی داوە بە دەستەوە، یەک دەگرێتەوە.**

**بەختەوەرانە، بیرەوەرییەکان هەڵسەنگاندنی ئەوتۆیان تێدا نییە و ئەگەر وابوایە دەبوە جێگەی مشتومڕی ئێمەی کورد. یادداشتەکان زیاتر گێڕانەوەی ساکاری ڕووداوەکانن و ڕاست یا درۆ، دەتوانن سەرچاوەیەک بن بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان - کارێک کە دەبێ لە داهاتوودا بکرێت.**

**وەرگێڕ، ١٩٩٨/٨/٢٩**

وتاری یەکەم:

## حیکایەتی پڕ خەمی من و شێرانی من

نیسماعیل پوروالی (بامشاد)

... لە ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٣٢٥[١٩٤٦] لە خانوویەکی هاوینەی نوتێل دەربەند [ی تاران] چوومە چاوپێکەوتنی قازی محەمەد کە چەند ڕۆژێک بوو بۆ دیتنی شا و سەرۆک وەزیر و کاربەدەستانی دیکەی وڵات لە مەهابادەوە هاتبوە تاران تا ئەو شتەی وا بە قسە پێی دەگوترێ مەسەلەی کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ مەسەلەی ئازەربایجاندا چارەسەر بکات. لێم، پرسی ئایا قسەی لەگەڵ شا کردووە؟ گوتی حیکایەتێکم بۆ شا گێڕایەوە... ئینجا شوێنی قسەکانی خۆی گرت و گوتی:

عەرزی شام کرد: زەمانێک شایەک هەبوو، کە وەزیرێکی وریا و دووربینی بوو. ڕۆژێک وەزیر هاتە خزمەت شا و گوتی: پێشبینی دەکەم بەم زووانە بارانێک بباریێ کە هەرکەس لێی بخواتەوە، شێت دەبێ. شا ڕاپەڕی و گوتی پێویستە پێش بەم کارە بگرین و ئیجازە نەدەین کەس لەو ئاوە بخواتەوە. وەزیر گوتی ئەمر ئەمری پیرۆزتانە و فەرمانی دا جارچی بە شاردا بگەڕێ و بە خەڵک ڕابگەیێنێت کەس لە ئاوی ئەو بارانەی وا ڕۆژی فلان دەبارێت نەخواتەوە، خۆ ئەگەر بیخۆنەوە شێت دەبن. بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەرگری هەرشتێک لە خەڵک بکەی زیاتر ڕووی تێدەکەن، ڕۆژێک کە بارانە شێتکەرەکە باری، زۆربەی خەڵک لێیان خواردەوە و عەقڵیان لە دەست دا. ئاکامێکی ئەو شێتییەش ئەوەبوو دەیانگوت ئێمە شا و وەزیرمان ناوێ. شا لەم بابەتەوە گەلێک تووڕەبوو و لە وەزیری پرسی ئێستا بەرانبەر بەم شێتییە دەبێ چ بکەین؟ وەزیر گوتی

من پێشبینی ئەم ڕۆژەم کردبوو و هەندێک لە ئاوەکەم بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵگرتووە. ئێستاش پێویستە بۆ ئەوەی ئەم شێتانە ئێمە لە خۆیان بزانن، لێی بخۆینەوە و وەک ئەوان شێت بین.
قازی محەمەد ئەو ڕۆژە لای وابوو حیکایەتەکەی شوێنی لە سەرشا داناوە، ڕاست وەک ئێمە کە لە کاتی چاوپێکەوتنمان لە گەڵ شادا، لە قسەکانی وا تێدەگەیشتین کە ڕقی لە تاقمی بەڕێوەبەری حکوومەت [ی ئێران] دەبێتەوە، بەڵام نە شا و نە سەرۆک وەزیر هیچکامیان بڕوایان وانەبوو کە حکوومەت دەبێ لە سەر خواستی دڵی خەڵک بەڕێوەبچێت.
لەو دو کەسە، هیچکامیان جگە لە خۆی، کەسی بە مرۆڤ نەدەزانی و بەڕێوەبردنی وڵاتی بە خەڵاتێک دادەنا، کە خودا بە دانستە داویە بەو و بە مافێکی سەلماوی خۆی دەناسی.
چارەسەری مەسەلەی کوردستان و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی قازی محەمەد، بەو هاسانییەی مەسەلەی ئازەربایجان بەڕێوەنەچوو. لە کوردستان دوو ڕاپەڕین لە یەک گرێدرابوون. دەوڵەت و سوپا، لەگەڵ هاونیشتمانیانی عێراق و هەروەها کوردانی دانیشتووی ئێراندا ڕووبەڕووی یەک ببوونەوە، گەرچی ئەم دوو لایەنە، لە بنەڕەتدا جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە و ڕەگەز و کولتوور و ئایین و زمانی هاوبەشیان، توانیویەتی بە سەر دابەشکراویی سیاسی و خاکی کورداندا، زاڵ بێت.
ڕاپەڕینی یەکەم لە هاوینی ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە کوردستانی عێراق و لە ناوچەیەک بە ناوی بارزان ڕووی دا، کە لە باکوورەوە دراوسێی تورکیایە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئێرانەوە چەسپاوە. مەلا مستەفا ـ ڕێبەری ڕاپەڕینی بارزان، کە برا گەورەی ئەو ـ شێخ ئەحمەد، سەرۆکی ئایینی ناوچەکە، هیواداربوو بە یارمەتی هاوپەیمانانی شەڕ بەتایبەت ئەمریکا و بریتانیا، بتوانێت لە نێو دوکەڵ و دووکەڵ و دوودمانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کوردستانێکی خودموختار و ئازاد بێنێتەدی کە موحافەزەیەکی عێراق بێت و شارە خاوەن نەوتەکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆک و خانەقین بگرێتەوە. واتە لەلایەکەوە کورد بکاتە خاوەنی دەسەڵاتی ناوچەی خۆی و لەلایەکی دیکەوە بەشدارییان لە حکوومەتی ناوەندی عێراقدا زامن بکات.
لەو سەردەمەدا وا دەرکەوت کە ئینگلیزەکان و بە چاولێکەری ئەوانیش حکوومەتی عێراق، کە بە کردەوە بە قامکی ئەوان دەگەڕا، دژایەتییان لەگەڵ پرۆگرامێکی ئەوتۆدا نییە. کاری هاتوچۆ و وتووێژی بارزانی و نوێنەرەکانی چ لەگەڵ بەرپەرسانی عێراقی و چ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، بەتایبەت لە سەردەمی حوکمی نووری سەعید کە خۆی کورد بوو و ناوێکی زۆری بە لایەنگریی ئینگلیزەکان دەرکردبوو، بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو، کە وادەزانرا درەنگ و زوو ئەم نەقشەیە بەڕێوەدەچێت و کوردستانی خودموختار لە عێراق بارودۆخی کورد بە تەواوەتی دەگۆڕێت.
ئەوەی بۆچی ئەم هەوڵانە نەگەیشتنە ئەنجام، وا هەیە بتوانرێ لە مەسەلەی سەرهەڵدانی سۆڤیەت لە چالاکییەکانی ناوچە و ئەو پێوەندییانەدا بدۆزرێتەوە کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لەگەڵ کوردە شۆڕشگێڕەکان بەستتبوویان و ئینگلیز نەیدەویست لە شوێنێک بخەوێت کە ئاوی بچێتە ژێر.
هەر بۆیەش، کارەکان بەراوەژوو بوونەوە، نووری سەعید جێگەی خۆی دا بە «حەمدی پاچەچی» و دەوڵەتی نوێ لە گەڵ کورد تێکەوت. لە پێکدادانی سەرەتاکاندا، هێزی بارزان سەرکەوت بەڵام ئینگلیزەکان بە

**☐ لە وتووێژەکەدا قازی گوتبووی «خودموختاری بۆ ئێمە کارێکی تازە نییە. ئێمە لە شەهریوەری ٢٠[سپتەمبەری ١٩٤١] بە دواوە کە هاوپەیمانان هاتنە خاکی ئێرانەوە و تا ئێستا چوارساڵە، لە کوردستاندا خودموختاریمان هەیە.**

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست بەکاربوون و بە یارمەتی کوردانی لایەنگری خۆیان، وایان تەنگ بە مەلا مستەفا هەڵچنی کە چاری نەما و ڕووی کردە کوردستانی ئێران. ئەوەش، ڕاست لە سەرەتاکانی پایزی ١٣٢٤ [١٩٤٥] و هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا، کە قازی محەمەد بە ڕەزامەندیی سۆڤیەت، دامەزرانی حکوومەتی ناوچەیی کوردستان لە مەڵبەندی مەهابادی بێدەنگ وسەدا ڕاگەیاند.
لە ناوچەیەکدا کە لە هەموو بارێک بۆ نموونە لە باری خواردەمەنییەوە کەم دەرەتان بوو، نزیک بە دەهەزار بارزانی بەم شێوەیە دابەش کران: سێ هەزار پیاوی شەڕکەریان نێررانە بەرەی هێزەکانی [دژ بە] دەوڵەتی ئێران لە سەقز و بۆکان و میاندواو و سەردەشت، حەوت هەزار کەس خێزانیشیان لە نێوان نەغەدە، مەهاباد و شنۆدا، دابەشکران.
لە کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤[سەرەتاکانی مانگی دیسەمبەری ١٩٤٥]دا، من و "کەبیری" لە میاندواو بووین، «مەحموود هورموز»یش لەگەڵ «بوزورگ عەلەوی» و «جەهانگیر تفضلی»دا چووبوە مەهاباد. «هورموز» لەوێ وتووێژێکی لەگەڵ قازی محەمەددا بۆ ڕۆژنامەی «ایران ما» ڕێکخستبوو.
قسەکانی قازی محەمەد نیشاندەری ڕێبازێکی کۆنسرڤاتیوبوون و ئەوەی دەخستەڕوو کە نایەوێ بە بێ بوار لە ئاو بدات. لە وتووێژەکەدا قازی گوتبووی «خودموختاری بۆ ئێمە کارێکی تازە نییە. ئێمە لە شەهریوەری ٢٠[سپتەمبەری ١٩٤١] بە دواوە کە هاوپەیمانان هاتنە خاکی ئێرانەوە و تا ئێستا چوارساڵە، لە کوردستاندا خودموختاریمان هەیە. ئەوەی داوای دەکەین و لە بەیانی حیزبی دیموکراتیشدا هاتووە ئەم شتانەی خوارەوەن:
ـ دەمانەوێ گەلی کورد لە ناوخۆی ئێراندا، بەشداری کاروباری ناوچەی خۆیان بن و سەر بەخۆ و ئازاد بن.
ـ دەمانەوێ بە پێی یاسای بنەڕەتی [ئێران]، دەست بەجێ «ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان" هەڵبژێرێت و ئەنجومەنەکە، چاوەدێریی هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی و ئیداری بکات.
ـ دەمانەوێ کاربەدەستانی دەوڵەت،خەڵکی ناوچەکە بن.
ـ دەمانەوێ بە گوێرەی یاسایەکی هەمەلایەنی، پێوەندی نێوان ئاغا و ڕەعیەت بخەینە دوخێکی ئەوتۆوە کە داهاتووی هەر دوولایەنی تێدا گیرابێتەبەرچاو.
ـ دەمانەوێ لە ئازەربایجان، هەموو ئەو قەومانەی وا تێیدا دەژین، بە کورد و تورک و ئاسۆری و ئەرمەنییەوە... هتد، مافی بەرانبەریان هەبێت و کاروباری ناوخۆیان بە شێوەیەکی برایانە دابەشبکەن.
ـ دەمانەوێ بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە کان و سەرچاوەی زۆری کوردستان و هەروەها پێشخستنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی ئیشوکاری کولتووری و ساغیەتی وڵاتەکەوە، کەرەسەی پێویست بۆ ژیانی باشتری خەڵکی کوردستان پێکبێنن.

**❏ ئایا چ پێداویستییەک قازی محەمەدی هێنایە سەر ئەوەی کە ڕێبازە کۆنسرڤاتیوەکەی خۆی بەجێبهێڵێ و مەجلیسی نەتەوایەتی کوردستان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٩٤٥دا ئەو بە سەرۆکی حکوومەتی میللی بناسێت و دەوڵەتێک بە ١٢ وەزیرەوە کاروباری ناوچە بگرێتەدەست**

قازی محەمەد هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەی «هورموز»دا، کە ئەم خودموختارییەی ئێوە دەفەرموون چوار ساڵە بەڕێوەدەچێت، چۆن بووە؟ گوتبووی: کاتێ دەمانویست خودموختاریی کوردستان بەڕێوەببەین، هەڵبژاردنێکمان کرد و لە ناوچەکانی کوردستانەوە نوێنەرانێک هاتنە مەهاباد. ئەم نوێنەرانە، بۆ بەڕێوەبەردنی کوردستان و پێوەندیگرتن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا، تاقمێکیان هەڵبژارد، کە ناوی «هیئت رئیسەی میلی»یان پێدرا و ئێستاش کاروباری کوردستان لەلایەن هەر ئەو تاقمەوە بەڕێوە دەچێت و سەرۆکایەتیشی بە دەست منەوەیە.

ئایا چ پێداویستییەک قازی محەمەدی هێنایە سەر ئەوەی کە ڕێبازە کۆنسرڤاتیوەکەی خۆی بەجێبهێڵێ و مەجلیسی نەتەوایەتی کوردستان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٩٤٥دا ئەو بە سەرۆکی حکوومەتی میللی بناسێت و دەوڵەتێک بە ١٢ وەزیرەوە کاروباری ناوچە بگرێتەدەست، مەلا مستەفا، عەمەرخانی شکاک و ژمارەیەکی دیکە لە سەرۆک هۆزان ـ یەک لەوان سەیفی قازی وەزیری جەنگ، پلەی جەنەڕاڵیان پێبدرێت، ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران بەراوەژوو بکرێتەوە و ڕەنگی سوور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە دابنێن، هەروەهانیشانەیەکی تایبەت لە هێشووەگەنم و هەتاو و قەڵەمی بۆ دروست بکەن؟

بێگومان ئەم ئاڵوگۆڕە دەبێ بە ئاکامی زەخت و زۆری کاربەدەستانی سۆڤیەت بزانرێ کە ئەودەم دەیانویست لەو بارودۆخەی وا ڕاپەڕینی ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان پێکیان هێنابوو، کەڵک وەربگرن و زەخت بخەنە سەر حکوومەتی ناوەندی ئێران بۆ ئەوەی پەیمانی شەریکەی هاوبەشی نەوت لە نێوان ئێران و سۆڤیەتدا پەسند بکات. بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ئەوتۆش، ڕێبازی ژیرانەی قازی محەمەد، وەک لە سەرەتای کارەکەدا گرتبوویەبەر،سوودی بۆیان نەبوو.

بەم پێیە، لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥[١٩٤٦]دا، کە هێزەکانی ئەرتەش ڕوویان کردە ئازەربایجان، «ڕەزم ئارا» ـ کە ئەوکاتە سەرۆکی ستادی ئەرتەش بوو، بە شێنەیی و ئیحتیات و لێزانی زۆرەوە، هەنگاوی بەرەو چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان هەڵێنایەوە و هەڕەشە و دڵدانەوە و توندی و نەرمی لە گەڵ یەکدا خستەکار، بەتایبەت حیسابی کوردەکانی عێراقی بە تەواوەتی لە کوردی ئێران جیاکردەوە.

ڕەزم ئارا، لە ڕۆژی ٢٩ی مانگی سەرماوەزدا، مەلا مستەفا و دوو سەرۆکی ڕاپەڕینی بارزانی وەکوو میوانی سوپا، بانگ کردە تاران و لە کلوبی لەشکری گارد، لە «باغشاە» میوانداریەتی کردن، سێ ڕێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەکەی خستەبەر دەستیان:

یەکەم: بێن بە هاوولاتی ئێران و چەکەکانیان دانێن، کە لەم حاڵەتەدا دەوڵەت لە چەند گوندی «خالیسە»[مڵکی دەوڵەت]دا، نیشتەجێی دەکردن و مەسرەفی شەش مانگ ژیانیانی دابین دەکرد.

دووهەم: ئەگەر نەیانەوێ لە ئێران بمێننەوە، ئەوا دەوڵەتی ئێران لە باری بەرپرسی ئەخلاقییەوە ١١١کەس لە سەرۆکانی بارزانی کە لە عێراق حوکمی ئیعدامیان دەرچووبوو، ڕادەگرت و ئەوانی دیکە دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

سێهەم: ئەگەر هیچکام لەو دوو ڕێگەیە پەسند نەکەن، پێویستە تا کۆتایی مانگی ڕێبەندان [ی ١٩٤٧] خاکی ئێران بەجێبێڵن و هەموو پێکەوە بچنەوە عێراق، دەنا ڕووبەڕووی هێزی سوپا دەبنەوە.

مەلا مستەفا دوای ئاگاداربوون لە پێشنیارەکانی تاران، دوابڕیاری دانا بۆ دوای وتووێژکردن لەگەڵ سەرۆکانی دیکەی بارزان، ئینجا لە نۆهەمی مانگی بەفرانباردا گەڕایەوە بۆ مەهاباد و دوای چەند ڕۆژێک بە تارانی ڕاگەیاند کە هەموویان دەچنەوە بۆ عێراق.

ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەشەمە[ی ١٩٤٦]، لە کاتێکدا دەردەکەوت کە دەهەزار بارزانی خەریکی بە جێهێشتنی کوردستانی ئێران و گەڕانەوە بۆ عێراقن، هێزەکانی ئەرتەش دەستیان بە پێشڕەویی کرد. بەڵام لە ناوەڕاستەکانی مانگی ڕەشەمەدا، سوپای ئێرانی بە هەواڵی ئەوەی زانی کە بارزانییەکان لە جیاتی چوونەوە عێراق، ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان و دەیانەوێ لەگەڵ عەشیرەتی شکاکدا پێوەندی ببەستن. لە ئەنجامدا، هێزی سوپا و بارزانی لە ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمەی ١٩٤٦دا، لێکیان دا و ئەم پێکدادانە، تا سەرەتاکانی مانگی گوڵانی ١٩٤٦، درێژەی کێشا.

ڕەزم ئارا [ی سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران]، بۆ ئەوەی ڕابگەیێنێت کە سوپا هەوڵی زۆری داوە ئەوەندەی بکرێت لەگەڵ بارزانییەکاندا ڕووبەڕوو نەبێتەوە، لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕدا وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکانی تاران ڕێکخست و بەتایبەت دەستنیشانی ئەوەی کرد کە شەڕکردن لەگەڵ بارزانییەکان، کارێکی هاسان نییە، بارزانی بە تەواوەتی واتای وشەکە، پیاوی شەڕ و گەڕن و سیفاتی جەنگاوەرییان بریتی یە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١) لە شەڕ و بەربەرەکانیدا، پسپۆڕێکی ئەوتۆی کەڵک وەرگرتن لە مەیدانن، کە خەڵکێکی کەم دەتوانن بە تۆزیان بگەن.

٢) ئاگادارییەکی زۆری فیشەک وتەقەمەنی دەکەن. بۆ نموونە تائێستا کەس نەیبینیوە بارزانییەک لە ٥٠٠ مەترییەوە تەقە بکات. ڕادەوەستن بۆ ئەوەی فاسیلەییان لەگەڵ ئامانجی گوللەکەدا ،بگاتە کەمترین ڕادە.

٣) گەلێک زوو لایەنی لاوازی دوژمن دەناسن و لەم بابەتەدا، بە ڕاستی جێگەی سەرسوڕمانن.

٤) خەڵکێکی لێهاتوون و بە خێرایی و بە بێ ماندووبوون، چیا و دەشت دەبڕن. لە کاتێکدا هێزەکانی سوپا و بارزانی لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا خەریکی شەڕ و لێکدان بوون، لە عێراقدا دەوڵەتی حەمدی پاچەچی کەوت و نووری سەعید سەرلەنوێ کاروباری وڵاتی گرتەوە دەست. یەک لە یەکەمین هەنگاوەکانی نووری سەعید بریتی بوو لە هاندانی بارزانییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی عێراق و شوێنگرتنی ئەو وتووێژە ناتەواوەی وا پێشتر لەگەڵ دەوڵەتدا کردبوویان.

بە هەوڵی ئینگلیزەکان و دەوڵەتی عێراق، بارزانی ڕوویان کردەوە عێراق و هێزەکانی ئێران دوای پێنج ساڵ و نیو، لە ڕۆژی دووهەمی مانگی گوڵاندا، لە هەموو شوێنێک گەیشتنە سەر سنوور.

لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی بارزانییەکان کۆتایی پێنەهات. ڕۆژی پێنجەمی مانگی جۆزەردان کە، شا خەریکی سەردانی ئازەربایجان بوو و سوپا لە هەموو بارێکەوە ئازەربایجانی بە ئەمن و ئاسایش و دوور لە مەترسی

دەزانی، مەلا مستەفا هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی خۆیدا، گەڕایەوە نێو خاکی ئێران و بە شێوەی «شەڕ و خۆدزینەوە» لەگەڵ سوپای ئێرانی، درێژایی سنووری ئێران وتورکیایان بڕی و لە ڕێگەی [شارۆچکەی] "بازرگان" و چیای ئاراراتەوە، خۆیان گەیاندە خاکی سۆڤیەت.

بەڵام سەبارەت بە کوردەکانی ئێران: قازی محەمەد و براکەی ــ واتە سەدری قازی و هەروەها محەمەد حوسێنی سەیفی قازی [ئامۆزای]، کە بەبێ شەڕکردن خۆیان دابوە بەدەست کاربەدەستانی سوپاوە، چارەنووسێکی دیکەیان هەبوو: مەحاکەمە کران، حوکمی ئیعدامیان درا و حوکمەکە لە دادگای پێداچوونەوەدا پەسند کرا و هەرسێکیان لە داردران.
ئەودەم لە تاران چاوەڕاوی ئەوە هەبوو، کە تاران نەیویستووە حوکمی دادگا بەڕێوەبچێت. نیاز وابوو کە ئەو جەنابانە [بە تەوسەوە] لە دادگای سەرەتایی و پێداچوونەوەدا حوکمی ئیعدامیان بۆ دەربچێت و ئینجا شا، بیانبەخشێت، جا ئەگەر وای لێنەهات، بە هۆی بارزانییەکانەوە بوو کە لەگەڵ هێزی دەوڵەتدا کەوتبوونە شەڕەوە و دەوڵەتیش دەیەویست تێیان بگەیێنێت ئەم کارانە، شوێن لە سەر سیاسەتی دەوڵەت دانانێن و ئەگەر کارەکان خراپتر نەکەن، چاکتری ناکەن.

**سەرچاوە:** بامشاد [اسمعیل پوروالی]، «قصه پر غصه من و ایران من»، مجله فارسی "روزگار نو"، دفتر دهم، سال پنجم، پاریس، آبانماه ۱۳٦٥ [۱۹۸٦]، صص ۸۸ تا ۹۱.

**وتاری دووهەم:**

## بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستانەوە

دوکتور مستەفا ئەلەمووتی

کاتێ فیرقەی دێمۆکرات لە ئازەربایجان ڕاپەڕی، قازی محەمەدیش لە کوردستان خۆی بە ڕێبەری ناوچەکە ناساند و و یستی «نەخشەی کوردستانی سەربەخۆ» ــ کە پێشتر دارژابوو، بەڕێوەبەرێت.
نەخشەکە بریتی بوو لە [پێکەوەلکاندنی] چەند پارچەیەک لە خاکی ئێران و عێراق و تورکیا و بەشێکی بچووک لە سۆڤیەت، کە خەریتەکەی هەمیشە بە ژوور سەری قازی محەمەدەوە بوو. ئاڵایەکی سێ ڕەنگیشی هەبوو، سوور و سپی و سەوز کە بەراوەژووکراوی ئاڵای ئێران بوو بە نیشانەیەکی گوڵەگەنم و هەتاو و قەڵەمەوە. ئاڵاکە، لە سەر بینا دەوڵەتییەکان بەرچاو دەکەوت.
قازی لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، حکوومەتی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و پاش ئەو، سەیفی قازی بە پلەی جەنەڕاڵی و جلوبەرگی عەسکەرییەوە، قازی محەمەدی وەک «پێشەوا و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان» ناوبردەکرد.
ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەز[ی ۱۹٤٥]، سەیفی قازی لەگەڵ وەفدێکدا بۆ پیرۆزبایی گوتن بە سەرۆکانی فیرقەی دێمۆکرات، چوو بۆ تەورێز و پاشان هەردوو حیزب پێکەوە یەکیان گرت.

**پەیمانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و حکوومەتی خودموختاری کوردستان**

بە هەوڵ و تێکۆشانی نوێنەرانی سۆڤیەت لە ناوچەکە، پەیمانێک لە نێوان

☐ **ڕەزم ئارا [ی سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران]، بۆ ئەوەی رابگەیێنێت کە سوپا هەوڵی زۆری داوە ئەوەندەی بکرێت لەگەڵ بارزانییەکاندا ڕووبەڕوو نەبێتەوە، لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕدا وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکانی تاران ڕێکخست و بەتایبەت دەستنیشانی ئەوەی کرد کە شەڕکردن لەگەڵ بارزانییەکان، کارێکی هاسان نییە**

دوو حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و کوردستاندا مۆرکرا.
نوێنەرانی کورد [لە مەراسیمی مۆرکردنی ئەم پەیمانەدا]، بریتی بوون لە: قازی محەمەد، سەیفی قازی، سەید عەبدوڵلا گەیلانی، عەمەرخانی شکاک. ڕەشید بەگی هەرکی، زێرۆبەگی هەرکی و قازی محەمەدی خضری شنۆ. کۆنسوولی رووس: «هاشمۆف»یش ڕاوێژکاریان بوو.
نوێنەرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان، بریتی بوون لە: پیشەوەری، شەبستەری، صادق پادگان، دوکتور جاوید و محەمەد بێریا.
دەقی پەیمانەکەش بە شێوەی خوارەوە بوو:
بەندی یەکەم) لە هەر کوێ دوو حیزبەکە بە پێویستی بزانن، نوێنەرانی ڕەسمیی هەردوولا، لە هەر دوو ناوچەکەدا، دەسەڵاتی پێویستیان هەبێ.
بەندی دووەم) لەو شوێنانەی ئازەربایجان کە دانیشتووانی کوردبن، ئیشوکاری دائیرە دەوڵەتییەکان بە دەست کوردەوە دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.
بەندی سێهەم) بۆ چارەسەرکردنی موشکیلە ئابوورییەکان لێژنەیەکی هاوبەش پێکدێت و بڕیارەکانی لێژنە، لە ڕێگەی هەوڵی سەرۆکانی هەردوو حکوومەتەکەوە بەڕێوەدەچێت.
بەندی چوارەم) ئەگەر پێویست بێت، یەکیەتییەکی نیزامی لە نێوان حکوومەتی نەتەوایەتی ئازەربایجان و کوردستاندا پێکدێت و هەرلایەنێک یارمەتی لایەنەکەی دیکە دەدەن.
بەندی پێنجەم) هەر چەشنە وتووێژێک لەگەڵ حکوومەتی تاراندا، بە ڕەزامەندیی هەر دوو حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان دێتەگونجان.
بەندی شەشەم) حکوومەتی ئازەربایجان هەوڵی پێشکەوتنی زمان و بەرەوپێشچوونی کولتووری ئەو کوردانە دەدات کە لە ئازەربایجاندا دەژین و بە پێچەوانە، کوردانیش هەر ئەو هەوڵە لەمەڕ ئازەربایجانییەکان دەدەن.
بەندی حەوتەم) هەرکەسێ بۆ تێکدانی دۆخی دۆستانەی مێژوویی ئەو دوو ڕەگەزە و لەناوبردنی یەکییەتی دێمۆکراتییانەی نەتەوایەتییان هەنگاو هەڵێنێتەوە، تەمێ دەکرێت.
هەموو بەشدارانی کۆبوونەوە ــ کە ناویان پێشتر ڕاگەیێنرا، پەیمانەکەیان مۆر کرد، ئینجا ئەندامانی دەوڵەتی جمهووری کوردستان بەم شێوەیە ڕاگەیێنرا:
١- قازی محەمەد. سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و سەرۆک کۆمار
٢- حاجی بابە شێخ، سەرۆکی مەجلیسی وەزیران
٣- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، جێگری سەرۆک وەزیر و وەزیری بەرگری
٤- مەنافی کەریمی، خاوەنزەوی و بازرگان، جێگری سەرۆک وەزیر و وەزیری مەعاریف [فەرهەنگ]

٥- سەییەد محەمەدی ئەیوبیان، دەرمانفرۆش، وەزیری ساغیەتی
٦- عەبدولرەحمان ئاغای ئێلخانیزادە، خاوەنزەوی، وەزیری دەرەوە
٧- ئیسماعیل ئاغای ئێلخانیزادە، خاوەنزەوی، وەزیری پێوەندییەکان
٨- ئەحمەدی ئیلاهی، کووتاڵفرۆش، وەزیری ئابووری
٩- خەلیلی خوسرەوی، بازرگان، وەزیری کار
١٠- کەریم ئەحمەدیان [ئەحمەدەین] کارمەندی دەوڵەت، وەزیری کارەبا و تەلەفون[ پۆست و تێلگراف]
١١- حاجی مستەفا داودی، بازرگان، وەزیری بازرگانی
١٢- محەمەدئەمینی موعینی، بازرگان، وەزیری کاروباری ناوخۆ
١٣- مەلا حوسێنی مەجدی، ئیمام جومعە، وەزیری دادپەروەری
١٤- محەمەد وەلیزادە، کووتاڵ فرۆش، وەزیری کشتوکاڵ

[لێرەدا، ئەلەمووتی بەشی زۆری وتاری «پوروالی» هێناوەتەوە، بۆیە بە پێویستم نەزانی دووپاتی بکەمەوە. درێژەی وتارەکە بەم چەشنەی خوارەوەیە. وەرگێڕ]

... سەرلەشکر هومایوونی [فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان] دەڵێ: "کاتێ بۆ سەردانی شاری میاندواو چوومە تەلەفونخانە، کابرای تەلەفونچی پێی گوتم پێشەوا دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات. گوتم پێشەوا ئیتر کێیە؟ گوتی قازی محەمەد. گوتم ئەو تەنیا قازی محەمەدە و پێشەوا و سەرۆک کۆمار چیتر واتایان نییە. قازی محەمەد پرسیاری بەرنامەی لێکردم گوتم شاری میاندواو بە دەست سوپاوەیە و سوپای ئێران بەم زووانە دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەموو ناوچەکەدا، دەسەپێنێ، سەڵاحی ئێوەش لەوەدایە هەرچی زووتر بێن و خۆ بدەن بە دەستەوە تا پێشی براکوژی بگیرێت. گوتی من وەفدێک دەنێرم پەیمانی ئاشتیتان لەگەڵدا مۆر بکەن. گوتم پەیمانی ئاشتی لە نێوان دوو دەوڵەتدا دەبێت. تۆ ئێرانی ومنیش ئێرانی، ئیتر واتای پەیمانی ئاشتی چ دەبێت؟ هەتا زووە خۆتان بە دەستەوە بدەن با کار نەگاتە شەڕ.
قازی محەمەد گوتی من تەنیا نیم، دەبێ لەگەڵ سەرۆکانی کورد بەتایبەت بارزانییەکان قسە بکەم کە سێ هەزار پیاوی شەڕکەریان هەیە و بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە. ئەگەر ئەوان ڕایان لە سەر نەبێت، ئەوا بارودۆخەکە شێوازێکی تر بە خۆیەوە دەگرێت. هەروەها گوتی «حاجی بابە شێخ»ی سەرۆک وەزیر و سەیفی قازی وەزیری جەنگ دەنێرم، وەفدێکیشیان لەگەڵدا بێت، ئایا گیانیان دەپارێزرێت؟ گوتم بە دڵنیاییەوە زەمانەتیان دەکەم. دوای چەند سەعاتێک ئەوان بە دوو ئوتومبیل و ژمارەیەک چەکدارەوە گەیشتنەجێ.
بە دوورودرێژی وتووێژ کرا و گوتم باش وایە پێش ئەوەی سوپا هێرش بهێنێت خۆتان بە دەستەوە بدەن چونکوو سوپا لە هەموو ناوچەکەدا خەریکی پێشڕەوییە و بەربەرەکانی کردنتان هیچ سوودێک نابەخشێت. کارەکانی دواتریش دەمێنێتەوە بۆ دەوڵەت و ئەوان دەزانن چ هەڵس و کەوتێکیان هەبێت.
گوتیان کوردان هەموو چەکدارن و لە نێوان ئێران و عێراقدا هاتوچۆ دەکەن، ئێمەش ناتوانین لەلایەن هەموو ئەوانەوە بەڵێنێک بدەین. پێویستە وتووێژیان لە گەڵدا بکەین و شێوازێک بگرینە بەر، کە هەمووان لەگەڵیدا بن.
ئەوان ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن، ئێمەش هێرشی سەرانسەریی بۆ سەر کوردستانمان دەست پێکرد. دوا بە دوای دەستپێکردنی هێرشەکە، قازی محەمەد جارێکی دیکەش تەلەفونی کرد، گوتم دواخستنی خۆ بەدەستەوەدانتان زیانی زۆرتان پێ دەگەیێنێت. زووتر خۆ تەسلیم بکەن با ئێمەش مەجبوور نەبین شەڕی ناوخۆیی بکەین.
قازی محەمەد گوتی ئەگەر ڕاتان لەسەر بێ و زەمانەتی کارەکە بکەی، من خۆم بۆ وتوووێژ دێم بۆ لاتان، گوتم زەمانەتتان دەکەم. ئینجا قازی لەگەڵ حاجی بابەشێخدا هاتنە لام.
گوتی مەلا مستەفای بارزانیش دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ و زەمانەتی دەوێت. گوتم بەڵێنی دەدەمێ و زەمانەتی هەیە. قازی محەمەد گوتی ئەگەر دەتانەوێ پێکەوە بچین بۆ شارێکی کوردستان. قەبوڵم کرد. لە نێو ئوتومبیلی «جیپ»ەکەدا، من لە پێشەوە لای شۆفیر دانیشتم و ئەوان چوونەپشتەوە. گروهبانێکی چەکدار و شۆفیری ماشێنەکەی منیش لە پشتەوە دەهاتن. لە ڕێگا، بە سودی ئەوان خۆپیشاندان دەکرا و لە هەموو شوێنێک دەنگی هاواریان دەگەیشتە گوێ: بژی پێشەوا! بەڵام کاتێ چاویان بە من دەکەوت تووشی سەرسوڕمان دەهاتن.
بەم شێوەیە گەیشتینە شارێکی دیکەی کوردستان. سەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ کاتێ ڕادیۆم کردەوە، بە سەر سوڕمانەوە گوێمان لێبوو گوتی: ئەمڕۆ قازی محەمەد و بابەشێخ ــ کە خۆیان بە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیری کوردستان دادەنا، تەسلیمی سوپای ئێرانی بوون. دەستبەجێ ڕادیۆکەم بەست، چونکە هەواڵەکە جێگەی نیگەرانیی زۆر بوو و من لەودەمەدا کەوتبوومە نێو کوردانی لایەنگریی قازی محەمەدەوە.
چەند سەعاتێک دواتر بینیم هێزەکانی سوپا لە چیاکانی دەوروبەر دێنە پێشەوە. نیگەرانیی قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ زیاتر بوو و گوتیان خۆ گوێت لە هەواڵی ڕادیۆ تاران بوو. گوتم ئێوە دەزانن هەواڵەکە ڕاست نییە و ئێستاش هەرکوێیەکتان پێ خۆشە بچن.
قازی محەمەد گوتی هەرچۆنێک بێت، بارزانی هەموو چیاکانی دەوروبەریان بە دەستەوەیە و تابینەقاقا چەکدارن. گوتم ئێمە بەباشی ئاگاداری وەزعیان هەین و شکاندنیان بۆ سوپا ئەستەم نییە.
ئینجا خوداحافیزیمان کرد و ئەوان چوونەوە مەهاباد. منیش مەسەلەکەم بە تێلگراف بە تاران ڕاگەیاند، چەند سەعاتێک دواتر، ڕەزم ئارا تێلگرافێکی توند وتیژی بۆ کردم کە بۆچی [سەرۆکانی] هێزی چەکداری کوردت ئازاد کرد بڕۆن؟ بۆچی قازی محەمەد و حاجی بابەشێخت دەست بەسەر نەکرد؟ بۆچی خێراتر هێرشیان نابەیەسەر؟ من هەموو هۆیەکانی ئەم کارەم بە تێلگراف بۆ دەنووسین، بەڵام وەڵامی ئەوان، هەمان چەشن بوو.
دوای ڕۆیشتنی قازی و حاجی بابەشێخ، هەواڵمان پێگەیشت کە کورد لە هەموو شوێنێک سەربازخانەکانیان ئاگر تێبەرداوە و نیازی بەربەرەکانیان هەیە. بە هەموو هێزێک کەوتینە شەڕەوە و لە ماوەیەکی کەمدا، هەموو ناوچەکەمان گرت. قازی محەمەد و سەیفی قازی و حاجی بابەشێخ دەست

**☐ لە کاتی لێپرسینەوەدا، هەندێ لە نزیکانیان دانیان بەوەدانا، کە بە فەرمانی قازی محەمەد هەندێ بەڵگەیان سووتاندووە و هەندێ چەکیشیان ناردووە بۆ شوێنی دیکە و بە کورتی بۆمان دەرکەوت کە تا ئاخیر دەقیقە نیازی بەربەرەکانیان هەبووە.**

**☐ دادستان چەند جارێک بە توندی هێرشی کردە سەر قازی محەمەد . ئەویش ناڕەزایی دەربڕی و گوتی ئێرە دادگایە و پێویستە ئەدەب بگیرێتە بەرچاو . بەهۆی ئاڵۆزبوونی دادگاوە، دانیشتنەکە چەند جار وەستا . قازی محەمەد بە زمانی کوردی قسەی دەکرد وقسەکەرێکی لێهاتوو بوو .**

بەسەرکران.

سەدری قازی، کە نوێنەری مەجلیس [ی شۆڕای میللی ئێران لە تاران] بوو، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ قەوامولسەڵتەنەدا هەبوو، دەیویست لە ماڵی سەرۆک وەزیردا «تحصن» بکات. من لە ڕێگەی ڕەزم ئاراوە هەواڵم نارد کە بۆ هەندێ لێ پرسینەوە پێویستم پێیەتی و [لە ئاکامدا] لەگەڵ سەرهەنگێک [ی ئێرانیدا] نێررایەوە کوردستان.

لە کاتی لێپرسینەوەدا، هەندێ لە نزیکانیان دانیان بەوەدانا، کە بە فەرمانی قازی محەمەد هەندێ بەڵگەیان سووتاندووە و هەندێ چەکیشیان ناردووە بۆ شوێنی دیکە و بە کورتی بۆمان دەرکەوت کە تا ئاخیر دەقیقە نیازی بەربەرەکانیان هەبووە.

ئەو ئەفسەرەی وا [سەدری قازی] لە تارانەوە هێنابوو، گوتی فەرمانم پێدراوە بیگەڕێنمەوە تاران. گوتم فەرمانی ئەو ڕۆژە وابوو فەرمانی ئەمڕۆ شتێکی دیکەیە. ڕەسیدم پێدا و گوتم دەچیەوە تاران و دەڵێی «هومایوونی» لێی وەرگرتووم و نایتێرێتەوە بۆ تاران.

هەرچۆنێک بێت، ئاژاوەی ئازربایجان و کوردستان کۆتایی پێهات و سوپای شاهەنشاهی بە ماوەیەکی کورت دوستی بە سەر هەموو ناوچەکەدا گرت. تاقمێک لەوانەی وا دەوری ڕێبەرایەتی ڕووداوەکەیان بینیبوو، هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات ـ بەتایبەت بۆ سۆڤیەت و تاقمێکشیان کەوتنە زیندانەوە».

ئینجا سەرلەشکر هومایوونی سەبارەت بە موحاکەمە و ئیعدامی سەرۆکانی کۆمەڵەی کوردستان، بە نووسەری کتێب ]مستەفا ئەلەمووتی] گوت:

ئەو کەسانەی لە دادگای عەسکەریدا موحاکەمە کران، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بەڵگە و دەستاوێژانەی وا کەوتبوونە دەستمان و هەروەها لە ڕێگەی ناوەرۆکی ڕۆژنامە کوردییەکانی ئۆرگانی حیزبی کۆمەڵە و وتاری سەرۆکانی کوردەوە، جگە لە حاجی بابەشێخ هەموویان مەحکووم بە ئیعدام کران. حاجی بابە شێخ کە عینوانی سەرۆک وەزیری هەبوو، پیرە پیاوێک بوو لە ناو شێخەکانی کورددا ڕێزی تایبەتی بۆ دادەنرا.

لەم کاتەدا، وەفدێک لە تارانەوە هات کە دەیانویست بە دەوسیەی مەحکووم کراواندا بچنەوە و من وا تێگەیشتم کە بەرتیلیشیان پێدرابوو. من خۆم چووم بۆ سەقز. ژمارەیەک لە ئەفسەرەکان دانیان پێدانا کە پارەیان وەرگرتووە. قازی محەمەد خۆشی پێش گیرانەکەی، چەردەیەک پارەی کاغەزی هێنا و گوتی ئەم دیارییەم لێوەربگرە. گوتم من هیچ پێشینەیەکم لەگەڵ تۆدا نییە کە پێشکەشیت لێوەربگرم. هەر بەوەیدا پارەکەم لێوەرنەگرت، تێگەیشت هیچ ڕێگەیەکی هەڵاتنی لە حوکمی دادگادا نییە.

وەفدەکە[ی تاران]، دوای پێداچوونەوەی حوکمەکە، تا کاتێ لە ناوچەدابوو هیچ ڕایەکی دەرنەبڕی بەڵام کاتێ گەڕایەوە تەورێز، حوکمی [دادگای پێشووی] پەسند کرد. لە تارانەوە پەیامیان دەنارد کە سەرۆکانی کورد بەتایبەت قازی محەمەد، سەیفی قازی و سەدری قازی بنێرنەوە تاران. تەنانەت باسی ئەوەش دەکرا کە لە ڕێگا گوللەیان پێوە بنرێت. بەڵام من دژ بەمەسەلەی ناردنە تارانیان وەستام لەبەر ئەوەی مەترسی هەڵاتنیان لێ دەکرا و پێشبینی هەندێ ڕووداوی دیکەشمان دەکرد. لە ئەنجامدا، فەرمانی بەڕێوەبردنی حوکمەکە، لە تارانەوە گەیشتە دەستمان.

مەلا مستەفای بارزانیش هاتە چاوپێکەوتنم، گلەیی لە عێراقییەکان و کاربەدەستانی باڵوێزخانەی ئینگلیز [لە بەغدا] کرد و گوتی هەموو ئەم تەنگ وچەڵەمەیە ئەوان بۆیان دروست کردین. گوتم باشتر وایە ئەم گازندە و گلەییە لە تاران و لە باڵوێزخانەی بریتانیا بکرێ. گوتی متمانەم نییە بچمە تاران. من زەمانەتم کرد و ئەویش بە ئوتومبیل چوو بۆ تاران. ماوەیەک لە کلوپی لەشکری ٢ و ماوەیەکیش لە شاری «کەرەج» مایەوە.

ئیتر ئاژاوەی کوردستان دوای خۆبەدەستەوەدانی بارزانییەکان [!] کۆتایی پێهات.

لە ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەدا، سەبارەت بە ئیعدامی سەرۆکانی کوردستان بەم شێوەیە نووسراوە:

"کاتێ "قازی"یەکان بە ئیعدام مەحکووم کران، تاقمێکی ١٢ کەسی لە ئەفسەرانی سوپا هاتنە مەهاباد. دادگای سەحرایی، حوکمی ئیعدامەکەی دەرکردبوو. بەڵام ئەوان لایان وابوو کە دادگای پێداچوونەوە ئازادیان دەکات یاخود حوکمی زیندانیان دەدات. تاقمەکە، ٨٥ ڕۆژ دوای دەرچوونی حوکم، بە بەڵگە و «موستەنەد»ی دەوسیەکەدا چوودوە. ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵ قازی محەمەد وەک سەرۆکی کۆمەڵە و سەرۆکی حکوومەتی خودموختاری کوردستان، بریتی بوون لە:

ـ ڕاپەڕینی چەکدارانە دژ بە دەوڵەتی مەرکەزی ئێران

ـ بەستنی پەیمانی نەوت بە ڕێژەی ٥١-٤٩ لەگەڵ بێگانەدا

ـ دەرکردنی فەرمانی کوشتن و ئاگر تێبەردان

تاوانی کەسەکانی دیکە بریتی بوو لە هاوکاریکردنی قازی محەمەد. پەسندی حکوومەتی خودموختار، جیاوازیخوازی بۆ کوردستان و هاوبەشیکردن لەگەڵ قازی محەمەد لە هەموو ئیشوکارێکدا.

دادگاییکردن، چەند جار و سەرجەم ماوەی ٤٨ سەعاتی خایاند. دادستان چەند جارێک بە توندی هێرشی کردە سەر قازی محەمەد. ئەویش ناڕەزایی دەربڕی و گوتی ئێرە دادگایە و پێویستە ئەدەب بگیرێتە بەرچاو. بەهۆی ئاڵۆزبوونی دادگاوە، دانیشتنەکە چەند جار وەستا. قازی محەمەد بە زمانی کوردی قسەی دەکرد وقسەکەرێکی لێهاتوو بوو.

**قازی محەمەد گوتی: "لاتان وانەبێت ئاگام لە چارەنووسی خۆم نەبووە، من پێشبینی حاڵ و وەزعی خۆم دەکرد و هەموو دەقیقەو سەعاتێک دەمتوانی سنوور ببڕم، بەڵام بۆچی دەبوایە هەڵێم. ئێرە خاکی کوردستانە و ئێستاش هەر گۆڕی و باب و باپیرانم لەم خاکە دایە. کەوابوو، دەبوایە بۆ خاتری مانەوەی گەلی کورد لە خۆبوردوویی بکەم."**

هەرچۆنێک بوو، دوای تەشریفاتێکی دوورودرێژ، حوکمی ئیعدامی هەرسێ کەسیان دەرچوو. سەدری قازی نوێنەری دەورەی ١٤ی مەجلیس، لەگەڵ قەوامولسەڵتەنەدا کەینوبەینێکی هەبوو و لە تاران هەوڵی دەدا برا و ئامۆزاکەی ڕزگاربکات. دوای هەوڵدانێک، تێگەیشت کە بۆ کاری لێپرسینەوە پێویست بە بوونی ئەو لە مەهاباد هەیە. ئینجا چوو بۆ وەزارەتی دەرەوە و داوای لە «قەوام» کرد ئیجازە نەدات بیبەن بۆ مەهاباد، خۆ ئەگەر بیبەن، ئیعدام دەکرێت. «قەوام» پێی دەڵێت زەختی

**☐ زۆر جار لە نێوان دادستان و قازی محەممەددا، قسەی توند ئاڵوگۆڕ دەکرا.**

نیزامییەکان زۆرە و ئێستاش تۆ بچۆوە بۆ مەهاباد، من دواتر، هەوڵی ڕزگاربوونت دەدەم. هەر لەوێوە «سەدری قازی»یان لەگەڵ دیژبانەکانی سەرتیپ «دەفتەری» دا برد بۆ مەهاباد.

دادگا، بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «پارسی نیا» و دادستانیی سەهەنگ «فیوضی» پێکهات و قازی محەممەد و سەیفی قازی و سەدری قازی مەحکووم بە ئیعدام کرد. ئەو تاوانەی وا درابوە پاڵیان ئەمانە بوون:

- لەبەر کردنی جلوبەرگی جەنەڕاڵیی و سەرۆک کۆماریی کوردستان
- گۆڕینی ئاڵای سێ ڕەنگی ئێرانی و لابردنی شێر و هەتاو لە سەری
- چاوپێکەوتنی جەنەڕاڵی بێگانە
- کوشتنی ئەفسەر و سەربازی سوپای ئێرانی
- قەبوڵی ئەوەی ئیمتیازی ئەوت بە ڕێژەی ٥١-٤٩ بدرێت بە بێگانە

هەوڵێکی زۆر دەدرا بۆ ئەوەی [مەحکوومەکان] بنێردرێنە تاران بەڵام سیاسەتی سوپا ئەوەبوو ئیشوکاریان هەر لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکرێت. «قازی»یەکان لایان وابوو هەر ئەوەندەی بگەنە تاران، قەوامولسەڵتەنە یارمەتییان دەدات، هەربۆیەش هەیئەتی پێداچوونەوە لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی دەی ١٣٢٦ [١٦ی جانیوەری ١٩٤٧]دا گەیشتە مەهاباد.

سەرۆک [ی دادگای پێداچوونەوە]، سەرهەنگ «عەتا» و دادستان، سەرهەنگ «نیکوزاد» بوون. سەروان «سوڵح جو» و سەروان «نەبەوی» وەک وەکیلی ئەوان دابین کران. دوای بەڕێوەچوونی موحاکەمە،حوکمی ئیعدامیان تەئییدکرا.

زۆر جار لە نێوان دادستان و قازی محەممەددا، قسەی توند ئاڵوگۆڕ دەکرا. **جارێکیان دادستان ئەوانی بە «کوردی سەگ سیفەت» ناوبرد. قازی محەممەد، کە قسەی بە ڕێوجێی دەکرد، گوتی من دەمزانی کاتێ سوپای ئێران بێتەوە ناوچە،لە دارم دەدات، شەش ئوتومبیل و جیپم لە بەردەستدا بوو و هەموو کاتێک دەمتوانی سنوور ببەزێنم و خۆم ڕزگار بکەم. بەڵام وەک پیشەوەری «ژن سیفەت» نەبووم کە لە کاتی مەترسیدا هەڵێم.**

کاتێ موحاکەمەی دادگا دەرچوو، ستادی سوپا فەرمانی دا پێویستە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەڕێوەبچێت و بۆ بەرگری کردن لە هەر چەشنە ڕووداوێک، بڕیار درا لە کاتی نیوەشەودا، کە خەڵک خەوتوون بەڕێوەبچێت. جا لە بەر ئەوەی دادستان دەبوایە چاوەدێریی بەڕێوەچوونی حوکمەکە بکات، ئیمکاناتی سەفەری بۆ ئامادە کرا کە دوای ئیعدام، دەستبەجێ لە مەهاباد بچێتە دەرەوە. مەحکوومەکان لە بینایەکی سوپا لە دەرەوەی شاری مەهاباد، پێکەوە لە ژوورێکدا ڕادەگیران و مافی چاوپێکەوتنی خزم وکەسوکاری خۆیان هەبوو. سەعات ١١ی شەو، ئەفسەرێکی سوپا پێی گوتن دەوڵەت ئیجازەی داوە بنێردرێنە تاران و سەعاتێکی دیکە دەکەونە ڕێ. مەحکوومەکان بەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون و یەکتریان ماچ کرد، کولوپەلی خۆشیان کۆکردەوە. بەگوێرەی پلانی داڕێژراو، هەرکامیان برانە نێو لۆرییەکی پڕ لە سەربازی چەکدار و برانە مەرکەزی شار. لە ژوورێکی گەورەدا بەرگێک کەلامی خودا دانرا و سەرۆکی دائیرەی ساغیەتی و دادستانی سوپا و مەلایەک تێیدا ئامادەبوون.

<u>قازی محەممەد</u> هەر هاتە ژوورەوە، بە مەسەلەکەی زانی. پێی گوترا وەسیەتی خۆی بنووسێ و چون نەیتوانی بینووسێت داوای لەو مەلایە کرد کە خەڵکی ناوچەکە بوو بۆی بنووسێت. گوتی: <u>بەشێک لە داراییەکەم سەرفی قوتابخانە و خەستەخانە بکەن و کوردان پێکەوە یەک بگرن.</u>

دوای تەواوبوونی وەسیەت، داوای کرد نوێژ بکات و ئەم نوێژە دوو سەعات و نیوی خایاند. ئینجا قازیان بەرەو گۆڕەپانەکە برد، کاتێ چاوی بە سێدارە کەوت، گوتی هەڵاوەسین لە ئایینی ئیسلامدا «مەکرووهە»، داوا دەکەم تیرەبارانم بکەن بەڵام فەرمانی ستادی سوپا، لە سێدارەدان بوو و بەم بۆنەیەوە داواکارییەکەی درایە دواوە.

سەرۆکی حکوومەتی کوردستان دەست بەجێ لە سێدارە درا و <u>لە کاتێکدا هەڵیان دەکێشا، نەعرەیەکی وەک گرمەی هەوری کێشا وگوتی «بژی کوردستان».</u>

سەعات سێ و نیوی نیوەشەو، ئەو لۆرییەی وا «<u>سەیفی قازی</u>» وەزیری جەنگی حکوومەتی خودموختاری کوردستانی تێدا بوو، گەیشتە شوێنەکە. ناوبراو خۆی وەسیەتەکەی خۆی نووسی و نوێژی کرد. <u>کاتێک چاوی بە جەنازەی قازی محەممەد کەوت، نەعرەتەیەکی کێشا و گوتی: بژی پێشەوای کورد، بژی سەربەخۆیی گەلی کوردستان</u>». نەعرەی وەک گرمەی هەوری سەیفی قازی، خەڵکی مەهابادی لە خەو ڕاپەڕاند بەڵام چون حکوومەت نیزامی لە شاردا بەڕێوە دەچوو، نەیاندەتوانی لە ماڵ بێنە دەرەوە. کاتێ لە داریان دا، پەتی سێدارەکە، پسا و کەوتەخوارەوە، دەستبەجێ بردیانە ژێر سێدارەی سێهەم و هەڵیان کێشا.

سەعات ٥ی بەیانی، «سەدری قازی»یان هێنا و هەر ئەوەندەی بە کارەساتەکەی زانی دەستی بە گریان و پاڕانەوە کرد و بە شێوەیەک لە سەربازەکان دەپاڕایەوە، کە گەیشتە ئەوەی خۆ بەزەویدا بدات و کەوشی سەربازەکان ماچ بکات.

مەلاکە بە تووڕەیی پێی گوت ئەم سەربازانە و من ناتوانین ڕزگارت بکەین. حوکمی دادگا دەبێ بەڕێوەبچێت، کەوایە ئاکاری پیاوانەت هەبێت و وەسیەتەکەت بنووسە، وەک قازی محەممەد و سەیفی قازی ئازابە. ئەم قسانە هەندێک لە پاڕانەوە و لاوانەوەی ئەوی کەم کردەوە. بەڵام کاتێ هێنایانە ناو گۆڕەپانەکە و چاوی بە جەنازەکانی سەر سێدارە کەوت حاڵی تێکچوو، بەو شێوەیەش هەر هێنایان و لە داریان دا.

دەستبەجێ ئوتومبیلی ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە بەرەو شاری میاندواو وتەورێز کەوتەڕێ.

خەڵکی مەهاباد، کە بەیانی زوو لە ماڵ هاتنە دەرەوە، واقیان وڕما. ئەوان لایان وانەبوو چارەنووسی کاربەدەستانی کوردستان وای لێبێت. ماوەیەک دواتر، جەنازەکانیان هێنایە خوارەوە و دایاننەوە بەکەسوکاریان و بە گوێرەی ڕەسمی خۆیان، هەندێک پارەی سپییان بە سەر جەنازەکاندا باراند. <u>ئەگەر هێزی حکوومەت نیزامی نەبوایە، واهەبوو ڕووداوی چاوەڕواننەکراو ڕوویدات.</u>

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، بە فەرمانی شا، «بونیادی پەهلەوی» بوورسیەی دا بەو منداڵانەیان وا لە دەرەوەی وڵات دەرسیان دەخوێند و هەتا ڕووخانی ڕژێمی پەهلەویش هەندێکیان هەر لە دەرەوەی وڵات خەریکی دەرس خوێندن بوون و ئێستا هیچ هەواڵێکیان لێ نازانرێ.

**سەرچاوە:** ایران در عصر پهلوی، جلد چهارم: "پهلوی دوم در فراز ونشیب"، نوشته و تحقیق «دکتر مصطفی الموتی»، تاریخ انتشار: اوت ١٩٨٩، لندن، چاپخانه بکا صص ٤٨١ تا ٤٩٢.

ئازاد حەمە

## شێعر و پۆست مۆدێرنیتێ

# میتامۆرفۆسەکانی شێعرگەرایی و ئەدەبی بێدەنگی سەردەم

• ئەو نووسراوەیە بە هۆی درێژبوونیەوە، لە دوو بەشدا پێشکێش دەکرێ. بەشی دووهەم (خاڵی ٥، ٦ و ٧ ی ناواخن) و سەرچاوەکان لە ژمارەی ٢٥دا بخوێننەوە ــ گزینگ

**ناواخن:**

**١ـ ژینالۆژیای پرسیار لەمەڕ شێعر و شێعرگەرایی**

**٢ـ ئەنتی ـ هێرمینۆتیک، ڕۆڵی لە پووچکردنی ڕاستی مانا و مانای ڕاستی مۆدێرن**

**٣ـ بزاڤی ڕۆح لەنێوان شێعر و فەلسەفە: لێکدانەوەی ئەنتۆلۆژی هێدگەر (Heidegger) بۆ شێعری هۆڵدرلین (Hölderlin)**

**ئا) زمان دالدەی بوونە**

**ب) غەیب لە سرووودەکانی هۆڵدرین**

**٤ـ پووکانەوەی داواکانی مۆدێرنیتێ لە شێعرا / شێعرگەرایی پۆست مۆدێرنیتێ**

**٥ـ شێعر لەگەڕان بەدووی خود (Sbject)ەوە بۆ بانگەواز بۆ مەرگی خود**

**٦ـ مەرگی ئیرۆس (Eros) یان ئاوابوونی شێعر!**

**٧ـ ستروکتۆری تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی، ڕوانگاکانی شێعری پۆستمۆدێرنی کوردی یان شێعری ئەنتی ـ مۆدێرنی کوردی**

### ١) ژینالۆژیای پرسیار لەمەڕ شێعر و شێعرگەرایی

ئەم باسە هەڵدەستێنینە سەرپێی و ئەم پرسیارانەی پێدەکەین و دواجاریش پرسیارەکان میتافۆرانە لەدوو توێی باسەکەدا تاڕادەیەک وەڵامی خۆیانیان دەستدەکەوێ.

کێ بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی تێکستە؟ بەرهەمهێنەری پەیڤ لەناو تێکست دا چی دەخوازێ؟ ویستی تێکست و پەیڤ چین؟ توتالیتێریەتی «هەمەگەریی» تێکست وەک زانین چی بەسەر ڕەخنەو لێکدانەوە دێنێ؟ داوامان لە شێعر چییە؟ ئەرکی شێعر چییە؟ یان شیاوە شێعر ئەرکی هەبێ؟ ئایا شێعر ئەرکی ئەوەیە شتی پێبکرێ؟ چۆن دەشێ لەشێعرا بەدی جیهان بە جوانکاری بەلەجیاتی بکرێ؟ بەڵام کامە جوانکاری؟ جوانکاری کۆمەڵگەی پۆست ڕۆشنبیری؟ چۆن دەکرێ نامۆی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بە شێعر سارێژ کرێ؟ بە چ جۆرێک دەگونجێ وا لە شێعر بکرێ ببێ بە پێداویستی ئەوی تر؟ باشە چۆن شێعر بەشداری لە ئاشکراکردنی ئەوی تر دەکا؟ بەگشتی چۆن شێعر دەکارێ تایبەتمەندی زمان واڵابکا؟ ئەوی باوە شێعر بۆ دامەزراندنی ڕەوشت یاخود جوانکاری دەوترێ؟ ئایا گوتنی شێعری وەک گوتنی فەلسەفی بریتیە لە خولقاندنی چەمک؟ ئێمە (و جیهانی ئێمە) چۆن گوێ بۆ شێعرە فەلسەفییەکانی شاعیری شاعیرانی ئاڵمان هۆڵدرلین هەڵدەخەین؟ ئایا تا چ ئەندازەیەک سەفەری بەردەوامی هۆلدرلین لە شێعرا لەنێوان ئاسمان و زەوی و، خواوەندەکانی گریک و ئاڵمانیا گەریدا بەرپرسیارە بەرانبەر بە گەڕانەوەی هێدگەر بۆشێعرەکانی ئەم شاعیرە؟ چۆن دەکرێ تەماشای شوێنی شێعر لەنێوان فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا بکرێ؟ ئەوی پتر کاریگەریی بەسەر ڕوانگەشێعرییەکانی ئەم چاخەوە هەیە فەلسەفەی گریکە یان فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا؟ سەفەری عەقڵ لە وتاری فەلسەفی هاوچەرخی ڕۆژئاوا بەرەو بە عەقڵانیکردنی دیاردەکانی ناو بوون چی بەسەر شێعر هێناوە! پەیڤی شێعریی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی و زانیاری ڕۆژئاوا چ ئاسۆیەک بەرهەمدێنێ! شێعری پۆست مۆدێرن لەتوانایدایە تێگەیشتن بەرهەم بهێنێ! کێ بەرانبەر بە مەرگی ئیرۆس (Eros) یان ئاوابوونی شێعر بەرپرسیارە؟ ئایا تاوانباری ڕاستەوخۆ گەشەی تەکنەلۆژیای هاوچرخە یان داڕمانی ڕامانی شاعیرانە یاخود داکەگوتنی ژمارەی خوێنەرانی شێعرە؟ ئایا شێعر بەبێ ئیرۆس دەژی؟ تۆ بڵێی شارستانیەتێک بەڕێوەبێ پێویستی بە شێعر نەبێ؟ باشە پاشەکشەی شێعر لە کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنی ئەمڕۆدا بەچی پڕدەکرێتەوە؟ بەفیلم و مۆسیقای پۆپ و ڕۆکی ئەمریکی یان بە ڕۆمان و تابلۆی ڕۆژئاوایی؟ ڕاڤەکردنی شێعرگەرایی جوانکاری و چێژی سەردەم بەرەو چ ئاقارێکمان دەبا؟ چۆن شێعرگەرایی لە کۆمەڵگەی پۆست ڕۆشنبیری و پۆست مۆدێرندا ڕەفتار دەکا لە کاتێکدا کە جوانکاری لە سەرەمەرگ دایە؟ لەم بارودۆخەدا شێعری کوردی لەبەردەم چ ئاسۆیەک دایە؟ لەتوانایدایە چ ئاسۆیەک بەرهەمبهێنێ؟ یان بەدرێژایی مێژوو خۆی بۆ چ ئاسۆیەک حەشارداوە؟ یاخود بەکورتی شێعری کوردی پێوەندی بە ئاسۆوە چۆنە؟ تۆ بڵێی بۆ لەمەو دوا شێعری پۆست مۆدێرنی کوردی «یاخود شێعری ئەنتی مۆدێرنی کوردی» بکارێ نهێنییەکانی هەبوونی شێعری ئەمڕۆمان ئاشکرابکا؟ لەمەزیاتر، ئایا شێعری لەمەودوای کوردی ئامادەیە لەناخی خۆیدا نهێنی حەشاربدا؟

### ٢) ئەنتی ــ هێرمینۆتیک، ڕۆڵی لە پوچکردنی مانا و چێژی مۆدێرن

کرداری تێکست کە کردارێکی زانینی یە، کردارێکی زمانەوانی باڵایشە. یان بە شێوەیەکی تر، تێکست بەپێی بنەما زمانەوانییەکەی زانینە، زانینیش دوای ئەوەی قۆناغە دەنگییەکەی تێدەپەڕێنێ دەبێ بە نووسین. واتە دەبێ بە تێکست. ئەم شێوە ڕۆنکردنەوەیە بەرەو ئەوەمان دەبا بڵێین، زانین تێکست بەرهەمدێنێ. هەرئەم تێگەیشتنە دواجار کار بۆ خولقانی جۆراوجۆری دەکا. زانینی ناو تێکست یان ئەو زانینەی لەناواخنی تێکست دا بونیاد دەنرێ لە توانای دایە تێگەیشتن بدا و تێگەیشتنیش وەرگرێ. بیرکردنەوە بخولقێنێ و بیرکردنەوەش بسەپێنێ. لێکدانەوە بەرچاو بخاو لێکدانەوەش ونبکا. مانا ئاشکرابکا و ماناش پەراوێز و نادیار بکا. لەکاتێکدا زانینەکانی ناو تێکست شوێنگەی گومڕایکردن و شاردنەوەیە. مەنزڵگای پەچەکردن و پەنهان کردنە. بەواتایەکی تر، تێکست شوێنگەی بەیەک گەیشتنەوەی دیدو جیهانبینییە

**□ تێکشکاندنی لۆژیکی ناسنامە لە تێکستدا دەرگاکردنەوەیە لە جیاوازی. لە تێکستیشدا یەکەم جیاوازی کە شوێنی باسە جیاوازی نێوان خود و ئەوی ترە. ئەم جۆرە جیاوازیکردنەش بەخۆی ڕێگایەکی ترە بۆ دانهێنان بە بوونی جیاوازی لە ناخی تێکستدا.**

نالێکچووەکانە. بۆ ئەوەی تێکست لەناخی خۆی و بۆ دەرەوەی خۆی نالێکچوویی (واتە جیاوازی و ناتەریبی) بەرهەمبهێنێ پێویستی بەوە دەبێ ناهاوشێوانە دەست بەکاربکا. لێکچوویی لە تێکست دا دژایەتی ئامرازەکانی جیاوازی دەکا و هاوتایی بەرهەمدێنێ. هەڵوەشانەوەی ماناکانی هاوتایی و هاوکۆکیی ئەوە دەردەخەن جیاوازی دیاردەیەکە لەناخی بووندا ئامادەیە. تیۆری تێکستیش ئەوە ڕۆندەکاتەوە تێکست لەبەرئەوەی پێوەندی چڕو قووڵی لەگەڵ «بوون» دا هەیە، یاخود بەپێی ئەوەی «بوون = تێکست» ئەم هاوکێشەیە داوای ئەوەمان لێدەکا خوێندنەوەکانمان بۆ بوونمان لەئاست خوێندنەوەکانمان بۆ تێکستی بوونمان بێ.

بەپێی سیستەمی جیاوازی ناو تێکست بێ جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی لەنێوان ئەو تێکستانەدا لەئارادایە مانا بەرهەمدەهێنن. جگە لە لێکدانەوە زمانەوانییەکان بۆ تێکست،کە ئەم ڕووەیان دەرخستووە، لێکدانەوە فەلسەفییەکانیش گرینگی خۆیانیان لەم بارەیەوە هەیە.

وتاری فەلسەفی هاوچەرخ بەگەلێ شێواز لەمەڕ دیاردەی مانا و بوونی ڕاستی و ناوەڕۆکی زانین لە تێکست دا دواوە. باڵاترین شێوازی لێکدانەوەش ڕێڕەوی هەڵوەشانەوەیە کە توانیویەتی توانای تێکست دەرخا و تێگەیشتنێ جیا لەبارەی تێکستەوە بەردەست بخا. هەڵوەشانەوەی ماناو ڕاستی لە تێکست دا لەوە بەئاگامان دێنێ چ بێ مانایییەک لە پشت ماناوە ئامادەیەو، یان بەناوی ماناپێدان و ماناداركردنەوە چ بێ مانایێک بەرهەمهاتووە. هەروەها چ درۆیەک لەپاڵ ڕاستییەوە نیشی کردووە و ڕۆڵی لەوەدا دیووە ناڕاستی سەرکەوێ و دەسەڵات پەیدابکا.

بەمجۆرە، بەرهەمهێنانی مانا بەهۆی لێکدانەوە و ڕەخنە گەڕانە بەدووی ڕاستی مانا و مەبەستە شاراوەکانی چەمکی ڕاستی. ئەم چەمکە کە پەنهان و گومڕاییەکانی لە تێکست دا نائاساییانە کاردەکا، پیرۆزی خۆی لای وەرگری تێکست «یاخود خوێنەر» لەمەزن بووندایە. بەرهەمهێنانی ڕاستی لە تێکست دا، کە بۆ هێز ـ دەسەڵات ـ بەدەستهێنان و دست بەسەرماناداگرتنە، پێوەندی بەخواستی کەسی بەرهەمهێنەری تێکستەوە هەیە. دەست بەسەر مانادا گرتن لە تێکست دا بۆ خوڵقاندنی هێزەو لە لایەن ڕاستیشەوە بۆ گۆڕینی وێنەکانی ڕاستی قۆرخ دەکرێ. پاشان خودی بوونی ڕاستی لە تێکست دا بە ماهیەتی ڕاستییەوە لە بووندا وابەستەیە. هەروەک دەردەکەوێ بوون لەبیری نوێ دا و لەژێر فشاری تەکنەلۆژیای باڵا لەبیرکراوە و، ڕووبەری فەلسەفەی سوفستای ئەمڕۆش، کە فەلسەفەیەکی سەردەستی سەردەمە، بەهەموو جۆرێک کۆشش بۆ ئەوە دەکا ڕاستی بۆ مەبەستی خۆی بەکاربەرێ و مانا وابەستەی ویستی هێز بکا. گەڕان لە تێکست دا بەدووی ڕاستی و ڕۆڵی تێکست لە خولقانی ڕاستی دووبابەتی گرینگن لە کاتی ڕۆنکردنەوەی پێوەندی نێوان تێکست و زانین ـ یاخود ڕۆشنبیری ناو تێکست ـ بەتایبەت وتاری ڕاستی لەناو تێکستە ڕەخنەییەکاندا لە داکەوتندایە. ئەو ڕەخنانەش ناراستەی لۆژیکی ڕاستی دەکرێ بۆ لەمەولا لە گەشەکردندایە. نهێنییەکانی ڕاستیش تەنێ بەهۆی ڕەخنە ناراستە کردنە لۆژیکی ڕاستی ئاشکرادەبێ. هەڵوەشانەوەی وتارەکانی ڕاستی، کە بە درێژایی مێژوو کاریان کردووە، دەرفەتێ زۆریان بۆ ماناکانی تێکست دروست کردوە. بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن تێکست وای لێبکرێ ڕاستی بلێ، نەک ڕاستی مۆنۆپۆل بکا ئەوەدەڵێین، گوتنی ڕاستی لە تنکست دا بەهۆی هێزی جیاوازی تێکستێک لەگەڵ تێکستێکی دیدا دەردەکەوێ. کاتێ تێکستێکی دیاریکراو بەجۆرێ جیاواز هەوڵی پشکنین لە دیاردەیەک دەدا ئەو کات دەتوانێ هێزی جیاوازی خۆی بسەلمێنێ.

باسی جۆراوجۆری و فرەشێوەی مانای ڕاستی نابێ ببێ بەهۆیەک بۆ ئەوەی ویستی ڕاستی بۆ دەسەڵات پەردەپۆشکرێ و، هەوەسی ڕاستی بۆ دەست بەسەرداگرتن، کە ئەمەیان ڕاستیی ڕاستی یە؛ فەرامۆشکرێ. گەڕان بۆ ڕەخنەگران بەدووی ڕاستیی ڕاستی بەهۆی ڕێڕەوی هەڵوەشانەوەو پەرتکردن هەوڵیکی ڕەخنەیی میتاـ مۆدێرنی ئەمڕۆیە بۆ لە ناواخنی بابەتی ڕاستی کۆڵینەوە. بەڵام حەیف لەبەرئەوەی بوارو ڕووە جۆراوجۆرەکانی تێکست پڕن لە سیستەمی قۆرخکردنی ڕاستی و بەکاربردنی ڕەوایەتی، زۆرجار ئاسان نییە ڕاستیی ڕاستی وەک ئەوەی هەیە و ڕەفتاردەکا ئاشکراکرێ.

لەڕوویەکی ترەوە، دەکرێ بگوترێ ڕاستی لە تێکستدا ئەم دەسەڵات و ڕەوایەتییەی بەهۆی چۆنیەتی بەکاربردنی پەیڤەوە بەدەستدێنێ و، جەنگی پەیڤیش لەتەک دەربڕیندا، بۆ خوڵقاندنی توانایی، بەسەرهاتێکی ترە لە ژیانی تێکستدا. گەر لەم بوارەدا لێکدانەوە بە تێکست لەقەڵەمبدەین، دەشێ ئەوە بڵێین تێکستی لێکدانەوە جەنگێکی زۆر لەپێناوی دید و بڕوابەرهەمهێنان دەکا. کە دەشکرێ ئەم جۆرە جەنگانە بە بەشێ لەو جەنگانە بناسرێ کە بۆ گوتنی ڕاستی بەرپادەکرێ. ئەمەش مانایەک بەرهەمدێنێ کە مەبەست تێیدا مۆنۆپۆلکردنی گوتراو و تاک ڕەهەندکردن و تاک جەمسەرکردنی لێکدانەوەیە. بەئاوڕدانەوەشمان لە شوێنی پەیڤ لە ژیانی تێکستدا ئەوەمان بۆ ڕۆن دەبێتەوە، جیهانی مانا لە تێکستدا بەهۆی پەیڤەوە سازدەکرێ. ڕەخنە ئاراستەکردنە پەیڤ، ئەو ڕووە ئاشکرادەکا کە پەیڤ دەسەڵاتێ زۆری هەیە. لەژێرسایەی ئەم دەسەڵاتەدا پەیڤ دەتوانێ گەلێ شت پیرۆز و ڕەها و سەروەربکا و، هەروەها گەلێ شتی دیش بندەست و پەراوێز و پەردەپۆش بکا. هەروەک دەریش دەکەوێ سیستەمی نیشانەی پەیڤین کە سیستەمێکی ئاڵۆزە فێری ئەوەمان دەکا هەموو کەسێ لەتوانایدایە بەئارەزووی خۆی سیستەمی پەیڤینی خۆی دامەزرێنێ. هێنانە قسەکردنی سیستەمی پەیڤینی تێکست پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی زمانەوانی و فەلسەفی هەیە. چونکە قسەکردن بەشێوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر سیستەمی پەیڤین و دیدی ئەوی تر (یان بەرهەمهێنەری تێکست) خۆی لەخۆیدا هەوڵدانە بۆ پرسیارکردن لەسەر ڕاستی ناسنامەی ڕۆشنبیری ناو تێکست و گەلێ لەو ڕۆشنبیرییانەش بۆ ئەوی تر بەرهەمدێ و ئاراستەی ئەوی تر دەکرێ. بەڵام بەگشتی تێکست لەم ئاراستەکردنەدا هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی ئەوی تر (خوێنەر، گوێگر، وەرگر) دەدا. گەلێ جاریش زانینی ناو تێکست یان هاوشێوەیە لەتەک بیری ئەوی تر یان دژی ڕۆشنبیری ئەوی ترە.

ئەوی کەلێرەدا سەرنج ڕاکێشە باسکردنی ئەوەیە، تێکشکاندنی لۆژیکی ناسنامە لە تێکستدا دەرگاکردنەوەیە لە جیاوازی. لە تێکستیشدا یەکەم جیاوازی کە شوێنی باسە، جیاوازی نێوان خود و ئەوی ترە. ئەم جۆرە جیاوازیکردنەش بەخۆی ڕێگایەکی ترە بۆ دانهێنان بە بوونی جیاوازی لە ناخی تێکستدا. مەبەست جیاوازی نێوان خودی بەرهەمهێنەری تێکست و خودی وەرگری تێکست. زۆربەی لێکدانەوە و نووسینە ڕەخنەییەکانی

سالآنی دوای هەفتاکانیش باس لە کردەی جیاوازی دەکا و گرینگی ئەم کردەیەش لەگەڵ سەرهەڵدانی شێوازی شیکردنەوەگەریی پتر دەرکەوت. بەپێی ئەوەی تیــۆری تێکست پێــشــتــر لەتوانایدا نەبوو باس لە جیاوازیخوازی تێکست بکا و هێزی ناتەبایی ناو تێکست ئاشکرابکا.
بەپێی سەردەمە رۆشنبیرییە جیاوازەکان، کرداری رەخنەو لێکدانەوە گۆڕانێ زۆری تێکەوتووە و زۆربەی ئەو گۆڕانانەش لەم بیست ساڵەی دواییدا قووتبوونەتەوە قسە لەسەر دەسەڵاتی لێکدانەوەو رەخنە لە بەرهەمهێنانی رەهایی و هاوتایی و هەمەیی و، هەروەها هەوڵیان بۆ گەیشتن بەراستی و خۆ بەرەواکردن دەکەن. پاشان ئەمجۆرە شێوازانە لە رەخنەو لێکدانەوە بە بەردەوام لەهەندێ دیاردە بێدەنگ بوونە و بەڵام لە هەندێ دیاردەی تر دواون. هەندێ روانگەیان شاردۆتەوە و هەندێکی دیان ئاشکراکردووە. گەلێ دیدیان یاساغ کردووە و گەلێ دیدی دیان شیاوکردووە. ئەمانەش هەموو لەپێناوی مۆنۆپۆلکردنی زانینی ناو تێکست و خولقانی دەسەڵاتێکی تایبەت بە تێکست بووە.

**٣) بزاڤی رۆح لەنێوان شێعر و فەلسەفە: لێکدانەوەی ئەنتۆلۆژی هێدگەر بۆ هۆلدرلین**

تیۆری زانینی لێکدانەوەی پاش بوونیادخوازی و پۆست مۆدێرنیتێ داوامان لێدەکا ئاگاییمان لەبارەی تیۆری لێکدانەوەی ئەنتۆلۆژی هێدگەرو هەوڵەکانی ئەم بیریارە ئەنتۆلۆژییە لەبارەی شێعرە بووناویەکانی هۆلدرلین هەبێت. ئەمەش باسی هێرمینۆتیک و نیهێلیزم «هیچگەریی» لە کولتووری پۆست مۆدێرن دا بەرباس دەخا. بەڵام لەدوو توێی ئەم بابەتەدا ئاوڕدانەوەمان تەنێ لەچوارچێوەی مێتۆدی باسەکەدادەبێ.
پێکەوەلکانی فەلسەفە بە شێعر، بەتایبەت لەدوای هێگل (Hegel)، لە پشت سەرهەڵدانی سەردەمی شاعیرانەوەیە. ئەم سەردەمەش کە بەباوەڕی ئالان بادیۆ (A . Badiou) لەگەڵ هۆلدرلین دەست پێدەکا و بە مالارمێ (Mallarme)، رێمبود (Rimbaud)، تراکل (Trakl)، پێسوا (Pessoa)، ماندلستام (Mandelstam) تێدەپەڕێ و لەسەر دەستی پۆل سیلان (P.Celan) کۆتای دێ. ئەم سەردەمە سەردەمی بەفەلسەفیکردنی شێعرە بەبێ ئەوەی شاعیران بڕیار لەسەر هاتنی بدەن. ئیدی لەدوای ترازانی پێوەندی نێوان شاعیران و فەیلەسوفان سەردەمێکی تری شێعریی و ئەدەبی دەست پێدەکا کە هەریەکە بەجۆرێ ئاوزەدی دەکا.
نیچە و هێدگەر پتر لە هەموو بیریارانی تر دێباتیان لەسەر فەلسەفە و شێعر هێناوەتە ئاراو ئەو دێباتەیان لاواز کردووە کە پلاتۆن سەبارەت بە پێوەندی شێعر بە فەلسەفە کردوویەتی.
بەشێوازێکی تر، فەلسەفەی بووناوی هێدگەر شانبەشانی فەلسەفەی نیهێلیستی (هیچگەرایی) نیچە (Nietische) پڕترین سەرچاوەن بۆ روانگە رەخنەییەکانی پۆست مۆدێرنیتێ. ئەوی بە هێدگەرەوە تایبەتە تا لەتەک ئەم باسەدا هاوتاکرێ ئەوا دیدگا فەلسەفییەکانی ئەم بیریارە ئالمانییەیە لەبارەی هۆنراوە نەتەوەیی و فەلسەفی و مێژووییەکانی هۆلدرلین. هەوڵی فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی هێدگەریش بۆ ئاشکراکردنی ئەم پەچانە بووە. بەپێی تواناش هێدگەر فەلسەفەی لە میتافیزیک دوورخستۆتەوە[1] و شێعریشی لە بوون نێزیک کردۆتەوە. ئەم ئاوڕدانەوەی هێدگەر یش بەهای تایبەتی بۆ شێعر گەڕانەوە دوای ئەوەی وتاری فەلسەفی رۆژئاوا بۆ ماوەیەکی زۆر شێعری لەدوورگەکانی بیرچوونەوەدا قایمکردبوو.[2] ئەو شێوازەی هێدگەر بۆ خوێندنەوەی هۆلدرلین گرتوویەتەبەر باسی پێوەندی شێعر بە فەلسەفەوە (یان خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ شێعر) بەرباس دەخا. هەر لێرەدا شوێنی یادخستەوەیە بگوترێ پێشتریش

**❏ کاتێ زمان دەبێ بە زمانی بوون ئیدی ئاسانە قسە لەسەرئەوەبکرێ ئەوی دالدەی بوونە زمانە نەک شتێکی تر. زمانیش بەبێ نکوڵی بریتییە لە دوان ،ووتن،. بەمجۆرە زمان کە دەبێ بە دالدەی بوون ئەوکات رۆڵ لە بەخێوکردنی شێعردا دەگێڕێ.**

فەلسەفەی نیچە هەمان هەڵوێستی بەرانبەر بە شێعریەتکردنی تێکستی فەلسەفی (بۆ نموونە ئاوا دوا زەردەشت) و گۆڕینی شوێنگەی کاری شێعری لەروانگەی فەلسەفییەوە هەبووە.
کاتێ دەڕوانینە وتاری میتافیزیکی رۆژئاوا، کە بوون تیایا پەردەپۆشکراوە، دەبینین ئەم وتارە پەچەیەکی زۆری داهێناوەو ڤرێەشی خستۆتە ناو وتاری فەلسەفییەوە بۆ ئیشکردن. تەقەلای هێدگەریش بۆ پووچکردنی ناوەرۆکی ئەم وتارە بووە کە پاشان هەمان تەقەلای ناوبراو لەلایەن پاش بوونیادخواز و پاش تازەگەرەکانەوە بەرخوێندنەوە خراوە. ئەم ئاوڕدانەوەیەی ئێرە لە فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی هێدگەر بۆ گەیشتنە بە و تێگەیشتنانەی ئەم فەلسەفەیە لەبارەی شێعری هۆلدرلینەوە گوتوویەتی. هەرچی بیر و شوێنی فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی هێدگەرە لە فەلسەفەی ئەمڕۆی رۆژئاواو هەڵوێستی ئەم فەلسەفەیە بەرانبەر بە فەلسەفەی نوێی رۆژئاواو دیدی بۆ خودی کردەی فەلسەفیی و تیۆری زانینی نوێ جێگای ئەم باسە بەرتەسکە نییە.

**ئا) زمان دالدەی بوونە**

رەخنەی شێعریی و ئەدەبیی میتا ـ مۆدێرنیزم سەرلەنوێ بابەتی پێوەندی فەلسەفە بە شێعر و خوێندنەوەی شێعر (لێرەدا مەبەست پرسیارکردنە لەسەر ئەوەی: کێ خوێنەری شێعرە!) و بیری شێعریی و ئەدەبیی (لێرەدا مەبەست پرسیارکردنە لەسەر ئەوەی شێعر و ئەدەب بیر لە چی دەکەنەوە!) بەرباس دەخا و توانای زمان لە پەیڤین لەمەڕ بوون لەدووتوێ شێعردا بەر تێڕامان دەخا. لەئاستی فەلسەفیشدا دەکرێ بگوترێ کە پێوەندی شێعر بە فەلسەفە نەختێ مێژوویێ دوورتری هەیە و ئەزموونی شێعری پێش سوکرات (هێراکلیتس، ئەناکسمندەرس، دێمۆکرێتس) لە ئەزموونە ئەدەبییە ـ فەلسەفییە باڵاکانی گریکە. بەڵام لەسەردەمی نوێدا هۆلدرلین تایبەتێتی خۆی هەیە و ئەم تایبەتێتییەش تەنێ لەتوانای هێدگەرە باسکردنی.
خوێنەری پشکنینە بووناویەکانی هێدگەر لەمەڕ کردەی شێعری هۆلدرلین هەرلەسەرەتاوە بەوە ئاشنادەبێ کە هێدگەر بیری خۆی بۆ زمانی شێعری تەرخانکردووە. ئەمەش خوێندنەوەیەکی ئاکسیۆمی نییە کە فەلسەفە، بەتایبەت فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی، روو لە زمانی شێعری بنێ. بەپێی رەوتی فەلسەفی هێدگەر پرسیاری بنچینەیی پرسیارە لەمەڕ «بوون». دیدی یان کردەی شێعری هۆلدرلینیش بەخۆی بێ هەڵوێستی بووناوی ناژێ و، هەولێکیشە بۆ درووست کردنی فەلسەفە بەرێگای شێعر. ئەم رەفتارەی هۆلدرلینیش گرینگی خۆی هەیە لەوەی کۆششی هێدگەر بۆ بەکاربردنی فەلسەفەی ئەنتۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی شێعر مانادار بکا.
کاتێ زمان دەبێ بە زمانی بوون ئیدی ئاسانە قسە لەسەرئەوەبکرێ ئەوی دالدەی بوونە زمانە نەک شتێکی تر. زمانیش بەبێ نکوڵی بریتییە لە دوان (گوتن). بەمجۆرە زمان کە دەبێ بە دالدەی بوون ئەوکات رۆڵ لە بەخێوکردنی شێعردا دەگێڕێ. بەواتایەکی تر شێعر کۆششە بۆ دامەزراندنی

بوون بەهۆی گوتنەوە. شاعیریش بە یارمەتی وتنە ناوەڕۆکییەکانییەوە وا لە شتەکانی ناو بوون دەکا ناویان هەبێ هەر بە یارمەتی ئەم گوتنانەشەوە لەتوانایدا دەبێ بوون دامەزرێنێ. پاشان نابێ ئەوە لەیادکەین کە، بوون لەمیانەی پەچەی زمانەوە دەدوێ. جگەلەوە زمان دەستی لە هێنانەکایەوەو فەوتاندا هەیە و لە ناخیشیدا سانایی و ئاڵۆزیش لە خۆ دەگرێ. بوون بەهۆی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە پڕ بووە لە پەچە و دازاین (Dazein) بوون لەوێیش لەم سەردەمە بووە بە بەشێ لە تەکنەلۆژیا.
سەبارەت بە پرۆژەی ڕەخنەی فەلسەفیی هێدگەر دەشێ بڵێین پشکنین لە تەکنیک و ڕاستیی بوون بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی پرۆژەی فەلسەفی هێدگەر بووە و، ڕووبەرێکی زۆریشیان لە لێکۆڵینەوە ئەنتۆلۆژییەکانیدا داگیرکردووە و بوونە بەردی بناغە بۆ ڕەخنە لە وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاواو چوارچێوەی ڕەخنەیی ئەم لێکۆڵینەوانەش هەر لە پلاتۆنەوە تا دەگاتە نیچە دەگرێتەوە. ئەم جیاوازیەش لەدوو توێی تیۆری بووناوی هێدگەر کاتێ درکی پێدەکرێ کە بوونی بوونەوەر و کات بەپێی میتۆدە ئەنتۆلۆژییەکەی لە دازاین دا بەرجەستەدەکرێ. بۆ هێدگەر دازاین شوێنی یەکخستن و یەکگرتنەوەی نێوان «بوون و کات»ە و دازاینیشە ئەو ڕۆڵە لە بوون و زانیندا دەگێڕێ نەک مرۆڤ. هەروەها هێدگەر فێری ئەوەمان دەکا کە بوونەوەر لە بووندا مانای خۆی وەردەگرێ و بوونیش بەهۆی بوونەوەرەوە بوونی خۆی دەپارێزێ.[٣]
بەڵام ئەوی هێدگەرلە توێژینەوەکەیدا سەبارەت شێعرگەرایی هۆڵدرلین سەرنجێ زۆری دەخاتەسەر بابەتی دوانە. دوانیش بە دوان لێکدەداتەوە نەک بەشتێکی تر. واتە، دوان لە میانەی دوان بەرپشکنین دەخرێ و دواجار ناوەڕۆکی دوانیش بەر لێکدانەوەی فەلسەفی دەخرێ. دوان لە ڕوانگەی هێدگەر دەربڕین دەگەێنێ. دەربڕینی ئەوی لە ناوەوە بووە ـ یان لەژوورەوە خولقاوە. بەپێی ئەم تیۆرەبێ دوان هاتنەدەرەوەی دەربڕین لە ناوەوە بەرەو دەرەوە دەگەێنێ. فەرهەنگی فەلسەفی هێدگەریش ئەوە پێشان خوێنەردەدا دوان گەڕانە بەدووی گوتراو. ئەڵبەتە گوتراوی ڕووت و پووخت کە ئەمەش هۆنراوە دەگرێتەوە.
تێگەیشتنی فەلسەفی هێدگەر دیدگا شێعرییەکانی هۆڵدرلین وشک و ئەبستراکت ناکا. چونکە فەلسەفە کە بۆ ڕۆنکردنەوەی ناخی شێعر بەکاردەبرێ لە توانایدایە ئەو لایەنە دروست بکا. پاشان ئەم شاعیرە بیریارە « مەبەست هۆڵدرلینە» خۆی سەرقاڵی بێوەیترین کردەی مرۆڤایەتی کردووە، کە ئەوەش کردەی (Poematisation)ە.[٤]
سەرقاڵبوونی هۆڵدرلینیش بەم کردەیەوە ئەرکی هێدگەری سانا کردووە. ئەم کردەیە بەدەست هۆڵدرلینەوە وەک یاری «وازی، گەمە»خۆی دەردەخا. سەرقاڵبوونی یاریکەرێکی وەک هۆڵدرلینیش بە ڕوناکبیرییەکی فەلسەفییەوە، بەتایبەت فەلسەفەی گریک، بەم جۆرە یاریانەوە لەپشت ئەوەوەیە کە وێنەی سەیر بێتە خولقان و دیدی چاوەڕێنەکراو بێتە نەخشان.
لەهەمووی سەیرتر، میهرەبانی و بێوەی ئەم یارییە لەوەدایە کاریگەریی بەجێ ناهێڵێ و هەقی بەسەر ئەوەشەوەنییە کە لە گەردوون ڕوودەدا. چونکە ئەم یارییە تەنیا وتنە. واتە، وتن ئەم یارییە سازدەکاو بەرانبەر بەوەش کە لەدەرەوەی خۆی ڕوودەدا بەرپرسیار نییە. ئەم یارییە خەونەو دوورە لە ڕاستییەوە و ناکرێ هیچی پێبکرێ و داوای ئەوەشی لێبکرێ شت بۆ دەرەوەی خۆی سازبکا. لەبەرئەوەی ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا یارییە بە گوتن (دوان).
ئەم جۆرە تێگەیشتنە فەلسەفییە لەسەرزمان جەغت لەوەدەکا ئەوی هەموو مێژووی مرۆڤ مسۆگەر دەکا زمانە نەک شتێ تر. مرۆڤیش لەناخی خۆی واتە دوان (ئاخاوتن). زمانیش ڕاستی مێژووی خۆی بەدەست ناهێنێ لە

> **❐ هێدگەر بەهۆی لێکدانەوەی هۆنراوەی گریکلاند (یۆنان) قسە لەسەر بابەتی ئاسمان و زەوی دێنێتە پێشەوە. لەبەرئەوەش کە مەرگ و شوێن یەک بەهایان بۆ وتراوە شێعرییەکان خولقاندووە و بزاڤی ڕۆحیش تێیاندا زۆر ئەبەدییانە خۆیان دەردەخەن.**

بواری دوان دا نەبێ. واتە، شێعر تەنیا لەبواری زماندا کارەکانی ئەنجامداوەو شیاوکردنی زمانیش تەنیا لە توانای شێعردایە.

**ب) غەیب لە سروودەکانی هۆڵدرلین**

پەیڤی هۆڵدرلین بەپێی ئەوەی دیاردەیەکی پیرۆزە خۆی وەک ڕوداوێکی سەیر دەردەخا. ئەم ڕوداوەش دەکرێ تەنیا بە شێعر بگێڕدرێتەوە. تەنیا شێعر دەتوانێ ئەم پیرۆزییە لە ناخێکەوە بەرەو ئەوی تر بگوێزێتەوە. هەر ئەم پیرۆزییەشە لە شێعری هۆڵدرلین کە هەوڵی ڕێکخستنی پێوەندی نێوان خواوەند و مرۆڤ دەدا و، گرینگی خاک و خواوەندەکان لەشێعرا بەفەلسەفی دەکا. ئەو کاتەی شێعری هۆڵدرلین لە بوون نێزیکمان دەکاتەوە لە بوونێکی پیرۆز یان بەپیرۆزکراو نێزیکمان دەکاتەوە. هۆنراوە فەلسەفییەکانی هۆڵدرلین لەم بارەیەوە ئەو ئاماژەیەمان لادروست دەکەن کە ئەم شاعیرە پیرۆزناسە. بەتایبەت پیرۆز ئەو شتەیە شاعیرەکان پەروەردەدەکا و دەستی لە نەشونمایاندا هەیە. هۆڵدرلین وەک شاعیرێکی غەیب ناس پیرۆزی لەناخی دا زۆر کۆچەر و فەلسەفییانە سیمیۆلۆژەکانی گەشەیکردووە.
لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە گەشەکردنەی پیرۆزیی لە شێعرا تەماشای شاعیری بۆ سروشت، کە مەتریاڵێکی بەرچاوی پەیڤی شێعرییە، گۆڕیووە. هۆڵدرلین لە زۆر شوێندا بەتایبەت لە سروودەکانی(der Rhein, Germanier) سروشت بە سروشتێکی زیندوو ناوەبا. بۆ شاعیر خواوەندیش، کە هەمیشە داوای گەڕانەوەی خواوەندەکان دەکا، هەر لەژێر سایەی هێزی سروشتدا، کە لە ئامێزی ئەم شێعرە پیرۆزانەدا نەشونمادەکا، بوونی هەیە. لەناو ئەم سروشتە زیندووەشدا کە پیرۆز ئامادەیە، تەنێ شاعیرەکان ئەتوانن هێزی پیرۆزی، کە سروشت ماوەی دەدا بژی، ئاشکرابکەن نەک کەسێ تر. ئەمەش لەبەرئەوەی شاعیر ئەو کەسەیە کە پیرۆز بەخێوی دەکا. ئەویش بەرانبەر بەمە هەمیشە سەرقاڵی پیرۆزییە.
هۆڵدرلین کە لە شێعرا شەیدای بوونە یاخود بەهۆی گوتنی شێعرییەوە بوون دادەمەزرێنێ سروشتی زۆر لا بەتوانایە. هەر ئەم توانایەشە وا لە سروشت دەکا لەناو گشت شتێکدا بوونی هەبێت. ئەم بوونەشی شتێکی ڕێکەوت و سادەنییە بەڵکو شتێکی خواوەندانە و جوانکارانەیە. ئەوی لێرەدا پتر لە گشت شتێ وروژێنەرترە ئەوەیە، ئەم توانایەی سروشت لە هەندێ لە وەرزەکانی ساڵ دەنوێ. ئەم نووستنەش نووستنێ خواوەندانەو میتافیزیکییانەیە و جوانکاریێ تایبەتی خۆی هەیە.
لە شێعرەکانی هۆڵدرلین دا دیدی غەیبی بێ ڕەهەندانە ئامادەیە. گەشتی ئەنتۆلۆژی هێدگەریش بۆ ئاشکراکردنی ئەم دیدانەیە. پاشان ئەو لێکدانەوانەی هێدگەر لەوبارەیەوە ئەنجامی داوە بۆ جەغتکردن بووە لەوەی کە شێعری هۆڵدرلین بە خولقانی دید لە شێعرا پشت بەستە. کاتێکیش وەدووی لێکدانەوەکانی هێدگەر دەکەوین ئەوکات لەوەبەئاگا دەبین کە ئەوانە چ جۆرە دیدێکن. بۆ دەستنیشانکردنی ماهیەتی شێعری هۆڵدرلین چاترە بڕوانینە هەستی فەلسەفی هێدگەر لەمەڕ هۆنراوەی «

**❑ زۆربەی شـەپۆلە شـیّـعـری و ئەدەبیـیـەکـان لە دوای ڕۆشنگەرییـەوە هەست و عـەقـڵـیـان وەک دوو چەمکی دژ بەیەک بەکاربرد. مۆدێرنیتێ کە بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی لۆگۆسی شێعرییە. لۆگۆسی شێعری لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕوخسارەکانی مۆدێرنیتێ کەوتە ناو کاری شێعرییەوە.**

هەروەک لە ڕۆژی جەژن». هێدگەر وتنە شێعرییەکانی هۆڵدرلین لەم کارە شێعرییەدا وا لێکدەداتەوە کە ناونیشانی گوتراوە شێـعرییەکە باس لە ڕۆژێکی جیاواز دەکا کە ئەوەش ڕۆژی جەژنە. ڕۆژی جەژنیش ڕۆژی پشوو و حەوانەوەیە. لەم ڕۆژەدا جـوتیـارێـک لەسـەرەخـۆ بەنێـو کـێـڵـگەکـەیدا دەسـووڕێتـەوە و بەروبوومـەکـانی بەسـەردەکـاتەوە لەپاش ئەوەی کـە ڕۆژێ پێشـتر ئەم کێڵگەیە دووچاری ڕەهێڵە بووە. لەم جۆرە ڕۆژانەدا، لە ڕۆژی جەژندا. یەزدان لە مرۆڤەوە نێزیکە. نێزیکبوونەوەی یەزدانیش لە مرۆڤ کاریگەرییەکی ئەفسوناوی هەیە.

ئەم جووتیارە پێی وایە، کێڵگەکەی لە ئایندەدا بەرێ چاک دەدا و ئەوی ڕوشی داوە کارێ ئەوتۆی نەکردۆتە سەر کێڵگەکە. گومانی تێدانییە، بەر و مـرۆڤ لەژێر سـایەی ئاسـمـان و زەوی دا پارێزراوە ئەمـەش بەخـۆی خۆشییەکی ئەوتۆ بەم جووتیارە دەدا کە ئیدی ترسی لە ئایندە نەبێ.

ئەوی لەم شـێـعـرەدا زیاد لە گـشت شتێ تر بایەخی دراوەتێ سـروشـتـە. سروشت، ئەو شتـەیە کەلەبنەڕەتدا لەهەمـوو شـتـە ڕاسـتەکانا ئامـادەیە. ئەوی شـایانی درک پێکردنە لە لێکدانەوەکـانی ئەم بیـریارە ئەنتـۆلۆژییـە ئەوەیە، ڕاستی جەغـتێ زۆری لێکراوە. ئەم ڕاستییە لە دیدی هێدگەر بە جۆرێ ئەوتۆ وەڕوودەخرێ کە هاوبەشیەک لەنێوان « شێعر و ڕاستی» دا هەیە.

گەڕانی هێدگەر بەدووی ماهیەتی ڕاستی لە شێعرا دواجار بووە بە بابەتی سەرقاڵی ڕێڕەوە ڕەخنەییەکان. بەڵام ئەم ڕێڕەوانە بەشێکیان هەوڵیانداوە ئەوە ئاشکرابکەن کـە چۆن شـێـعـر دەبێ بە وتار بۆ خـولـقـاندنی ڕاستی. واتە، شـێعر دەبێ بە شوێنی بەرهەمـهێنانی ڕاستی. لێرەدا باس لە دوا دیدی قـوتابخـانە ڕەخنەیەکـان لەبارەی ڕاسـتـیـیـەوە ناکـەین بەڵام ئەوی گـرینگە دیاریکردنی ناوەڕۆکی ڕاسـتـیـیـە لە شـێـعـری هۆڵـدرلین کـە ڕاسـتـیـیـەکی جیـاوازە لە ڕاسـتـی ئاسایی. ڕاسـتی لە دیدی شـێـعـری هۆڵدرلین ڕاستییـەکی یەزدانی و مـیـتـافـیـزیکییە. جوانکارییەکانی ئەم ڕاستییە سروشتییەی هۆڵدرلین دۆزیویەتەوە وای لێدەکا ببێ بە شاعیری شاعـیران یان شاعـیری بنەچە. هۆڵدرلین، ئەم شـاعـیرە بیـریارە، پتر لە گشت شاعـیرێکی تری سەردەمی لەتوانایدابووە دەسەڵاتی گوتراو بپارێزێ و جورئەتی ئەوەش بکا لە تابۆکان بێتەدەرێ.

هۆڵدرلین بە بۆچوونی هێدگەر باشـترین شاعیری ڕۆمانسی ئاڵمانی یە. لەو دەروازەیەش هێـدگـەر لە سـاڵانی سـیـیـەکـاندا بۆ ڕۆنکردنەوەی سرووەدەکانی هۆڵدرلین بە ناوی « ماهیەتی شێعر» بەرهەمیهێناوە ئەوە بەر باسدەخەن کە ئەو کاتانەی هۆڵدرلین ئەو سرووەدانەی تیا نووسیووە لە کاتە مەزنەکانە. یاخود دەکرێ بە کاتی خولقانی کاتەکان لەقەڵەمبدرێ. ئەم کـاتە کـاتێک بـووە کـە شـاعـیـر و بیـریار و بوونیـادنەرانی دەوڵەت پێکەوەگرێدەدا. ئەم ڕوانگەیەش بەچاکی لە شێعری « دایکی خاک» دا بەدیدەکرێ. لەهەمـانکاتدا دەبینین هۆڵدرلین لە گەلێ لە سرووەدەکـانیـدا سـرووەدی patmos ، کـە لە بارەی منداڵەکـانی ئەلپـەوە گـوتراوە، Der Rhein , Germanier توانیویەتی ڕۆحی نەتەوەی ئاڵمان ئامادەبکا و ئەم ئامـادەبوونەش بەجـۆرێـک ئەنجـامـدراوە شـێـعـر گـەرایی ڕۆمـانسی ئەوتۆی خولقاندووە کە ماهیەتی شێعری سەردەمی خۆی گۆڕیووە. وێڕای ئەوە، هۆڵدرلین زۆر ڕیزپەڕانە فەلسـەفەیەکی تایبەت بە ئەڤیندار یش لە شێعرا دامەزراندووە.[٥] بەڵام ئەم لایەنە کەمتر جێگای بایەخی هێدگەرە، چونکە گەڕانی هێدگەر لە لێکدانەوەکاندا بەگشتی بۆ دیاریکردنی ماڵی هۆڵدرلینە. یان دیاریکردنی ئەوی هۆڵـدرلین مـەبەسـتـیـیـەتی واتە مـاڵی ماڵەوە. ئەلێرەشدا گرینگترین باسێک هێدگەر لە شێعرەکانی هۆڵدرلین دا بایەخی دەداتێ مـەسـەلەی کـۆچی ڕۆحە. کـۆچی ڕۆح لەنێوان ئاڵـمانیـا و یۆنان. لەنێـوان زمـانی ئاڵـمـانی و زمـانی لاتینی. لەنێـوان کـەلەپووری فەلسەفیی ئاڵمانی و کەلەپووری فەلسەفیی یۆنانی.

هێـدگـەر بەهۆی لێکدانەوەی هۆنراوەی گـریکلاند (یۆنان) قـسـە لەسـەر بابەتی ئاسـمان و زەوی دێنێتە پێشەوە. لەبەرئەوەش کە مەرگ و شوێن یەک بەهایان بۆ گوتراوە شێعرییەکان خولقاندووە و بزاڤی ڕۆحیش تێیاندا زۆر ئەبەدییانە خۆیان دەردەخەن. خوێنەری هۆنراوە شێـعرییەکانی وەک (زەمـەنی سـوکـرات، سـرووەدی patmos، بۆ Diotima، مـرۆڤـایەتی باڵا) دەکـارێ بە باشی لەو بزاڤە بگات کـە هۆڵدرلین لەنێوان ئاسـمـان و زەویدا دروستی کردووە.

دوانی هێـدگـەر، لەسـەر پەیڤی شـێـعـری هۆڵدرلین، لەسـەر بابەتی وەک ئاسـمـان و زەوی، مرۆڤ و یەزدان لە شـێعرا، دەکرێ وەک ئیسـتـگایەکی پشـوو و حـەوانەوە تەمـاشـابکرێ. لەسـەرێکی ترەوە هێـدگـەر بەهۆی ئەم لێکدانەوانەوە کۆششی ئەوەدەکا لەسەر ئەو شتـانە بپەیڤێ، وەک باوەڕ، یەزدان، کە لە کارە فەلسەفییە پووختە کانیدا لەخۆی یاساغی کردووە.

**٤) پووکـانەوەی داواکـانی مـۆدێرنیـتێ لە شـێعرا / شـێعرگـەرایی پۆست مۆدێرنیتێ**

زۆربەی شەپۆلە شێـعری و ئەدەبییـەکان لە دوای ڕۆشنگەرییەوە هەست و عـەقـڵـیـان وەک دوو چەمـکی دژ بەیەک بەکـاربرد. مـۆدێرنیـتێ کـە بەرهەمـهێنەری ڕاستەوخۆی لۆگۆسی شێعرییە. لۆگۆسی شێعری لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕوخسـارەکانی مۆدێرنیتێ کەوتە ناو کاری شێعرییەوە. ئەم لۆگـۆسـە هەوڵـیـدا وا لە شـێـعـر بکا ڕاستی بڵێ و داکۆکی لە عـەقڵ و دیاردەی دیار بکا. شێعر لەبەرسایەی ڕۆحی ئونیڤێرسالی مۆدێرنیتێدا وەزیفەی بانگەشەو نوێنەرایەتی لەستۆگرت. شێعر ئیدی وردە وردە بوو بە ئاوێنەی واقیع و قسەکەری دەوروبەر و بڵندگۆی هەقـیـقەت. بێدەنگی دەنگی شـێـعـری ئاوبراویش لە جـەسـتـە هەروەک ئەو بێـدەنگـیـیـەیە کـە فـەلسـەفەی مۆدێرنـیتێ کاری بۆ کردوە. ڕۆڵی فـەلسـەفەی مـۆدێرنیـتێ لە بندەسـتکردنی جەسـتـە و فـەرامـۆشکردنی ئەم پێدراوە مـیـتـافـیـزیکیـە یەکێکە لە باسەکانی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیتێ.

ئەو میکانیزمە زمانەوانی و سمبۆلییانەی لەدووتوێی تێکستی شێعری مـۆدێرندا کـاریان کـرد بەشێ زۆریان بەشداریـیـان لە خـولـقـانی وتارێکی دەسەڵاتی دا کرد. ئەم دەسەڵاتەش لەپاڵ دروست کردنی جۆرێ تایبەت لە شێعر و ڕەخنەوە بوو. ئەم بارودۆخەش لە شەستەکانا وای لە فەیلەسوفی بووناوی فـەڕەنسی سـارتەر (Sartre) کـرد جـەخت لەسـەر ئەوە بکا کەئەدەب لە ڕۆژئاوا دەمێکە ئەو مـانایەی لەدەست داوە مرۆڤ بگۆڕێ یان مرۆڤ ڕزگاربکا. بەتایبەت ئەدەبە ڕزگارکەرەکان کێشەیێ زۆریان بەدووی خۆیان بۆ ناو خوێندنەوەی ڕەخنەیی ڕاکێشا و ئەدەبیان کرد بە دووبەشەوە: ئەدەبی هەڵوێست (ئەدەبی بەرپرسیاریی) و ئەدەبی نابەرگری (ئەدەبی بێ باک). ئەوەبوو لە ڕۆژئاوا لە پاش جـەنگ لە بواری شـێـعـری و ئەدەبدا گەلێ دیاردەی فکری وەک، دیاردەی نیهـیـلـیزم و سوریالیزم و دادایزم و

بوونخوازی سەریانهەڵدا و ڕۆڵی خۆیانیان لە فرەگەرکردنی نووسینی ئەدەبی و ڕەخنەیدا دی. هەر لەم دەمووە ختەشدا لە ڕۆژئاوا شێعر وەک دیاریەکی مرۆڤایەتی و ڕوداوێکی ڕۆشنبیری کاری کرد. شاعیرە شۆڕشگێڕەکانیش (ئەڕاگۆن، پۆل ئێلوار، ئەندرێ برێتۆن، لۆرکا...)، کە لە ژێر سایەی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم شییعریان نووسی هەر بەروبوومی ئەم دەمو وەختەن، واتە قۆناغی بە مرۆڤایەتی کردنی شێعر. سەیرنییە گەر بڵێین، جاران سەرکردە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانیش ( ماوتسی تۆنگ، هۆشی منە، گیڤارا، سنگور...) جگەلە کارە سیاسییەکانیان شێعریشیان دەنووسی. بەڵام ئەمڕۆ دابڕانێ گەورە لەنێوان شێعر و سیاسەت لەنارادایە و، ئەم دابڕانەش بەقازانجی شێعرگەرایی تێکستی شێعری گەڕایەوە. بەخۆی شێعرگەرایی ئەم ساتە، واتە ساتی چوانی شێعر بە سیاسەت، خۆی لە ئەفسانەی شۆڕش لە شێعرا دەبینێتەوە. بەپێی دیدی شاعیری مەکسیکی ئوکتاڤیۆ پاز (O.Paz) ئەفسانەی شۆڕش لە شێعرا دیاردەیەکی باوی سەردەمی ئەو بووە. زۆربەی زۆری ئەوەی ئەویش زۆر سەیر سەرقاڵی ئەم دیاردەیە بوون. ئەم ئەفسانەیە کە لە سەردەمی ڕۆمانسیەتەوە کەوتۆتە گەڕ شێعر توانی هەر لەو کاتەوە پێوەندی پێوەخۆشبکا تا سەدەی بیست و، بەهۆی شۆڕشە فەلسەفییەکانیشەوە ئەم پێوەندییە گەیشتە ئاستێکی بەرز و ئەفسانەی ناوبراو بە مردنێکی سروشتی مرد.

هەروەک دیارە شۆڕش ئەو چرکە ساتەیە کە عەقڵ تیایا دەبێ بە یۆتۆپیا جا ئەدەب و شێعری پۆست مۆدێرنیتێ هات بۆ پووچکردنی نەک تەنیا مانای شۆڕش بەڵکو خودی عەقڵ و یۆتۆپیاکانیش.

کەوتنەگەڕیی پۆست مۆدێرنیتێ لە بواری ئەدەب و ـ شێعر ـ بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە. گۆڤاری (Tel Quel)[٦] لە بواری تیۆری شێعری و ئەدەبی دا ڕۆڵێکی چاکی لە ورووژاندنی ئەم جۆرە ئەدەبەدا گێڕاوە. ڕۆماننووس و نووسەری فەڕەنسی (Phillipe Sollers) لەم ڕووەوە ناوی لەپێش گەلێ کەسەوە دێ. ئەم ڕۆماننوس و نووسەرە بەسەروتار و کتێب تیۆریزەی زۆری لەبارەی نووسینی تێکستیی کردووە. ناوبراو وەک تیۆریزەکەرێکی ئەم بوارە توانیویەتی خۆی لە کرۆنۆلۆژیگەریی و زنجیرەگەریی دورخاتەوە و واش لە تێکستی ئەدەبی بکا نوێنەرایەتی شتی دیاریکراو نەکا و لەوەش گەڕێ بانگەشە بۆ شێواز بکا و بناغە بۆ بونیادنانی پرنسپ دابنێ.[٧] لەسەرەتای هەشتاکانا لەسەر پۆست مۆدێرنی ئەدەبی دێبات هاتەکایەوە و ڕەخنەگرانی ئەدەبی زۆرتر ڕویان لە ئارکتۆکتۆر نا بۆ دۆزینەوەی دیدی نوێ لەمەڕ ئەدەب. وێڕای ئەوە، لێکدانەوەکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرن لەهەندێ ڕووەوە بەو گۆڕانکارییانەوە وابەستەیە کە هاتۆتە سەر ژینگەی شار و شوێن و یان ئارکتۆکتۆری سەردەم. بێگومان گۆڕانکارییەکانی ئیندڤید و دۆزی ژیانی تاکەکەس و کێشەئابووری و ئاڵۆزییە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی خۆی لەناو ئەدەبی ناوبراو دا هەیە.

ئەدەبی پۆست مۆدێرن لە ڕۆژئاوا بەو جۆرە ئەدەبە ناسراوە کە ڕەنگدانەوەی پرۆسەی مێژوویی خۆیەتی. بە ئاوڕدانەوەش لە تێگەیشتنی سیمیۆلۆژ و ڕۆماننووسی ئیتالی ئیمبێرتۆ ئیکۆ (U. Eco)[٨] لەوەدەگەین ئەم چەمکە ئەوانە دەگرێتەوە کە خۆی حەز دەکا بەکاری بەرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا ناحەزی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر بەوەی چەمکی ناوبراو ئەمڕۆ بەکاربردنی ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانەی گرتۆتەبەر. ئەمەش زۆر ناخایەنێ تا دەگاتە ئەوەی ئەم چەمکە ( مەبەست چەمکی پۆست مۆدێرنیتێیە ) بەسەر هومێرۆس (Homeros) یشدا پەیڕەوبکرێ. ئەم ڕۆماننوسە ئیتالییە لەگەڵ ڕۆماننووسێکی چیکیدا، میلان کوندێرا (M.Kundera )، دەرگا لەسەر ئەو ئەدەبە دەکەنەوە کە بۆ گەلێکمان گومڕایە.[٩]

ئەدەبی پۆست مۆدێرنیتێ وەک ئەدەبی مۆدێرنیتێ نییە کە چاوەڕوانییەکانی جەماوەر پڕبکاتەوە (بڕوانە گۆدۆ ـ کەی بێکێت کە یەکێکە لە قارەمانەکانی ئەدبی پۆست مۆدێرنیتێ یان ئەدەبی بێدەنگی و هەڵوەشانەوە) یان هۆتاف بۆ بەجێ گەیاندنی داواکانی خەڵک لەئەدەب و شێعرا بچڕێ. چونکە ژینگەی ئەدەبیی پێش ئەدەبی پۆست مۆدێرن بایەخی بە ڕیالیستێرەکردنی ئیدیاڵە مەزنەکان دەدا و، ڕەنگدانەوەی پرۆژە یۆتۆپییەکانی مۆدێرنیتێ بووە. بەڵام بەداهاتنی ئەدەبی پۆست مۆدێرن کردەی وانەی ناسینی جیهان لەکارکردن دەکەوێ و بوونی ئیندڤیدیش کە بەروبوومی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێیە ڕوو لە ئاوابوون دەنێ و سەردەمی گەشەی کۆلێکتیڤیش ڕوو لە لاوازی دەنێ. هەندێ لە نووسەرانی ڕۆژئاوا کێشەکانی کولتووری ئەمڕۆمان بەم چەند کێشەیە پووخت دەکەنەوە: سستی، ترس لەتەنیای، بێزاری، لاوازی، پەرتی. ئەم کێشانە بۆ هەندێکیان دەکرێ بەهۆی هونەرەوە ئارامکرێتەوە. بەڵام کامە هونەر؟ ئەو هونەرەی بەقەولی تارکۆفسکی (Tarkovskij) ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بەرەو مەرگ ئامادە بکا.

لە ڕوخسارە دیارەکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرنیتێ جگەلە بانگەشە کردن بۆ ئاوابوونی جیهان و کۆتایهێنان بەسەردەم گەریی ئەمانەش دەگرێتەوە: ئەنتی ـ نێوەندگەریی، کاوس، ناجێگیریی، دابڕان، ئەنتی ـ فۆرم، شیبوونەوە، بێ ئاراستەیی، شیزۆفرینیا، کینایە، پچڕپچڕی، وێرانسازی، گەمە، بێدەنگی، دژگەریی، هەڵوەشانەوەگەریی، پەرتی، ڕووگەریی، دژەباوی، نابەردەوامگەریی، ناتاکلای، فرەگەریی، لادان، هەڕەمەکی، ئەنتی ـ قووڵایی. لەڕاستییدا ناوابەستەیی و بێ یاسای دیدگاکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرنیتێ و ڕۆحی دژگەرایی ئەم ئەدەبە زۆر ڕەخنەگر و تیۆریزەکەر والێدەکا ئەم ئەدەبە بە ئەدەبێکی بێ ماناو بێ ناواخن و دژە ناوەڕۆک لەقەڵەم بدەن. ئەوی ئاشکرایە، چەمکی ناوەڕۆک و فۆرم لەڕەخنەی کلاسیکدا بۆ لێکدانەوەی ئەدەب و شێعر بەکاردەبرا بەڵام ئەم جۆرە بەکاربردنە لە ڕەخنەی پۆست مۆدێرندا بوونی نییە و چەمکی فۆرم و ناوەڕۆک وەک یەکەیەک بەکارنابرێ و بەهای ئەم چەمکە لە گۆڕاندایە. بونیادی فۆرم و ناوەڕۆک لەئەدەب و شێعری ئەمڕۆدا ئەوە ڕۆندەکەنەوە کە ڕوانگاکانی ناو تێکستی شێعری مۆدئرنیتێ لە شێعری پۆست مۆدێرنیتێدا جوداوازە. زۆربەی ئەم جیاوازیانەش زمانی ناو تێکستی شێعری پۆست مۆدێرنیتێ بەرپرسیارە بەرانبەری نەک دیاردەیەکی تر. بەگشتیش لەنێوەندی ڕەخنەی شێعری و ئەدەبی ڕۆژئاوا واباسدەکرێ هاتنەکایەی گفتوگۆ لەسەر دەسەڵاتی زمان بابەتی ئاراستە شێعرییەکانی ساڵانی پاش هەفتاکانە یاخود ئاکامی بەقوڵی کارکردنی هەندێ لە فەلسەفە ناودارەکانی کۆتای هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانە، وەک فەلسەفەی جیاوازی و هەڵوەشانەوە و پاش ـ بوونیادخوازی، لەسەر زمان و دیاردەکانی ناو تێکست. بۆیە ماهیەتی شێعرگەرایی سەردەمی پۆست مۆدێرن وا لە خوێنەری شێعریی دەکا ئاوڕدانەوەی تایبەتی بۆ واتای تێکست و زمان لە کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرن دا هەبێ و شێعری پاش هەفتاکانی ڕۆژئاوا نموونەیێ زۆری لەم شێوە شێعرگەراییە تیابەدی دەکرێ. جگەلەوە ڕاناو و پرێپۆسیشن (Preposition) لەناو تێکستەکاندا بۆ درووست کردنی دۆزێکن نەک بوونێکی شەخسی. گومانیشی ناوێ بڵێین، جەستە و شوێنیش هەر لە چەمکە گرینگەکانی ئاراستە شێعرییەکانی ئەم ساڵانەن و شێعریش بەخۆی لە یاریکردنێکی بێ ڕەهەنددایە لەتەک وشە. ئەمڕۆ لە ڕۆژئاواجیاوازی خستنە نێوان شێعر و ئەدەبی مۆدێرنیتێ و پۆست مۆدێرنیتێ جیاوازییەکی شیاوە و، ئەم جیاوازییەش گەلێ دیاردەی جۆراوجۆری شێعری و ئەدەبی و هونەری

وەدووی خۆیدا ڕادەکێشێ. گرینگترینیان ئەوەیە، شێعری پۆست مۆدێرن بانگەشەی نائایدیۆلۆژیگەریی دەکا و لە پرۆتێستی بەردەوامیشدایە دژبە شێعرگەرایی سیاسی و مورالی مۆدێرنیتێ. ئەم نا ئایدیۆلۆژیگەرییەی شێعری پۆست مۆدێرنیتێ مانایەکی زۆری لە ئەزموونی ئەدەبی و شێعریی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا پەیداکردووە. ئەم مانایەش دەکرێ بەم سێ خاڵە چڕکرێتەوە: یەک) بڕواهێنان بە نیهیلیزم، دوو) بڕواهێنان بە نارۆشنگەریی و، سێ) بڕواهێنان بە باوەڕێک کە مرۆڤ ئیدی ناتوانێ نە پشت بە عەقڵێکی لۆژیکی ببەستێ و نەش بە هەستی خۆبەخۆ و ناگەهان.

تیۆریزەکەری ئەدەبی (Linda Hutcheon) لە کتێبی (شێعرگەرایی پۆست مۆدێرن) دا بەچاکی شێعرگەرایی پۆست مۆدێرنی ڕوونکردۆتەوەو هەندێ نووسەرانی وەک گابرێل گارسیا مارکیز (Gabriel Garcia Marquez) و سەلمان روشدی بەو نووسەرانە لەقەڵەم دەدا کە میتافیکشن (Metafiction) ی گرافیکی مێژوویی پۆست مۆدێرن دەنووسن.

تێکرای لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن شێعرگەرایی پۆست مۆدێرن شێعرگەراییەکی نیهیلیستی ـ هیچگەرایی ـ و ئەنتی سوبژێکت (دژە خودە) و پەرت و پارچە پارچەیە. ئەم جۆرە شێعرگەراییە وەک ڕوانگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی مۆدێرنیتێ تێماتیکی خۆی لە شێوەی تێکستی ناناسایی و گومڕاو و نادیار و شاراوە دەردەخا. بکەری (من) لەم جۆرە تێکستە بکەرێکی نا یەکگرتوو و ناهاوتایە و، بەبەردەوامیش هەست و عەقڵ دەخاتە ژێر پرسیارەوە. شیاوی گوتنە، تێکشکانی بڕواکانی مۆدێرنیتێ لە فەلسەفەدا کاریگەری بەسەر بابەتی شێعرش بەجێ هێشتووە و جێگای بە مانا باوەکانی جوانکاریی و ڕەوشتی مانیڤێستی ئەدەبیش چۆڵکردووە. ئەمەش لەژیانی شێعریی و ئەدەبی ڕۆژئاوادا شتێکی تازەنییە. چونکە لە تێندێنسە بەرچاوییەکانی تێکستە ئەدەبی و شێعرییەکانی دوای پەنجا (بەتایبەت بزووتنەوەی Beat )[10] و شەستەکان ئەوەیە کە باسێکی زۆر لەسەر بێ مانایی لە تێکستەکانی ئەم ماوەیە دێتە پێشەوە. بێ باکی و هیچگەریی جوانکاری و تێکشکانی ئەستی مێژوویی لە ڕوخسارە دیارەکانی تێکستەکانی ئەم ماوەیەن. سەرباری ئەوە، دیدی سێکسی و یاخییانە ی تێکستە شێعرییەکانی ئەم ساڵانە، بەتایبەت بزووتنەوەی ناوبراو، خۆی دژ بە بەها ڕەها و ڕاستییە جێگیر و مەزنەکان و هەروەها دژ بە کەلەپووری ئەدەبی مێژوویی دەردەخا. ئەم ڕوانگەیانە دواتر گرینگی خۆیانیان لە سەرهەڵدانی شێعرگەراییەکی جیاواز و ڕۆشنبیرییەکی دژ و ناکرۆنۆلۆژی لە دووتوێی هەندێ لە تێکستە شێعریی و ئەدەبییەکاندا هەبووە. بەڵام وەک دواسەرنج دەتوانین ئەوەش بڵێین کە، زۆربەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دیدی پۆست مۆدێرنەکان بۆ ئەدەب و شێعر و، ڕۆشنبیریی جوانکاریی و هونەری ئەم جۆرە ئەدەب و شێعرە دەکرێ بەشێکی زۆری هەر ئەوانەن کە لەمەو بەر ئاراستەی نیهیلیزمی ڕۆژئاواو بوونخوازی و بوونیادخوازی دەکران.

### پەراوێزەکان:

١) بۆ گەلێ ئەم کارە ئەنجام نەدراوە و بەڵکو هەمان شت دووبارەکراوەتەوە کە لەمەوبەر بەرهەمهاتووە. واتە هێدگەر ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی میتافیزیک دا دیووە. گەلێ لە نووسەرانی هاوچەرخی ڕۆژئاواش وای بۆدەچن هێدگەر لە لێکدانەوەکانی دا بۆ شێعری هۆڵدرلین لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی میتافیزیکی پلاتۆندایە. ئەمەش لەئێستادا ڕوانگەیەکی سەیرە لەسەر پشکنینەکانی هێدگەر، بەتایبەت هێدگەر لەدوای نیچە بەیەکێ لە فەیلەسوفە بەرچاوییەکانی ڕۆژئاوا دادەنرێ بۆ هەڵوەشانەوەی وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا.

٢) ئەڵبەتە پلاتۆن (Platon) بەردی بناغەی بۆ پەراوێزکردن و ونکردنی شاعیران داناوە. لە کتێبی کۆماریشدا ناوبراو شوێن بۆ شاعیران دیارناکا و لە شاری تازە سیڤیلیسێرەکراوی خۆیدا شاربەدەریان دەکا.

٣) بڕوانە ئەو پەڕەگرافەی لە کتێبی ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچورخ دا بەنێوی نیهیلیستییەتی فەلسەفەی بوون لەم بارەیەوە نووسیوومانە.

٤) واتە نەزمی شێعری لە هۆنراوەدا. بەئەڵمانی (Dichten).

٥) بڕوانە شێعری (Susette Gontard). ناوی ئەو ئافرەتەیە کە هۆڵدرلین عاشقی بووە و بەزۆریش لە سرووودەکانا ناوی(Diotima)ی بۆ بەکاربردووە.

٦) Tel Quel جگە لەوەی گرووپێکی ئەدەبی ـ زمانەوانی و فەلسەفی بوو گۆڤارێکی ناوداریش بوو کە لە ماوەی ساڵانی ٦٢ـ٨٢ دەهاتەدەر. نووسەر و ڕۆماننووسی فەرەنسی فیلیپ سۆلرێز (Sollers) لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی بووە. ئاراستەی ئەم گۆڤارە سیاسی و ئەدبی و جوانکارییە بوو. ئەو بوارانەی ئەم گۆڤارە کاری بۆدەکرد سیمیۆتیک (Semiatics)، زمانەوانی و شیکردنەوەی دەروونی بوون. گەلێ لە ڕوناکبیر و بیریارانی شەست و هەفتاکان وەک ژاک دێریدا، ڕۆلان بارت، میشیل فۆکۆ، ژولیا کریستیڤا (Kristiva) ـ کە خێزانی فیلیپ سۆلرێزە ـ، جێرار جێنێت (Genette) و هتد... کاریان تێداکردووە. بەڵام پاشان ئەم گرووپە و گۆڤارەکەشی هەڵوەشایەوە و سۆلرێز گۆڤارێکی بەناوی ناپایان (Infini) دروست کرد.

٧) هەڵگری ئەم ڕێبازە لە سوید (Stig Larsson)ە و لە ئەمریکا (William Gaddis) و (Thomas Pynchon) ن. لەم بارەیەوە بڕوانە ئەنسکلۆپیدیای سویدی.

٨) ئەمبرتۆ ئیکۆ (U .Eco) لە ساڵی ١٩٣٢لە ئیتالیا لە دایک بووە و فەیلەسوفی کولتوورە. لە ساڵی١٩٧١ ەوەیە کە پرۆفیسۆرە لە سیمیۆتیک لە Bologna. ناوبراو یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی ئەم چاخەی ئیتالیا. نووسینێکی زۆری لەسەر جوانکاری چاخەکانی ناوەڕاست و مێژووی کولتوور نووسیوە. ئەو نووسینانەی کە لە ساڵانی شەستەکان نووسیویەتی و گفتوگۆیێن گەرمی لەسەرکراوە (ونبوونی ستروکتور) ە، کە لەسەر بناغەی لێکدانەوەی سیمیۆتیکی نووسراوە، هەروەها باشترین ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٨٠نووسیووە لەژێر ناونیشانی ( بە ناوی گوڵ) کە ڕۆمانێکی دیتێکتیڤییە لەسەر باری سەدەکانی ناوەڕاست. دواتر ڕۆمانێ پۆلیمی تری نووسیووە بەناوی ( پندۆل فۆکۆ) کەبەسەرهاتەکەی لەسەر خاوەن چاپخانەیەکی ئیتالییە. ئەم دوو ڕۆمانەی لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی و بە ئەدەبیکردنی کینایە نووسیووە.

٩) نووسەری میسری ـ ئەمریکی ئیهاب حەسەن (Ihab Hassan) ئەو نووسەرە ئەدەبییە پۆست مۆدێرنانەی هەڵژماریانی کردووە ئەمانەن:
بۆرخێس (Borges)، خۆلیۆ کورتازا، بێکێت (Beckett)، یۆنسکۆ (Ionesco)، نابۆکۆف، پێتر هاندکە (P.Handke)، ماکس بێنز (Bense)، فیلیب سۆلریز (F. Sllers) ، ئالان ڕۆپ ـ گرییێ، میشیل بوتور، موریس روش (Roche)، ئارنست یاندل (Jandl)، توماس برنهارت (Bernhardt)، یورگێن بێکر(Becker)، ڕاینر هێپێنشتال(Heppenstall)، کریستین برۆک ـ رۆز(Brookr-Rose)، جۆن بارت، ولێم بورۆز، توماس پێنشۆن(Thomas Pynchon)، دۆنالد بارتلێمە(Bartheleme)، ولتر ئابیش(Abish)، جۆن ئاشبێری، داڤید ئانتین(Antin)، سام شیبارد، رۆبرت ولسۆن.

١٠) بزووتنەوەی Beat ئاراستەی شێعری و ئەدەبی ماوەی ساڵانی پەنجا و شەستەکانە کە گەلێ لە شاعیران و نووسەرانی ئەم ماوەیە دەگرێتەوە و بە ئەوەی یاخیش لەقەڵەم دەدرێن: ئالن گینسبێری (Allen Ginsberg)، جان کرواک (Jack Krouac)، ولیام بۆرۆگهس (William Burroughs)، مایکل ماک کلۆد، پۆپ کۆفمان، لۆرانس فرلینگتی (Lawrence Ferlinghetti)، کورسو ().
بەرهەمی ئەم ئەوەیە لیریکی ڕۆکی خولقاند و لەگەڵ مۆسیقا و جازی بێ ڕەهەندینەمریکی دا تێهەڵکێش کرا. شێوازی ئەم گرووپە کە دژی ترادیسیۆنالیزم و کۆنسەرڤاتیزم بوو خۆشی وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتی ئەکادیمی دەردەخست. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە کە هەڵگری ئیدیالی ئازادی و ترانسیندنتالی ئەمریکی بوو بزووتنەوەیەکی لاوانی ئەنتی کۆنفۆرمیزمی دوای جەنگ ( هیپی، پرۆڤۆس...) و نیهیلیستی کۆمەڵگەی بەرخۆری ئەمریکی بوون.

# چەند شێعرێک بە ڕاوێژی هەمەدانی لە بابا تاهیر


د. مەلیک میهردادی بەهار

(نوستوورەشناس و مامۆستای دانیشگای تاران)


وەرگێڕانەوە و هێنانە سەر شێوەی سۆرانی شێعرەکان: س. چ هێرش


قدوة العارفين باباطاهر همدانی عليه الرحمه

١

گر اژ رز اونهی دیوانه اژ گل — به پرچینش کری وانوشه و ول
گر او بشنش نهی آن دار شمشاد — گر او رونش کری آواج بلبل
سرنجامان بشی بیا بهرزی — یای ته گور وی ماوای ته گل

٢

زار جسم دی و دای مو رنج اژ خورد — مو رجانی دو دستی تو خدا درد
ناگهان بامدند باز و داری — نارجش کشت و موران زارج ادخورد
دال جالوند کوهان کرد پرواز — بازش بکشت و خونش پاک واخورد
بمد نچیروان دز دین ود آتین — بوکش تیر و دال اژ کار بدرد
بشه نچیروان دستش وچادست — چه منت بد کره اژ کار بدرد
سامی نشه اینی که من کرد — بمن هر آن کرند هر ود که من کرد

٣

یا کم در دی منی درنه نبد یار — یا کم خوردید کهان پندا نبد یار
من اژ آن رو بدامان ته زد دست — ده کردونش پر و پائی نبد یار

٤

یا که اژ مهر تم دم می زد ای یار — خویش و بیگانگان سنگم زدای یار
جرمم اینه که اژ ته دوست دارم — نه خونم کرد و نم راهی زدای یار

٥

من آن پیرم که خوانندم قلندر — نه خانم بی نه مانم بی نه لنگر
رو همه رو ورایم کرد گیتی — شو در آیه و تو او سنگی نهم سر

٦

یا ازین بند در از ناوه کتیم — خونم اژ خورد و در خوناوه کتیم
یا درین شومه گیتی ام نیاپا — اژ خوبی باره در ورلاوه کتیم

٧

پنج روزی منی خرم کهان بی — زمین خندان برمان آسمان بی
پنج روشی منی ها زند و سامان — نه چینان نام و نه اژ آنان نشان بی

٨

الف کژ کاف و نونش سر بسر کرد — همش هامان کهان او لاجور کرد
آنکش اژ آفری کردون کردان — زنش اژ ساتی و متی انداجه ار کرد

٩

بشم بالوند دامان مو نشانم — دامن اژ هردو گیتی ها وشانم
نشانم توله و مویم بزاری — بی که بلبل هنی واول نشانم

١٠

اژ آن اسپیده بازم همدانی — بتنهائی کرم نچیره وانی
همه بتن و دیرند چرغ و شاهین — بنالم من کرند نچیروانی

ڕەوانشاد **مینەوی** لە ژمارەی دووەم، ساڵی چوارەمی مەجەللەی دانیشکەدەی ئەدەبیاتی دانیشگای تاران، بیست و پێنج تاک لە شێعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی هێناوەتەوە کە بریتین لە: دوو بڕگەی سێ بەیتیی، شەش بەیتیی و، هەشت دووبەیتیی.
ئەو کۆمەڵەیە کە جگە لە دوو دووبەیتیی نەبێ ئەویش بە جیاوازییەکی زۆرەوە، لە دیوانی بابەتاهیردا نییە، لە ژێر ژمارەی ٢٥٤٦، لە موزەی قونیە هەبووە و ڕێکەوتی ٨٤٨ی لە سەرە.
لە خوارەوە هەوڵێک دراوە تا ئەو شێعرە ڕاوێژییانە لێکبدرێنەوە. لە پێشدا دەستنووسی ڕەوانشاد **مینەوی** نەقڵ دەکرێ، پاشان شێوەی ڕاستکراوەی ئاماڵ دروستی هەر بڕگە یان دووبەیتیی نیشان دەدرێ و لەدوایەشدا ئاوانووسی [دەنگنووسیphonetic] و وەرگێڕدراوەی شێعرەکان دەدرێتەدەست. لە کۆتاییدا، واژەنامە و بەرنووسی گشتیی سەبارەت بە شێعرەکان دەخرێنەڕوو.

[سەرنج: چونکە شێعرەکان بە ڕێنووسی ستانداردی کوردی دەنووسرێنەوە، فۆرمی لاتینی ئاوانووسی(phonetic)ی شێعرەکان (جگە لە واژەکان) بۆ خوێنەرەوەی کورد زۆر پێویست نییە. هەروەها لەبەر ئەوە کە شێعرەکان هاتوونەتە سەر شێوەی سۆرانی، وەرگێڕانەوەی ماناکردنەوە فارسییەکانیش بە پێویست نەزاندرا ـ هێرش]

## یەک

گر اژ[1] زر اونهی[2] ایوانی اژ گل
به پرچینش کری[3] وانوشه[4] و ول[5]
گر او[6] بشنش نهی آن دار شمشاد
گر او رونش[7] کری[8] آواج[9] بلبل
سرانجامان بشی، بەیا[10] بهرزی[11]
یای ته گور وی[13] ماوای ته گل

گەر ئەژ زەر ئوونهی ئەیوانی ئەژ گێل
بە پەرچینەش کەری وانووشە و وێل
گەر ئو بەشنەش نێهی ئان دار شمشاد
گەر ئو روونەش کەری ئاواجێ بێلبێل
سەرئەنجامان بشی، بە یا بەهەرزی
یایێ تە گور وی ماوایێ تە گێل*

* [دەنگی (ێ) لەهەموو شێعرەکاندا، کە نووسەر نیشانەی (e)ی بۆ داناوە، لە بری (کەسرەی فارسی) دەکارهاتووە کە لە ڕێنووسی سۆرانیدا

نانووسرێ، بەڵام دەدرکێ (تەلەفوز دەکرێ): گل/gil=gel، ول/vil=vel و بلبل/bilbil=belbel ـ هێرش]

### سۆرانی

گەر لە زێر بکەی هەیوانێک لە گڵ
پەرژینی هەموو وەنەوشە بێ و گوڵ
گەر هەر لایەکی پڕکەی لە شمشاد
تێیدا ڕەوان بێ ئاوازی بولبول
سەرئەنجام دەڕۆی، بەجێی دەهێڵی
جێگەی تۆ گۆڕ و مەکۆی تۆ یە گڵ

### دوو

زار[1]جم[2] دی[3] ودای[4] مورج[5] ادخورد[6]
مورج آن دو دستش او خدا درد[7]
نگهان[8] بامد[9] آن بازوداری[10]
زارجش کشت[11] و موران زارج ادخورد
دالچ[12] الوند[13] کوهان کرد پرواز
بازش بکشت و خونش پاک واخورد[14]
بد[15] نچیروان[16]در دی[17] و داین[18]
بوکدش[19] تیر ودال اژ کار بدرد[20]
بشه نچیروان دستت و چادست[21]
چه اینت ودکره[22] اژ کار بدرد
فنامی نشه[23] این ودکه من کرد
به من هم آن کرن[24] هر ود که من کرد

زارجۆم دی وێدایێ موورج ئەدخەرد
موورج ئان دو دەستەش ئوو خودا دەرد
نەگەهان بامەد ئان بازێ وێداری
زارجەش کوشت و مووران زارج ئەدخەرد
دالێ ج ئەلوەند کوهان کەرد پەرواز
بازەش بکوشت و خونەش پاک واخەرد
بەمەد نێچیروان دەرین وەداین
بەوەکدەش تیر و دال ئەژ کار بەدەرد
بەشە نێچیروان دەستەت ووچادەست
چێ ئینەت وەدکەرە ئەژ کار بەدەرد
فەنا می نەشە ئێن وەد کێ مەن کەرد
بە مەن هەم ئان کەرەن هەر وەد کێ مەن کەرد

### سۆرانی

کەوێکم بینی تێشووی مێرووی خوارد
مێروو دوو دەستی بۆ لای خوا ڕاداشت
لەناکاو بۆی هات بازی شکاریی
کەوی بەرەو لای مێرولان هەڵداشت
هەڵۆی سەر دوندی ئەلوەند هەڵفڕی
خوێنی بازەکەی خوارد و لە وێی ناشت
دەرکەوت ڕاوچی توورە و داخ لە دڵ
تیرێکی هاویشت، هەڵۆکەی هەڵداشت
ئەی نێچیرەوان! دەستەکانت خۆش
کە ئەو بەدکارەت لە سەر زەوی ماشت
ون نابێ بەدی و بۆم ڕادەدێرێ
دەستی خراپەم بۆ هەرکەس ڕاداشت*

* [وەک نووسەریش دەریبڕیوە، لە سۆرانییەکەشدا دوو پاتکردنەوەی قافیە (دیارە به ناچاری) بەدی دەکرێ. هێرش]

### سێ

یا[1]کم[2] در[3] دی[4] هنی[5] دریا نبی[6] یار
یاکم خوردی[7] گهان[8] پیدا نبی یار
من اژ آن رو[9] به دامان ته ژد[10] دتت
ده[11] گردونت پر و پایی نبی یار*

یاکێم دوڕ دی هەنی دەریا نەبی یار
یاکێم خۆر دی گیهان پەیدا نەبی یار
مەن ئەژ ئان رو بە دامانێ تە ژەد دەست
کێ گەردونەت هەنی بەرپا نەبی یار

*: [لە ژێرنووسی ژمارەی ١ی لاپەڕە ٢٧١ دا، بە گوێرەی سەرنجی ئاغای مەحموودی مونشی کە نووسەریش قەبوڵی کردووە، ئەو دێڕە ئاوایە کە پڕ بە پێستی خۆیەتی: کە گردونت هنی برپا نبی یار = کێ گەردونەت هەنی بەرپا نەبی یار. هێرش]

### سۆرانی

کە بینیم دوڕ هەنی دەریا نەبوو یار
کە بینیم خۆر جیهان پەیدا نەبوو یار
لەبەر وەی دست بە داوێنت ببووم من
کە گەردوونت هەنی بەرپا نەبوو یار

### چوار

یا[1] کە اژ مهر تم دم می ژد[2] ای یار
خویش و بیگانگان سنگم ژد ای یار
جرمم اینە کە از[3] تە دوست دارم
نە خونم کرد[4] و نم راهی ژد[5] ای یار*

یا کەژ مهرێ تەئەم دەم می ژەد ئەی یار
خیش و بیگانە سەنگەم می ژەد ئەی یار
جورمۆم ئینێ کێ ئەز تە دوست داردم
نە خونەم کەرد نە راهەم می ژەد ئەی یار

*: [هەروەک نووسەریش نیشارەی پێکردووە، قافیە و جێنشینی قافیە لەو دووبەیتییەدا تەواو ئاڵۆزە و دروستەکەی دەبێ ئاوا بێ ـ هێرش]:

**موکژ مهر تەام دم می ژد ای یار**
**خویش و بیگانە سنگم می ژەد ای یار**

جرمم اینه که از ته دوست دارم
نه خونم کرد  نه راهم می ژد ای یار

### سۆرانی

که میهری تۆم له دڵ ڕاگرتووه ئەی یار
کەس و ناکەس بە بەرد ڕێم کەوتووه ئەی یار
ئەوەم تاوانە تۆم خۆشویستووه ئەی یار
نە ڕێگر بووم، نە خوێنم ڕشتووه ئەی یار

### پێنج

من آن پیرم که خوانندم قلندر
نه خانم بی[1]، نه مانم بی، نه لنگر
رو[2] همه رو ورایم[3] گرد گیتی
شو[4] در آیه و[5] او سنگی نهم سر*

مەن ئان پیرۆم کە خانەندۆم قەلەندەر
نە خانۆم بێ، نە مانۆم بێ، نە لەنگەر
رو هەمە رو وەرایەم گەردێ گیتی
شو دەرئایێ وە ئو سەنگی نەهەم سەر

### سۆرانی

من ئەو پیرەم کە پێم ئێژن قەلەندەر
نە خانم هەس، نە مانم هەس نە لەنگەر
کە ڕۆژ دەردێ دەپێوم دەوری گیتی
کە شەو دادێ بە بەردیەوە دەنێم سەر

*: [ئەو چوارینە لە دیوانە چاپکراوەکاندا، بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە ـ هێرش]:

مو آن رندم که نامم بی قلندر
نه خون دیرم نه مون دیرم نه لنگر
چو روز آیه ورآیم گرد گیتی
چو شو آیه به خشتی وانهم سر

(مۆ ئان ڕەندۆم کە نامەم بێ قەلەندەر
نە خون دیرۆم نە مون دیرۆم نە لەنگەر
چو روز ئایێ وەرایەم گەردێ گیتی
چو شەو ئایێ بە خشتی وا نیهەم سەر)

### شەش

یا[1] اژین بند در ازناوه[2] کتیم[3]
خونم ادخورد[4] و در خوناوه کتیم
یا درین شو مه گیتی ام نیایا[5]
اژ خو بی باره[6]، در وەرلاوه[7] کتیم

یا ئەژین بەند دەر ئەزناوە کەتیم
خونۆم ئەدخورد و دەر خوناوە کەتیم
یادەرین شو مەهێ گیتیم نەیایا
ئەژ خو بێبارە، دەر وەرلاوە کەتیم

### سۆرانی

من کە بەو بەندە لە ئەزناوەوە کەوتووم
خواردنەوەم خوێنە، لە خوێناوەوە کەوتووم
کە نەیەت لەو شەوەدا مانگی جیهانم
لە خۆ بێ خۆم و، لە وەرلاوەوە* کەوتووم

* [نووسەر لە مانا کردنەوەی ئەو دێڕەدا، لە سەر ئەو وشەیە نیشانەی پرسیاری داناوە و لێی ئەرخەیان نییە. منیش جگە لە مەعنای مامۆستا بەهار عەقڵم بۆ شتێکی دی بڕی نەکرد. هێرش]

### حەوت

پنج روژی هنی[1] خرم گهان بی
زمین خندان، برامان[2] آسمان بی
پنج رویی هنی هاژید[3] سامان
نه جینان[4] نام و نەژ[5] آنان نشان بی

پەنج ڕوژی هەنی خوررەم گیهان بی
زەمین خەندان بەر ئامان ئاسمان بی
پەنج رویی هەنی هاژید سامان
نە جینان نام و نەژ ئانان نیشان بی

### سۆرانی

پێنج ڕۆژێ هەنی جیهان خۆش دەبێ
ئاسمان دەگری، هەرد لە جۆش دەبێ
پێنج ڕۆژیکی دی ئیستێکی بگرن
لە نێو و نیشان جیهان بۆش دەبێ

### هەشت

الف کژ کاف و نونش سر به ور کرد[1]
همش هامان[2] گهان او لاجور[3] کرد
آ[4]کش ادآفری[5] گردون گردان
آنش ادسات[6] و من انداجه ور کرد[7]

ئەلف کەژ کاف و نونەش سەر بە وەر کەرد
هەمەش هامان گیهان ئو لاجوەر کەرد
ئا کەش ئەدئافری گەردونێ گەردان
ئانەش ئەدسات و مەن ئەنداجە وەر کەرد

### سۆرانی

ئەلف کاتێ لە کاف و نوون عەیان بوو*
لە سۆنگەی ئەو جیهان پڕ ئەرخەوان بوو
کە گەردوونی گەڕۆکی ئەو بنیاتنا
ئەمن ڕوانەر** ئەویش وەستای جیهان بوو

*: ئیشاره به ڕیوایەتی تەوراتی ـ قورعانی یە سەبارەت بە ئافرانی هەبووگ کە خودا گوتی: «ببە (کن)، ئینجا ببوو (کان)» [مامۆستا بەهار].

** [نووسەر لە ماناکردنەوەی ئەو دێڕەدا نووسیویە: آن را(جهان را) او فرو ساخت و من اندازه بر کردم (من برانداز ـ نطاره ـ کردم)، کە لە ژێرنووسەکەیدا دەڵێ: مانای نێو کەوانەکە ئی مورتەزای سەرڕافە. منیش ئەوم لەبەرچاو گرتووە. هێرش]

### نۆ

بشم به الوند دامـــان مـــو[1] نشـــانم
دامن اژ هر دو گـــیـــتی هاوشـــانم[2]
نشـــانم توله[3] و مـــــــویم بـه زاری
بی کـــه بلبـل هنی وا[4] ول نشـــانم

بشـــۆم بەلوەند دامـــان مـــو نیـــشـانۆم
دامـــەن ئەژ هەر دو گـــیـــتی هاوەشـــانۆم
نیـــشـــانۆم تولە و مـــویۆم بە زاری
بێ کـــە بێلبـــێل هەنی بە وێل نیـــشـانۆم

#### سۆرانی

بڕۆم، داوێنی ئەلوەند جێ نیـــشـــانم
بشـــۆم داوێن لە ئی هەر دوو جـــیـــهـــانم
ئـەمـــــــام بڕوێـنـم و بـگـریم بـە زاری
هەتا ژوانـگـەی گـــوڵ و بولبـــول بڕوانم

### دە

از[1] آن اســـپـــیـــده بـازم همـــدانی
ای[2] تـنـهـــایی کـــرم نیـــچـــروانی
همـــه به من ودیرن[3] چرخ و شـــاهین
به نام من کـــرن نچـــیـــروانی

ئەز ئان ئەســـپـــیـــدە بازۆم هەممەدانی
ئی تەنهـــایی کـــەرۆم نێـــچـــیـــرەوانی
هەمـــە بە ممەن وێدیرەن چەرخ و شـــاهین
بە نامێ مـــەن کـــەرەن نێـــچـــیـــرەوانی*

* ئەو چوارینە لە دیوانی بابەتاهیردا بەم جۆرەیە [مامۆستا بەهار]:

مـــو آن اســـپـــیـــده بازم همـــدانی
لالـه (لانـه) در کـــــوەدارم نـهـــــانی
بەبال خـــود پرم کـــوهان به کـــوهان
به چنگ خـــود کـــرم نخـــیـــربانی

#### سۆرانی

من ئەو ئەســـپـــیـــدە بازەم هەممەدانی
کـە تەنیـا خـۆم دەکـەم نێـچـیـرەوانی
لە ژێر فـــەرمـــانی من دان چەرخ و شـــاهین
بە نێـــوی من دەکـــەن نێـــچـــیـــرەوانی*

* ئاغای دوکتور جەوادی برومەند بڕگەیەکی لە کتێبی *فردوس المرشدیه فی اسرار الصمدیه*، دانانی مەحموودی بنی عوسمان (تهران ۱۳۳۳، صفحه۳۲٦) بە نووسەر [بەهار] لوتف کرد کە دەربڕینێکە سەبارەت بە بازی هەمەدانی و ئەوە دەگەیێنێ کە مەبەستی بابەتاهیر لە بازی هەمەدانی مەعنای عیرفانی بووە:

«... کە ئەو شوێنە [خانەقایە] ڕاگوزاری بازگەلی سپی یە؛ تۆ دابنیشە و داودابنێوە، هاکا کە ڕۆژێک بازی سپی دە داوی تۆ بکەوێ و بە بەرکەتی وی تۆو قەومی تۆ ڕزگارییان ببێ، ڕۆژی قیامەت.» [مامۆستا بەهار]

### لێکدانەوەی واژەکان:

#### یەک

١) az [ئەژ]: از [لە].
٢) ōnehē [ئوونهی]: دایبنێی، دایبپۆشی، پێشگری فێعلی ō [ئوو] لە ئێرانیی کۆن avā بە مانای «بر» [بەر] وەرگیراوە.
٣) karē [کەری]: بچەقێنی، بڕوێنی.
٤) vānoşa [وانوشـە]: وەنەوشـە، بنەوشـە. ئێـرانیی نێـوانەی ڕۆژئاوایی: vanafşag [وەنەفشەگ].
٥) vel [وِل/vil]: گوڵ. ئاڤێستا: varəδa، پەهلەوی: vār، فارسیی نێوینی کۆن: vil. ئەو واژەیە لە فـارسـیی نێـوانەدا چووەتەوە سـەر ڕاوێژەکانی دەستەی شیمالی زمانەکانی ڕۆژئاوایی ئێرانیی.
٦) ō [ئوو]: بە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی: ō.
٧) rōṇ [ڕوون]: بەرەو، بۆلای. هەر ئەوەیە کـە لە بەشی دووهەمی واژەگەلی بیرون و درون [دەرەوە و ناوەوە]ی فارسیدا دێ.
٨) karē [کەری]: بیکەی. لە دەستەی شیمالی زمانەکانی ڕۆژئاوایی ئێران، ستاک کاری ئێستای کردن «کر» [کەر]ە نەک «کن» [کون بە مانای بکە، بیکە].
٩) āvaj [ئاواج]: ئاواز.
١٠) yāy [یای]: جێ، جێگە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی: gyāg.
١١) baharzē [بەهەرزی]: بهێڵی، لێیگەڕێی. ئاڤێستا: harəz.
١٢) te [تە]: تۆ. بە هۆی کورتی دەنگی e، لە ڕێنووسدا بە شێوەی ی (= تی) نەهاتووە. [بە پێی ئاوانووسیی مامۆستا بەهار ئەو دەنگە بەرانبەر بە کەسرە/ژێری فارسی داندراوە کە لە ڕێنووسی باوی کوردیدا نە (ی)یە و نە (ێ)، بەڵکوو دەکرێ بەو نیشانە یە: (ئـ /i/)دەستنیشان بکرێ کە لە ڕێنووسی ستانداردی سۆرانی نایەتە نووسین وەکوو: ژن=jin، گن=gin، گرتن=girtin ـ هێرش]
١٣) vē [وی]: بێ، ببێ. شێوەیەکی دیکە لە bē، لە چاوگەی بوون.

#### دوو

١) zārej [زارج]: کەو. فارسی: زرج [زەرچ].
٢) om [ئۆم]: ڕاناوی غەیری کارای یەکەم کەس: بە من، بە هۆی من، لەگەڵ فێعلی تێپەڕی ڕابردوو بەکاردێ و مانای نادیار دەدا بەفێعل: [ئۆم دی]=بەهۆی من بینرا کە مانای ئەسڵی «ببینیم/ دیتم»ە.
٣) dî [دی]: دیتی. کورتکراوەی dîd. لە زۆربەی ڕاوێژەکانی ئێرانیی ڕۆژئاواییدا خوازی قرتاندنی پاشۆک بەدیدەکرێ. بۆ کـری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ـ ٢.
٤) veda [وێدا]: تۆعمە، شکار، ڕاو (؟)

کورتکرای ودار = viard>vidār، لە dar و پێشگری vi بە مانای «درین».
٥) mōrj [موورج]: مێروو.
٦) adxard [ئەدخەرد]: خواردی، قووتیدا. لەفزی xard لە قەراخ xord بە ڕاوێژی ئازەریش دەبیندرێ. پێشگری فێعلیati>ad، مانای کەماڵ لە کارێک یان ئەوپەڕی شتێک دەگەیێنێ.
٧) dard [دەرد]: هەیبوو. دەست بەکەسێ هەبوون بەمانای یارمەتی خواستن.
dard نێوی بەرکارە لە بری dāşt و وێدەچێ لەگەڵ ppfp.d3r3taی ئاڤێستایی پێوەندی هەبێ.
٨) naga:hān [نەگهان]: ناگەهان، لەپڕ.
٩) bāmad [بامەد]: هات، هاتیە. بڕوانە: دوو ــ ١٥.
١٠) vedāri [وێداری]: شکاربوو، ڕاوکراو. بڕوانە: دوو ــ ٤.
١١) ş koşt - [ش کوشت]: ئەو کوشتی. بڕوانە: دوو ــ ٢ و دوو ــ٣.
١٢) dāl [دال]: داڵ، هەڵۆ.
١٣) eç [ئچ]: ناوێتە لە e نێونجی و ç کە کورتکراوەی çē ە، بەرانبەر بە نیشانەی لکاوی دەستەی جنوبی، گرووپی ئێرانیی ڕۆژئاوایی. لە ئازەری دا زۆر جێگەی واهەیە کە لەو واژەیە بە جێگای نیشانەی لکاو کەڵک وەردەگیرێ، بەڵام لە دەقی بەردەستدا تەنیا هەر ئەو خاڵەم بەرچاو کەوت. پەهلەویی نێوانەی:ēē.
١٤) vāxard [واخەرد]: خواردیەوە، دیسان خواردی.
١٥) bamad [بەمەد]: هات. madan و āmadan هەردووک مانایەکیان هەیە و لە ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی دەبیندرێ. ١٦) na:çîrvān [نەچیروان]: نێچیروان، ڕاوچی. بەشی یەکەم لە ئەسڵدا nahçîr بووە کە قرتانی h، aی بەرزکردووەتەوە و بووەتە a:.
١٧) dardēn [دەردین]: خەماوی. ناوێتە لە دەرد و ēn-، وەک غمین [غەمین] لە فارسیدا.
١٨) vadāyēn [وەدنایین]: بەدنایین، دزۆک، بەد خوڵق.
١٩) bavakd-aş [بەوەکد ــ ش]: بیپێکێ، بیخا. لە چاوگەی av-akandan [ئەوەکەندەن] کە دەنگی یەکەم کەوتووە و anی نێوانیش قرتاوە. aş یش ڕاناوی غەیری کارای سێهەم کەسە.
٢٠) az kār badard [ئەژ کار بەدەرد]: لە کاری کرد، نەیهێشت، بڕوانە: دوو ــ٧.
٢١) voçādast [ووچادەست]: مانا ڕوون نییە. ڕەنگە دەگەڵ چاوگەی کوردی «وچان»بەمانای ئیستراحەت و ئارامگرتن پێوەندی هەبێ. بەوپێیە، ووچادەست بە مانای دەست ئاسوودە و ئارامگرتوو، کە خەستە و ماندوو نییە، هاتووە. بڕوانە:کتێبی فرهنگ مردوخ، دانانی زانای ناودار حەزرەتی ئایەتوڵڵا ئاقای شێخ محەمەدی مەردوخی کوردستانی. بەرگی دووهەم. چاپی ئەرتەش. لە گیلەکی دا، vājāha-stan [واجاهەستان] بە مانای «بووژانەوە، هەست بە خۆشی کردنەوە» و، vajastan [واجاستەن] بە مانای «وەبەر دڵ کەوتن، جێ کەوتن» هاتووە. بڕوانە: **فرهنگ لغات و اصطلاحات و ضرب المثلهای گیلکی،** گردەوەکۆیی و ڕۆنانی ئەحمەد مەرعەشی، ٢٥٣٥ تهران.
٢٢) vadkara [وەدکارە]: بەدکارە.
٢٣) e [ئێ]: نیشانەی لکاو.
٢٤) karan [کەرەن]: دەکەن. بڕوانە: یەک ــ ٨.

**سێ**

١) yā ke [یا کێ]: تاکوو، کاتێک کە، پەهلەوانی نێوانەی.
٢) m- [م]: ڕاناوی غەیری کارا، یەکەم کەسی تاک، من.
-m dor dî ، دوڕم دی/بینی.
٣) dor [دور]: دوڕ، گەوهەری دەریایی بەناوبانگ، مرواری.
٤) dî [دی]: کورتکراوی dîd، نێوی بەرکار لە دیتن/بینین. بڕوانە: سێ ــ٢.
٥) hanî [هەنی]: هەنوو، هێشتا. بۆ مانا جۆراوجۆرەکانی هەنی لە ڕاوێژگەلی کوردیدا، بڕوانە: فرهنگ مردوخ، بەرگی دووهەم.
٦) nabî [نەبی]: نەبوو. bî لە ئێرانی نێوانەی ڕۆژئاوایی: bîd، کە فێعلی ئێستای bēd ە و لە ڕاوێژە نوێیەکاندا بووەتە bē.
٧) -m xor dî [م خۆر دی]: خۆرم دی /بینی.
٨) gahān [گەهان]: جیهان.
٩) rōj>rō [روو>رووج]: ڕۆژ.
١٠) man zad [مەن ژەد]: لێمدا، وەشاندم. بڕوانە: دوو ــ٢ و دوو ــ٧.
١١) da [دە]: دە، لە (ئامرازی لکاو).
واهەیە بە شێوەی dar [دەر]یش بەرچاو بکەوێ. دە ئازەرییشدا da یە.

**چوار**

١) بڕوانە: سێ ــ ١.
٢) -m dam mēzad [م دەم میژەد]: دەمم لێکدەدا، قسەم دەکرد، دەپەیڤیم. بڕوانە: دوو ــ ٢ و دوو ــ ٣.
٣) az [ئەز]: من، ئەمن. لە حاڵەتی کارادا. ئاڤێستا: az3m.
٤) na xōn-om kard [نە خون ــ ۆم کەرد]: خوێنم نەکردووە، خوێنم نەڕشتووە/کەسم نەکوشتووە. بڕوانە: دوو ــ ٢ و دوو ــ٣.
٥) na-m rāh-ē zad [نە ــ م راهی ژەد]: نە ڕێم لێداوە، ڕێگریم نەکردووە. بڕوانە: دوو ــ ٢ و دوو ــ ٣. ڕەنگە m- بە مانای دیسان، هەم /یش بێ و ڕاناوی غەیری کارا، سەبارەت بە بەشی چواری ــ ٤ ئەوەش بگرێتەوە.

**پێنج**

١) بڕوانە: یەک ــ ١٣.
٢) بڕوانە: سێ ــ ٩.
٣) varāyom [وەرئایۆم]: دێم و دەڕۆم، دەگەڕێم.
٤) şō [شوو]: شەو.
٥) va [وە]: بە.

**شەش**

١) بڕوانە: چوار ــ١ و سێ ــ ١.
٢) iznāve/aznāve [ئەزناوە]: ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەمەدان. بڕوانە: برهان قاطع، بەرگی یەکەم.
٣) katēm [کەتیم]: کەوتووم. لە kaftan [کەفتەن] بە پشت بەستن بە ēm-.

٤) xōn-om adxord [خون ــ ۆم ئەدخورد]: خوێنم هەڵقوڕاندووە/ خواردووەتەوە. بڕوانە: دوو ــ ٢، دوو ــ ٣ و دوو ــ ٦.

٥) nayāyā [نەیایا]: نەیا، وەجهی ئیلتزامیی مەنفی، بە مانای داهاتوو، سێهەم کەسی تاک.

٦) az xo be bāre [ئەژ خۆ بی بارە]: لە خۆ بێخۆ، لە حاڵی خۆ چوون.

٧) varlāva [وەرلاوە]: مانا ڕوون نییە. واژەی lāva مانای سێلاو، ئاگر، گریان و زاری دەدا، ڕەنگە «گرە مەشقەڵ»، یان «قوڵپەی گریان».

حەوت

١) بڕوانە: سێ ــ٢.

٢) barāmān [بەرئامان]: گریان

ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی barāmîdan[بەرامیدان]، گریین.

٣) hāzēd [هەژید]: وەدوای کەون، پێڕەوی بکەن

لە چاوگەی hāxtan/haxtan [هەختەن/هاختان]، فێعلی فەرمان، دووهەم کەسی کۆ. sāmān hāzēd [سامان هاژید]، ڕاوەستن، سەبربکەن.

٤) J-ēnān[ج ـ ینان]، سووککراوی aj ēnān، لەوانە، دەنگەکانی j و z و جارواش ş لە دەستەی شیمالی، گرووپی ئێرانیی ڕۆژئاوایی دەبنە جێنشینی یەکتر. بڕوانە: حەوت ــ٥.

٥) z [ژ]: لە. سووککراوی az. بڕوانە: حەوت ــ٤.

هەشت

١) var [وەر]: لەسەر، سەروو، سەرەوە.

٢) hāmān [هامان]: مانا ناڕوون، ڕەنگە کۆی hām، هەموو.

٣) lājvar [لاجوەر]: سووککراوی لاجوەرد.

٤) ā [ئا]: کاتێک، چون، چونکە.

٥) ad'āfraî [ئەدئافری]:دای ئافراند، دایخوڵقاند، دایهێنا. سووککراوی ad'āfraîd. بۆ پێشگریad بڕوانە: دوو ــ٦؛ بۆ کری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ــ٢ و دوو ــ٣.

٥) adsāt [ئەدسات]: تێکیخست، سازی کرد. سووککراوی adsāxt [ئەدساخت]. بۆ پێشگریad بڕوانە: دوو ــ٦؛ بۆ کری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ــ٢ و دوو ــ٣.

٧) man andāje varkard [مەن ئەنداجە وەرکەرد]: من ئەندازەم دروست کرد، من گەڵاڵەم کرد، پێوانەم کرد. ڕەنگە: بەرەندازم کرد.

نۆ

١) mo [مۆ]: ڕەنگە: خۆ، بەمانای خود. [لە ڕۆربەی چوارینەکانی باباتاهیر دا (مۆ) بە مانای (من/ئەمن) هاتووە ــ هێرش].

٢) hāvaşānom [هاوەشانۆم]: لە avaşāndan [ئەوەشاندەن] بە مانای «ئەفشاندن/ئەوشاندن» [بڵاوکردن و پەخشاندن]. داوێن لە شتێک ئەفشاندن بە مانای «تەرکی موتڵەقی قسەکردن» [ڕوووەرگێڕان]. پێشگری «ها» لە ئێرانیی نێوانەی fra بە مانایەکی ئەغڵەب ناڕوون دێ.

٣) tūla [تولە]: ئەمام، لق. کوردی: توولە. بڕوانە فرهنگ مردوخ، ب ٢، ڕەنگە دەگەڵ ترکە [tarka= لقی باریکی دار] هاوڕیشە بێ.

٤) vā [وا]؛ لەگەڵ، دەگەڵ، وێڕای.

دە

١) az [ئەز]: من، لە حاڵەتی کارادا.

٢) e [ئێ]: کە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی: î/i، کە.

٣) vedēran [وێدیرەن]: تێپەڕن، ڕابرن.

## لێکدانەوەی گشتیی دەق

ئەو بیست و پێنج دێڕەی وەپاڵدراو بە بابەتاهیری عوریان لە باری قاعیدەگەلی شێعریشەوە شیاوی لێکدانەوەیە و ئەەیکە جاری وایە ئوسوڵی قاعیدە، ئەو جۆرەی کە مامۆستایانی وێژە گوتوویانە، لەو شێعرانەدا لەبەرچاو نەگیراوە. یەکەم دووپاتکردنەوەی یەک قافیەیە. بۆنموونە لە شەش دێڕی بەشی دووهەم دووجار «اژ کار بدرد»[ئەژ کار بەدەرد] دووپات بووەتەوە و واژەیەک کە پێش یەکەمین جەل هاتووە «دال»ە و دووهەمی «ودکرە» هەروەها لەو دێڕانەدا «ادخورد» لەگەڵ «واخورد»بووەتە قافیە.

لە بەشی چوارەمدا، «ژد ای یار» ڕەدیف و «دم می»، «سنگم» و «راهی» بوونەتە جێنشینی قافیە. جاری واشە قافیە بە وردی لەبەرچاو گیراوە، وەکوو دووبەیتیی بەشی شەشەم یا حەوتەم.

پێکگرتنی ئەو دێڕانە لەگەڵ ئەوەیکە لە دیوانی بابەتاهیردا بەچاپ گەیشتووە، دەریدەخا کە جیاوازییەکانیان نێوانی زەوی و ئاسمانە. ئەگەرچی، تەنانەت بەبێ دەسپێڕاگەیشتن بەو نموونە ڕەسەنانە و تەنیا بە زانیارییەکی مامناوەنجی لە زمانشناسیی ئێرانی دەکرا سەرنج بدرێ کە سەرتاسەری دیوانی وەپاڵدراو بە بابەتاهیر ئاڵۆزە. لە دەستدابوونی ئەو نموونە ڕەسەنانە یارمەتی و ئیجازەمان پێدەدا کە دیوانی بابەتاهیری هەمەدانی بە گوێرەی زانیاری زمانەکانی ئێرانی نێوانەی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت زمانی پەهلەوانی و قانوونەکانی گۆڕانکاریی ئەم و بەسەرنجدان بە لەهجەگەلی نووسراو یا هەبووی دەررەی ئیسلامیی ڕۆژئاوا ــ باکووری ڕۆژئاوای ئێران دووبارەساغ بکەینەوە و ئەوی لە دەستێوەردانی ئاشکرا کە بە مەبەستی فارسیکردنی ئەو شێعرە ڕاوێژییانە ئەنجام دراوە دوور ڕاگرین. هاکا مەردی مەیدانێک هەنگاو هەڵێنێتەوە.

خاڵێک کە دەبێ سەبارەت بە ئاوانووسی (phonetic) دەق وەبیربخرێتەوە، ئەوەیە کە بە گریمانەیەکی پتەو، هەمووی ān ـ ەکان دەبوایە کرابان بە ūn و، واژەی «بیگانە» بە شکڵی béyāna و کۆیەکەی béyānayan درکابا و چونکە بەڵگەیەکی بە هێز لە دەستدا نەبوو، لەبەرچاو نەگیرا.

لە کۆتایی قسەدا، دەبێ لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بارەوە یارمەتیان داوم سپاسوێژی بکەم، بەتایبەت لە ئاغایانی مەحموودی مونشی، دوکتور جەوادی برومەند و مورتەزای سەڕاف کە هەموو کارەکەیان بە وردی هەڵسەنگاند و ئەمنیان بە گەلێک نوکتە ڕێنوێنی کرد. هیوایە سپاسی من قەبوڵ بکەن.

**سەرچاوە:** جستاری چند در *فرهنگ ایران*، **مهرداد بهار**، تهران، زمستان ١٣٧٣، (ل ٢٦٧-٢٨٠).

# چەند هۆنراوەیەک

## ڕەفیق سابیر

### ژوان

رووت لە بەرامبەری خۆتدا
روخساری تریفەگرتووت ئاوێنەی تەنیایی
جەستەت کاتێ شەپۆلی زەمان هەڵدەبڕێ
ئەلبوومی رەنگەپاییزییەکان
هەنگاوەکانت، لە ناو وێرانەی شوێندا هاوڕازی دووریی
نیگا شپرزەکانیشت وێڵی قووڵایی.

رەگەکان لە تاریکیدا گەورە دەبن
تۆش لە تەنیاییدا.

ساتەکان بە لاتدا دەڕۆن و، دەزانی
عومری تۆ ساتێکە لە وەهم، دەزانی
لە نەبوون دەڤەرێک بۆ خەون چێدەکەیت
لە پەیڤ زەمانێک بۆ جوانی.

ئاسمان بە قووڵایی خۆیدا دەچێت
تۆش لەبەر شەوقی زیوینی مانگەشەودا
بە ناخی خۆتدا!

تینوو وەکو لاسکەگیایەک کە بە ڕووناکی خۆی دەشوا و
تینووتر دەبێت،
خەوبینەر وێنەی گەڵایەک کە بێباک لە چارەنووسی خۆی
بەرەو ژوانی پاییز دەچێت.

رووت لە بەردەم هەقیقەتدا
تەنیا و خەندان لە ژوانی ئەبەدییەتدا.

١٩٩٨

### تابلۆیەک

بەردەکان لەبەر باراندا نوستوون
شار لەناو شورە بەرزەکانیدا.

من بە ناو ورشەیەکی فێنکدا بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە
پێیەکانم بە تاریکیدا ڕۆدەچن،
بەتاڵی بێدار دەکەنەوە
شوێنەوارێک لەسەر جادە خەڵوزییەکە جێ دێڵن
گەواهی ونبوونە.

شەو بە دەروشانەوە نیگاری خۆی دەکێشێت
منیش بەزایەلەی پەیڤ تابلۆی بێدەنگی.

شار نووستوو لەبەر باراندا
ئارام لەناو دەروشانەوەی شەودا.
درەختێکی تەنیاش لە ڕۆخی جادەوە بۆم دەڕوانێت
گوێم لێیە بە چرپە لەگەڵ خۆی دەدوێت
هەست دەکەم بیر لە تەنیایی درێژترین شەو دەکاتەوە.

١٩٩٨

### ڕێشاندەر

ڕێکەوت یاری بە ئاگر و چارەنووس دەکات،
منیش وەک دڵۆپە شەونمێک تەنیا و چاوەڕێ
لە ڕەنگە شڵەژاوەکان ڕادەمێنم و
بۆ ریشاڵەکانی سەرەتا چاودەگێڕم، کە لە هەر کوێ جێمان
لە خۆم دەپرسم: بە چ پێشبینییەکەوە دەچینە ژوان؟
لە خۆم دەپرسم: ئەم غوربەت و لاسارییە لەکوێوە دێن کاتێک:
داهاتوو لە سەر ڕێی یەقین چاوەڕێ بێ.
سیمای سەرابی پەیڤەکان ئاوێنە بێ و
ڕێکەوت: قەدەر،
مردن ئاشناترین هاوەڵ بێ و
ژیان: ڕێشاندەر؟

١٩٨٨

### سەگوەر

سەگوەرە و سەگوەرە و سەگوەر
دەبێ ڕێکەوت بێ، یان قەدەر
کە شەوی حەشری سەگدڵان،
منی شەڵاڵی تریفە، بە تەنیا ڕێم گرتۆتە بەر؟
بەڕێوەم و ڕاستی بەهانەی سەفەرە

خەون خۆیناسا ڕێبەرە
کە من (وەک عەکسی قەمەر) بم
چ باکم حەپە و سەگوەڕە!

١٩٩٨

## گۆرانیی تەنیایی

١
دەڵێی ژوانێکە لەگەڵ نهێنی: ساتی تەنیایی،
پردی نێوانی ڕوونی و تاریکی
یان ورشەی کات و شوێنە تەنیایی.
٢
ڕێگاکان والا، شەو تریفەپۆش
منیش بەڕێوەم بە تەنیاییدا،
دارستانێکی تاریک لەسەر ڕێ
مانگ بۆم دەڕوانێ و
ئاسۆ چاوەڕێ.

٣
لە ناو ئاوێنەی ڕوونی تەنیایی من خۆم دەبینم؛
هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان
جەستەم خاڵێکی شینی کوتراوی سەر جەستەی شەوە
گیانم دڵۆپێک لە دەریای زەمان.

٤
دەڵێی نهێنی پێشم کەوتووە
بە تەنیاییدا بەرەو خۆم دەچم
شەو بۆم دەڕوانێت.
من نیم بە کپی لەگەڵ خۆی دەدوێت،
من نیم گۆرانیی تەنیایی دەچڕێت
بەڵکە تەنیایی دەمخوێنێتەوە،
من لە حزووردا چۆرێک ڕووناکیم
ژیان بە ورشەم دەدرەوشێتەوە.

٥
من دڵۆپێکم لە دەریای زەمان
هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان.

١٩٩٩

## خاکی سارد

الف. زاگرۆس

چ بووم
چۆنت دەویست بم
لە سەر خاکێ
کە ئاسمانەکەی هاژیم پێ ناکات
ئەستێرەکانی کرژ و سارد چاوم لێ دەکەن و
مانگ
ڕووم لێ دەگرێ
لە ژێر پەڵە هەورێکی چڵکنی نەگریس

ئەمن لێرەم
ـ لێرە
لە سەر خاکێ پام چەقاندووە
کە مردووەکان لە خۆ ئاگرێ و
زیندووەکان بە تەمای مەرگ
گاڵتە بە ڕۆژژمێرەکان دەکەن.

ـ ڕیشەکان پەشۆکاو
شینەکان سیس و کرووز
میوەکان لە سەر لقە لەرزۆکەکانیان
تاڵ دەبینم

چ بووم
چۆنت دەویست بم
خۆڵەمێشی یادێ
کە با
دەیبا تا دوور،
تا دوورەدەست
تا سەرزەوینی
پڕ لە مانگ و ئاسمان و ئەستێرە.

٩٩/٧/١٥

# له بەر دەم دیوارەکاندا

**سارا فەقێ خدر** (کوردستان ـ قەڵادزێ)

دیوارەکان[1] ئەستەمن
ناشتوانم لەو دیوی دیوارەکانەوە سەیرت بکەم
دووڕیانێکە
ژیانێکی ڕووکەش لە تەک دیوارەکان و
مەرگێکی دەستکرد و نەفرەت لێکراو
چاوەکانم مۆڵەق وەستاون
دەبێ بگەڕێمەوە
«هۆ کچەکە دەستت بدە دەستم
با ئەم دیوارە ژەنگاوییانە برووخێنین»[2]
لە دوای بیست ساڵ ووتم
هۆ کوڕەکە!
دەستت بدە دەستم با...
قاقایەکی گاڵتەئامێزی کێشا!
خستمیە قەفەزێکی وەهمی و ووتی
ئازادی و باڵ لێکبدە
چوار دەورم زیەڵێنی خەمە و پێمدەڵێ
ئازادی پێبکەنە
پۆشاکی ڕەشبینی مەپۆشە
شێعرێکی ناسک بنووسە
باسی پەنجەرەیەکی کراوە
لە کەناری دەریایەکی هێمن
باسی پەلکەزێڕینە و خەونە ئاوییەکان
دیوارەکان ئەستەمن
لە ساتەکانی لەزەتیشدا ناڕووخێن
خۆشەویستی ئیفلیج و پەیوەندی میکرۆباوی
لە تەکیاندا پاڵکەوتوون
لە تەک ئەم دیوارانەدا ڕووداوی سیحری دەقەومێن
عاشقێک مەعشووقەکەی دەکوژێ و
گوارەکانی بۆ سەفەر لێدەکاتەوە
پیرەمێردێک سەری ژنەکەی بە شەکرشکێن کەرت دەکا
لە تەنیشت دیوارێکدا پاڵکەوتبووم
بە سەر ڕۆژنامەکەدا خەوم لێکەوت
لە خەونمدا دەنگێک بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا
«یاخیبوونی مێیینەکانی مەملەکەتە»[3]
کارەساتێک لە ڕێدایە!
هەر مێ یە و ون دەبێ
تەوارەکان دەبنە بۆمب وەدەتەقنەوە

دەسگیرانی بولبولەکان دەڕۆنە دارستان ناگەڕێنەوە
گوڵە ژاکاوە بێڕەنگەکان، لە حەشمەتان دەوەرن
ئاسکە خۆشبەزەکان، بە چرکەیەک لە بەرچاو ون دەبن
ماکەوەکان، خەت و خاڵی گەردنیان دەسڕنەوە و دەفڕن
تاوسەکان، پەڕوباڵی ئەخشینیان دەکێشن
کچە چاو باشقاڵەکانی گوند...
کلچۆک و ئاوێنەکانی بەرباخەڵیان دەشکێنن و
هی شاریش جانتاکانیان لە ماکیاج بەتاڵ دەکەن
بێوەژنەکانی ئەنفال و کۆمەرگ
کراسە ڕەشەکانیان دڕاندووە و
بە بازاڕی کوتاڵفرۆشان وەربوون
لە قوماشی خاکی دەپرسن
دوو ڕۆژی تر هەتیوەکان جێدەهێڵن و دەڕۆن
بازازەکان فرمێسک و ئازونوز و سترێچ و حەریریان
هەراج کردووە و کەس لێیان ناکڕێ
متبەخەکان چۆڵن و
بۆنی خواردنی کولاو لە هیچ ماڵێکەوە نایە!
مەملەکەت چاوەڕوانی کارەساتە
مێیینەکان هەروا دەڕۆن و ون دەبن
سەرم هەڵێنا... چی ببینم!
کاروانێ لە تەواری خاکی، گوڵی خاکی
تاوسی خاکی، ماکەوی خاکی
لەگەڵ هەزاران هەزار، زەینەب و ژیلا و
لیسی و مالینی بەرگ خاکی
لە لوتکەوە دەهاتنە خوار
باران دایکرد
دیوارەکان خووسان و زەندۆڵیان تێکەوت
گوێم لە قرچەی دیوارەکەی پشت سەرم بوو
لە «خرمەی بەستەڵەکی» ژێر پێیان[4]
لەو "ئە"انەی لە گەروویان هەڵدەڕژا
ماڵە بێ دیوارەکان
وردە وردە پڕ بوون لە ڕۆشنایی و
دڵەکانیش لە خۆشەویستی.

١) دیوارەکان ناونیشانی شێعرێکی «شیرین. ک».
٢) دێڕە شێعرێکی «د. کەمال میراودەلی» یە.
٣) ناونیشانی کورتە چیرۆکێکی «نەجیبە ئەحمەد»ە.
٤) ناونیشانی شێعرێکی سارا و شێعرێکی «مەهاباد قەرەداغی»یە.

# هێژا حەمە سەعید حەسەن

و

# ساتیرە چیرۆکەکەی

**کوردان کەریم مەحمود**

من هەرگیز هێژا «حەمەسەعید حەسەن»م لە نزیکەوە نەبینیوە. من لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایک بووم و بەڕێزیان خەڵکی باشووری کوردستانن. ئەو شاعیر و نووسەرە و من شەیدا و گراوی شیعر و پەخشانم. قەڵەمی ئەو بەلایەنێکدا ڕەواقی هەستێکی ناسکی شاعیرانەی لێ دەتکێت و منیش ئەڤیندارانە دڵبەستەی هەستی ناسکی ئەو شاعیرانەم کە دەگەڵ یەک و دەگەڵ گەل بەزمانی گوڵ دێنە گۆ. ئەو لە توێی شیعردا دەنکی ئاونگی بێگەرد دەچێنێ و منیش تینووی جەستەخەستی ئەو شەونمانەم کە پەنجەی سیحرکاری شاعیران بە پۆی وەنەوشەی وشەی ڕەنگین دەیان چێنێ. ئەو خاوەن قەڵەمە و منیش ئۆگری قەڵەم و بەرهەمم. لەڕاستیدا ئەگەر پەریزادەی شیعر و پەخشان نەبوایە و من بەچەشنی (وەلی دێوانە) شەیدای ژوانگەی قەڵەم نەبوامایە، قەت ئەو مەودا و دەرفەتەم لەبۆ نەدەڕەخسا ڕێگە بە بەهەشتێک دا بەرم، کە لەناو مێرگ و گوڵشەنە دڵ بلاوێنەکەیدا گیانی مردوو لەسای گوڵانی زیندوو دەبێتەوە. بەهەشتێک کە ئەگەر شەیتانی دوژمنایەتی ڕێی پێدا نەبات و تۆوی دووبەرەکییەتی و یەکتر ڕەنجاندنی لێ نەڕوێت، لەوانەیە چارداغ و کەپر و سایەبانی ئێمەی کوردیش لەداهاتوودا بە گوڵ پەرداخ بێت.

چەند خۆشە هەرکە لە دەرگای گوڵزاری بەهەشتی وێژە و ئەدەبی کوردی هاتیتە ژوور، دەنگی شاعیران و قەڵەم بەدەستان بە پێشوازتەوە بێن و تێکڕا و بەیەک زمان و بە یەک ئاهەنگ باسی جوانی، ئاشتی، ئاوەدانی، برایەتی و بەرانبەری بکەن و هەر بەم وانە دڵگرانەش گەل و نەتەوەکەیانی پێ گۆش بکەن. چەند خۆشە لەو بەهەشتەدا قەڵەم وەک ماسی و گەل وەکی دەریا؛ دەریا ژینی ماسی دەستەبەر بکات و ماسیش ئاو بشڵەقێنێت و ئاو لە ڕاوستان و مانەوە و بۆگەن بوون بپارێزێت. لەو بەهەشتەدا چ دڵنەواز دەبێت ئەگەر قەڵەم وەک نامووسی خۆی کە هەیە، سەروەری و ئازادەگی و مەزنایەتیی پێسپێراوی خۆی بپارێزێت و لەبەرانبەر (ئەزبەنی)یەکاندا مل کەچ نەکات و نەبێتە پێنووسی پەنجەی ستەم. چ دڵنەواز دەبێت ئەگەر لەو بەهەشتەدا ڕوح بچووکی و کەم چیکڵدانەیی گۆڕ کرابێت و ڕەخنە کرابێتە ئاوی ژیان بۆ ژیانەوەیەکی نوێ. چ گیان بووژێنەرە ئەو بەهەشتە، کە (پەپوولە پاییزە)ی هێژا حەمەسەعید حەسەن، لە بەهەشتی هەمیشە بەهاری خەیاڵی مندا بەس بەسەر گەڵا و گوڵی گەل و نیشتمانەکەیدا بفڕێت و یادی کوردستان بکاتە وریگە و نارەی ناودەمی دایکە هەڵوەداکانی کورد بۆ گۆشکردنی جگەرگۆشەکانیان.

لەوێرانەی دەروونمدا
کوندەبەبوو هەڵکوڕماوە
لە هەواری هەناومدا
خەفەت ڕەشماڵی هەڵداوە،
چەقۆی ئازار
ماسی دڵی هەڵدڕیوم
......
**ئای گەلەکەم!**
تا دەست دەکەمەوە ملت
تا دێمەوە سایەی باڵات،
دووری لە تۆ
هەواڵێکی جەرگبڕە،
سەعاتی جاڕێ لە دەرگای دڵم دەدات

«پەپوولە پاییزە »ی حەمەسەعید حەسەن

ڕەنگە ئەگەر «نالی» بۆ شارەزوور و بۆ حەبیبە نەیگوتبایە، ئەگەر بلوێرەکەی «هێمن»ی فەیلەسووف زایەڵەی ناڵەی جودایی بە گوێی زەماندا نەچرپاندبایە، ئەگەر «هەژار» دەست و بردێ شنەبای زین نەکردبایە و بۆ گەڕانەوەی ناو گەل و خزم و خۆیی، جێی خۆی و خەیاڵەکەی لە هەیڤ دابین نەکرابایە، ئەگەر «بێکەس» هەموو وجوودی گڕی نەگرتبایە و سەرتابەپای نەبووبوایە بە هاوار، ئەگەر لەناو کالانەی چاوی «حەمەسەعید حەسەن» دا دەریای خەم قەتیس نەبووبوایە و بۆ گەڕانەوەی باوەشی گەل هاواری نەکردبایە، قەت هەزاران و میلیۆنان کورد لە کۆنەوە تا بە ئیمڕۆ، بۆ دیتنەوەی دایکی نیشتمانی ئازاد و سەربەست پردەبازی هومێدیان هەڵنەدەبەست. من لەڕێی قەڵەمەوە دایکی نیشتمان و چینە بندەست و هەناسەساردەکەیی خۆمم ناسکردووە. پەیام و ڕەمزی سەربەستیم لەشیعرە بەرزەکەی هێژا «برایم ئەحمەد»ەوە پێگەیشتووە. من و میلیۆنانی وەک من ئەگەر لە مەکتەب و مەدەرسەدا بەیەک فەلسەفە گەیشتووین، دەرسی مەکتەبمان لە بارەگای ئەو خاوەن کەرامەتانە وەرگرتووە، کە لەڕاستیدا هەر ئەوانن مێژوونووسانی بەوێژدانی گەل و نیشتمانەکەی خۆیان. نووسراوە و هۆنراوەکەی ئەوانە دەبێتە چەخماخەیەک بۆ لەدایکبوونی ستران، ستڕان لەیەک زەماندا بۆ هەموو زەمان و لەیەک مەکاندا بۆ هەموو مەکان ڕێگا هەڵدەبەستێ. ڕێگاکانیش لە بەردەمی هەنگاوی ئێمە و داهاتوواندا ئالایان بەرەو شوێنێک دەچێ، کە هەرکەس ئارەزوومەندە لە ئاخر سەفەری غەریبیشی دابێت، یەکدەم و بۆ ئاخرجار بە ئاو و گڵەکەی شاد بێتەوە. قەڵەمی هەموو ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە ئەم پەیامەیان پێیە، لەڕاستیدا ئالای شەکاوەی ئەو ڕێبازەن.

من هەرگیز بەڕێز «حەمەسەعید حەسەن»م لە نزیکەوە نەبینیوە. دیداری ئەو لەوانەیە بۆ من و بۆ گەلێ کەس هەرگیز دەست نەدات. بەلام قەڵەم سنوور ناناسێت و هیچ بەرهەڵستێک ناتوانێ بەری ڕێگای پێ بگرێت. بەرهەمەکان سنوور دەبڕن و لەکتێبخانەی کوردیدا جێ دەکەنەوە. بەلام خۆش ئەوە بوو بەرهەمەکان، بەتایبەت بەرهەمی ڕەخنە و ڕەخنەکاری، بەر لە بلاو بوونەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەلای خاوەن بەرهەمەکانیانەوە مابانەوە و بۆ بلاو بوونەوە هیچ پەلەیەکیان لێ نەکرابایە. چونکە قەڵەم بەدەستەکان کە شازترین و سەرووترینی سەروەرانی گەل و نیشتمانی

**❑ ئەو(ئەنفال)ەی کەوا بەڕێزیان لایەنە گەشەکەی لەکوردستاندا بینیوە و لە ساتیرەچیرۆکەکەیدا باسی کردووە، فاشیزمەکەی بەغداش هەر بینیویێتی و لە بینینی بەرهەمی ئەنفال، شەکر و ڕۆن و گەزۆی لەدڵدا تواوەتەوە. چونکە هەر نەک دەفتەری شیعری کێوەڕەشی و هی ئەوانی تر، بەڵکە دەفتەری شەرەف و نامووسی کوردیشی تێدا ئەتک کراوە**

خۆیانن، نووسینەکانیان دەبێ و دەبێ ئاوی ژیان و هەتوانی زام و زەخمەکانمان بن و، هەرگیز خۆ لەو بوارە نەدەن کە بۆمان بێ خێرە و ئەوەی کە دوژمن لێی کردووین و پێی کردووین، خۆمان پیستر و خراپترەکەی بە سەر خۆمان بێنین. وەیش کە ئازاری ڕمبی قەڵەمی دژبەیەکی نووسەرانمان چیها و چەندەها جەرگبڕ و بەژان و ماڵوێرانکەرەیە! هاوار و سەت هاوار، ئەگەر ڕەخنەگرتنی قەڵەم بەدەستەکانمان وەکی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنەکانی باشووری ولاتمانی لێ بێت و جوێن و سووکایەتی و بوختان لەگۆڕەپانی سیاسەتی عەشیرەتی بخزێتە ناو ماڵ و، منداڵ و دایک و خوشکەکانمان لە ئەوپەڕی بێ گوناهییەوە بکەونە بەر تۆپی تەشەر و تانە؛ ئەودەم ئیتر بەم ڕاستییە تاڵە دا دەکەوین کە لە چارەڕەشیمان،(بۆگەنە خوێ). بۆمان دەردەکەوێت کە (دەرمان)ی دەردەکانمان و پێغەمبەرانی مێژوونووسیشمان تووشی خۆرکە هاتوون و بەرەو ڕزین و گەندەڵچوون دەچن.

ئەرێ بۆ حەوت پشتمان بەس نییە کە ئەستێرەیەکی ئاسمانی وێژە و ئەدەبمان هەڵ بکوتێتە سەر «مەستوورە»یەکی کوردستانی و بە شیعری ناڕەوا، هەورێکی تاریک بکێشێتە سەر ڕوخساری ئاسمانەکەی و، پەژارەیش بخاتە ناو دڵی کەشکۆڵی وێژە و ئەدەبمانەوە؟! ئەرێ بێبەختی بەس نییە کە شاسوارێکی وێژە و ئەدەبمان لە پێشەکیی ئاخر پاشەرۆکی خۆیدا، بەرگ و بەری ئازایەتی و ئازادەگی و کەرامەت لەبەر خۆی دابڕنێت و خۆی بە نۆکەری کەسێک و خۆشخوانی بارەگایەک بناسێنێت و دوایی بەهەموو شت بێنێت؟! ئەرێ جێی داخ و مخابن نییە بۆ گەل و نیشتمان، کە نووسەر و شاعیرەکەمان بەپیرانەسەریش واز لە ڕێباز گۆڕین نەهێنێت و هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە فووی دەم لە ئاگرێک بکات؟!

من ئەگەرچی قەت هێژا «حەمە سەعید حەسەن»م لەنزیکەوە نەدیتووە، بەلام کەمتاکورتێک نووسراوەکانیم بینیون و لایەنێکی بەرهەمەکانی بۆمن گۆچانی دەست بوون و لە دارە دارەی ئەدەبیمدا قایمگیرم بوون. گۆڤارەکەی ــ **خەرمانە**ــ لە ئاسمانی کەم ئەستێرەی ئەدەبییاتی کوردیدا باش و گەش درەوشایەوە، بەلام بەداخەوە وەکی زۆربەی ئەستێرەکانی دەرەوەی ولاتمان کەم درەوشی و زوو داکشا و ڕۆیی.

ساتیرەچیرۆکەکەی ــ کە مەبەستی باسمانە ــ و بەڕێزیان هەر بەس دوو بەرگی بۆ ناردووم، خەمێکی قورس و گرانی لێدیارە؛ خەمێک کە لە کانگا و سەرچاوەی کەم چیکلدانەیی و دڵناسکی نووسەرەکەی هەڵدەستێت و هەر دەقاودەق لە دڵی خوێنەری نووسراوەکەش دەنیشێت و دەبێتە مایەی ناهومێدی. ساتیرەچیرۆکی هێژا حەمەسەعید حەسەن، کە لەڕاستیدا دەبێ وەڵامی ئەو ڕەخنە ئەدەبییە بێت کە بەڕێز مامۆستا گۆران قەرەداغی لەژێر ناوی: «لەپیناوی پارێزگاری نۆرمە شارستانییەکان لەنووسیندا» نووسیویێتی و لە **گزنیگ**ی ژمارە ۲۲دا بڵاو کراوەتەوە. من نووسراوەی هەردوو نووسەر و شاعیری ناوبراوم خوێندۆتەوە، بەلام هەرگیز ئەم توانایییە لەخۆمدا نابینم کە بۆ بەراوەردکردن و پێکەوە هەڵسەنگاندنیان هەستم. تەنانەت قەڵەم لە نووسینەوەی کۆپلەکانی ساتیرەچیرۆکیش دەپارێزم و یەکیان نەبێت، هەرهیچیان نادەمە بەر نیگای قەڵەم.

من وەک خوێنەرێک بۆم هەیە هەربەس ئەم پرسیارە لەخۆم بکەم و بڵێم، ئەرێ هەیاران، لەبارەگای مێشکی حەمە سەعید حەسەن دا، ڕەحمان کێوەڕەشی و دەفتەری شیعرەکەی بۆچ دەبێ ئەوەندە دین دووژمن و بۆچ دەبێ هێندە دژ بە خودا و دین و میللەت بن، کە شاعیری (پەپوولەپاییزە)مان و سەرنووسەری گۆڤاری (خەرمانە)مان بەچەشنێک قەڵس و تووڕە بکات، کە تەنانەت زمان بۆ لایەنی گەشی (ئەنفال)یش بکاتەوە و بڵێ : «ڕەنگە لایەنی گەشی ئەنفال ئەوە بێ، گەلی کوردی لەو دەفتەرە و لە گەلێ دەفتەرە شیعری لاوازی دیکە ڕزگار کرد.»

هەرشتێک کە لایەنێکی گەشی هەبێت، دەبێ بەدوای چەند لایەنی گەشی دیکەشی دابگەڕێیت و لەوانەیە لایەنەکانی تریشی بۆرە گەشایەتی و باشایەتییەکیان تێدا هەبێت. هێژا حەمەسەعید حەسەن دەبوو ئەمەشی لەبیر نەچێت کە، ئەو (**ئەنفال**)ەی کەوا بەڕێزیان لایەنە گەشەکەی لەکوردستاندا بینیوە و لە ساتیرەچیرۆکەکەیدا باسی کردووە، فاشیزمەکەی بەغداش هەر بینیویێتی و لە بینینی بەرهەمی ئەنفال، شەکر و ڕۆن و گەزۆی لەدڵدا تواوەتەوە. چونکە هەر نەک دەفتەری شیعری کێوەڕەشی و هی ئەوانی تر، بەڵکە دەفتەری شەرەف و نامووسی کوردیشی تێدا ئەتک کراوە. لە (ئەنفال)دا کچانی ئێمەی تێداچوو، بەرخی نێرمانی تێدا بێ سەر و شوێن کرا، پیری بەساڵاچوومانی تێدا چوو، زارۆکی بەرمەمکانەمان و دایکی سنیگ پڕلە شیرمانی تێدا چوو. بەلام فاشیزم بەم ئەنفالە حەسایەوە. ئەنفال، شەڕابێکی دوای ماندوو بوون بوو کە بە ڕەگۆڵانی دا گەڕا و حەساندییەوە. زگ و خوار زگی سەربازانی خۆی لە خوێنی هەناری نەوڕەس و شلکە ساوای کچەکورد سوور کرد.

خۆزگە هێژا حەمە سەعید حەسەن بەرلە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە، ڕووی پرسیاری لە گەلی کوردستانی کاولکراو بکردایە و بیگوتبایە، ئەرێ ئێوەش دەگەڵمن کە خوا شوکور ئەنفال هات و ئێوەی لە شەڕی دەفتەری شیعری کێوەڕەشی و چەند لاوازە شاعیری تر ڕزگار کرد؟ ئەنفالێک کە خەمبارترین تراژیدیای هەموو دیرۆکی ئینسانە و حەیای مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیار؛ کوا کەی بۆ ئێمەی کورد گۆیا لایەنی ئەوەندە گەشی هەبووە کە بەڕێز حەمەسەعید بێپەردە بوێرێت باسی لێبکات و لە مێژووش نەترسێت! من پێموایە ئەگەر کورد ولاتی سەربەخۆی هەبوایە و، بەو مەرجە ولاتەکەی پەترۆڵی هەبوایە، ئەمەریکا لەو سەری جیهانەوە سەری بۆ لەقوڕ دەگرتین و بە هیمدادمانەوە دەهات. بەلام چ کەردەن کە کورد پەتاتەشی نییە، بۆیە زۆرجاران وەک کوللە بۆمان هەڵدەستن و بۆمان دێن، بەلام بەبێ ئەوەی خشتێک لەسەر بەردێک بترازێنن، گێزەری ئەستووری گرێدارمان لەپاشەوە پێ هەڵدەگرن و جێمان دەهێڵن و دەڕۆنەوە.

ڕەحمان تەپەڕەشی بەجەهەنەم! ڕەنگ بوو ئەگەر هێژا حەمەسەعید حەسەن پلە و پایەی قەڵەمەکەی لەئاسمانەوە نەخستبایە خوارەوە و بیرێکی لە ئەنفال و هەڵەبجە و کۆچ و ڕەوی نێوان سێ سنووران بکردایە و هەموو ئەتک و سووکایەتییەکانی سەر ئەو گەلە حاشالێکراوەی دابایە بەر نیگای قەڵەم، هەروەک چیرۆکە بەرزەکەی هێژا «کاکەوەیس»، دەیان و سەدان چیرۆکی ئەوتۆی لەسەر ئەو بویەرانە دەنووسی، کە مێژووی وێژە و ئەدەبی هەموو جیهانی هێنابایە هەژین و لەرزین.

کەس نەزانێ، هێژا حەمەسەعید حەسەن دەزانێ کە گەلەکەی چەندە هەژار و چیها دەردەدار و چقاس خاکەسارە. هەژاری و دەردەدارییەکانیش لە مێژووی ژیانماندا وەک دووانەیەکیان لێهاتووە؛ دەگەڵمان لەدایک دەبن، پێکەوە نێوکمان دەبڕدرێت و هەتاهەین، چەلێ ناچارین بەکۆڵمانیان

دادەین و لە هەموو مەنزڵگەکانی ژیانماندا دەبێ دەگەڵ خۆمانیان بەرین.
لە کۆنە چیرۆکەکاندا خوێندبوومانەوە کە گەرۆکێکی کۆچەری هەردانگەڕ، بەناوی (سەلیم جەوهەری)، لە بیابانێکدا تووشی پیرەپیاوێکی پەککەوتەی لە قاچ کەوتووی لەکاروان جێماو دێت. سەلیم لە ڕووی نەزانینەوە و لە ڕێی بەزەییەوە پیری کەفتەکار بەکۆڵ دا دەدات و بۆ گەیشتن بە ئاو و ئاوەدانییەک بیابان دەکوتێ و هەتا لێرەوارێکی پڕدار و درەخت لە کۆڵ دای نابەزێنێت. بەڵام هەرکە دەگاتە ژێر دارستان و سەر ئاو و کانی و، هەرکە دەخوازێت بار لەشان دابەزێنێت؛ ناتوانێت. چونکە پیرەپیاوەکە وەک هەشت پایەکی جلە ئاسا، ڕەگ و ڕیشاڵی پێ و پەلانی لە گیرگەی سەلیم گیر کردووە و عەیبە گوتەنی، بە شان و ملی بارەبەرەکەیەوە ڕواوە. لە کۆنەچیرۆکی (سەلیم جەوهەری) دا، ئەو جانەوەرە ئەفسانەییە «دوالپێ»ی ناوە. بەڵام جانەوەری سەر شان و ملی ئێمەی کورد لەم ڕۆژگارەدا نە(دوالپێ)ی ئەفسانەیی یە و نەسازکراوی مێشک و ئەندێشی کۆن و کەونارانیشە، بەڵکە لە جیهانی ڕاستەکی و ڕاسەقینە و، هەر لە سەرەتای یەکەمین شەوی دەوری کۆلۆنیالیزم و هەوالبەندەکەی ئەو، کە نەزانین بێ، ئەو (دوالپێ)یە بەکۆڵمان دا دراوە و ناگوزیرین چەلێ بارەبەری هەوسارلەملی بین و تامی زام و زەخم و سووکایەتییەکانیشی بچێژین.
هێژا حەمەسەعید حەسەن ئەمانە دەزانێت و توانای هەیە بە قەڵەمە بەتواناکەی دەگژ دوالپێی سەرشان و پیلمان ڕۆبێت و قاچ و قولانی بپەڕێنێت، بەڵام نای کات و لەجێی ئەو، شەڕی خۆمان دەکات و بە تەوری تیژی وشە، قاچ و قولی خۆمان دەپەڕێنێت. بۆم هەیە لێیان بپرسم، ئەرێ کزیی قەڵەمی من بۆ ئێوەی بەڕێز دین دوژمن ترە، یان خێو و خوداوەندەکانی ستەمگەری سەر گۆی زەوی کە دەیبڕن و دەیدروون و دەبەرمانی دەکەن؟! ئایا چوار کوردستانخۆرە ڕەگەزپەرستەکانی سەر تەوقی سەرمان قورساییان گرانترە، یان ڕەخنەگرتنێک لە بەرهەمی تۆ؟! ئەرێ کەڵەگا سەپاوەکانی سەر باغ و بێستانی سیاسەتی ولاتمان مێشک خۆرتر و ئێسک کرۆژترن، یان بۆچوونی من لەسەر نووسراوەیەکی حەمەسەعید؟! باغ و بێستانێکی کە ئەوا نزیک بەسەت ساڵە بەخوێن ئاوەدێری دەکەین و هەرگیز بەر ناگرێت! بیلانی یەک سەدەی ڕابوردووی سیاسەتەکانمان ئەگەر لە قەڵەم بدەین و سەری خۆمانیان تێدا بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەیهات و هەی هاوار، ئەم باغ و بێستانە چەندە بێ پاوان و چیها بێ پەرژینە. ئەگەر خوێنی دارژاوی سەرجەمی شەهیدەکانی ئەم سەدساڵەی تێکۆشانمان کۆ کەینەوە و لە جێی ئاوی (گۆلی وان)، خوێنی شەهیدانمانی تێکەین؛ خوێن سەردەکات و بەرەو (گۆلی ورمێ) لووزەو دەبەستێت و هەر بەچەشنی دوو سوورە مەمکی یەکجار زۆر مەزن، لەسەر پشتی گۆی مانگەوە، بەسەر سینگی دایکی نیشتمانەکەمانەوە دەبینرێت. ئەدی کاکە، بۆچ نانووسی کە خێوەکانی سەر ئەم باغ و بێستانە هەژارە هەتا کەی لێمانیان دەوێ داری ئازادی بەخوێن ئاو بدەین؟!
هێژاگیان، ئەگەر قەڵەم دوژمنی قەڵەم بێ، لەم هەژارخانەیەدا هەمیشە و هەموو دەم، هەزاران کەلاوە بە فلس و قرۆش و قرانێک دەبێ و، هەموو قەڵەم دوژمنەکان دەتوانن بەلاش و بەخۆڕایی لەم هێلانە کاولکراوانەدا ستار بگرن. سوڵتان سەلیمی عوسمانلی، لە شەڕی خۆبەخۆی میرانی کورد دا شەکری لەدڵدا دەتوایەوە و دەیگوت: «لێبگەڕێن با لە نێو پەخشە و مێش و تەپۆکاندا شەڕ هەر بەردەوام بێت و ئێمە بە ئارامی و ئەهوەنی لێی برازێین و خەومان لێ بکەوێت». شەڕە قەڵەمی نووسەرەکانمان ڕێی دەستی چەتەکانی جیهانی بۆ تاڵانی ولاتمان ئاواڵە و ئازاد دەهێڵێتەوە، خەستەخەوی داگیرکەرانمان شیرینتر دەکات و سەوداگەرانی خوێن و فرمێسکی ناوخۆییشمان دەست ئاواڵەتر و بەتواناتر دەکات.
نووسەری چیرۆک، لە لایەنە گەشەکەی ئەنفالەوە ڕوودەکاتە ناو خاو و خێزانێک، کە لەوانەیە سەر و سەردەمێک ژنە میهرەبانەکەی هەر ئەو ماڵە، بە ڕوویەکی گەشەوە چایی بۆ هێژا حەمەسەعید ساز کردبێت و بە«کاکە»ی بانگ کردبێت. کەنیشکی هەر ئەو ماڵە، چایی لەبەر دەمی دانابێت و پڕ بەدەم بانگی کردبێت «مامە!» پیاوی ماڵەکە پرێسکەی دڵی لەلا کردبێتەوە و خەمێکی کە بەلای کەسەوە نەی درکاندبێت، بێپەردە بەلای خەمخۆرەکەویەوە گوتبێتی و چارەی دەردەکانی لەو خواستبێت. هەر بۆیە پێموایە بۆم هەیە بڵێم کە: هەی کێوەڕەشی، خانەی باوکت کاول بێ کە لە ناوی (ڕەحمان) دڵزار بوویت و گۆڕیت بەگۆران؛ هەی تورکانی تووڕی بەدفەڕ، ماڵتان کاول و بابەکانتان گۆڕبەگۆڕ بچن، کە گەلێ گوند و شار و چیا و چۆڵی کوردستانتان بە تورکی ناوەدێر کرد، ئەگینا هێژا حەمەسەعید حەسەن زەحمەتی ئەوەی نەدەکەوتە بەر، کە (قەرەداغ) بکاتە کێوەڕەشی و ساتیرەچیرۆکی لێ چێ بکات. بەڵام هەرچی بێ و هەرچۆنێکی بێ، هێژا گۆران قەرداغی شاعیر و نووسەرە و بێ حورمەتی بەو، بێ حورمەتی بە قەڵەم و بە وشەیە.

**هێژا، حەمەسەعید حەسەن!**

شاعیر و نووسەرەکانمان، کە مێژوونووسانی بەویژدانی گەلەکەمانن، دەبێ حاڵ و گوزەرانی ئێمە باش بزانن. دەبێ باش ئاگادار بن، ئەوانەی کە لەدەرەوەی ولات دەژین، وەک دانەوێڵەی نێوان دوو بەرداشی گران وگڕ، لە بەرێکەوە دەبێ بۆ ژوور بسووتێن و لەلایەکی ترەوە دەبێ دەگەڵ دەردی دەربەدەریش بسازن و ئاگایان لە یەکتریش بێ کە توخم و تۆویان بە فەرهەنگ و کولتووری دەرەکی ژەنگ هەڵنەگرێت. ئەوانەی کە لە ناوەوەی ولاتیشن، هەژارن، بێ ئەنوان، لەیەکیش دابڕاون و تۆوی دوژمنایەتیشیان لەنێو دا چێنراوە. جاران ئەگەر چوار پارچە بووین، هەر ئێستاکە پێنج پارچەین و ئەگەر خوداش لەئاسمانەو بێتە خوار و بخوازێ بمانکاتەوە چوار، هەتا ئێوە یەک نەگرن و بە تەوژمی بەتوانای وشەی یەککگرتووتان ئاوی دەریاکە نەشڵەقێنن، خوداش ناتوانێت پێنجمان لە بۆ بکاتەوە چوار. خەڵکی دەر و ژووری ولات دەتوانن زرێیەکی پڕ شەپۆلی بەسام بن، بەو مەرج و شەرتە، کە ئەگەر تەوژمی بایەکی بەهێزیان بەسەردا بخوشێت. زرێ و دەریاکە هەیە و چاوەڕوانی بوونی تەوژمی ڕەشەبای یەککگرتووی ئێوەیە.

**هێژای بەڕێز!**

لە ساتیرەچیرۆکەکەتاندا بڕیارتان داوە کە هەتا ئاخر ڕۆژەکانی سەدەی کۆن، لە نووسین و دەرکردنی ئەم زەنجیرە چیرۆکە بەردەوام بمێننەوە؛ منیش بێ سەبرانە هەر بەو هیوایەم، بەڵام بەو هیوایە کە بەند و بەستەڵەکەکانی ڕابوردوو بشکێنیت و ڕوو بە هەموو نووسەران و شاعیرانی گەلەکەمان ببیتەوە و پاش سڵاو و ماچ و باوەشێکی گەرمی کوردانە، پێکەوە و دەست لەناو دەست، وزە و هێزی قەڵەمەکانتان تێکەڵ بە یەک بکەن و بە یەک هەڵمەت، دەریای لەمێژ وەستاوی گەلمان بۆ بشڵەقێنن.
لە ئاخر مەنزڵی وتەکانم دا بۆم هەیە بڵێم کە هێژایان فەرهاد شاکەلی، حەمەسەعید حەسەن، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵلاپەشێو، شێرکۆ بێکەس، گۆران قەرەداغی، کاکەوەیس و هەموو قەڵەم بەدەستەکانی گەلەکەمان مێژوونووسانی گەلەکەمانن؛ گەر ئەوان یەککگرتوو بن، هومێدی هەستانی تۆفانی گەلمان هەیە و دەکرێ بڵێین هەموو شتێکین؛ گەر ئەو نەبێت، ئیتر هیچ و لە هیچیش ژێراترین.

به ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە ــ کوردان کەریم مەحمود ٩٩/٧/١٤

# ساتیرە چیرۆک یان وڕێنەی پیاوێکی نەخۆش

**گۆران قەرەداغی**

*جوامێری، وەک زانیاری بە گەورەیی بەدەستناهێنرێ، دەبێ مرۆڤ بە شیری فێری بووبێ.*

لە ژمارە ٢٢ ی گۆڤاری "گزینگ "دا وتارێکم بە ناوی (لە پێناوی پارێزگاری نۆرمە شارستانییەکان لە نووسیندا) بڵاوکردەوە، کە بریتی بوو لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمیاندا بە گشتی لەو دیاردە دزێوانە دەدوێم کە بارودۆخی چەندین ساڵەی شەڕ بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە سەر کوردستانیدا سەپاندووە. باسی ئەوەش دەکەم چۆن ئەو دیاردە نارەسەنانە دزەیان کردۆتە ناو مەیدانی ئەدەب و رۆشنبیریشەوە. هانا بۆ ئەدیب و نووسەر و رۆژنامەوانان دەبەم، کە هەر هیچ نەبێ لە ئەوروپا، رۆڵێک ببینن و رێگە نەدەن ئەو مەیدانەش وەک ئەوانی دی ببێتە مەکۆی شەڕەجنێو و تۆڵەسەندنەوە و شەڕی کۆنە قین. لە بەشی دووەمی وتارەکەمدا هەندێ نموونەی دیاریکراو و گومانهەڵنەگر، لە چەند نووسینێکەوە دەهێنمەوە و دەیاندەمە بەر تیشکی رەخنەیەکی ـ بەلای خۆمەوە ـ بونیاتنەرانە. بە باش دەڵێم باش و بە خراپیش خراپ. لە بەر ئەوەی نامیلکەکەی حەمەسەعید حەسەن (بەدەم چاوەڕوانی نیشتنەوەی شاعیرێکی بەرزەفڕەوە) لێوانلێو بوو لە بوختان و تۆمەت و نائۆبژێکتیڤی، بە پێویستم زانی کە پەلی هەندێ نووسین و بۆچوونی خودی حەمەسەعید خۆی ـ کە هێشتا مەرەکەبی نووسینەکانیان وشک نەبووبوونەوە ـ بگرم و بۆ سەلماندنی نائۆبژێکتیڤی ئەو، بیانهێنمە حزووری خوێنەران.

ئیدی کابە کەچ بوو! حەمەسەعید ـ یکی هێندە لە خۆڕازی، کە بە هەق و ناهەق ـ شەل و کوێرم ناپارێزم ـ بە هەر چوارلادا قەڵەم دەوەشێنێ، چۆن دەبێ رەخنەی لێ بگیرێ و سەرباری ویش فەرمایشتەکانی خۆیشی بەسەرەوە بکرێ بە شایەت! خوێنەری هێژا.. حەمەسەعید حەسەن ـ ی بەناو لایەنگری دادوەری و دوژمنی زوڵموزۆر، لە هەمبەری رەخنەکەی مندا تووشی هیستیریا دەبێ و دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا! دوو مانگی رەبەق خەو و خۆراکی لێ دەبێتە ژاری مار، لەسەر دەم خۆی دەدا بە زەویدا و لەبری وەڵامدانەوە و بەرگری لە خۆکردن لە چوارچێوەی باسەکەدا، بەناوی ئەدەبی ساتیرە چیرۆکەوە شەش دانە "بۆختانە چیرۆک "م بۆ دەهۆنێتەوە، تیایاندا ناجوامێرانە پەلاماری نەک هەر خودی خۆم، بەڵکە ژن و منداڵەکانیشم و کۆمەڵێ خەڵکی تریش دەدا. بۆ ئەوەی خوێنەرانیش بە هەڵەدا بەرێ و هۆکاری دەستدرێژییەکانی بشارێتەوە، لە هیچ کامێک لەو شەش "بوختانە چیرۆکەدا" ناوی وتارەکەم لە کوولەکەی تەڕیشدا ناهێنێ. من کە ٢٠ ساڵە، هەم لە بەر ئەوەی خۆم بە شایستەی ناوێکی کوردی زانیوە و هەم لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو دەمە ناوی خۆم کردۆتە گۆران لەبری عەبدولرەحمان، کە مافێکی زۆر سادەی خۆمە، ئەو لە بوختانە وتارەکانیدا خۆم بە « رەحمان» و نازناوەکەشم « قەرەداغی» ، بە سیاچیایی و کێوەڕەشی و رەشەشاخی و قەرەتەپەیی و قەرەخەرمان و مۆنتێنێگرۆیی ناودەبا. پێی وایە دەتوانێ کڵاو لەسەر خوێنەران دانێ و بە خشکەیی شەش کڵافە دەزووی قرچۆکی تۆمەت و بوختانیان بە گوریسی دیلانێی سەیرانگەی ئەدەب، بەسەردا ساغبکاتەوە.

پێدەچێ رەخنەکەم دەرگا و پەنجەرەی تەواوی خانەکانی مێشکی ئەو پیاوەی لە گرێژەنە بردبێ، کە هەرگیز مەبەستی من نەبووە. من دەمویست رەخنەکەم کەمێک دەرگا و پەنجەرەکان تەنیا بۆ هەوای نوێ و خاوێن بکاتەوە و هیچی دی. من لەو کەسانە نیم چێژی خۆشیی لە ئازاردانی خەڵکیدا دەبینن. لەم رووەوە زۆر بەڕاستمە کە دەڵێم بەزەییم بە حەمەسەعید ـ دا دێتەوە. هەر لەو "بابی"بەزەییەشەوە بەنیازنەبووم وەڵامی بدەمەوە و حەمەسەعید هێندەی دی قوشقی ببێ و ژیانیش لە ماڵ و منداڵی ناخۆشتربکا، بەڵام پاشان گەیشتمە ئەوەی کە دەبێ وتارێک، نەک وەک وەڵام بۆ ئەو، بەڵکە وەک ئاگاداری و روونکردنەوەیەک، لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە بڵاوبکەمەوە:

یەکەم ـ رەنگە تاک و تەرا هەبن نەچێ بە ئەقڵیاندا کە تەواوی "بوختانە چیرۆکەکانی"حەمەسەعید، بوختانی بێ چەندوچوونن، بۆ خوێی چێشتیش راستییان تێدا نین. جگە لە رەخنە وتارەکەشم گوناهێکی دیم نییە و هیچ بیانوویەکی تری بە دەستەوە نییە، بۆ ئەو هەموو هێرشە نارەوایانەی کە گشت سنوورێکی ئەدەبی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتیان بەزاندوون. دووەم ـ ناساندنی حەمەسەعید بە دەور و بەرەکەی، بە برادەر و ناسیاوەکانی، بەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە ژێر ناوی ئازادی بیروڕادەربڕیندا «خەرمانە» یەک لە ناشیرینترین شێوەی دەستدرێژییان، بێ سڵەمینەوە لە هیچ دابونەریتێک، بۆ بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت ناساندنی بە ئەندامانی خێزانەکەی و خستنەڕووی وێنەیەکی راستەقینەی دیوی ناوەوەی ئەو پیاوە، بۆ ئەوەی کەس بە قسە قەبە و هاشەوهووشە پرینسیپییەکانی، بە لافوگەزافە چەپخوازی و پێشکەوتووخوازییەکانی، دەستخەڕۆ نەبێ، بۆ ئەوەی ئیدی گومانێک لەوەدا نەمێنێ کە ئەو هیچ پێودانێک ناخوێنێتەوە، وەک مینێکی نهێنگر و بێنامان لە سەرەڕێگای هەمووماندا خۆی مەڵاسداوە.

تکا لەو خوێنەرانە دەکەم کە راستی، یان ناڕاستی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەمیان مەبەستە، چاوێک بەوتارەکەی ژمارەی ٢٣ ی"گزینگ "مدا بخشێننەوە، ئەنجا شەش "بوختانە چیرۆکەکەی "حەمەسەعید حەسەن بخوێننەوە، کە جێگەی داخە هەریەکەیان وەک لەکەیەک بە تەوێڵی گۆڤارێک یان رۆژنامەیەکی کوردی ئەورووپاییەوە زەق دیارە. هەر خوێنەرێکیش بوختانە چیرۆکەکانی دی وەگیرنەکەوت، با بەهۆی گۆڤاری "گزینگ "ەوە پەیوەندیم لەگەڵدا بکات، تا بۆخۆم کۆپییەیەکیان بنێرمە خزمەت.

حەمەسەعید حەسەن پێنج لەو شەش ـ بە قسەی خۆی ـ ساتیرە

چیرۆکانەی لە نامیلکەیەکی ١٨ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی « گەڕان لە دووی سەروا» بلاوکردۆتەوە. دواتر هەندێکیانیشی لە چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکدا بلاوکردۆتەوە. من بەپێی ریزی نامیلکەکە ناونووسیان دەکەم: "وتوویژ" لە ژمارە ٢٣ ی "گزینگ "یشدا بلاوبۆتەوە، "خەم و شیعر" لە ژمارە ١٥ ی رۆژنامەی "پەیام"یشدا بلاوبۆتەوە، "دال و نوقتە "، "گەڕان لە دووی سەروا" کە هەم لە ژمارە ١٥ ی رۆژنامەی "پەیام "و هەم لە ژمارە ٢٠ ی بلاوکراوەی "چراخان "و هەم لە ژمارەی ١٠ ی رۆژنامەی "کوردستان "یشدا بلاوکراوەتەوە، "شاعیری گۆڕستان "و ئەنجا بوختاننامەی شەشەمی کە ناوی "گەڕان لە دووی ژن "ی لێناوە و خستوویەتییە تەک دوو نووسینی تری و لە نامیلکەیەکی دیدا بە ناوی "ژن و سولتان "ەوە بلاویکردۆتەوە. ئەمەشیانی لە ژمارە ١١١ ی گۆڤاری "بەربانگ "ی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردییەکانی سویددا بۆ بلاوکراوەتەوە.

گەر بمەوێ بە تێروتەسەلی لەو دەستدرێژییە ناڕەوایانەی حەمەسەعید بکۆلمەوە و رستە بە رستە و پەرەگراف بە پەرەگراف، بە سەلماندنەوە بیانبەمەوە سەر قوتابخانەی کولتووری **"لاکۆلان"**، ئەوا زۆری پێدەوێ و لە گۆڤار و رۆژنامەدا جێی نابێتەوە. بۆیە تەنیا ئەو رستە و پەرەگرافانە دەگرم کە هاسانتر و روونتر کرۆکی قێزەومەند و گەندەلی حەمەسەعید دەدەن بەدەستەوە.

لە تەمەنی ١٦ـ١٧ سالییەوە دەستم داوەتە شیعر نووسین، هەندێ لەو شیعرانەی ئەو دەمەشم ماون. وەلێ پتر بایەخم بە خەباتی سیاسی دەدا. لە ریزەکانی پارتی دێموکرات و یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانی ئەو سەردەمەدا، چالاکانە کارم دەکرد. بابم لە ریزەکانی پارتی و پێشمەرگەدا لە ناوچەی قەرەداغ رۆلێکی بەرچاوی هەبوو. زۆربەی کاتی پشووەکانی قوتابخانە، لە شارەوە پێ دزەم دەکرد و بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرکانەی دەخرانە ئەستۆم، خۆم دەگەیانە بنکەکانی پێشمەرگە لە شاخ. تادەهات ئەرکە نیشتیمانییەکانم زیادیان دەکرد و منیش لەسەر حیسابی شیعر ئەنجامم دەدان. ئەو دەمە حەمەسەحید وەک هاوبیرەکانی بە پێشمەرگەی دەوت **(چەتە و رێگر)** و بێخەم شیعری دەنووسی. منیش ناو بە ناو شیعرێکم دەنووسی، وەلێ من وەک ئەو خۆم بە شاعیر نەدەزانی.

لە سالی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ دا لە ریزەکانی کۆمەلەدا دۆستایەتیم لە گەل نووسەرێکدا پەیداکرد و وردە وردە باسی شیعرەکانی خۆم بۆ کرد و پیشانمدا. ئەو برادەرە کە زیاتر بە رەخنەی ئەدەبییەوە خەریک بوو، شیعرەکانمی لا جوان بوون و زۆر هانی بەردەوامبوونی لەسەر شیعرنووسین دەدام. من هەر وەک جاران لەسەر ناوبەناو شیعرنووسینەکەی خۆم دەڕۆیشتم، وەلێ ئیدی کەم کەم بلاومدەکردنەوە. رەنگە هاندانی ئەو برادەرەم نەبایە، من تا ئێستاش شیعرێکم بلاونەکردبایەتەوە. دەمەوێ بلێم من بە شاعیر ناساندنی خۆمم هێندە بەلاوە مەبەست نەبووە و نییە. هەرگیز نە بە نووسین و نە بە گفتار، خۆم بە شیعرەوە هەلنەکێشاوە، ئەمن زۆر لە خۆم و شیعر ناکەم، ئێستاش هەر ئەو شیعرانە دەنووسم کە ناکرێ نەیاننووسم، ئەو سالەی کە هێشتا حەمەسەعید عەزمی جەزم نەکردبوو هاوپەیمانەکەی بەعس بەجێبێلێ، من دەبوو ژیانی ئاسایی و مالومندال و شیعرەکانیشم بەجێبێلم و رووبکەمە شاخ. ئیدی من زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەمم بە چاو نەدینەوە.

حەمەسەعید لە "وتوویژ "دا ـ ل ١ ی نامیلکەکەی ـ دەربارەی لەناوچوونی شیعرەکانم دەلێ « رەنگە لایەنێکی گەشی ئەنفال ئەوە بێ، گەلی کوردی لەو دەفتەرە و لە گەلێ دەفتەرە شیعری لاوازی دیکە رزگارکرد.» جارێ یەکەم ـ شیعرەکانی منی نەدیون تا بزانێ لاوازبوون یان نا؟ دووەم ـ هێشتا، ئەو چاویلکەیەی فڕێنەداوە کە جاران بەعسی پێ دەبینی، پێدەچێ ئێستاش خوێنی هاوپەیمانییەکەی جارانی بۆ بەعس قولپبدا، دەنا نەدەبووە یەکەم کەسێک کە لایەنی گەش لە ئەنفالکردنی کوردستاندا ببینێ. شایەنی باسە کە بلێم شیعرەکانی من ١٢ سال پێش ئەنفالە "نانیشتمانی و کۆنەپەرستانەکەی کۆتایی هەشتاکان "، **ئەنفالی نیشتمانی و پێشکەوتووخوازانەی حەفتاکان کرابوون!!**

لە ـ ل ٢ دا دەنووسێ: « رەحمان لە کار دەرکرا، شیعریش زادەی بێکارییە، ئیدی دەستی دایەوە شیعر نووسین، دەتگوت تووشی بەلەفیرەی شیعریی هاتووە، شیعری بۆ هەموو گۆڤارە کوردییەکانی ئەورووپا دەنارد، بەلام هەمیشە ناوی خۆی لە پۆستەی خوێنەراندا دەبینییەوە.».

نەخێر لە کار دەرنەکراوم، بە هۆی پشتئێشەوە زیاد لە سالێکە دوکتۆر پشووی نەخۆشی بۆ نووسیوم، لە هەولی دۆزینەوەی کارێکی گونجاوتردام، لەوە هیوابڕاو ببم دەچمەوە سەر کارەکەم، چونکە من بە رەنجی شانی خۆم نەبێ نازانم بژیم. من کە تا ئێستاش هەر ناوبەناو شیعر دەنووسم و هێشتا دیوانێکم بە چاپ نەگەیاندووە، ناکرێ ئەوە من بم شیعرەکانم زادەی بێکاریی بن و تووشی بەلەفیرەی شیعری بووبم. چاو بگێڕن، بزانن ئەوە کێیە شایستەی ئەو پێداهەلدانەیە؟! رەحمەت لە گۆڕی پێشینان کە وتویانە هەندێ جار "تفهەلدان رووی خۆ دەگرێتەوە ". بلاونەبوونەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی و وەلام وەرگرتنەوە لە پۆستەی خوێنەرانی گۆڤارێکەوە، بۆ دەبێ مایەی هەست بە ئەنگی و عار بێ، ئەگەر مرۆڤ لە دەروونەدا کۆل و کۆلەوار نەبێ!! من کە ناو بینینەوەی خۆمم لە پۆستەی خوێنەراندا هیچ پێ ئەنگی نییە، بە دلنیاییەوە دەلێم کە لە هەموو ژیانمدا تەنیا یەک جار بەرهەمم لە پۆستەی خوێنەراندا ناونووس کراوە، ئەو جارەش لە لایەن حەمەسەعیدەوە بوو، کاتێ کە سەرنووسەری "خەرمانە "بوو. ئا بەم شێوەیەش:

شەوێک حەمەسەعید زەنگی بۆ لێدام، دوای چاکوچۆنی، گلەیی کرد کە من بەرهەمی ئەدەبی و نووسین بۆ گۆڤارەکەی نانێرم. ئەوی شەوێ خەریکی رێکخستن و نووسینەوەی هەندێ شیعر بووم، دەستم دایە شیعرێک و وتم گوێ بگرە ئەم شیعرەت بۆ دەخوێنمەوە، ئەگەر بەدلت بوو ئەوا بۆتی دەنێرم. شیعرەکەم دوو جاران بۆ خوێندەوە و زۆری بەدلبوو، داوای کرد کە بۆ رۆژی داهاتوو بۆی پۆستبکەم، تا فریای ئەو ژمارەیەی بخات کە بەو زووانە دەبوو بینێرێتە چاپخانە. شیعرەکەم بۆ نارد، کاتێ کە "خەرمانە "دەرچوو دەبینم لە پۆستەی خوێنەراندا لە تەک چەندین بەرهەمی تردا ریزی کردوون و داوا لە خاوەنەکانیان دەکات بەرهەمی بە پێزتری بۆ بنێرن. تەلەفۆنەکەم هەلگرت و زەنگێکم بۆ لێدا. لە وەلامدا بە هازار سوێند و پاکانەوە وتی: شیعرەکەی تۆم گلدایەوە بۆ ژمارەی داهاتوو، ئەو شیعرەش کە هەر هەمان ناوی شیعرەکەی تۆی هەیە و لە پۆستەی خوێنەراندایە، ئەوەی تۆ نییە، هی

▲ تەلەفۆنەکەم هەلگرت و زەنگێکم بۆ لێدا. لە وەلامدا بە هازار سوێند و پاکانەوە وتی: شیعرەکەی تۆم گلدایەوە بۆ ژمارەی داهاتوو، ئەو شیعرەش کە هەر هەمان ناوی شیعرەکەی تۆی هەیە و لە پۆستەی خوێنەراندایە، ئەوەی تۆ نییە، هی کەسێکی ترە و بە رێکەوت لەگەل ئەوەی تۆدا هەمان ناویان هەیە.

**▲ شاعیری سەرنووسەری یەکەم رەفیق سابیر"ە، بۆ تەنیا یەک چرکەش نیگەرانی نەکەوتۆتە نێوانمان، ئەو شەڕەدەنووکەی ئەو لە نێوانماندا خوڵقاندوویەتی، هەر بە ئەندازەی کەمەی گۆچانێک راستە. گۆڤاری (خەرمانە)ی حەمەسەعید تەنیا 10 ژمارەی لێ دەرچوو، شیعرێکی منی گرتۆتە خۆ، (رابوون) ی رەفیق سابیر تا نووسینی ئەم وتارە 27 ژمارەی دەرچووە، تەنیا یەک شیعرم تێدا بڵاوکردۆتەوە**

کەسێکی ترە و بە رێکەوت لەگەڵ ئەوەی تۆدا هەمان ناویان هەیە. دەمزانی راست ناکا، بۆیە شیعرەکەم نارد بۆ گۆڤاری "مامۆستای کورد". پاش چەند رۆژێک سەرنووسەری گۆڤارەکە فەرهاد شاکەلی بە نامەیەک پیرۆزبایی جوانیی شیعرەکەی لێکردم، داوای کرد کە وێنەیەکی خۆم و چەند دێڕێک دەربارەی ژیانمی بۆ بنێرم تا لەگەڵ شیعرەکەدا بڵاویان بکاتەوە. ئیدی شیعرەکە کە ناوی "زایەڵەی کۆچ"بوو لە ژمارە 17ـ18 ی "مامۆستای کورد"دا بڵاوبووەوە. کە حەمەسەعید شیعرەکەی بە وێنەکەمەوە دیبوو، بە فەرهاد شاکەلی وتبوو: ئەو شیعرەی کە تۆ بەو بایەخە زۆرەوە بڵاوتکردۆتەوە، من لە پۆستەی خوێنەراندا رەتمکردۆتەوە. فەرموون بزانن حەمەسەعید بە چ شانازی و هاشەوهووشەیەکەوە لە ـ ل 10 ی نامیلکەکەیدا، لە بوختاننامەی "گەڕان لە دووی سەروا "دا، باس لەو رەفتارە **مەردانەیەی** خۆی دەکا:

«جیم برینداری سەرنووسەری گۆڤاری راپسکان یادی بەخێر رەخنەگرێکی ناودار بوو، ئەوی دەستی بۆ قەڵەمی شیعر بردبا و شیعرێکی خۆی نیشان دابا، وا بە شان و باڵیدا دەهات وەک باسی خانی یا نالی بکات، بەڵام کە شاعیری فریوخواردوو هەمان شیعری بۆ گۆڤارەکەی دەنارد لە پۆستەی خوێنەراندا دەیکرد بە پەند. جیم کڵاوی لەسەر (رەحمان سیاچیایی)ش نابوو».

دەڵێن: کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکا، بڕوانن چۆن حەمەسەعید وا بە هاسانی کرۆکی خۆی دەدا بەدەستەوە، "جیم بریندار" واتە ـ جنۆکەی بریندار ـ یان گونجاوتر ـ جنێوفرۆشی بریندار ـ خودی حەمەسەعید خۆیەتی، **گۆڤاری راپسکان ـ یش گۆڤاری خەرمانەیە.** ئەگەر کەسێک ئەیدزی سایکۆلۆژی تا سەر ئێسک ئەیناناگاوتبێ و لە خەسڵەتە مۆرالییەکانی ئەشتبێتەوە، چۆن بە رەفتارێکەوە خۆی هەڵدەکێشێ کە لای خەڵکی دی مایەی ئەنگی و شەرمەزاری بێ؟ دەڵێن:

**بێعاریان خستە دەریاوە وتی تەڕتەڕ نەباشم.**

حەمەسەعید لە "وتووێژ "دا ـ ل 2 ی نامیلکەی "گەڕان لە دووی سەروا "دا دەنووسێ: «.... بە زۆر بێ یان خوایشت خۆی لە شاعیرێکی سەرنووسەر نزیکخستەوە، شاعیر بۆ کوێ بچوایە ئەم لە خزمەتیدا بوو، دەیگەیاندە هەموو کۆڕ و پرسەیەک، ئیدی گونجی بەختی بەربوو. شاعیری سەرنووسەر ناوبەناو شیعرێکی بۆ بڵاودەکردەوە، وای لێ هات کە پێکەوە بۆ کۆڕێ دەچوون، هەندێ دەیانگوت: ئەوە دەنگێک و نووزەیەک هاتن، دەنگەکە: شاعیرەکە، نووزەکەیش: رەحمان بوو. جاری وا هەبوو کەسانی داخ لە دڵ تەواو پێیان لێ هەڵدەبڕی و بە (دوو مەیموونە چێشتلێنەرەکە) یان دەچواندن.» حەمەسەعید بەردەوام دەبێ و دەنووسێ: « ئەخێر کار لە شیعردا نەما، رەحمان کەوتە (رەخنە) نووسینیش. دەڵێن: (ترسنۆک بە خاڵی خۆی دەوێرێ) ئەمیش هەر کە هاتە دەست، لوولەی ژەنگی چەکی بێ فیشەکی ئاراستەی دوو نووسەری گومناوی هاوشارۆچکەکەی خۆی کرد.».

پاشان حەمەسەعید بە خەیاڵی ئەخۆشی، مشتومڕ و دەنگەدەنگێکی توند لە نێوان (رەحمان ـ کە منم و شاعیرە سەرنووسەرەکە ـ کە رەفیق سابیرە) لە خۆی دەردەهێنێ و دەماندا بە گژ یەکدا و لە یەکدیمان زیز و نیگەران دەکا. ئەنجا دەفەرموێ: « لەو وتووێژەوە ژێی پەیوەندی نێوان دەنگ و نووزە پسا، دەنگ دەروازەی گۆڤاری بە رووی نووزەدا داخست، نووزەیش کەوتە کلکەلەقێ بۆ شاعیرێکی دیکە کە سەرنووسەری گۆڤارێکی دیکە بوو.».

شاعیری سەرنووسەری یەکەم "رەفیق سابیر"ە، بۆ تەنیا یەک چرکەش نیگەرانی نەکەوتۆتە نێوانمان، ئەو شەڕەدەنووکەی ئەو لە نێوانماندا خوڵقاندوویەتی، هەر بە ئەندازەی کەمەی گۆچانێک راستە. گۆڤاری (خەرمانە)ی حەمەسەعید تەنیا 10 ژمارەی لێ دەرچوو، شیعرێکی منی گرتۆتە خۆ، (رابوون) ی رەفیق سابیر تا نووسینی ئەم وتارە **27** ژمارەی دەرچووە، تەنیا یەک شیعرم تێدا بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوەش دوو نامەی حەمەسەعیدم لان، لەیەکەمیاندا داوادەکا لەسەر "مەسەلەیەکی دیاریکراو "وتارێک بنووسم، لە دووەمیشدا هانمدەدا چەند شیعرێکی بۆ وەرگێڕمە سەر زمانی سویدی. با بفەرموێ ئەوەش « کلکەلەقێکەی» بیباتەوە بۆ خۆی.

ئەو رەخنانەش کە من گوایە وەک لوولەی ژەنگاوی چەکێکی بێ فیشەک، کردوومنەتە دوو نووسەری گوایە گومناوی شارۆچکەکەی خۆم، خودی حەمەسەعید بۆخۆی دەستخۆشی نووسینیانی لێکردووم. نووسەرەکانیش گومناو نین، یەکێکیان "بەهادین نوری"مامۆستا و پێشەوای هەموو تەمەنی تێکۆشانی حەمەسەعید خۆیەتی، ئەوی دیش شاعیر و نووسەر و فێمێنیستی ناسراو خوشکە "مەهاباد قەرەداغی "یە، کە حەمەسەعید بۆ خۆی زۆر بە شانازیەوە خۆی بە دەمدا بۆ دەدا بە زەویدا و لە سەر ژیان و شیعرەکانی دەنووسێ. سەبارەت بە(ترسنۆک بە خاڵی خۆی دەوێرێ) ش، ئەگەر حەمەسەعیدی **ئینتەرناسیۆنالیست** بۆ خۆی بڕوای بە شارۆچکەگەری هەیە، با خۆی پەیڕەوی بکردبا، خۆ منیش هەر بە ئەندازەی ئەو قەرەداغیم، من تەنیا **رەخنەم** لە دوو قەرەداغییەکەی دی گرتووە، ئەم، خۆم و خێزانەکەشمی **پڕجنێو** کردووە. دەبا بفەرموێ و تفی **(هێن بە خاڵی خۆی فێرە)** کەشی هەڵگرێتەوە.

شاعیر و سەرنووسەری دووەمیش کە گوایە لە دوای رەفیق سابیر، بۆ شیعر بڵاوکردنەوە **کلکەلەقێم** بۆ کردووە «سولەیمانی چیرە (هێرش)» ە. یەکەم ـ تا ئێستا گزینگ لە دوو نامەدا کە بە بۆنەی جیاواز جیاوازەوە بۆیان نووسیوم، هاوکاریکردنیان بە ناوات خواستووە. دووەم ـ لە ژمارە 15 ی "گزینگ"دا، رەخنەیەکم لەسەر وەرگێڕانێکی س.چ (هێرش) ی سەرنووسەری گزینگ بڵاوکردۆتەوە، رەنگە زمانی نووسینەکەی لە زمانی نووسینی ئەو رەخنەیەی لە حەمەسەعید ـ م گرتووە توندتر بێ. هێرش بە سنگێکی فراوانەوە رەخنەکەی لێ وەرگرتم و بۆشی بڵاوکردمەوە. کەچی حەمەسەعید بە رەخنەکەم فێی لێهات و خۆی کرد بە پەندی زەمان.

حەمەسەعید لە ـ ل 3 ی هەمان درۆنامەدا دەنووسێ: « جارێکیان نووسەرانی کورد لە سوید بۆ داکۆکیکردن لە هاوڕێیەکی کوردستانیان کە جەللادێکی کوردی قەڵەموەشێن بە گیری هێنابوو، ئیمزا کۆدەکەنەوە و هەواڵی شاعیری سەرنووسەر لە رەحمان دەپرسن، ئەمیش هەردوو پێیان لێ دەکاتە یەک تاک کەوشی میللی و لەژێر رێژنەی پاڕانەوەدا ناچاریاندەکا ناوی بنووسن. رەحمان کە ناوی خۆی لە نێوان ناوی نووسەراندا دەبینێ، لاقی لە زەوی دەبڕێ و خۆی لێ دەبێ بە نووسەرێکی پێنج ئەستێرە.»

خوێنەران.. ئەو جارەی کە زۆر بەڕێز حەمەسەعید وای باسدەکا، ئەمە

راستییەکەیەتی: ئەو شەوە من لەماڵ نەبووم، لەگەڵ کاکەباس (حاجی مامۆ) و پشکۆ نەجمەدین دا چووبووینە دێنی ئیبراهیم قوربان، لە گوندێکی سەرووی (سوندسڤال)، حەمەسەعید تەلەفۆنی ئەوێی لە ماڵی ئێمە یان لە ماڵی پشکۆ وەرگرتبوو، زەنگی بۆ ماڵی ئیبراهیم لێدا و داوای کردم، باسی مەسەلەکەی بۆ کردم و داوای ئیمزاکەمی کرد، منیش داوام کرد کە دارشتنی هاوارنامەکەم بۆ بخوێنێتەوە، بۆی خوێندمەوە، چەند رستەیەکم پێشنیاز کرد کە لە سەرەتای هاوارنامەکەدا بنووسرێ، تا نارەزاییەکە، کە دژی یەکێتی نیشتمانی بوو، بە گشتیش هەموو قەڵەمڕەوی دەستەڵاتدارانی کوردستان بگرێتەوە، چونکە بانێک نییە و دوو هەوا. وتی: زۆر باشە، یەکێکی تریش هەمان پێشنیازی کردووە. ئەنجا وتی: خۆت دەزانی نێوانی من و رەفیق سابیر خۆش نییە، بە فەرهاد شاکەلی ـ م وتووە کە بۆ ئیمزاکردنی هاوارنامەکە قسەی لەگەڵ بکات، ئەگەر تۆیش ئەو زەحمەتە بکێشی و هەوڵی قایلکردنی بدەی ئەوا زۆر سوپاست دەکەم. منیش ئەو بەڵێنەم پێدا. دیسان وتی: تا تۆ تەلەفۆن بۆ رەفیق دەکەی، منیش ئەو چەند رستەیە دادەرێژم و دەیخەمە سەر هاوارنامەکە، دوای نیوسەعاتێک زەنگی لێدایەوە و دارشتنی پێشنیازەکەمی بۆ خوێندمەوە. بۆ راستی ئەو گێرانەوەیەم ئەو سێ برادەرەی ناوم هێنان گەواهن.

بە پێی لۆژیک دەبێ ئیدی حەمەسەعید لە رووی ئەیەت **بە بێ بێژنگ** لە ماڵ دەرچێ! یا رەنگە: بڵێ من ساتیرە چیرۆکم نووسیوە و مەرج نییە رووداوەکان هەمووی لە واقیعەوە هەڵهێنجرابن. « پرسییان: ئەرێ بەراز هێلکە دەکات؟ ـ ئەرێوەڵا ، بەراز دەعبایەکی موزیرە کردی کردی» . ئەی بۆ حەمەسەعید وا ئەڵێ؟

حەمەسەعید لە بوختانە چیرۆکی "خەم و شیعر "دا ل ٥ ی نامیلکەکەی ـ دەفەرموێ: « .... رەحمان یەکێ بوو لە سوپەر گێلەکان، پێوەندی بە کۆمۆنیستە هەرە تۆخەکانەوە هەبوو، ئەوانە بانگاشەی ئەوەیان دەکرد چیمەنیان لە ژێر پێی بۆرژوازی دنیادا کردۆتە دۆزەخ و هاکا رژێمی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان هەرەسی هێنا. دیارە لەگەڵ نسکۆی ئەو سیستەمە بۆگەنەیشدا مولکی تایبەتی کە هەوێنی چەوساندنەوەی ئینسانە دەبێتە بەشێک لە کەلەپوور، ئیدی جووتیار دەبێتە خاوەنی ئەو زەوییەی کە دەیکێڵێت و کرێکار دەبێتە خاوەنی ئەو کارگەیەی کاری تێدا دەکات و کرێنشینیش دەبێتە خاوەنی ئەو خانووەی تێیدا نیشتەجێیە. ئەم بەڵێنە شیرینانە بە جۆرێ رەحمانیان لە خشتە بردبوو، بەو ئومێدەی شۆرشی پرۆلیتاریا لە ئان و سەعاتدایە و هاکا جیهانی گرتەوە و هەر لەگەڵ بڵندبوونەوەی کڵپەی گری ئەو راپەرینە دنیاگرەوەیەشدا دەبێتە خاوەنی خانووی خەونەکانی....(هتد) .» .

کۆمۆنیستبوونی من، خستمیە سەر رێگای راپەرین و شۆرش و شاخ، ئەوەی حەمەسەعید ـ یش، خستیە سەر رێگای خۆبەدەستەوەدان و ریبایی بۆ جەللادەکانی بەعس. من زۆر زوو دەرکم کرد بەوەی ئەو رێگەیەی گرتبووم رێگای کۆمۆنیزم نەبوو، جوامێرانە، بێ ئەوەی زیان بە میللەتەکەم و چەوساوەکان بگەیەنم، بێ ئەوەی بۆ تۆڵەکردنەوەیەکی بچووکی خۆم، وەک حەمەسەعید سووکایەتی بە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستبوونی رابوردووی کەسانی تر بکەم، خۆم کەنار گرت و ئاوارەییم هەڵبژارد. حەمەسەعید تا بەعس نانێکی دەدا، لەتەک حیزبەکەیدا بە ناوی کۆمۆنیزمەوە لەگەڵیان دە کرد بە دووکەرتەوە و نێشکی چەکدارانەیان بۆ دەگرت، دوای ئەوەی کە بەعس نانەکەی بری و کەوتە کوشتن و برینی هاورێکانی، دوای ئەوەی کە قەدەرێکیش بەدەم خەودوە گلەیی و بناشتی بونیاتنەرانەی لە حیزبەکەی و رژێمی «بۆرژوای نیشتمانی شۆرشگێر» کرد و چەندین جار لە تەک حیزبەکەیدا ـ بێ سوود ـ گوڵی پارانەوە و هیوای چاکبوونیان لە بەرۆکی بەعس دا، ئەوجا ئیدی ئەم، هێدی هێدی بێداربووەوە و کشایەوە. ئەو حیزبەی کە گوایە حەمەسەعید لەسەر پاشکۆیەتیکردن بۆ بەعس لە ١٩٧٧ دا وازی لێ هێنا، لە ١٩٧٨ دا هاتەسەر قسەکەی حەمەسەعید و چووە شاخ. کەچی تا بەعس یەخەی خۆی بۆ سەربازی و بەشداریکردن لە شەری ئێراق ـ ئێراندا نەگرت، ئەم دەستی لە خۆی نەدا و مێشێکیش میوانی نەبوو. کە لەتاو سەربازیش هەڵات، لای یەکێتی باری خست و لە راگەیاندن چمکی خەباتی بۆ کردن بە لادا. جا نازانم ئەو دەمە **«لوتکەی سەری یەکێتی کە نەتەوەیی بوو، دەگەیشتە پاژنەی پێی حیزبی شیوعی؟»** یان لە باری پانی، سنووری لە سنووری ئەورووپا گیرکردبوو؟

بەڵێ، حەمەسەعید لە حیزبی شیوعی و هاوپەیمانێتی بەعس کشایەوە، وەلێ **"خوویەک کە گیرا بە شیری ستەمە تەرکی بە پیری "**، لە ساڵی ١٩٩١ دا لە ژمارە ٢ ی "خەرمانە "دا، لە وتاری "باسی خۆرەتاو بۆ شەمشەمە کوێرە ناکەم "کە تیایدا یەک فاسیلە (کەکە وەیس) ی بە جنێو داگرتۆتەوە، دەڵێ: **« دەزانم کە لوتکەی سەری هیچ حیزبێکی نەتەوەیی کورد ناگاتە پاژنەی پێی حیزبی شیوعی عێراق»**. دەک رۆحت شاد حەمەسەعید!!

سەبارەت بە هیوای بەرپابوونی شۆرشی پرۆلیتاری جیهانییش کە حەمەسەعیدی (ئێستا بە پێی پێویست، دەمێ کۆمۆنیست و دەمێکیش ناسیۆنالیست) ، بێشەرمانە بە **سۆپەرگێلێتی** ناودەبا، ئەوە خۆیەتی ـ نەک من ـ کە لە "هەڵەبجە غەززەی خەمناکە "دا لە ١٩٨٨ دا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**ئەم جیهانە / کەمانێکی زەبەللاحە،/ لە رووخسارا،/ ژێیەکی توند و پتەو.. / گوێتان هەڵخەن: / هاکا زرمەیەکی مەزن،/ گۆمی جیهانی شڵەقاند،/ ژێیەک پسا،/ ژێیەکانی تریش یەک یەک هەموو پسان،/ هاکا زەبری گورزی دەستی چەوساوەکان، / هەر پێنج کیشوەرەکەی هەژاند.**

ئاخۆ ئەو کاتە دەبێ خۆی مرخی لە قەرز خواردنی کێ خۆشکردبێ؟ وا ئێستا بە دەستکارییەوە دەیداتە پاڵ من!! حەمەسەعید کە ماڵەکەی لە شووشەیە با ئەوەندە بەردەفرکێ نەکا. ئەو، لە گەلێ جێگەی بوختاننامەکانیدا، باسی خۆی بە ناوی منەوە دەکات. رەنگە ئەمە جۆرێ لە تێراپی و زامبرژاندنەوەی دەروون بێ، ئەگەر وابێ گەردنی ئازاد بێ.

پاشان حەمەسەعید لە (ل ٦ ی هەمان سەرچاوەدا) دەنووسێ: «رەحمان چونکە هێستری ئەو بارە نەبوو، لەژێر باری دژواری قەرزدا گلا و بە قۆڵبەستراوی لە خانووی خەونەکانی کرایە دەرەوە. کورد دەبێژێ: (کاسەی پر ئاشتی ماڵە) ، ژنە کەمفرسەتەکەیشی کە رەحمانی بە مایە پووچی بینی، بڕوای بە ئۆتۆنۆمی راستەقینە نەما و جاری جیابوونەوەی دا.»

من کوا لە کانیماسی دەژیم تا لەسەر قەرزداری یان قەرزنەداری قۆڵم ببەستن، ئەگەر من لە ژن جیاببمەوە، یان ژن لەمن جیاببێتەوە؟ کوا لە بەکرەجۆ و خەلەکان و بنکەکەی بەمۆ و کانیماسی هەقی شتی وایان هەبوو؟ دەیەوێ بەم قسە پروپووچانە خۆی لە کاریگەرێتی رەخنەکەم بدزێتەوە و بەسەر خۆیدا نەهێنێ؟ دەک هەر خۆت بە خۆت بی ئەی رەخنەگرە ناودارەکە! ئەی خاوەنی گۆڤاری راپسکان! دڵنیابە ئێستا زۆر کەس لەبری تۆ خەجاڵەتی دەکێشن، **کەچی تۆ خۆت تەرتەر نەباشی!!**

حەمەسەعید لە لە ـ ل ٧ ی هەمان نامیلکەدا، لە **"خەرنامە"**ی "دال و نوقتە"دا دەفەرموێ: « ئەوە چەند شەوێکە قارەمانی سەرەکی چیرۆکە

**▲ من رەخنەیەکی ئەدەبیم بە زمانێکی هێور لەسەر نووسینێکی حەمەسەعید نووسیوە، ئەگەر رەخنەکانمی بەلاوە نابەجێن، با تا دەیتوانی لەسەریانی بنووسیبا، خۆ ئەگەر لە جێی خۆیاندان و بۆی بەرپەرچ نادرێنەوە، قەیدی نەدەکرد با تەنێ جنێوی بە خۆم دابا، بۆ دەبێ سووکایەتی بە ماڵومنداڵم، بە خەڵکی دی و بە هەموو ئەو مرۆڤانە بکات کە نازناوی "قەرەداغی "ییان هەیە؟**

نوێیەکەم دێتە خەوم و داوام لێ دەکا نازناوەکەی بگۆڕم، منیش شەربەی دڵی ناشکێنم، لە جێی کێوەڕەشی، قەرەتەپەیی دادەنێم، کەچی قوماربازە زوو لەم بلۆفە تێدەگات و دیسان دێتەوە خەوم و دەڵێ: قەرەتەپەیش هەرکێوەڕەشە، پێت وایە تورکی نابەڵەدم! لە خۆڕا ئەو ناوەم هەڵنەبژاردبوو، مەبەستێکی خاوێنم لە هەناویدا حەشار دابوو، نەدەبوو بیگۆڕم،....»

حەمەسەعید بەم مێتافۆر و ئێستاتیکە ئەدەبییە جوانانە نازناوی قەرەداغی دێنێ و دەبا، تا لە "قەرەخەرمان"ی نزیک دەخاتەوە. دەنووسێ: «لە دانیشتنێکی داخراودا ناویان نا: قەرەخەرمان. قەرە: رەش، خەر: کەر، مان: پیاو کە هەر دەیکردەوە رەشەکەرپیاو.» بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە گۆڤارەکەی خۆی ناوی (**خەرمانە**) بوو. بەپێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکەی خۆی، ئەقڵی کفر بە کفر نابێ نینشانەلا: **کەرپیاو، بەلام ـ بەهۆی بزوێنەکەیەوە<ە> ـ لە دۆخی موخەننەسدا.** جگە لەوەیش، "حەمەسەعید حەسەن"ی ئێستا، تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش "حەمەسەعید قەرەداغی"بوو. دەڵێن **"گوێدرێژ کە چووە بەغدا خۆی لێ دەبێتە هێستر"**، دیسان بە پێی لێکدانەوە زمانەوانییەکەی حەمەسەعید خۆی: ئەو ئێستا ئیدی **لە خانی کۆنە رەشەکەرپیاو دایە.**

من رەخنەیەکی ئەدەبیم بە زمانێکی هێور لەسەر نووسینێکی حەمەسەعید نووسیوە، ئەگەر رەخنەکانمی بەلاوە نابەجێن، با تا دەیتوانی لەسەریانی بنووسیبا، خۆ ئەگەر لە جێی خۆیاندان و بۆی بەرپەرچ نادرێنەوە، قەیدی نەدەکرد با تەنێ جنێوی بە خۆم دابا، بۆ دەبێ سووکایەتی بە ماڵومنداڵم، بە خەڵکی دی و بە هەموو ئەو مرۆڤانە بکات کە نازناوی "قەرەداغی "ییان هەیە؟ خوێنەری هێژا.. تۆ وەڵامێکت پێیە؟ من دەپرسم: بڵێی مرۆڤ هەبێ **پێستی رووی لە قەڵتاغی بنی پێڵاو ئەستوورتر بێ؟**

حەمەسەعید لە "گەڕان لە دووی سەروا "دا ـ لە ل ١٠ ی هەمان سەرچاوەی پێشوودا، دەڵێ: « بەرهەمی پیکاسۆ بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی کلاسیک، شەشپاڵوویی، پەمەیی و شینی ئاسمانی، منیش لەشکری لە ژمارە نەهاتووی خوێنەرانم ئاگادار دەکەمەوە کە تا کۆتایی ئەم سەدە جەنجاڵە هەر درێژە بە قۆناغی رەحمانی دەدەم.».

بۆ کفندزان ناپاڕێمەوە، وەلێ بە بەراورد لەگەڵ حەمەسەعیدا سەد هەزار رەحمەتیان لێبێ. لەوەتەی قۆناغی پەڕەندەبوونم لە سوید لەنگەری گرتووە، لە ـچەندین کۆڕ و کۆبوونەوەدا، لە پاشملە و بەرەوڕوو، لە چەندین وتار و شیعردا بە توندی باسی هەڵە وپەڵە و تاوانەکانی پارت و رێکخراوەکانی گۆڕەپانی بزووتنەوەی سیاسی و پێشمەرگایەتی کوردم کردوون. گەلێ کەس سەردانەوەی وڵامیان بەلاوە چاکنەبوو، لەناو ئەوانەدا حەمەسەعیدیش. نایشارمەوە، کە پار هاوین گەڕامەوە کوردستان، لە دڵەوە کەمێک دەترسام. ٣ مانگان لە وڵات مامەوە، کەس لەگوڵ کاڵتری پێ نە وتم. کەچی حەمەسەعید، بەو گرووپەی کە حەزیان لە جنێو

خوێندنەوەیە و ژمارەی لە پەنجەکانی دەستێکی کۆڵ تێناپەڕێ، دەیەوێ لەم ئەوروپایە زەندەقم بەرێ. گەرەکێتی ئەو گرووپەم لێبکا بە لەشکرێکی لە ژمارە نەهاتتوو ی گوێلەمستان و بمخاتە ئەو بڕوایەوە کە لەشکری بۆ خستوومەتە ئینزارەوە. خوێنەران ـ ئێوەش پێتان وانییە کە ئەگەر حەمەسەعید لە هەزاردا یەکی دەستەڵاتی هەر رێکخراوێکی کوردستانی هەبایە، دراوسێکانیشمی بە ماڵ و خێزانەکەمەوە دەسووتان؟! یا خوا دەستەکانی هەر وا کورت بن، بەلام **قەت تەڕتەڕ نەباشێ.**

حەمەسەعید لە ل ١١ ی هەمان سەرچاوەدا سووکایەتی بە کارە ناچارییەکەی ئەم مەنفایەم دەکا: « رەحمان جارێکیان لە بارەگای کۆمەڵەی کلتووری کوردی گوتبووی: راستە من کارەکەم سەختە بەلام هەستم ناسکە، زەکەریا تامیری ئاسنگەر چیرۆکنووسێکی چاکی لێ دەرچوو، کێ دەڵێ منیش نابمە شاعیرێکی بەرزەفڕ؟ رەحمان لە گەرمەی کاردا شیعری خۆی بۆ سەرنشینەکانی پاسەکەی دەخوێندەوە،.... جارێک ناسیاوێکی لێی دەپرسێ: چۆن دەتوانی بەدەم شیعر خوێندنەوەوە پاس لێ بخوڕی؟».

**دڵم ئەوەندە بەرینە / جێی ئەوینی / هەموو چەوساوەی زەمینی / تیا بۆتەوە. / من نازانم / ئەی چۆن جێی خۆی،/ لە قەفەزی تەنگی سنگما / کردۆتەوە؟!....** حەمەسەعید حەسەن ـ دڵ ـ لە سایەی چەقۆدا ـ سوید ـ ١٩٩٠. <u>وەلام:</u> چونکە ئەوانیشت هەر وەک من خۆشدەوێن!! خۆشەویستی ئێمەومانان زۆر جێگە ناگرێ!!

ئەبێ ئێستا ئەو ئەدیب و نووسەرانەی کارەکانیان لە کاری شۆفێری پاس، کەم برەوتر و سەختترن، یان ئەوانەی کە هەر بێکارن، چی بڵێن؟ ئاخۆ **هاوڕێ چەپخوازەکانی شاعیری چەوساوەکان (حەمەسەعید حەسەن)** چ هەڵوێستێکیان هەبێ؟ تۆ بڵێی ئیدی لەوە نەگەن کە ئەو پیاوە، پیاوێکی سروشت قوڵلابیی و خۆپەرستە؟ ئەگەر خودی مارکسیش سووکە رەخنەیەکی لێ بگرێ، ئەم دەکەوێتە گاڵتەکردن بە ریشە پانە جوولەکانەکەی! یان ئەوانیش هەر بە هەمان پێودان چەپخوازن؟

حەمەسەعید لە ـ ل ١٢ ی هەمان نامیلکەدا پێم دەڵێ: « بەرەو روو ستایش و لە پاشملە زەمی خەڵکی دەکرد». خۆزگە پیاوی درۆزن وەک کۆن، لەگەڵ هەر درۆیەکدا روخساری رەش هەڵدەگەڕا.

لەگەڵ هەموو بلاوبوونەوەی نووسینێکی ناشیرینی حەمەسەعید ـ دا، من زەنگم بۆ حەمەسەعیدلێداوە و سەرزەنشتم کردووە، لە دوای چاپکردنی (با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێ) و پێش بلاوبوونەوەی (من خاوەنی قسەی خۆمم) خەریکبوو ببێتە شەڕمان. لە یەکەمیاندا، ناجوامێرانە تۆڵەی تایبەتی و شەخسی، لە بری خودی شێرکۆ بێکەس خۆی، لە شیعرەکانی دەسێنێ. بە پێی رێکەوتنێکی نێوان من و شێرکۆ و حەمەسەعید، کە دەستپێشخەرییەک بوو لە منەوە و بە تەلەفۆن هەردوو لایانم قایلکردبوو کە لە ماڵەکەی مندا کۆببینەوە و ئاوێک بکەین بە ئاگری نێوانیاندا، بەو مەرجەی حەمەسەعید ئەو وتارە، کە پێشترلە کۆڕێکدا خوێندبوویەوە، بلاونەکاتەوە. بە پێچەوانەی رێکەوتنەکەمانەوە، وتارەکەی لە نامیلکەیەکدا بلاوکردەوە و زۆر بەئاسانی حاشای لە بەڵێنەکەی خۆی کرد.

لە دووەمیاندا، بۆ بەکوشتدانی عەتا قەرەداغی، ـ فی سەبیل ـ سیخوڕی بۆ یەکێتی نیشتمانی دەکات. سەرنج بدەن! حەمەسەعید کە یەکێتی لە گەڵ بەعسدا بە هاوئاهەنگ دەزانێ، چۆن لە دژی عەتا قەرەداغی کە **تەنیا یەک رستەی ئەمی بەدرۆخستبۆوە**، لە گەڵ یەکێتیدا هاوپەیمانێتی بێ مەرج و یەکلایەنی سازدەکا، عەتا قەرەداغی لە ساڵی ١٩٨٦ دا نامەیەک بۆ خزمێکی نزیکی خۆی دەنووسێ و لەسەر کوشتنی برایەکی،

داخی دڵی خۆی لە دژی یەکێ لە بەرپرسە سەربازییەکانی یەکێتی هەڵدەڕێژێ. لەساڵی ١٩٩٢ دا نامەیەکی دی هەر بۆ هەمان خزم دەنووسێ، تێیدا گلەیی لە بارودۆخی ناهەمواری ژیانی کوردستان دەکات و ئاوات بە هاتنە دەرەوە و رزگاربوون لەو ژیانە ناهەموارە دەخوازێ. هەرچۆنێ بێ حەمەسەعید ئەو نامانەی وەگیردەکەون و سووک و باریک لە ساڵی ١٩٩٣ دا هەم لە (خەرمانە) دا و هەم لە کتێبی (گۆرانییە باڵنەکراوەکان) دا بڵاویاندەکاتەوە. بۆ ئەوەی قایلی بکەم نامەکان بڵاونەکاتەوە، پێم وت: بڵاوکردنەوەی نامەکان تەرازووی نێوانی تۆ و عەتا بەلای تۆدا ناهێنێتەوە، بەڵام رەنگە ببنە هۆی کوشتنی عەتا، ئەوکاتە چی دەکەی؟ وتی چی دەکەم، فاتیحایەکی بۆ رەوانەدەکەم. منیش پرسیم: ئەی هەست و ویژدان؟ بە گاڵتەجارییەکەوە وتی: ئەوانە نیشی کادیرن، من رەخنەگرم، من بەڵا ـ م... بەڵا!!

کە (کاکەوەیس) یش وەڵامی حەمەسەعیدی دایەوە، ئەم زەنگی بۆ لێدام پرسی وەڵامەکەی (کاکەوەیس) ت پێ چۆنە؟ وتم زۆر تۆکمەیە و لوولی کردووی. کەمێک سست بوو، پاشان وتی: تۆ یەکەم کەسی کە وەڵامەکەی ئەو پیاوەت پێ بەهێز و چاکبێ. منیش وتم: کەوابێ یەکەم کەسیشم کە راستییت پێدەڵێم و بە هەڵەتدا نابەم. کەچی لە روویشی هەڵدێ بە من بڵێ: لە بەرەوڕوو ستایش و لە پاشملە زەمی خەڵکی دەکا! من دووڕوو نیم، ئەو کەسە دووڕووە کە بەڵێنی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران دەدا و پاشان لە پۆستەی خوێنەراندا داوای بەرهەمی بە پێزتریان لێدەکات، لای نووسەرەکەش بەوە پاساوی دەدا کە ئەو وەڵامە بۆ ئەو نییە، بەرهەمەکەی ئەوی هەڵگرتووە بۆ ژمارەی داهاتوو. لە پاشملەش دەڵێ کڵاوم لەسەر ناوە، بۆ خۆ شاردنەوەش ناوی خۆی دەنێ (جیم بریندار). پیاوی وا نەک هەر پێویستی بە فێربوونی نۆرمە شارستانییەکان ، بەڵکە بە فێربوونی چۆنێتی هەڵسوکەوتی ئاسایی و رەوشتی رۆژانە و ئادابی پەیڤین و کۆمەڵێ شتی دیش هەیە!!

حەمەسەعید، لە شیعرێکیدا کە زیاتر لەدورشمێکی درشت دەچێ، دەڵێ:

### هێ خوشکێ گیان

**کاتێ زامی سنگی ئەختەر دێتەوە سوێ / لە یادمای،/ هێ خوشکێ گیان،/ کە جەمیلە ئازار دەدرێ / لە یادمای،/ هێ خوشکێ گیان،/ کە ئەنجیلا لە زینداتێکی نووتەکدا بێ خەم دەنوێ،/ لە یادمای،/ هێ خوشکێ گیان،/ هاوڕێی خەباتی شەقام و / لوتکەی چیا و / چەقی زیندان... دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی / وەکو ئینسان بۆت ناڕوانێ،/ دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی بە ئینسانی پلەی دووەمت دەزانێ،/ دە یاخیبە لەو یاسایەی / گوێ بۆ دەنگت راناگرێ،/ دە یاخیبە لەو یاسایەی / وەک چۆلەکە سەرت دەبڕێ،/ دە یاخیبە هێ خوشکێ گیان،/ هاوڕێی خەباتی شەقام و / لوتکەی چیا و/ چەقی زیندان.**

(هاژە، ١٩٩٦ ستۆکهۆلم)

بێچاوێتی بێ! حەمەسەعید تک تک فێمێنیزمی لێ دەتکێ، پێدەچێ ئامادەبێ ورگی خۆی لەسەر ئازادی و مافی یەکسانی ژنان بە دڕین بدا!! تومەز ئەو شیعرەشی هەر بۆ کڵاو کردنە سەر و دەرۆزەی چەپڵەی ئێوارە شیعرێک نووسیوە، دەنا چۆن لە ئاستی هەمان مافی کچەکەی مندا لێمان دەبێتە "مەلا ئەحمەد "، ئەوەتا لە "شاعیری گۆڕستان" ل ــ ١٤ ی نامیلکەکەیدا دەڵێ:

«کچە گەورەکەم ئەمە دوو ساڵە پەیوەندی بە ئێمەوە نەماوە، لە گەڵ کوڕێکدا دەژی، راستە من خۆم بە رادیکاڵ دەزانم بەڵام ئێمە ئەورووپایی نین و کولتوورمان جیاوازە، ئیتر توانای بینینی رۆڵی دۆڕاوی خوێنشیرینیم نەماوە، تۆ و باوکی کوڕە ناسیاون، وەک برایەک تکات لێ دەکەم، بەڵکو قایلی بکەی بێتە خوازبێنی کچەکەم.». هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: « ئەوەی دەبوو لە ماڵی باوکت بیسمی، لێرە دەیسمی، ئەوی دەبوو لێرە بسمرێ، لە ماڵی باوکت سمرابوو!» بڵێی ئەمەش، وەک ئەوانی دی هەر لە خۆی رووینەدابێ؟ وا بەسەر ئێمەیدا ساغدەکاتەوە. نازانم چ بڵێم؟ با باسی فێمێنیزم و پێشکەوتنخوازی و شارستانیبوون و هاندانی یاخیبوونی خوشکەکان بخەینە لاوە. من هەرگیز بڕوام نەدەکرد، نەک هەر لە ناو چەپخواز و ئەدیب و سیاسی و رۆشنبیراندا، بەڵکە لە ناو هەر توێژاڵێکی هەر کۆمەڵگایەکدا، لەناو قومارخانە و مەیخانەکاندا، لەناو دز و جەردە و پیاوکوژاندا، لە ناو خڵتە و پڵتە و چەورەی پێچوپەناکاندا، لەناو قاچاخچییەکاندا، لە ناو جەللاد و زاڵماندا، مرۆڤێک هەبێ کە لە رووی هەڵبێ ئەو فەرمایشتانە بخاتە سەر لاپەڕەی نامیلکە و رۆژنامە و بە دەستی خۆی بڵاویان بکاتەوە. حاڵ لە دوو بەدەر نییە، یان ئەو پیاوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی سەخت بووە و ماکەکەی داوێتی لە کەللەی، کە من بەشبەحاڵی خۆم لەم حاڵەتەدا سەرەڕای ئەو هەموو دەستدرێژییەی کردوویەتییە سەرم، بەزەییم پێیدا دێتەوە. خۆزگە برادەرە نزیکەکانی حەمەسەعید حەسەن لەبری لە بەرەوڕوو هاندانی و لە پاشملە گاڵتەپێکردنی، راستگۆ دەبوون لەگەڵیدا و راستییان لا دەدرکان و بەرەو نەخۆشخانەیەک رێنماییان دەکرد، دۆست ئەوەیە راستی بڵێ و برادەرەکەی بگرێنێ، دوژمنیش بە خوتووکەدانی درۆی شیرین بیخەنێنێ. یان ئەوەتە لەوەتەی کابرا هەیە شێتێکی بۆلواوە، هەر کە رەشەبای شێتێتییەکەی هەڵدەکا، برادەران خۆیان لە پەنا و پاسارەکاندا توندەکەن و دەست بە کڵاوەکانیانەوە دەگرن. لە هەردوو حاڵەتدا ژمارەی پێوانەی شکاندووە. من لە مێژە رووی شیعرم کردۆتە ئەو کڵاوخۆشەویستانە و دەڵێم:

**بەڵام مخابن... سەدجار مخابن**<br>
**ئەوەی کە خوێیە لەناو برینا**<br>
**چەقۆ دەکێشێ لە رووی ئەڤینا**<br>
**هەردەم جوامێری و گەورەیی « ئێوەن»**<br>
**دەست لەسەر کڵاو بۆی بە چۆکا دێن**<br>
**لە بۆگەناوی رەوشتنزمیدا**<br>
**بۆ پەڕینەوەی بەرەو سەروەری**<br>
**کۆڵی حەماڵی و بەردەبازی رێن.**

لە ـ ل ١٦ ی هەمان سەرچاوەدا، حەمەسەعید بە ناوی منەوە دەڵێ: «من نەک هەر شیعرم پێ دادەنرێ بەڵکو پێشم تێکدەدرێ، بڕوانن چیم لە شیعری گۆران کردووە:»

**کوردستان گەڕام / دۆڵاودۆڵ پێوام / نە لە شار و نە لە لادێ / نەمدی هیچ / وەک تۆ جوان بێ / مۆسکۆڤیچ.»**

حەمەسەعید، تەنانەت بۆ یەک جاریش ناتوانێ راستگۆ بێ، لێرەشدا هەر باسی خۆی دەکا، ئەو بۆ خۆی سۆڤیەتدۆست و مۆسکۆڤیچیست بوو نەک من. من شیعری (گۆران) یا شاعیرانی دی، وەک حەمەسەعید خۆی بۆ تۆڵەکردنەوە تێکنادەم و دەستکاری ناکەم. بەڵام ئەگەر گریمان ریشی دەستکاریکردنی ناچاری ببێ بە تووشمەوە، ئاوای دەستکاری دەکەم:

### تەنیا خۆت و بەس

بۆ: گوڕنەتەڵە*

لەگەڵ داوای لێبوردن لە گۆران و شیعردۆستان و خوێنەران.

**نەک هەر کوردستان**<br>
**دونیا گشت گەڕام،**<br>
**نەک هەر دۆڵاودۆڵ**<br>
**پەنا بە پەنای "دونیای بنزەوی"م بەسەرکردەوە و**

**▲ به پێی چەپەڵی دەستدرێژییەکان، هەستناکەم زێدەڕۆییم لە روونکردنەوە و بەرگریکردندا کردبێ، بەڵام بڕیاردەری دادوەر هەر ئێوەن، بۆیە ئەگەر ئێوە هەستتان بە بەرزی و نزمی کرد لە وتارەکەمدا، تکام وایە خۆتان بخەنە جێی من و ئەوجا حوکم بدەن. من هەرگیز ڕێبواری ئەم لاکۆڵانانە نەبووم، کە ریشیش بوو بە تووشەوە پیاو دەبێ شانەی بۆ هەڵگرێ.**

**بست بە بست پێوام**
**نە لە بازێڕ و نە کۆسار و دێ**
**نە لەسەر جادە و بازاڕ و لاڕێ**
**نەمدۆزییەوە کەس**
**بێ چاو و ڕووبێ**
**وێنەی تۆی ناکەس،**
**نەمدی هیچ کەسێ بە ئەندازەی تۆ**
**بە هاشەوهووشە و جنێو بێتە گۆ**
**تۆ هەر خۆتیت و بە تەنیا خۆت بەس.**
* (مەبەست لە گورنەتەڵە حەمەسەعید نییە).

حەمەسەعید لە نامیلکەی دووەمیشیدا کە بە ناوی (ژن و سوڵتان) دوە بڵاوی کردۆتەوە، بوختاننامەیەکی تری دەربارەم نووسیوە "گەڕان لە دووی ژن". لە مەیاندا سووکایەتییەکی زۆری بە ژن، بەتایبەتی بە ژنی کورد کردووە، تیۆرییەکی نوێی بە پێی بارودۆخی ژنان لە سوید دارشتووە. لە ـ ل ٢ ی نامیلکەکەیدا دەڵێ: « چونکە نامەوێ راستی لە خوێنەر بشارمەوە ناچارم بڵێم: بەشێک لە ژنی کوردی سویدنشین چونکە لە پڕ بە هەموو مافەکانیان شاددەبن، بەراوەژوو سوود لەو ئازادییەی ئێرە وەردەگرن و جیابوونەوە بە شتێکی هێندە ئاسان دەزانن، بۆ تەلاقدانی پیاوەکانیان هەمیشە لەسەر پێن.». پاشان دێتە سەر ئەوەی کە گوایە من ژنێکی ناسیاوم ناردۆتە خوازبێنی چەندین ژن، ژنەکانیش هەر یەکەیان بە بەهانەیەک شوویان پێ نەکردووم. یەکێکیان لە کوردستان مێردە پێشووەکەی پاشا بووە، ئیدی چۆن شوو بە شۆفێرێکی پاس دەکات، یەکێکی تر نەیویستووە شوو بە قالۆنچەی ناو شیاکە بکات. بەو شێوەیە حەمەسەعید "چیرۆکەکەی" پرکردووە لە داهێنان. راستییەکەشی ئاوایە: ساڵ و نیوێک لەمەوبەر حەمەسەعید خۆی لە ڕێگەی ژنێکی جاران هاوبیری خۆیەوە، دەنێرێتە خوازبێنی ئەو ژنانە، کە گوایە من ناردوومەتە خوازبێنییان، ئەو وەڵامانەی وەرگرتۆتەوە، هەڵبەتە بۆ خۆی نا، بەڵکە بۆ برادەرێکی کە هەمان ناوی منی هەیە، جگە لە نازناوەکەی کە بە پیتی (ز) دەستپێدەکا، جاران لە دەستگایەکی رۆشنبیری کوردی کاری دەکرد. پێشتر وتم حەمەسەعید بەسەرهاتەکانی خۆی بە ناوی منەوە دەگێڕێتەوە و دەستە چەورەکەی خۆی بەمندا دەسڕێ. قەرەقوش حوکمی جوولەکەیەکی بە هەڵواسین دابوو، کابرای جەللاد وتبووی گەورەم هەرچەند دەکەم ئەم جوولەکەیەم بۆ ناکرێ بە سێدارەکەوە، ماڵوێرانە زۆر کورتەباڵایە و بۆشم بەرزناکرێتەوە. قەروقوش وتبووی: بێ ئەقڵ! بڕۆ جوولەکەیەکی لەبار پەیدابکە کە بۆ هەڵواسین دەستبدا.
لە ئاهەنگی سەری ساڵی ٩٥ / ٩٦ دا لە (Solna)لە گەڵ برادەرێکی منداڵیم بە خێزانەکانمانەوە ئامادەبووین، برادەرەکەم یەکێک بوو لە کادیرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و بەرپرسێکی ئێستای "ی.ن.ک". لە هۆڵی ئاهەنگەکە حەمەسەعید و چەندین ناسیاوی تریشم لە گەڵیدا دی ـ هەڵبەت حەمەسەعید وەک هەموو جارێکی دی خێزانەکەی لەگەڵدا نەبوو. هەندێ لەوانەی لەگەڵ حەمەسەعیددا بوون برادەرەکەمیان دەناسی و خۆشی و چۆنییان لەگەڵداکرد. لە پشووی ئاهەنگەکەدا کوڕێکی سەرخۆش، ئاوا تەمەن لەسەروو ٢٠ دوە کە لەگەڵ هەندێ کوڕوکاڵی دۆست بە "ی.ن.ک" لەو لامانەوە دانیشتبوو، بە منەوە گرتبووی، کاتێکم زانی بە چەقۆیەکەوە پەلاماری دام، نەیانهێشت بمگاتێ، منیش خۆم نەبردە ئەو داراتەی کە لەگەڵ منێتی. ئیدی ئاو بە ئاگردا کرا. حەمەسەعید کە پێی زانی هاتوون بەگژمدا هاتە تەنیشێمەوە. ئەوسا وامدەزنی سەلامەتی منی مەبەست بوو، زۆر هانیدام زەنگ بۆ پۆلیس لێبدەم و بێن کوڕە بەرن، بەڵام من بە پێویستم نەزانی. چەند ناسیاوێکی تر مەسەلەکەیان لە پاسەوانی هۆڵەکە گەیاند، ئیدی کوڕەیان لە هۆڵی ئاهەنگ وەدەرنا و ئاو بێنە و دەستان بشۆ.
ئێستا حەمەسەعید لە بوختانە چیرۆکی "گەڕان لە دووی ژن "دا، داهێنانێکی ئەنتیکەی لە گێڕانەوەیدا کردووە و خۆی کردۆتە شۆڕەسواری مەیدان. هەر ئەو کاتە یەکێک لە ناسیاوەکانم ـ برادەرەکەم نا ـ چپانی بە گوێمدا:
«ئێستا حەمەسەعید ئێرەییت پێدەبا کە یەکێکی سەر بە "ی.ن.ک"بە چەقۆوە پەلاماری داوی، ئەو خواخوای هەلێکی وایەتی، تا بە هاشە و هووشەوە کتێبێکی لەسەر بنووسێ.» منیش وتم بڕواناکەم. ئێستا قسەی ناسیاوەکە بە زیادەوە هاتۆتە دی. ورد بڕوانن، بزانن حەمەسەعید لە ـ ل ٤ ی هەمان سەرچاوەدا چۆنی دەگێڕێتەوە: «شەوی کوردی نییە شەڕی تێدا نەبێ، هەر هەمان شەو هەندێ چەقۆکێشی سەرخۆش بڕێ سووکە نووکە چەقۆ لە ڕەحمان دەدەن. بۆ سبەینێ بەرپرسی چەقۆکێشان بە چەپکێ گوڵەوە سەردانی شاعیرۆکەی بریندار دەکات و پێی دەڵێ: ببوورە ئەو کەمفامانە بە هەڵە پەلاماری تۆیان دا، دەبوو لە شاعیرە زماندرێژەکە بدەن.». **شاعیرە زماندرێژەکە** مەبەستی خۆیەتی. تەمەس بۆ منەی مشتێکی وێڵ هاتبووە تەنیشتمەوە، نەک بۆ سەلامەتیم. خوێنەرانی هێژا، ئەو کابرایەم بیردەکەوێتەوە کە هەر ئاشێکیان دەبڕی، ئەم بۆ بەیانی شانی خۆی دەدا لە ئاردەوە و دەچووە ناوبازاڕ و خۆی نیشاندەدا. کابرایەکی دیش هیچی نەبوو خەڵک باسی بکا، دەچوو لە چەقی رێگاکاندا دادەنیشت. ئاخۆ بۆ دەبێ ئەو پیاوانە هێندە پێویستیان بە خۆدەرخستن و خۆهەڵکێشان بێ؟؟ هەر باسیان بکرێ، بە خراپ یان باش، بەلایانەوە گرنگ نییە. ئەوەتا حەمەسەعید لەبری خەڵکیش جنێو بە خۆی دەدا: (شاعیرە زماندرێژەکە).
حەمەسەعید لە ل ١٠ ی نامیلکەی (بەدەم چاوەڕوانیی نیشتنەوەی شاعیرێکی بەرزەفڕەوە) دا، بە خۆگێڤکردنەوەیەکەوە دەڵێ: **« ئەگەر دژی علی کیمیاویش بنووسم درۆی بۆ هەڵنابەستم».** ئەو درۆ ناکا، وەڵێ ڕووی درۆزن ڕەش بێ!! باوەجو ڕەنگیشە دڵی نەهێنێ درۆ بەدەم ئەوەوە بکات!!
حەمەسەعید حەسەن لە ـ ل ١١ ی نامیلکەی یەکەمیدا "گەڕان لە دووی سەروا "پێم دەڵێ: « ئەوەندەی هەنارێ دەنکی هەبوو». کەچی لە ـ ٥ ی نامیلکەی دووەمیدا "ژن و سوڵتان "دەڵێ: « لەوەتەی دەیناسم نەمدیوە دەستی لە دەستی ژندا بووبێ، دەستیم هەر لە کیسەی نایلۆندا بینیوە.». حەمەسەعید بۆ ناوبانگ پەیداکردن پەنا بۆ **لاساییکردنەوەی فەریقە کوێریش دەبا**، بەڵام نەزانانە و زەوقسزانە، ئەو کەسێکی دیاریکراوی نە دەشکان و مەبەستی پێکەنین و خۆشی خەڵکی بوو، ئەم کە تێکەوت و مایە پووچ بوو، دەیەوێ بە بوختان هەڵبەستن، بێتەوە مایە، بە درۆودەلەسە و قسەی (هینی) لاوەکی و خۆهەڵکێشان خۆی

له شەرمەزاری بدزێتەوە و وا خۆی دەرخا کە نە بای دیوە و نە باران.
حەمەسەعید لە ژمارە ٥ـ ٦ ی "خەرمانە" کەیدا لە ژێر ناوی (ببوورن)دا دەنووسێ: **«لە ژمارە چواری خەرمانەدا بە هەڵە ناوی برایان: بەرۆژ ئاکرەیی و رێبوار سیوەیلی وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی خەرمانە نووسراوە، دەبووایە وەک دەستەی پشتگیری ناویان تۆمار بکرایە.»**

کوا خەرمانە دەستەی پشتگیری هەبوو؟ خۆ دەبوو هەر بۆ پاساودانیش با، لە ژمارە ٥ دوە دەستەیەکی پشتگیری دابنرایە و ئەو بە هەڵە دوو ئەندامەی تێدا راستبکرابانەوە.

ئای.. لەو سووکایەتییە بەربادەی بەو برا نووسەرانە کراوە، بڕواناکەم لە مێژووی رۆژنامەگەریدا هیچ سەرنووسەرێک ئەو سووکایەتییەی بە دەستەی نووسەرانی کردبێ. کاری بەد تایبەتە بە حەمەسەعید، دەبێ هەمیشە تێیدا یەکەم بێ. ئەمە لە لاسایی کردنەوەیەکی بچکۆلانەی گۆڕانکارییەکانی سەددام دەچێ. سەیر ئەوەیە نە کەس تووڕە بوو، نە کەسیش پەست، نە بە هەڵە ئەندامەکان، نە راستەقینەکان!! وەکوتریش گەروویان هێندە تەسکە، حەبێکی هەڵەی چاپی هەندێ گۆڤاریان بە ئاویشەوە بۆ قووتناچێ!! ئەمەیە نهێنی هەڵتۆقانی ملهوڕان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا!!

کوان ئەوانەی لەسەر بڵاوکردنەوەی وتاری (پڕماناترین بێدەنگی) هەم تووڕە و هەم پەست دەبوون؟ کوان ئەوانەی باسی دابونەریتی نووسین و رۆژنامەگەرییان دەکرد و مورالیان بە خەرجدەدا؟ کوان ئەوانەی لە سەرژمێری جنێودا پسپۆڕ بوون و بە مەترەلێزی رەخنە، (رابوون) و رەفیق سابیرـ یان داگرتبووەوە؟ کوان ئەوانەی بە جنێوەکانی(رێبوار) هێڵنجیان دەدا؟ یان ئەمجارەیان رەشەبای جنێوەکان زۆر توندتر و بێنامانە، هەر بە کڵاوەکانی خۆیاندا رادەگەن! کوان پێشکەوتووخوازان؟ کوان لایەنگرەکانی مافی ژنان؟ کوان لایەنگرانی یەکسانی و خۆشەویستی؟ ئەی ژنە نووسەر و شاعیرەکانمان لەکوێن؟ بڵێی ئەوانیش هەموو کڵاو لەسەردانەر یان دانراو بن؟

**تێبینییەکی پێویست:**
خوێنەرانی هێژا... وەک ئێستا دەبینن حەمەسەعید حەسەن دەستدرێژیەکی بێتامی کردۆتە سەر خۆم و خێزانەکەم، کۆمەڵێک بوختانی زۆر ناشیرینی ناوەتە پاڵ ژیانی تایبەتیمانەوە، هیچ پێوانەیەکی فەلسەفی و ئاینی و ئەخلاقی و مرۆڤانەی رەچاوەنەکردووە. منیش مرۆڤم وەک هەرکەسێ لە ئێوە، خاوەنی دڵ و دەروون و هەستم، منیش وەک ئێوە بە دەستدرێژی و پلار و تانە و جنێو بریندار دەبم. دەزانن کە کار، کاردانەوەی هەیە و دیاردەکانیش رێژەیین. بە پێی چەپەڵی دەستدرێژییەکان، هەستناکەم زێدەڕۆییم لە روونکردنەوە و بەرگریکردندا کردبێ، بەڵام بڕیاردەری دادوەر هەر ئێوەن، بۆیە ئەگەر ئێوە هەستتان بە بەرزی و نزمی کرد لە وتارەکەمدا، تکام وایە خۆتان بخەنە جێی من و ئەوجا حوکم بدەن. من هەرگیز رێبواری ئەم لاکۆلانانە نەبووم، کە ریشیش بوو بە تووشەوە پیاو دەبێ شانەی بۆ هەڵگرێ. بۆ ئەوەی بتوانن چاکتر دادوەری بکەن، دەبێ بە ئەرکی ئەزانن و ئەو سەرچاوانەی لە وتارەکەدا ئاماژەم بۆ پێ کردوون، بخوێننەوە.
دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم کە ئەم وتارەم دووا نووسینم دەبێ دەربارەی ئەو ماجەرایە، مەگەر چار ناچار بێ و هیچ رێگەیەکی دیم بۆ نەمێنێتەوە. دەنا ئەم وتارەم با وەڵامیش بێ بۆ دەستدرێژیی و بوختانە داهاتووەکانی حەمەسەعید حەسەن. سوپاس.

١٠ ی یولی ١٩٩٩

# هۆنەر، ئەدیب، موسیقیدان و بنگەدانەری ئەدەب و کولتووری کوردی

## جاسمی جەلیل

(١٩٠٨-١٩٩٨)

**حەسەن ئەیوبزادە**

**«جاسمی جەلیل»** لە ٢٤ نۆکتۆبری ١٩٩٨ لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا لە ئێرەوان ماڵاوایی لە دونیای ڕوون کرد و گەیشتەوە بارەگای رەحمەتی خوای مەزن.

«جاسمی جەلیل» ناودارێکی گەلی کورد لە وڵاتی سۆڤیەتی بەریدابوو کە بۆ بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی چاند و ئەدەبی کوردیی خزمەتێکی مەزنی بە گەلی کورد کرد. ئەو ڕووناکبیرە ناودارە حەفتا ساڵی تەمەنی بە بەرەکەتی خۆی کردە دیاری بۆ گەلی کورد. ناوبراو لە مەیدانی تۆرە و ئەدەبی کوردیدا کەسایەتییەکی بە ناوبانگ و خودانی رێز و حورمەتی تایبەتی لە نێو کوردانی ئەوپەڕی قەوقاز و ئۆگرانی ئەدەب و چاندی کوردی لە جیهان بوو، پسپۆڕیی ئەو لە هەموو بوارەکانی چاند و ئەدەبی کوردەواریدا سەرنجڕاکێش بوو. لە کار و تێکۆشانیدا بێوەستان و ئەحەساوە و بێکەموکوڕی بوو.

ژیانی پڕ لە کارەسات و خەمهێنەری ئەو گۆشەیەکی دیرۆکی بەخوێن نووسراوی گەلیَ کورد و بەسەرهاتی بە میلیۆن کورد و هەرمەنی یە، کە بە دەستی گەلە تورکانی خوێمنژ کوژراون و دەربەدەر بوون و لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەی خەباتی شێلگیر و بێپسانەوەی ئەو گەلە و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانێتی کە سەربەرزانە دەمرن و ناتوێنەوە.

جاسمی جەلیل لە ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ لە گوندی «قزی قوڵە» سەر بە ناوچەی دیگوری مەڵبەندی قارس لە دایک بوو. قزی قوڵە لەو سەردەمەدا لە ژێر دەسەڵاتی رووسیادا بوو. ژینی هێمنانەی دوور لە زۆرداریی خەڵکی کورد لەو هەرێمە بە تەقینەوەی شەڕەی یەکەمی جیهانی و لەو کاتەدا کە ڕووسەکان لە بەرانبەر شۆڕشی ساڵی ١٩١٧بولشویکەکان بە چۆداهاتن و بڵاوەیان کرد کۆتایی پێهات.

لە ساڵی ١٩١٨ لەشکری خوێنخۆری گەلە تورکان بە سەرۆکایەتی «کازم قەرەبێکیرپاشا» بە بیانووی هێرش بۆ سەر قارس دەستیان کرد بە قڕکردنی کورد و هەرمەنی. لەو کورد و هەرمەنی قڕانەدا، بنەماڵەی جاسمی جەلیلی یش، بوون بە قوربانی و تورکان خوێنیان ڕشتن . لە ٤٠- ٥٠ کەسی بنەماڵەی جاسمی جەلیل هەر جەلیلی پچووک کە ئەو کاتە دەسلانە بوو و دەچوە بەر کار وبەرخان لە کوشتن خەڵەسی بوو.

جاسمی جەلیل لە بیرەوەریی سەردەمی منداڵیی خۆیدا ئاوا دەنووسێ:
«کەسوکار و بنەماڵەکەی من لە هەمبەر هێرشی تورکان بەرەو "ئەلەگەز" نزیکی ئێرەوان رەویبوو. چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان لەو

ڕەوەدا لە چۆمی ئارازدا خنکابوون و چەند کەسیشیان لە بن پێی ئەسپی تورکاندا کوژرابوون. لە بنە ماڵەی ئێمە کەم کەس گەیشتنە داوێنی چیای ئەلەگەز چونکە سوارەی گەلە تورکان گەیشتنە سەریان و گەورە و چووکیان سەر بڕین. لەو شوێنە چۆمێک هەیە کە سەرچاوەکەی ئاوەچۆڕەی بەفری کوێستانە و لە بەهارێدا ئاوی دەکشێتە سەر دەشتایی. لە نزیکی ئەو رووبارە گوندێک بە ناوی "پامپا کوردان" هەبوو. دێتەبیرم کە ئاوی ئەو چۆمە لە بەر تەرمی یەخسیری کوردان ئەوەندە بەرز ببووەوە کە لە لێوارەکانی خۆی سەرڕێژی کردبوو. کەس لە بنەماڵەکەمان جیا لە من و جەخێی خوشکم لەو کوشتارەی تورکان کردیان ڕزگاری نەبوو. زۆری پێنەچوو خوشکەکەشم مرد و من بێکەس مام».

تەمەنی منداڵیی جاسم بە دەستەنگی و تاڵیی تێپەڕیوە. کەسەر و پەژارەی گوند وڵات، خەمی دای و باو و خوشک و برا لە تەواوی سەردەمی منداڵییدا لێی دوور نەکەوتوونەوە. جاسم ئەو دەرد و خەمە بەپایانەی دڵی کەیلی بە ئاوازی کوردی لە هەموو تەمەنی خۆیدا و بە دەنگی بلوێر دەربڕیوە.

کاتێ دەسەڵاتی بولشویکان لە هەرمەنستانسەقامگیر بوو، جاسم وەکوو هەزاران هەتیوی دیکە لە هەرمەنی و کوردان کە لەو ژینۆسیدە ڕزگاریان ببوو لە هێمنخانەکاندا کۆکرانەوە. جاسم لە هەتیوخانەی ئەلکساندروپول (لێنیناکان ـ گومری)، جێلالونحلیە (کیرواکان)دا، هتد... مایەوە و ماوەی خوێندنگەی سەرەتایی سەرکەوتووانە تێپەڕکرد.

لە ساڵی ١٩٢٧ لە سەر بڕیاری دەوڵەت بۆ خوێندن دەنێردرێتە قوتابخانەی نیزامیی. لەبەر چەلەنگیی و لێوەشاوەیی و ڕێکوپێکی لە خوێندن و کاروتێکۆشانیدا بۆ درێژەپێدانی خوێندنەکەی لە پلەی بەرزی نیزامییدا دەنێردرێتە شاری تفلیس.

سەرەتای ساڵی ١٩٣٠، ژیانی کوردان لە کۆمارەکانی ئەوپەڕی قەوقاز (ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان) سەردەمێکی گرینگ بوو. پاش ساڵی ١٣٢٩ کە ئەلف و پیتکەی لاتین بۆ خوێندن و نووسینی کوردی لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی ناسرا، بۆ مەدەنیەت و ژیاری کورد دەرگایەکی مەزن کرایەوە. لەو کاتەدا بۆ ئەو کارە کادری کورد کەم بوون. لە نێو ئەو لاووگەنجە بێدایوباوانەی کورد و هەرمەنی کە زمانی کوردیان دەزانی بۆ خزمەتی کاری ڕووناکبیرانەی کوردانی ئەوپەڕی قەوقاز لەلایەن دەوڵەتەوە چەند کەسێک هەڵبژێردران کە یەک لەوان جاسمی جەلیل ٢٣ ساڵانە بوو، کە ئەوکات خوێندکاری قوتابخانەی نیزامیی لە تفلیس بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣١دا بوو بە سەرۆکی ئەنستیتوو پیێداگوژی کوردیی ئەوپەڕی قەوقاز. لەو ئەنستیتوویەدا بە سەدان لاووکیژی کورد لە هەموو کۆمارەکانی ئەوپەڕی قاوقاز، بۆ ئەوە ببنە فێرکاری قوتابخانەی کوردی و کادری هێژا لە لک و پۆپی کولتووری کوردیدا کاربکەن فێری خوێندن ونووسینی کوردی دەبوون. ئەو ئەنستیتوویە جێی خۆی کردەوە و کاری خۆی درێژەپێدا. لە بەر پێداویستییەک کە بۆ بەرەوپێشبردنی کاری ڕۆشنبیرانەی کوردی و لە چوارچێوەی چاپەمەنیدا سەریهەڵدابوو، فەرماندەرانی هەرمەنستان لە ساڵی ١٩٣٢ جاسمی جەلیلیان بۆ کارێکی دیکە دیاری کرد. لەوساڵەدا، ئەو کرا بە سەرۆکی بەشی ئامادەکردنی پەڕتوک و کتێب بە زمانی کوردی. گرینگیی کتێب بە زمانی کوردی زەق و بەرچاو بوو. چونکە قوتابخانەی کوردی نەبوو. نووسەرانی کورد هەڵبەست و نووسینی خۆیان نەدەتوانی بە زمانی کوردی بڵاوبکەنەوە. بەرنامەی حیزب و دەولەتی سۆڤیەت بە هەموو زمانێک جیا لە زمانی کوردی بڵاودەبوونەوە، جاسمی جەلیل بە ئۆگرییەوە تا ساڵی ١٩٣٨ ـ کە بە بڕیاری ستالین چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی گەلانی پچووک ڕاگیرا ـ ئەو کارەی بەڕێوەبرد. لەو ساڵانەدا سەدان پەڕتوکی قوتابخانە، شێعر

**پاش نەمانی ستالین، فەرهەنگ و چاندی گەلانی سۆڤیەت بووژانەوە و ژیانێکی نوێیان دەسپێکردەوە. جارێکی دیکە ڕۆژنامەی ،ڕێگای ئازادی، بڵاوکرایەوە و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەی گوندەکاندا دەستی پێکردەوە**

تەرجەمەی ئاسەواری کلاسیکی گەلانی ڕووس، هەرمەن و ئوڕووپی، سیاسی، ئابووری و فۆلکلۆریی بە زمانی کوردی نووسراون. ئەو ساڵانە بوونە سەردەمی بنیاتنانی ئەدەبی کوردیی سۆڤیەت. لەو بوارەدا خزمەتی زانای کورد مامۆستا جاسمی جەلیل بێوێنە و مەزن بوو. چونکە ئەو، هەم ڕێکخەر بوو، هەرم وەرگێڕێکی ناودار و هەم نووسەر و ڕێداکتۆر و ئامادەکەری سەدان چاپەمەنیی جوارجۆر بوو.

لە کۆنفرانسی کوردزانیی کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە ئێرەوان و پێتەختی هەرمەنستان لە هەموو زانیار و ڕووناکبیر و پسپۆڕی چاند و زانستی گەلی کورد پێکهات، مامۆستا جاسمی جەلیل لەمەڕ بەرەوپێشبردنی ئەدەب و چاپەمەنیی بە زمانی کوردی ئاخفی و لە سەر تەنگوچەڵەمەکان گوتوبێژێکی هێژایانەی کرد،

مامۆستای ئەمر، خوێندنی ئەنستیتووی پێداگوژیکیی زمان و ئەدەبیات لە ئێرەوان (١٩٣٨-١٩٤١) تەواوکرد. لەو ساڵانەی خوێندنیدا، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی هەرمەنی بە ناوی ناردوس بوو. پاش تەواوکردنی ئەنستیتوو سێ ساڵان لە زانکۆی مافەکان(حقوق) خوێندی و سەرکەوتووانە ئەو زانکۆیەشی تەواو کرد. لە کاتی شەڕەی دووهەمی جیهانیدا، جاسمی جەلیل لە بەشی نیزامیی تایبەتی لە ڕووسیا مامۆستای زمانی کوردی بوو. پاش شەڕی جیهانی دووهەم و ئەو کاتەی کە لە سۆڤیەت هیچ دەرەتانێک بۆ بەرەوپێشخستنی زمان وئەدەبی کورد نەرەخسابوو، هێژای ئەمر و دڵسۆزی کورد مامۆستا جاسمی جەلیل، جارکێکی دیکە بەرەوپێشخستنی کاری ئەدەب و تۆرەی کوردی کردە ئامانجی خۆی. ساڵی ١٩٤٧، بۆ بیرەوەری سەدوپەنجاساڵەی لە دایکبوونی شاعیری ڕووس پوشکین، پوختەی وەرگێڕدراوی شێعرەکانی ئەو ئامادە دەکا و بڵاویدەکاتەوە. ئەو کتێبە چرایەکی بەگڕ و هەروەها نیشانە و ئیشارەتێک بوو بۆ ئەوە کە زمان و ئەدەبی کوردی زیندووە و پێویستی بە بەرەوپێشبردن هەیە.

پاش نەمانی ستالین، فەرهەنگ و چاندی گەلانی سۆڤیەت بووژانەوە و ژیانێکی نوێیان دەسپێکردەوە. جارێکی دیکە ڕۆژنامەی «ڕێگای ئازادی» بڵاوکرایەوە و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەی گوندەکاندا دەستی پێکردەوە. ناوەندی کولتووری سەرلەنوێ کرانەوە. یەک لەو بنکە گرینگانە کردنەوەی بەشی کوردی رادیۆ ئێرەوان لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٩٥٥ بوو. ئەوە یەکەم جار بوو کە دەنگی گەلی کورد، دیرۆک، موسیقا و ژیانی کوردان بە هۆی شەپۆلی رادیۆوە بە هەموو جیهان بآودەبووەوە. بەرپرسیارەتی دامەزراندن و و ئامادەکردنی ئەو کارە هێژایە لە ڕۆژی هەوەڵەوە لەلایەن دەوڵەتەوە درا بە مامۆستا جاسم جەلیل وئەویش بە لێزانی و پسپۆڕییەکی مەزنەوە دەستی بە ڕێکجستنی کاری رادیۆ کرد. ئاگری ئەو ئۆگریی وئەوینەی بە چاند و ئەدەبی کوردی کە لە منداڵیڕا و بە ساڵان لە دڵی ئەودا دائیسا، ئەوجار ببووە بڵێسە و گڕەمشقانێکی مزن. ئێستا ئەو دەیتوانی بۆ یەکەمجار ئو ئۆگریی وئەوین و ئاواز و سترانی کوردییە زێدەتر و لە کردەوەدا بە بەرفرەیی بڵاوبکاتەوە. ئەو وێنەی ئەو بە موسیقا و چاندی کوردیی هەتا ڕۆژی مەرگ هەما و هەرگیز لە کزیی نەدا.

**زۆرجاران بووته نوێنەری کۆنفرانسی یەکێتی نووسەران لە مۆسکۆ و ئێرەوان و بە ئاخافتنی خۆی زیندووبوونی ئەدەب و لیتێراتووری کوردی سەلماندووە و بە ئۆگرانی ئەدەبی گەلانی دیکەی ناساندووە.**

مامۆستا جاسمی جەلیل بۆ خۆشی موسیقار بوو و شمشاڵ و بلوێری لێدەدا. هەر لە منداڵییەوە و لەو کاتەوە کە لە گوندی قزل قوڵە بەرخەوان بوو، فێری موسیقی کردیی ببوو. ستران و قامی کوردی دەگوتن ولە بیری نەکردبوون. لەگەڵ وتووێژ و ئاخافتن لە رادیۆ. ستران و ئاوازی کوردی جێیەکی گرینگیان هەبوو. بە تێکۆشانی بێوچانی ئەو کوڕپەروەرە لە تۆمارگەی ڕادیۆ لە ساڵەکانی بەرێدا پتر لە ٧٠٠ ستران و ئاوازی گەلی کوردی تۆمار و بڵاوکردەوە. ئەو کارە بنەڕەتییە بوو بە هۆی بووژانەوە و خۆدارشتنی موزیکی زێرینی کوردی.
هەموو سترانبێژ و دەنگبێژەکان پسپۆڕ و لێزان نەبوون، بەڵام دەنگ و ئاواز و ئاهەنگی زوڕنا و بلوێری ئەوان لە هی پسپۆڕان کەمتر نەبوون. رادیۆ کوردیی ئێرەوان بۆ ناسین و ناساندنی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو. بە هۆی شیاویی ئەو و هاوکاریی «جەمیلە جەلیل» واتە کچە گەورەکەی کە زانا وپسپۆڕی موسیقایە و پتر لە سی ساڵە ئەو کارەدەکا، ئەو بنکەیە پەرەی پێدراوە. جاسمی جەلیل تا کاتی مەرگی دڵی، هەر گیرۆدەی موسیقای کوردی بوو. لە ساڵی ١٩٧٠دا و ئەو کاتەی کە خانەنشین واتە لە پانسیۆن دابوو، لە بواری ئەدەب و لیتێراتووردا پسپۆڕیی خۆی نیشان دا و بە هاوکاریی ڕیشنبیرانی کوردی هەرمەنستان بەرپرسیاریەتی کارێکی نوێی وەئەستۆ گرت. جارێکی دیکەش بووە بە بەڕێوەبەریی بنکەی چاپەمەنی کتێب و بڵاڤۆکی کوردی لە چاپخانەی دەوڵەتیی هەرمەنستان "سۆڤێتاکان گرووخ". لە ماوەی دەساڵاندا ئەو ڕۆڵە بە ئەمەگەیی کورد زیاتر لە سەد کتێبی کوردی لە چاپدا و بڵاویکردەوە.
ناوی ئەو ناودارەی کورد وەکوو هەستیار، نووسەر و ڕۆژنامەوان لە نێو کوردانی سۆڤیەتدا بە دێرۆک و ئەدەبی کوردەوە گرێدراوە. ئەو یەک لەو سی و چوار کەسەیە کە بوونە بنیاتنەر و دامەزرێنەری ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی بەریێ.
مامۆستا جاسم نەخشی نووسراوەی کلاسیکی گەلانی دراوسێ وجیهانی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی بەریێ، بە گرینگ دادەنا. لەبەر ئەوە ئەو نەک هەر داوای تەرجەمە و و ەرگێڕانی دەکردن بەڵکوو بۆخۆی ئاسەواری ئەو نووسەرانەی وەکوو دانییل دوفوس، ئەلکساندر پوشکین، لێرمانتۆڤ، شێفچێنکۆ، تومانیان، ئیزاهاکیان، بێخیشێچارانس، وەرگەڕاندە سەر زمانی کوردی.
مامۆستا جاسم، خودانی دەیان کتێبی شێعرە. کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی ئەو بریتین لە: «ڕۆژگاری من» (١٩٦٠)، «وتەی چیا» (١٩٧٠)، «ئۆدەی کوردان» (١٩٧٥)، «کوردی ئەویندار» (١٩٨٠)، «زۆزان» (١٩٨٢)، «ئەمەریێ جەلالی» (١٩٨٢)، «کۆخی دایێ من» (١٩٨٤)، «بژار» (١٩٨٨) بە زمانی کوردی و «ئەلەگەز» (١٩٥٤)، «ستران و گۆرانیی ئەویندارانی کوردی» (١٩٥٥)، «کانی دێ» و «کوانووی من» (١٩٦٦) بە زمانی هەرمەنی. بە زمانی ڕووسی «ئەمەریێ جەلالی» (١٩٨٣) و «جوامێری کوردان» (١٩٨٨)، بە زمانی عەرەبی «قەڵای دمدم» (١٩٩١) و هەروەها بە زمانی ئالمانی و زمانی گەلانی دیکەش بەرهەمی هەن.

شێعر و هەڵبەستی ڕەنگینی ئەو ناودارە بە هەستەی کورد بە زمانی فەڕەنسی، ئینگلیزی، ئازەربایجانی و تورکی وەرگێڕدراون و لە گۆڤار و بڵاڤۆکی جۆراوجۆردا بڵاوکراونەوە. بەتایبەتی شیاوی باسە کە بڵاوکردنەوەی هەڵبەستەکانی لە ساڵی ١٩٦٣ لە دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی «پراودا» و «ئیزڤێستیا»دا و لەو کاتەی کە کوردان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عەرەب لە عێراقدا کەوتبوونە ژێر باری زوڵمو چەوساندنەوە، شوێنەوارێکی مەزنی خستە سەر بیر و مێشکی خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامە لە سەرتاسەری سۆڤێتی بەرێدا.
بوێژ و شاعیری ئەمری کورد ئەوینداری بەیت و فۆلکلۆری زمانی کوردی بوو، نێوەرۆکی زۆر لەو دەمبێژ و فۆلکلۆرانەی کوردی کردنە بنگەی نووسینەکانی خۆی. ئامانجی مەزنی ئەو ئەوە بوو کە دەمبێژ و زارگوتنی گەلی کورد بەرێتە نێو ئەدەب و زمانی گەلانی دراوسێی هەرمەنی، گورجی و ڕووس و گەلانی دیکە و بەوانیان بناسێنێ. بڵاڤۆکی ستران وئەویندارانی کورد لە ساڵی ١٩٥٥ بە زمانی هەرمەنی چاپ وبڵاوکرایەوە و لەلایەن خوێنەرانی گەلی هەرمەنییەوە بە گەرمی پێوازی لێکرا.
مامۆستای هێژا، زۆر ساڵانیش کاری پێداگوژیکی واتە بارهێنان و ڕاهێنانی کردووە لە تێکنیکۆمی کوردیدا دەرسی ژیۆگرافی و سروشتناسی و جەنگاوەریی گوتووەتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ڕا تا ئەمڕۆ کتێبی «لیتێراتوور»ی کوردیی ئەو بە قوتابیانی ٥-٦ هەروا سەرچاوە لەبەر دەستیان دایە. ناوی ماۆستا جاسم لە نێو چاپەمەنی هەرمەنستاندا ناسراوە، چونکە بابەتێکی وا نییە کە ئەو لە سەر کوردان و بە پێنووسی خۆی نەینووسیبێ. ژیانی گوندیی و ئاوەدانکردنەوەی گوندی کوردان، ژیانی لاو و گەنج و خوێندکار و داخوازی ڕووناکبیران هەموو بوونەتە نێوەرۆکی نوسینەکانی ئەو هونەرمەندە مەزنە.
زۆرجاران بووتە نوێنەری کۆنفرانسی یەکێتی نووسەران لە مۆسکۆ و ئێرەوان و بە ئاخافتنی خۆی زیندووبوونی ئەدەب و لیتێراتووری کوردی سەلماندووە و بە ئۆگرانی ئەدەبی گەلانی دیکەی ناساندووە.
ناوی ئەو کوردەتێکۆشەرە نەتەوە دۆستە لە ئەنسکلۆپێدیای ڕووس و هەرمەنی و ئۆکرائینیدا بە ڕێز و حورمەتەوە نووسراوە. هەروەها ناوی ئەو کوردە زەحمەتکێشە لە دیرۆکی چاند و ئەدەبی گەلی ئێمەدا جێیەکی تایبەتی بۆخۆی تەرخان دەکا. ئاسەوارەکەی وەکوو زاربێژەنەمرەکانی کورد، ژینێکی بەردەوامیان دەبێ. بیروباوەڕ و نووسینەکانیشی دەبنە ڕووناکایی ڕێگەی خوێنەرانی کوردی مێرخاس و خاوەن بیرو باوەڕ.
گڵکۆی ئەو مەزنە ناودارە بە ئەمەگەکورد و کوردستان، لە سەر گرێکە لە نزیک ئێرەوان کە ١٥ کیلۆمیتر لەو شارە دوورە و لە باکوورەوە دەڕوانێتە چیای ئەلەگەز و لە باشووری ڕۆژئاواشڕا دەڕوانێتە چیای ئاراڕات. سروەیەک لە هەردوولاوە دێن و بەو گردەدا دەخولێنەوە و خۆ لە کێلان وەردێنن، سلاو لەوانە دەکەن کە لە خەوی هەتاهەتایی ڕاچوون و جارێکی دیکە بەرەو گوندی کوردان کە لە داوێنی ئەو هەردوو چیایە دایە شۆڕدەبنەوە، بۆیە دەگەڕێنەوە کە بە قامێکی کوردی و دەنگ و ئاوازی دەنگخۆشێکی کورد سەرخۆش بن و جارێکی دیکە بەرەو چیا بگەڕێنەوە و خەبەری خۆش بەرنەوە و بێژن: شوکور بۆ خوا گەلی کورد زیندووە و زمان و هونەرمەندی ئەو گەلەش لە بڕەو دایە و بەهێزتر بووە.
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کوڕی نەتەوەپەروەری مامۆستا جاسم واتە «جەلیلی جەلیل» پرۆفیسۆری چاند و ئەدەبی کورد لە زانسگەی ئێرەوان و بەرپرسی ئێستای ئاکادێکی کوردی شاری ڤیەن سەرەخۆشیم لێکرد و هاودەردیم لەگەڵ دەربڕی، لە وەڵامدا فەرمووی سەری کوردان سلامەت بێ، ئەو هەر بابی من بوو، بەڵام کوڕی هەموو کوردان بوو، با بۆ ئەو خەسارە سەرەخۆشی لە هەموو گەلی کورد بکەین. ■

# ناساندنی سێ نامیلکەی (ژ.ک)
# و
# پارچەهۆنراوەی: «ئەم ئاسمانە شینە»

**ئەحمەدی شەریفی**

لە ساڵی ١٣٢٢(١٩٤٣)، لە لایەن کۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە سێ نامیلکەی گچکە لە قەوارەی گیرفانیدا بۆ «وشیاری آغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد» لە چاپ دراوە. ئەم سێ نامیلکەیە، ڕەنگە ئەوەڵین کتێبی کوردی بن کە لە کوردستانی ئێراندا وەشاون و بڵاوبوونەوە. ئەگەرچی دەڵێن خودالێخۆشبوو «عەبدوڕەزاق بەگی بەدرخان»، لە ساڵەکانی سەرەتای (١٩٠٠)دا کتێبێکی دەرسیی لە شاری (خۆی) لە چاپ داوە، بەڵام چونکە ئەز ئەو کتێبەم نەدیوە ئەم سێ نامیلکەیە وەک ئەوەڵین کتێبی کوردی لە کوردستانی ئێران دەناسێنم.

ئامادەکەری ئەم سێ نامیلکەیە، بە گوێرەی لاپەڕە ١٢-٢٢ی نامیلکەی دووهەم «بیژن» بووە. بیژن ناوی موستەعاری خودالێخۆشبوو عەبدوڕەحمانی زەبیحی بووە. ئەم نامیلکانە لە ڕوانگەی ڕێز و بایەخ و شێوەی نووسینەوە زۆر گرینگ و جێگەی سەرنج بوون. لە نووسیندا هەوڵ دراوە شێوەیەکی ئەدەبییان تێدا بەکاربێنن. پیتەکانی (ئ، ا، ط، ص، ض، ث) وەک خۆیان نووسراون. وشە عەرەبییەکان جاری وایە بە شێوەی کوردی نووسراون، وەک: حاتەم، صەدر، هدایەت، مەسئەلە، سەیف، حەضرەت.... جاری واشە وشە عەرەبییەکان بە شێوەی عەرەبی وەک خۆیان نووسراون: قطب، مشایخ. پیتی (ا) ی سەرەتای وشە جاری وایە وەک خۆی نووسراوە: ایتر، احمد، ادارە، ایوە ... و، جاریواشە بە شێوەی کوردی نووسراون: ئەحواڵ، ئەطوار، ئەستێرە، ئەمر، ئەو، ئەفلاک، ئەیوب... . پیتی ئ(ئا) لە سەرجەمی سێ نامیلکەکەدا بە (ئ) نووسراوە: آخر، آوا، آخ... لە هیچکام لە نامیلکەکاندا نیشانەی (ۆ) دەکارنەهێنراون. هێندێک جار دوو واو(وو) لە ئەوەڵ و نێوانی وشەکاندا دەکارهاتوون وەک: ووشیار و نووسەر....

**نامیلکەی ژمارە١:** (گوڵ بژێریک لە دیوانی حاجی قادری کویی بلبلی نیشتمانی کورد)

لە سەرووی بەرگەکەی ئەو دێڕە نووسراوە:

تەنبەلی کاری حیز و بی خیرە
دەستی ماندو لە سەر زگی تیرە

لە ژێرەوەشی نووسراوە:

(بە پارەی کومەڵەی ژ.ک بو ووشیاری آغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا. ١٣٢٢)

لە لاپەڕەی ٢ی دا نووسراوە:

(هەیئەتی ناوەندی (مرکزی) کومەڵەی ژ.ک، ئەم سیپاریە پیشکەشی گیانی(روح) لاوی رەحمەتی م.س. توس ئەندامی ژمارە ١٣ ئەکات.)

ئەم نامیلکەیە ٢٣ لاپەڕەیە و (١٨٠) بەیتە شێعری حاجی قادری تێدایە:

١- بەسەرهاتی حاجی قادر بە کورتی، ل١-٢
٢- ستایشی خوا، ل٣-٤
٣- چەند شێعری بێ سەر دێڕ، ل٥-١٤
٤- سنووری کوردستان، ل ١٤-١٥
٥- چەند شێعری بێ سەردێڕ، ١٥-٢٦

لە دوایین لاپەڕەیدا نووسراوە: (برا خوشەویستەکان وا تی ئەگەن ایمە بە زمان خومانەوە هاوارتان ئەکەین بەلکو ئەمە دایکی نیشتمانە خوی هاویشوتە باوەشی کومەڵەی ژ.ک و ئەلی ریککەوون تا سەرکەوون)، تەواو بو. کوردستانی موکریان لاجان. خاکەلیوەی ١٣٢٢/١٩٤٣

**نامیلکەی ژمارە٢:** (گوڵ بژێریک لە دیوانی جەنابی مەلا محمدی کویی) یە. ئەم گوڵبژێرە ٣٠ لاپەڕەیە و ٢١٤ بەیتە شێعرە. لەم ٢١٤ بەیتە شێعرەدا ٢٠٣ بەیتە شێعری مەلا محەمەدە و ١١ بەیتە شێعری «بیژەن»ە کە شێعرەکانی بیژەن لە لاپەڕەی ١٤-١٥ دا چاپ بوون و لە ژێریدا نووسیویە: (ئەم شعرانەی لە نیو قولاپەکانا نوسراون لەلایەن بیژن نووسەری کومەلە هونراونەوە).

لە ژێر لاپەڕەی ٣٠ دا نووسراوە: (نووسەری کومەڵەی ژ.ک بە بونەی هەندی دەستکاری شعرەکانی ئەم دیاری یە لە جەنابی مەلا محمدی کویی تکا و داوای چاوپوشی ئەکات.

کوردستانی موکریان ـ لاجان ـ ١٣٢٢/١٩٤٣).

**نامیلکەی ژمارە ٣:** (دەستە گولیکی جوان و بونخوش لە باغی نیشتمان پەروەری) یە. ئەم دێڕە لە سەرووی سەر بەرگەکەی نووسراوە:

(هەر ملتی لە لاوە حقی خوی بە دەستەوە)

(کوردیک ئەگەر سەری هەڵینی دەڵین بوتە سەربزیو).

لە ژێرعینوانی سەربەرگەکەیدا ئەم چەند وشەیە نووسراوە:

(بە پارەی کومەڵەی ژ.ک بو بەهیزکردنی هەستی نیشتمان پەرستی لە ناو ئاغاوات و سەردارعەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا. ١٣٢٢).

لە سەر پشتەبەرگەکەشی ئەم دێڕە نووسراوە:

(پیشکەشی لاوە خویندەوار و گەنجە ووریاکانی کورد لە هەمو ناوچەییکی کوردستان ئەکریت.)

ئەم نامیلکەیە سەرجەم ١٦ لاپەڕەیە و شیعرەکانی بەم جۆرەن:

١- ستایشی خوا وەکو حاجی قادر:

(لاویکی کوردی موکریانی لە تەمەنی ٢٦ و ٢٧ سالیدا خاوەندی دلیکی کە بریسکەی نیشتمان پەروەری هەر بەرەو روناکی ئەچیت ئەم هەلبەستانەی خوارەوەی بو ناردین بەلام ویستویەتی نیوی ئەنوسین).

٢- بو آغاواتی کورد.
٣- (شیعریکی شیخ احمدی سریل اوایی).
٤- شیعریکی (جەنابی حسن سیف القضات).
٥- شیعریکی خالەمین.

٦- پینج خشتەکیکی (قاضی هەڵەبجە)،
سەرجەم شیعرەکانی نامیلکەی ژمارە ٣، سەد و سێ بەیتە شێعرە.
با ئەوەش بڵێم لە ساڵی ٥٨-١٣٥٩ی هەتاویدا، هەر سێ نامیلکەم دا بە خوداڵێخۆشبوو خەڵیفە «محەمەدئەمینی میسری(سەیدیان)» خێوی کتێبفرۆشی سەیدیان لە مەهاباد، هەتا چاپیان بکاتەوە. هەر سێ نامیلکە لە توێی جڵدێکدا چاپ کرا، بەڵام پاش و پێش کەوتبوون و نامیلکەی ژمارە٢ جێی خۆی دابوو بە نامیلکەی ژمارە١.

## «ئەم ئاسمانە شینە»

شێخ ئەحمەدی سریل ئاوایی

**«دوای جەنگی ڕابوردو کە جمهووریەتی تورکیا سازبوو مەحکەمەیەک بە ناوی "مەحکەمەی سەربەخۆیی" داندرا جەنابی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و سەید محەمەدی کوڕی دەگەڵ هەندێ لە گەورە و ناودارانی کورد لەم مەحکەمەیەدا محاکەمە کران و هەڵیان ئاوەسین. ئینجا "شێخ ئەحمەدی سریل ئاوایی" کە پیاوێکی بەناوبانگی موکوریانە ئەم شینەی خوارەوەی بۆ شەهیدانی ڕێگای سەربەستی کوردی گێڕاوە».**

ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە
ئیجادی وا کراوە کە قوبەی هەم و غەمە
بارانی مەرگە، بەفرە کفن، ڕەعدە نەفخی صور
ئەو ڕووگرانی قابزی ئەرواحی عالەمە
سەرتیپی تیپی هەورە شەماڵ بۆ سەفی قیتال
نارنجەکی تەرزەیە، تەییارەیی تەمە
ڕۆژی سیایە ڕۆژ و شەوی تارە چەرخی پیر
هەوری لە دودە، ئاهە، تەمی وی هەموو غەمە
ئەم چەرخەکۆنە ماشێنەکەی ژەنگی گرتووە
چەوری نەکا بە خوێنەکی سووڕانی عەستەمە
لەم قەرنی بیستەمی مەدەنیەت بە خوێنی کورد
ژەنگی لە سەر نەهێشتووە هێشتا پێی کەمە
**تا ڕۆندراوە چەرخی ستەم؛ کاری یە**
**لەو زوڵم و جەورە، قیسمەتی هەر شین وزاری یە**

خاصە بە خوێنی کوردی شیمالی هەموو زەمین
گوڵزاری خوێنە خونچە سفەت، دڵ هەموو غەمین
هەوری خەفەت لە ئەوجی فەرەجدا موسللەتە
شادی نەبوو لە هیچ دڵێ دا نەبێ بە شین
مەحشەر میسالە دەشتی شیمال کەربەلا سفەت
غەمناکە لەم موسیبەتە سکانی حەوتەمین
ئەکسەری ئەوانە سەییدن و هاشمی نەسەب
میراتی جەدییانە شەهادەت کە پێی گەیین
فەرمانی قەتلی عامی «کەماڵ» بێ کەماڵی یە
مەقسودی مەحوی دینە لە ئیعدامی ئەهلی دین
**وا حەسرەتا چرای ئومێدم کوژایەوە**
**قەپڵی مەحرەمی لە شیمالی برایەوە**




کڵیشەی ڕووبەرگی نامیلکەکانی ژمارە ١، ٢ و ٣ی کۆمەڵەی (ژ. ک)

«چەنگیز» «کەماڵ» ئەهلی کەماڵ شاهیدی دەدا
کوانێ زەمان و عەسری «مەغول» زوڵمی وا کرا
هەر بەو گوناهە دوژمنی دین مەحوی کردەوە
لەو جێ و مەکانی کوردە کە بینی خودا کرا
نەصی حەدیسە تەرکی ... ئێستە مەحکەمە
بەو زوڵمە خوێشی باطنیان بەرمەلا کرا
دڵ بەحری خوێنە سۆفی مەپرسە چ فایدە
تێعدادی ناکرێ کە بڵێم چەند خەتا کرا
هاوارە قەومی کورد وەرن ڕۆژی غیرەتە
نیسبەت بە ئێمە زوڵم و تەعەددی چها کرا
**غوسەم ئەوەندە زۆرە دڵم هێندە پڕ غەمە**
**سەحبانی ناطقم لە غەما لاڵ و ئەبکەمە**

* * *

**تێبینی گزینگ:**

١) سەردێری پارچە هۆنراوەکە لەلایەن «گزینگ»ەوە داندراوە.
٢) عینوان و نووسراوە ڕاگوێزراوەکانی نامیلکەکان بە ڕێنووسی خۆیان نووسراونەوە. بەڵام پارچە هۆنراوەکە هاتووەتە سەر ڕێنووسی ئەوڕۆیی.
٣) وەک دەبیندرێ، چەند شوێنی پارچە هۆنراوەکە لەنگی و لۆڕیی تێدا بەدیدەکرێ و، هەروەها وشەیەکیش (...) لە دەقی ماکەکەدا نەهاتووە، لەبەر پاراستنی ئەمانەتداریی دەستیان تێوەرنەدرا.
٤) لە شێعرەکەدا، وشەی (تا ڕۆندراوە) لە بری (تار ندراوە)ی دەقی ماکەکە داندراوە.
٥) شێخ ئەحمەدی سریل ئاوایی، شاعیر و نیشتمانپەروەر و مالیکی گوندی سریل ئاوا، لە بنەماڵەی (قازی)یەکانی مەهاباد و کوڕی شێخ جەلال و مامی نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگ «محەمەدی قازی بووە، کە نازناوی «حیسامی» بۆ بنەماڵەی خۆی هەڵبژاردووە.

# دوو چیرۆکی منداڵان:

**محەمەد فەریق حەسەن**

## ١) پێشبڕکێ

لە نێو قۆپییەکانی ئەم چیای قەرەداخە، بێچووەپڵنگێک و بێچووە ورچێک یەکدییان دەناسی... هەرچی بێچووە پڵنگەکە بوو تا برسی نەبوایە لە دووی نێچیر نەدەگەڕا. بەڵام ورچەکە تێرخواردنی نەبوو.

ڕۆژێک پڵنگەکە لە سەر تاشەبەردێکی کەناری (چەمی دێوانە) هەڵتووتابوو.. لە پاڵیدا ورچەکەیش ملچەملچ خەریکی ماسی خواردن بوو. بێچووە پڵنگەکە گوتی: «ئەهـ برا.. ڕۆژ تا ئێوارە دەمت دەجوولێ!»

بێچووە ورچەکە بە دەنگێکی گڕەوە وەڵامی دایەوە: «بەڵام من لە گشت بوارەکاندا لە پێش تۆوەم.. لە خواردنیشدا..!»

پڵنگ پرسی: «کام بوارانە؟»

ورچەکە چنگێکی بە زاریدا هێنا و گوتی: «وەک مەلەوانی!»

پڵنگەکە گوتی: «منیش مەلە دەزانم. بەڵام با قسەی تۆ بێ.. چیتر؟»

ورچەکە کەمێ دوور کەوتەوە. بەردێکی پڕ چنگی گەڵگرت و گوتی: «دەتۆیش دەست بدەرە بەردێکی وەها!»

پڵنگەکە پرسی: لە مەبەستت ناگەم؟!»

ورچەکە بە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: بەردەفڕکێ دەکەین. بزانین بەردی کامان زۆر دەڕوات..»

پڵنگەکە لە سەرخۆ گوتی: «لەم بوارەشدا پێشبڕکێت لەگەڵ ناکەم.. چیتر؟»

ورچ سوور بوو لە سەر ملانێ، گوتی: «خۆت ئامادە بکە تف هەڵدەدەین. بزانین هی کامان زۆر دەڕوات؟!». ئاورێکی بە پەلەی دایەوە و گوتی: «ئەو گابەردەی پشتەوەت دیوە؟ ... سەربج بدە.. ئاخ خ خ.. تف ف ف.. بڕوانە چۆنم بە تف سواغدا..!»

پڵنگەکە گوتی: لەمەشیاندا دەستێکی باڵات هەیە.. بەڵام یەع.. کارێکی قێزەونە و هیچ هونەرێکی تێدا نییە.. چیتر؟

ورچەکە بە خۆ هەڵکێشانەوە گوتی: «خۆت سەرپشک بە! من لەگەڵ هەموو گیاندارانی ئەم زنجیرە چیایەدا ئامادەی بۆڕبۆڕێنم.»

پڵنگەکە گوتی: «تۆ نە هێندەی گورگ بە سام و چاوتیژی، نە هێندەی ڕێوی فێڵزانی.. تەنانەت هێندەی سمۆرەیەکیش ناتوانی لەم چڵ بۆ ئەو چڵ بازبدەی.»

ورچەکە تووڕەبوو.. کردی بە بۆڕەبۆڕ.. هەڵسایە سەر پاشوو. لە بەرزاییەوە سەرنجی بێچووە پڵنگەکەی دەدا کە هەر هێندەی پشیلە کێوییەک دەبوو. گوتی: «داوای مەیدانت لێدەکەم!»

پڵنگەکە بۆ ئەوەی بە ترسنۆک بە گیندارانی نەناسێنێ، ناچار بوو وەڵای بداتەوە، گوتی: «سەرنجی چەمی دێوانە بدە،هەر حەوت هەشت مەتر پانە. دەتوانی بازبدەیتە ئەوبەر و قولەپێت تەڕ نەبێ؟»

ورچەکە گوتی:

«لە پێشدا خۆت هەڵچۆ.. ئەگەر منیش بازم نەدا هەقی گلەییت هەیە!»

پڵنگەکە قەدەرێک کشایەوە، ئەمجا وەک با هات. لە خێراییدا لاقەکانی نەدەبینران. پاشووەکانی لە تاوێری کەناری چەمەکە گیر کرد و خۆی هەڵدا. وێنەی باڵدارێک بە سەر دێوانەدا وژەی کرد و لەوبەر کەوتەوە سەر زەوی..

ورچەکەیش پاشەوپاش گەڕایەوە، ئەمجا هات.. بەرسینگی دەلەرییەوە.. سەرپشتی دەلەرییەوە. بە تەپەتەپ هەر هات.. لە سەر هەمان تاوێرەوە ئوزاقی خۆی دا. چوارپەلی بە ئاسمانەوە دەجوولانەوە. لە ئاستی ناوەڕاستی چەمەکە، لەو بەرزاییەوە کەوتە ئاوەکەوە. شلپەیەکی وەهای لێهەڵسا چی ئاژەڵ و باڵداری ئەو نزیکە هەبوون ڕەوینەوە و هەڵفڕین. ئاو بالای بییە چەمیلەیەک حەوا کەوت. دوای ماوەیەک ورچەکە لە قووڵایی ئاوەکەوە سەری دەرهێنا. بە هەناسەبڕکێ و بۆڵەبۆڵ پەڕییەوە و خۆی ڕاوەشاند. بە هەر چوارلادا کەوتە ئاوپرژێن. پڵنگەکەش لەوەدابوو لە هۆش خۆی بچێ هێندە پێبکەنێ.. بۆقەکان هاتنەوە و پێکەنین. قرژاڵەکان هاتنەوە و پێکەنین. ماسییەکانیش هەر پێکەنین.

ورچەکە بە تووڕەییەوە گوتی: «ئەمەیان حیساب نەبوو، مەرجی پاڵەوان سێ جارە!». پڵنگەکە هەڵیدایە: «کونە هەنگێک دەزانم، ئەگە توانیت بیگەیتێ چی هەنگوینی تێدا بوو بۆ خۆت!»

ورچەکە زۆری حەز لە هەنگوین بوو، گوتی: «تۆ ئەمەیان بڵێ.. ئەوەتا زارم ئاو دەکات، لە کوێ یە؟»

پڵنگەکە گوتی: «ها ها ها.. ئەو بنجە بایەفەت دیوە بەو قەدپاڵەوە. دەسا کونە هەنگەکە ڕێک لە ژێریایەتی!»

ورچەکە بە بێ لێکدانەوە بۆی کشا.. چنگە تیژەکانی لە چیاکە گیر کرد. چیا وەک دیوارێک ڕێک و لووس هەڵچووبوو. پلیکانە و شوێن پێی نەبوو.. ورچەکە کەمێک سەردەکەوت و دەخزا. بە چنگەگرێ خۆی دەگرتەوە. تەواو ماندوو بوو ئەمجا گەیشتە بنجە بایەفەکە. لەو دەمەدا، شارە زەردەواڵەیەک کە ڕێک لە ژێر بنجەبایەفەکەدابوو ورووژا.. زەردەواڵە بە یەکدا هاتن. بە گیز و هوڕ لە سەروسەکوتی ورچەکە ئالان. لێکدا لێکدا چزەیان لێ هەڵدەستاند. ورچەکە ئازارێکی زۆری پێگەیشت. خۆی پێ ڕانەگیرا. لەنگەری تێکچوو. چنگی لە چیاکە بەربوو. بە پشتا هات. وێنەی گلۆڵەبەنێکی یەکجار گەورە لەو چیایە بەربۆوە و دەنگی دڵی هات. ئەمجا سەرەوخوار خلبۆوە. بە سەر دەوەن و بە سەر دڕک و بە سەربەرددا هەر تلۆر دەبۆوە. هەتا لە تەختایی بناردا کفت گیرسایەوە.

پڵنگەکە بە پەلە گەیشتە سەری. لەو دەمەدا کە بە دەم زەردەخەنەوە لەشی لە دڕک و وردەزیخ بۆ پاکدەکردەوە، پێیگوت: «مەرجی پاڵەوان سێ جارە، جارێکت ماوە!»

ورچەکە چنگە گەورەکانی بە سەروچاوە ئاوساوەکەیەوە گرتبوو. بە دەم هاوار و ناڵەوە وەڵامی دایەوە:

«تەواو.. ئیدی نە خۆم هەڵدەکێشم و نە گرەویش دەکەم!»

کۆپنهاگن ١٩٩٩/٢/٢٨

## ٢) ئەستێرە

بە پەلە هاتەوە ژوورەوە. پەشۆکان بە سیما منداڵانە سورهەڵگەڕاوەکەیەوە دیار بوو. هێشتا پێڵاوەکانی دانەکەندبوو، جانتای قوتابخانەکەی کردەوە. بە دایکی گوت: «ئەها دایە، بڕوانە توخواکەی.. ئەم ئەستێرە جوانەم دۆزییەوە!»
دیتی ئەستێرەیەکی پێنج سووچی سوورە. هێندەی کولێرە بە تەندوورێک دەبێ، دەبریسکێتەوە.
ـ ئەی بۆ نەتبرد بۆ ژووری مامۆستایان ئالان؟
ـ ئاخر لە ڕێی گەڕانەوە دۆزیمەوە، لە سەر پیادەڕەوەکە کەوتبوو.
ـ جا بە هی کێی دەزانی؟
ئالان بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی:
ـ پێدەچێ شەو ساماڵ بووبێ و لەو بەرزییەی ئاسمانەوە بەربووبێتەوە. ئێستا لە دووی دەگەڕێن.. هی ئاسمانە، وەی!
ـ کێ لە دووی دەگەڕێ؟!
دایکی ئالان بە سەرسوڕمانەوە دەیپرسی. ئالانیش بە پەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەرەوە گوتی:
ـ دایکوباوکی.. هاوڕێکانی لە دووی دەگەڕێن.. زۆر گوناهە!!
ـ باشە ئالان بە ڕای تۆ چی لێبکەین باشە؟
ـ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان!
دایکی گوتی:
ـ منیش لەگەڵ ئەوەدام.. دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان. ئەستێرە بە بەرزییەوە جوانە!.. بەڵام چۆن بیگەیێنینەوە ئاسمان؟ با بیری لێبکەینەوە.
ئالان کەمێک ڕاما، پاشان کەوتە بازدان و چەپڵەلێدان..
ئەمجا ئەستێرەکەی چەند جارێک ماچ کرد. بە پەرۆشەوە بە دایکی گوت:
ـ دۆزیمەوە.. خۆت بگۆڕە دایە!
ـ بۆ کوێ ئالان گیان؟!
ـ بۆ فڕۆکەخانە.. لەوێ دەیدەینە دەست فڕۆکەوانێک تاکوو هەر ئەمشەو بیباتەوە بۆ تاقی ئاسمان!

١٩٩٩/٣/٢٠


کورتە چیرۆکێکی تەنز:

# ئەو بەورەی ئینسانەکانی دەناسی

**جیمز توربێر** (James Thurber)

وەرگێڕانی: **م. ساوا**

ڕۆژێک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەورێک لە باغی وەحش هەڵات و گەڕایەوە جەنگەڵ. بەورەکە لە کاتی دیلێتیدا زۆر لە عادەت و ئاکار و ڕەفتاری ئینسانەکان ورد ببووەوە، بۆیە بڕیاری دا کە شێوەی ئەوان لە ژیانی جەنگەڵدا ڕەچاو بکا. لە ڕۆژی گەڕانەوەیدا، پڵنگێکی بینی و پێیگوت:
ـ هیچ دەلیلێک نییە کە من و تۆ، تێشووی خۆمان بۆخۆمان ڕاو بکەین. ئێمە دەبێ گیانلەبەرانی دیکە ناچار بکەین کە ئەو کارەمان بۆ بکەن. پڵنگ پرسی:
ـ چۆن؟
بەور وەڵامی داوە:
ـ زۆر ئاسانە. بە هەمووان ڕادەگەیێنین کە ئێمە بڕیارمان داوە پێکەوە بەشەڕ بێین و نەبەردێکی سەیر وەڕێبخەین و هەمووکەسیش دەتوانێ ئەو شەڕەی تەماشا بکا، بە مەرجێک کەرگەدەنێکی تازەکوژراومان بۆ بێنێ. ئەو کاتە دەست دەکەین بە شەڕێکی دۆستانە، بێ ئەوەی ئازارێک بە یەکتر بگەیێنین.
تۆ دەڵێی کە لە کاتی دووهەمین بەرنگاربووندا، قاچێکتان شکاوە و منیش بە نۆبەی خۆم دەڵێم کە لە بەرەنگاربوونی یەکەمدا قاچێکم شکاوە. پاشان جاڕ دەدەین کە شەڕێکی تۆڵەکردنەوەمان دەبێ و دیسانیش کەرگەدەنی دیکەمان بۆ دێنن.
پڵنگ گوتی:
ـ ئەمن پێموانییە ئەو کارە سەربگرێ.
بەور گوتی:
ـ نیگەران مەبە، بڕۆن و بڵێن کە ئیتمینانت هەیە خۆتان سەردەکەون چونکە من لەش گەندەڵێکی زلحۆلم. هەموو کەس پێی خۆش دەبێ شەڕێکی وا چاو لێبکا.
ئینجا پڵنگ وەڕێکەوت و بە هەمووانی گوت کە بە سەرکەوتنی خۆی ئیمانی هەیە چونکە بەور لەش گەندەڵێکی زلحۆلە. لە حاڵێکدا بەوریش وەڕێکەوتبوو و بە هەرکەسێک کە توانای بیستنی بوایەدەیگوت کە مومکین نییە ئەو ببەزێ، چونکە پڵنگ لە لەش گەندەڵێکی زلحۆڵ بەولاوە شتێکی تر نییە.
شەوی بەرەنگاربوون دەستی پێکرد و بەور و پڵنگ کە هیچ ڕاوێکیان نەکردبوو، زۆریان برسی بوو. بەبێ سەبری چاوەڕوان بوون کە شەڕ تەواو بێ و بتوانن گۆشتێکی تازە نۆشی گیان بکەن کە دیارە گیانلەبەران بۆیان دێنن. بەڵام لە کاتی دیاریکراودا هیچ حەیوانێک بۆ تەماشای شەڕ حازر نەبوو.
ڕێوییەک بە وانی گوتبوو گوێتان لێبێ بزانن نەزەری من لەو بارەدا چییە؟
کاتێک کە بەور لە سەرکەوتنی خۆی ئەرخەیان بێ و پڵنگیش پێیوایە کە تێناشکێ، ئاکامی شەڕ هیچە و هیچ شتێکیش لە شەڕی بێ نەتیجە ناخۆشتر نییە. بەتایبەت هەردوو لا لەش گەندەڵێکی زلحۆڵ بن.
هەموو جانەوەرەکان ئەو قسەیان قەبوڵ کرد و لە مەیدانی شەڕ چاویان پۆشی. کاتێک وەختی بەرنگاربوون گەیشتێ و ڕوون بووەوە کە هیچ حەیوانێک نایا و خەبەرێک لە گۆشتی تازەی کەرگەدەن نییە، بەور و پڵنگ کە لە داخان وەخت بوو شتێت بن، بەرەنگاری یەکتر بوون. یەکتریان دڕندانە بریندار کرد و چونکە لە برسانیش لاواز ببوون، دوو کەرگەدەن کە بەوێدا تێدەپەڕین هەڵمەتیان بۆ بردن و هەردووکیان بە هاسانی کوشتن.
**نەتیجەی ئەخلاقی ـ** لاسایی ئینسانەکان مەکەنەوە دەنا پەشیمان دەبنەوە. ■



## یادی دەساڵەی شەهیدبوونی سیاسەتمەداری کورد
## د. قاسملوو

□ لە ڕۆژی ٩٩/٧/١٧ سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ، ئەندامان و لایەنگرانی حدکا و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردەکانی نیشەجێی سوێد، لە سالۆنی Åsö gymnasietی شاری ستۆکهۆڵم کۆبوونەوە هەتا یادی ١٠ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور **عەبدوڕەحمانی قاسملوو**، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوالآنی بە دەست کۆماری ئیسلامی ڕێز بگرن. شایانی بیرهێنانەوەیە کە دوکتور قاسملوو لە ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لەگەڵ عەبدوڵلا قادری ئازەر(ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوە) و دوکتور فازیل مەلا مەحموود، لە شاری ڤیەن (ئوتریش) شەهید کران.

ئاهەنگەکە دوای سروودی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگیی بە پەیامی کۆمیتەی سوێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک «**سەعید بەیگزادە**» دەستی پێکرد و بە نیشاندانی فیلمێک دەربارەی ژیان و تێکۆشانی د. قاسملوو سەعات ٧ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

قسەکەری سەرەکیی بەرنامە بەڕێز «**عەبدوڵلای حەسەنزادە**» سکرتێری گشتیی حدکا بوو. سەرەتای قسەکانی ئەو، باسی کەسایەتیی نێونەتەوەیی د. قاسملوو و ڕۆڵی بێوێنەی وی لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئەندامانی حیزبدا بوو. لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هۆی ملدانی د. قاسملوو بۆ وتووێژی نهێنی دەگەڵ حکوومەت کرد و گوتی کە هەلومەرجی ئەودەمی بزووتنەوەی کورد باڵی خەم و ناهومێدی خستبوە سەر شەخسی د. قاسملوو. چونکە هەم لە تورکیا وەزعێکی دژوار بۆ کورد خوڵقابوو، هەم لە عێراق ڕێژیمی بەعس شەڕی ئێرانی بردبۆوە و شۆڕشی کورد تووشی شکان هاتبوو. بۆیە د. قاسملوو بە نابەدڵی هەوڵیدا لانیکەم لە ڕێگای وتووێژەوە، بکرێ لە ئێران وەزعێکی هێمن پێک بێ بۆ پشوودان و خۆگرتنەوەی بزووتنەوەی کوردی.

ناوەڕۆکی باقی قسەکانی سکرتێری حیزب دووپاتکردنەوەی درۆشمی هەمیشەیی حیزب بوو، لەمەڕ خودموختاری کە گونجاو و ماقوڵترین داخوازیی سیاسی یە، بە لەبەرچاوگرتنی واقعیەتی دابەشبوونی کوردستان و وجوودی سەدان هەودا و عەلاقەی ئاشکار و نهێنی خاریجی لە ناوچەدا؛ هەروەها تەلفیقی هەڵوێستی دوولایەنەی دژبەیەکی <u>کوردایەتی</u> و <u>ئێرانیبوون</u> واتە ئەوان وەک حیزبی دێموکرات موعتەقید بەوەن کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک وڵاتە و هەقی کوردە کە دەوڵەتی خۆی هەبێ و، ئەوە ئارەزوویەکی بە هەقە و ئەوان ئەوەی بە ئێرانییەکان دەڵێن. لە لایەکی دیکەشەوە پێمان خۆش یان ناخۆش بێ کوردستان دابەشکراوە و چارەنووسمان تازە دەگەڵ خەڵکی تری ئێران لێک بەستراوەتەوە. کەواتە ئێمە ئێرانین و ئەوەی بە برا کوردەکان (مەبەست حیزبەکانی تری کوردی یە) دەڵێین. هەر بۆیەشە سیاسەتی ئێمە تەلفیقی ئەو دوو شتەیە کە زۆریش دژوارە.

بۆ نیشاندانی دروستی ئەو سیاسەتە ئیشارەی بە ڕووداوی ئەم دواییانەی تورکیا و پ.ک.ک ... کرد. لەم بارەوە وێڕای وەبیرهێنانەوەی سێ جار بەیانییەی حیزب: ١) کاتی چوونی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا، ٢) وەدەستدانەوەی نامەردانەی ئەو بە دەوڵەتی تورکیا و ٣) دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ وی، ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵوێستی حیزب و پشتگیری کوردی ئێران لەوان خراپ تەعبیر نەکرێ. ئەوە هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێ تەواوی حازرانی ئێرە هەموو ئەندامی حیزبی دێموکراتن، نا. «ئێمە دوژمنی جۆراوجۆرمان هەیە»... هەروەها لە قسەکانیدا داوای لە تورکیا کرد کە لەو هەڵە تاریخییە واتە حوکمی ئیعدامی بەڕێز ئۆجەلان پاشگەزبێتەوە...

سەبارەت بە ڕووداوی خوێندکارانی تاران ئیشارەی بەوەکرد کە بە بڕوای حدکا هیچیەک لە باڵەکانی ناوەوەی حکوومەت ناتوانن پێشڕەویی خەباتی خەڵک بکەن بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازانە و بۆ ئەوەش ئاماژەی بە فەرمانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، لەلایەن شەخسی «خاتەمی»یەوە کرد...

لەمەڕ کوردستانی باشوورەوە گوتی: ئێمە سیاسەتی هەمیشەییمان ئەوە بووە کە بێلایەن بمێنینەوە لە کێشەی ئەم دوو حیزبە واتە یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان و پێمان خۆشە و هەوڵدەدەین ئاشتی و تەبایی هەبێ لە کوردستان...

لە ئاخیری قسەکانیدا ئەم دەنگۆیەی وەدرۆ خستەوە کە گوایە حدکا و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەوە خەریکی وتووێژن. هەروەها گوتی ئەگەرچی ڕێگای وتووێژ هیچکات نابەستین، بەڵام قەت حازر نین بە نهێنی وتووێژ بکەین، چ لە تاران یان لە کوردستان. بەڵکوو ئەگەر ئێران دەیهەوێ وتووێژ بکا با لە سەر رادیۆکەی بڵێ و خەڵکی کورد و ئێران ئاگادار بن. وتووێژ دەبێ بە چاوەدێری لایەنی نێونەتەوەیی بێ... (نەقڵ بە مەعنی).

لە ڕێوڕەسمەکەدا، ئەو پەیامانەی خوارەوە خوێندرانەوە:

- پەیامی یەکێتی لاوانی کوردستان و کۆمیتەی ژنانی حیزبی دێموکرات
- پەیامی حیزبی شیوعی
- بیردوەریی «مەهدی زانا» شارەداری پێشووی دیاربەکر و زیندانیی سیاسی تورکیا، لە سەر د. قاسملوو کاتێک سەردانی مەهاباد و بۆکان و سەقزی کردبوو لە سەردەمی شۆڕشدا.
- پەیامی نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە لە پەیامەکەدا بانگەوازی لەو حیزب و کەسانە کرد کە تاهێشتا لە دەرەوەی کۆنگرەن و داوای کرد بە زووترین کات بچنە ناو کۆنگرەوە...
- پەیامی کانوونی زیندانییانی سیاسیی ئێران
- پەیامی کۆمەڵە
- پەیامی حیزبی کاری سەربەخۆیی کوردستان(لقی سوێد)
- پەیامی حیزبی ڕزگاریا کوردستان، کە لە پەیامەکەدا دیفاع و پشتیوانیی سەرلەنوێ لە بەڕێز ئۆجەلان جەخت کرایەوە...
- پەیامی کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد
- پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لقی سوێد
- پەیامی چەند حیزبی کوردیی سووریا و چەند کەسایەتی سەربەخۆ.
- پەیامی «تریبۆناڵی بەینولمیلەلی» کە بە فارسی خوێندرایەوە و تێیدا داوای پێکهاتنی دادگایەکی نێونەتەوەیی کرابوو، بۆ مەحاکەمەی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران.

لەم ئاهەنگەدا هونەرمەندی ڕێزدار **شوان پەروەر** بە چەندان سروود و گۆرانی خۆشیی شۆڕشگێڕی (ئەمجارەیان تێکەڵاو بە تەم و هەوایەکی خەمگینانە) بەرنامەکەی ڕازاندەوە و چەند ڕێنوێنیشی حەواڵەی گەنج و لاوانی کورد کرد کە بخوێنن و بەتایبەت تەئەسوفی خوارد کە خوێندکاری کورد لە دانیشگاکان زۆر کەمن. هەروەها هونەرمەند **قادری ئەلیاسی** یش لە وەسفی د. قاسملوو دا گۆرانییەکی پێشکێش کرد.

**دۆستێکی گزینگ: ٩٩/٧/٢٢**

[redacted] *

## کوردستان و «د. قاسملوو» لە توێی بیرەوەرییەکانی «بزورگ عەلەوی»دا

«**عەلەوی**: چوار حەوتوو لە تاران و ئابادان و گەڕان لە شار و ئاشنایی لەگەڵ دۆستان بۆ من دڵگیر بوو. ئەو دەورانە تازەی کە ٢٧ ساڵ ئارەزووی زیارەتیم هەبوو، پێیگەیشتم. بەڵام گەڕان لە دەوروبەری دانیشگا، گوڕ و هەیەجانی خوێندکاران و هەستێک کە ئەوان لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان بەکاریان دەبرد، شەوقێک کە بۆ ناساندن و دەربڕینی فکر و کارەکانیان نیشانیان دەدا، بەڕادەیەک عەنتیکە بوو کە من وامدادەنا لە دۆزەخی سەرەڕۆیی و جەهەننەمی خینکێنەری ئیستیبداد ڕووم کردووەتە بەهەشتی دیمۆکراسی...

... چەند ڕۆژ دوای هاتن بۆ ئێران لە سەفەری دووهەمدا وێڕای ئاشنایی لەگەڵ دۆستان و ئاشنایان و لەگەڵبووان و لەدژبووان، بۆم دەرکەوت کە وەزع لەوە خراپترە کە من دامدەنا. جیاوازیی بیروڕا لە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکان چ لە سەرەوەی حکوومەت و چ لە دەوروبەری تاڕادەیەک دوور لە یەکترن کە ئینسانێکی دەروونساغی وەک «غولامعەلی فەریوەر» دەبێ چاویان لێ بپۆشێ و ئاوا بیری خۆی دەربڕێ، هەرچی بێ لە پێشوو باشترە، پارەی ئێران ناڕواتە دەرەوە، ئێران لە ناو ناچێ، توودەییەکان باش دەکەن لایەنگریی «خومەینی»ین. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش بیانییە دەردەکا کە بۆ سپاردنی مەملەکەت بە شۆڕای شۆڕش، موافیقە و دەوڵەتی «مەهدی بازرگان» بە سازشکار و بۆرژوا لیبراڵ دادەنێ کە دەیەویست شۆڕش لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیدا تەنگەبەر بکا.

ڕووداوێکی خوێناوی لە کوردستان دەستپێدەکرێ کە دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕۆشنبیران. «تاڵەقانی[ئایەتوڵلا]» ئەزەردەدا کە ڕێگەی هێمنانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان هەبووە. لە بەرانبەردا «خومەینی» فەرمان دەدا و من تەقریبەن عەینی ڕستەکەی ئەوتان بۆ دەڵێم: ئەگەر بە تۆپ و تانک و هێزی تەیار تا ٢٤ سەعاتی تر بەرەو پاوە حەرەکەت نەکرێ، ئەمن هەمووان بە بەرپەرس دەزانم. ئەمن «ڕوحوڵلا خومەینی» وەک فەرماندەی گشتیی هێز بە سەرۆکی ستادی ئەرتەش فەرمان دەدەم کە دەستبەجێ بە کەرەسەی تەواوەوە بڕۆنە مەنتەقە. ئەگەر بێتوو لەو فەرمانە سەرپێچی بکەن، لەگەڵیان بە شێوەی شۆڕشگێڕانە ڕەفتار دەکرێ. هیچ، گوتیان و منیش بیستم و لە ڕۆژنامەکانیشدا هاتووە کە «خەڵخالی» لە کوردستان کوشتاری وەڕێخستووە. بە هەر تەرتیب وایان بە ئەزەر گەیشتووە کە بە نەرمی و هێمنایەتی، کار ناچێتەپێش. هەتا ٣٠ گەلاوێژی ١٣٥٨[١٩٧٩] و تا ئەو جێیەی من زانیومە، بیست ڕۆژنامە لە تاران و چل ڕۆژنامە لە ئێران ڕاگیرکراون. چەند بڵاوکەرەوەش لە چاپ و دابەشینی کتێب بێبەری بوون. تاوان و سووچی ئەوان ئەوەیە کە کتێبی دژی ئیسلام بڵاودەکەنەوە.

سەروکەللەی «شەریعەتمەداری»یش بەرز بووەتەوە، ئەو پیاوە یەکێک لە ڕوحانیگەلی ناوداری ئازەربایجانە و ئەو خوازەری وتووێژ لەگەڵ کوردانە و تەنانەت لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.

بەمجۆرەی کە دەبینن ئەوانە جیاوازییەکانی سەرەوەی حکوومەتن. فروهەر[داریوش] هەوڵدەدا وەزیرەکانی دیکە قانع بکا کە لەگەڵ ئەنجومەنی مەهاباد وتووێژ بکرێ هەرچەند لە ژێر تەئسیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش دابێ. کار بە جێیەک گەیشتووە کە «بازرگان»یش هەڕەشە دەکا کە دەست هەڵگرێ، دەڵێن کە من ئینقلابی نیم و ئینقلابیش ڕەفتار ناکەم. ئەگەر ئاوا [ناڕوون] دەبوو بەپێچەوانەی تەواوی قانوونگەلی ئیسلامی ڕەفتار بکەم، «خومەینی» بۆخۆی بێ و هەیئەتی وەزیران پێکبێنێ. «خومەینی» گوێی بەو قسانە نابزوێ. «خومەینی» لە سەر رادیۆ گوتوویە، خەڵک کوشتەیان داوە نە بۆ ئابوور بەڵکە بۆ ئیسلام...

... لەو چوار حەوتووەی مانەوەم لە تاران، ڕوداوێکی تر کە قەوما، وتووێژی «ئیرەجی ئەسکەندەری» لەگەڵ مەجەللەی تهران مصور بوو....

... دوایە بۆخۆی بە ڕاشکاوی بە منی گوت کە ک،گ. ب دەیەویست کەسێکی وەک «کیانوری» ببێ و «ئیرەج» بە دەرد ناخوا.... من سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکانی کوردستان لە ئیرەجم پرسیار کرد کە کار بە کوێ دەگا. ئیرەج گوتی، من لەگەڵ «قاسملوو» [عەبدوڕەحمان] لە تاران قسەم کرد. ئەو گوتی کە «قاسملوو» لەگەڵ ستادی ئەرتەش وتووێژی کردووە و ئەوان پێیان داگرتووە کە کوردان چەکی خۆیان تەحویل بدەنەوە. «قاسملوو» ئامادەیە کە کەرەسەی چەکیی ئەرتەش وەک تۆپ و تانک تەحویل بداتەوە. بەڵام کوردان چەکی خۆیان بە هیچکەس نادەنەوە. ئەو پێیوابوو کە مەسەلەی کوردستان شیاوی چارەسەرکردنە بە مەرجێک هیچکەس نەیشێوێنێ. «کیا» حازر بە هاوکاری نییە. ئەو دەیەوێ «قاسملوو» لە مەیدان بەدەرکا و پاشان لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات وتووێژ بکا. وەک ئەوەکە، من «قاسملوو» بڵێم کە «کیانوری» لابەرن و دوایە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی توودە موزاکەرە بکا. «کیا» پیاو دەنێرێتە کورستان تا لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا گێرەشێوێنی بکا. «قاسملوو» نەخشەی وی خوێندووەتەوە. «ئیرەج» دەیگوت، «قاسملوو» مەیدانی ناداتێ. «قاسملوو» عەقیدەی وابوو کە حیزبی توودە کارێکی لە دەست نایە. بەرهەڵستکارانی ڕێژیم و ئاخوندەکانیش لەگەڵ حیزبی توودە دژن. حیزب تەنیا دووهەزار ئەندامی لە تاران هەیە. ئەوە ئێستە دروستە یا نادروست، ئەمن لە قەولی «ئیرەج» ئەوە دەڵێم کە ئەو ئەزەری «قاسملوو»ی دەربڕیوە کە هەر دووهەزار ئەفەری هەیە، چۆن مومکینە «تەبەری» ٤٧ هەزار دەنگ بێنێتەوە. «ئەسکەندەری» بەدبینە، هیچ بە دوور نییە کە وەزعی ئێستا بە کودەتایەکی ئەمریکایی یان شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ بێ. «قاسملوو» گوتوویە کە لە «خومەینی» ویستووە بە پێی نوتقێک خودموختاری کوردستان تەئیید بکا. بەڵام ئەو ئەچووە ژێر بار. هەمووی دەیگوت، «تاڵەقانی» گوتوویە، ئەمن ئیدی چ بڵێم. لەویم ویست کە بڵێ قسەکانی «تاڵەقانی» قەبوڵ دەکا. وەڵامی داوە، چ دەزانم «تاڵەقانی» چی گوتووە و درێژەیدا، ئێستە ماندووم، ئیتر بڕۆن. ئەوانەیان لە شوێنی دیکەش دیتووە کە هەر وەخت ئەیویستبا وتووێژ بکا، دەیگوت ئیدی ماندووبووم، هەستن بڕۆن...». *

**وەرگێڕانی: ئەرژەنگ**

* عینوانەکە لە لایەن وەرگێڕەوە داندراوە.

**سەرچاوە:** *خاطرات بزرگ علوی*، بکوشش **حمید احمدی**، چاپ اول تابستان ١٩٩٧، نشر باران ـ سوئد.

# ئاوڕێک وە سەر
## «کوردایەتی و حیزبایەتی، دوو شتی لێک جیا»

س. گ. ماکوان

**دۆستی** ئازیز و هەڤاڵی سەردەمی حیزبایەتیم، بەڕێز کاک «**هەیاس**» وتارێکی لە ژێر ناوی «کوردایەتی و حیزبایەتی، دووشتی لێک جیا؟!» لە گزینگی ژمارە ٢٣دا بڵاوکردۆتەوە و بە شێوەیەک گەرەکیەتی بە خوێنەرانی وتارەکەی بسەلمێنێ کە گۆیا کوردایەتی و حیزبایەتی لە مانادا دووشتی جیا نەکراوەن و ئەندام نەبوون دە نێو حیزبێکدا لە مانەی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندان بە مانای سەر لێشێواوی و دوورە پەرێزی لە خەباتی بە کردەوە دایە. ئەگەر کوردێک بیهەوێ خزمەتێک بە نەتەوەکەی بکا، ئەوە ئیدی هیچ چارەیەکی دیکەی لەبەر نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە بچێتە ڕیزی یەکێک لەو حیزبانەوە. لە ڕاستیدا ئەمە قسەیەکی تازە نییە و لەمێژە حیزبە کوردستانییەکان بە شکڵ و شێوەی دیکە دەیهێننە سەر زمان. لەمێژە ژمارەیەک لە حیزبە کوردستانییەکان مۆرکی بەزیوی و هەڵاتوویی بە نێوچاوانی ئەو کەسانەوە دەچەسپێنن کە بە هۆی جۆراوجۆرەوە ڕیزەکانی ئەو حیزبانە بە جێدێڵن. ئەگەرچی ئەم وتارە لەلایەن ئەندامی حیزبێکی کوردستانییەوە نووسراوە و وتاری ڕەسمیی حیزبی نووسەر نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوی پاک بە سەر دەستی ژمارەیەک لە، [illegible] کردنە کە لە بنچینەدا هەر بۆخۆیانن بەرپرسی لاوازی و بازاڕکەسادی حیزبایەتی نەک تێکۆشەرانی کوردیی دەرەوەی حیزب حیزبێن.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەمجۆرە باس و خواسانە ڕاست لەلایەن ئەو حیزبانەوە و زیاتر لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دێنەگۆڕێ کە بە جۆرێک حیزبەکانی ئەو بەشانەی کوردستان بۆخۆیان لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی و ڕێکخستن بەرەوڕوون و لەباتی بەهێزبوون و ڕوو لەگەشەکردن، زیاتر لە سەر بیری کۆن و پاشکەوتوویێن و لەباتی بەرەوپێشبردنی خەبات بۆ قۆناخی نوێ و گونجاو، زۆرتر لە هەوڵی پاراستنی خۆیان دان.

لە باکووری کوردستان ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر دانیشتووانی کوردی دەرەوەی وڵات کە هەموو کەس لێی ئاگادارە دیاردەیەکی بەو ناوونیشانە نابیندرێ و بەجۆرێک کوردایەتی و حیزبایەتی لێک گرێدراوە کە حیزبێکی وەک P.K.K سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و ئاستەنگانەوە کە دەخرێتە سەر ڕێی و تەنانەت لە هێندێک وڵاتی ئوروپاییشدا حیزبێکی قەدەغەکراوە، دەتوانێ خۆپیشاندانی دووسەدهەزار کەسی وەڕێبخا و خەرجی ژیان وبژیوی حیزبەکەشی هەر بەو خەڵکە دابین بکا. کەوابوو دەکرێ بگوترێ دیاردەی کوردایەتی نەک حیزبایەتی بەرهەمی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم باسە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی «**کوردستان**»ئۆرگانی ناوەندی حدکا هاتە گۆڕێ و پاشان لە دەرەوەی کوردستان چەند وتارێکی بەدژ لە ڕۆژنامەکاندا لە سەر نووسرا و ئێستاش دەبینین هەر بەردەوامە و بڕانەوەی بۆ نییە. ئێستا کە مەودای نێوان برێک جۆری حیزبایەتی و کوردایەتی لەیەک دوورکەوتۆتەوە، سروشتی یە کە کەسانی نێو گۆڕەپانی حیزبایەتی بە نووسینی ئەو جۆرە وتارانە دژکردەوە نیشان بدەن، بەڵام نابێ لە باسکردنی هۆ بنەڕەتییەکان خۆ ببوێرن کە زۆرتری دەگەڕێتەوە بۆ خودی حیزبەکان.

بەڕێز هەیاس لە وتارەکەیدا خەتایەکە بە زۆری دەخاتە ئەستۆی کەسانی دەرەوەی حیزبەکان و لەوەش بەولاوەتر درۆشمی پیرۆزی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی لەلایەن تێکۆشەرانی کوردی دەرەوەی وڵات بە بڕوبیانوو و خۆلەکاردزینەوە و حیزبایەتی نەکردن دەزانێ. ئەگەرچی نووسەری وتار لە هێندێک شوێندا بەشێوەیەکی ڕواڵەتی و سەرپێیی ڕەخنە لە حیزبەکان دەگرێ، بەڵام دیسان جۆرێک بەرگری نامەیە لە حیزبایەتی و، لە ڕاستیدا بەرگریکردنە لەو هەموو دەرد و مەینەتەی کە ژمارەیەک لە حیزبەکان بە سەر خەڵکی کوردستانیان هێناوە و دەیهێنن.

پێش ئەوەی بچمە سەر ناوئاخنی وتارەکەی بەڕێز هەیاس، وەبەرچاوخستنی چەند تێبینی بە پێویست دەزانم:

ـ کوردایەتیکردن بەو مانایەیە کە هەر کوردێک بە شێوەی تاکەکەس یان لە نێو کۆڕوکۆمەڵێکی کوردیدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خەڵکی کامە بەشی کوردستانە بۆ یەکیەتی و هاوخەباتی لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا لە دەرەوەی وڵات هەوڵبدا و خاکی کوردستان لە چوارچێوەی سروشتیی جوغرافی خۆیدا ببینێ و ئەم ڕاستیەش بۆ دونیای دەروە شیبکاتەوە. کێشەی کورد وەک کێشەی گەلێکی چل میلیۆنی و کوردستان وەک وڵاتێکی کۆلۆنیکراو بە دونیا بناسێنێ.

ـ کوردایەتی ئەگەر تەنیا بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبەکاندا بەکارببرێ و لە غەیری ئەوەدا ئەو کەسانە دڵسۆزانە و لێبڕاوانە لە کار وتێکۆشانی کۆڕوکۆمەڵە کوردییەکاندا بەشداری نەکەن و لە ماڵە خۆیان دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن کە با نەیبا، ئەوە نەتەنیا کوردایەتی پێ ناگوترێ بەڵکوو زەرەریشی بۆ کوردایەتی هەیە و پێویستە ڕیزی ئەو کەسانە لە کوردانی تێکۆشەر جوێ بکرێتەوە.

ـ حیزبایەتی کە ئەورۆ لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا تووشی قەیران بووە، بەو مانایە نییە کە حیزبایەتی و سیستمی حیزبی ڕەد دەکرێتەوە، بەڵکوو هەر کوردێکی وڵاتپارێز بە دڵەوە خوازیاری هاتنە کایەی حیزبی نوێ بە بیری نوێ و پێشکەوتوویە، یان چاوەڕێی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و گونجاوە لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەمی کوردستان لەم حیزبانەی ئێستایە.

کەوایە هەر وەک چۆن کوردایەتی بە هەر نرخێک باش نییە، بە هەمان شێوەش مامەڵە لە گەڵ حیزبایەتی دەکرێ و ناکرێ کوێرکوێرانە هەموو حیزبێک وەک یەک هەڵسەنگیندرێ.

نووسەری وتار لە دەسپێکەوە دەنووسێ: «بەرزکردنەوەی درۆشمی

**هەزاران ڕۆڵەی کورد کە لەبەر زوڵم و چەوسانەوەی داگیرکەرانی فارس و تورک و عەرەب دەستیان بۆ چەک بردووە و ڕاپەڕیون، تەنیا لەبەر ئەوە نەبووە شێت و شەیدای ڕێبازی حیزبێکی سیاسی بن . بەڵکوو لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیان هەستاونە سەر پێ و شەڕیان لەگەڵ داگیرکەران کردووە**

کوردایەتی لە بەرانبەر حیزبایەتیدا هەولێکی خوازیار، یان نەخوازراوە کە بێگومان زەبرێکی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دەدا». دەکرا نووسەر بۆمانی ڕوونکردباوە کامە زەبر بە هۆی ئاڵاهەڵگرانی دروشمی کوردایەتییەوە وە بزوتنەوەی کورد کەوتووە؟ ئایا لە جیدا نووسەر باوەڕی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد (وەک بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی لە دژی کۆلۆنیالیزم) هەیە؟ یان تەنیا دەیهەوێ بە قەولی خۆی کوردەکانی ئێران بە مافە فەرهەنگییەکانیان بگەن؟! ئایا بە ئێرانی زانینی کوردەکان و بەشدارینەکردنی حیزبەکەی نووسەر لەو هەولانەی کە بۆ یەکیەتی نەتەوەیی کورد دەدرێن و یەک لەوان کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە لەم ڕۆژانەدا (٢٤ی مانگی مای ١٩٩٩) لە هولەند بەسترا زەبر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەدا؟ یان کوردە تێکۆشەرەکانی دەرەوەی حیزبایەتی کە بە قەرا بەشێکی زۆر لە حیزبەکان لەو کۆنگرەیەدا چالاکانە بەشدارییان کرد؟ ئایا کوردایەتی زەبری لە بزووتنەوەی کورد داوە یان ئێرانچییەتی و عێراقچییەتی؟


لە درێژەی باسەکەدا، نووسەر دەڵێ: «خەبات و نەتەوەفرۆشی هێز ولایەنێک بە هیچ جۆر نابێ بکرێتە پێوانەی تاوانبارکردنی حیزبایەتی و بێگومان هەولێکی ئەوتۆ دوور لە دادپەروەری یە. دەستە و تاقمی تاوانبار لە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستاندا پێویستە بە ناوونیشان هەڵدرێن و لە قاو بدرێن، نەک تەڕوویشک بەیەکەوە بسووتێن». ئەمە ڕاستییەکە و لە شوێنێکی دیکەی وتارەکە دووپاتکراوەتەوە، بەڵام وەک نووسەر بۆخۆی ئاماژەی پێکردووە بۆ ئەوەی تەڕوویشک بەیەکەوە نەسووتێندرێن، ئەدی بۆ نووسەر لە ناوهێنانی ئەو حیزب و لایەنانەی نەتەوە فرۆشی دەکەن خۆی بواردووە؟ ئایا ئەمەش بۆ خۆی ڕوویەکی دیکەی خراپی ئەم حیزبانە نییە کە لە سەر قازانجی کاتیی خۆیان ڕاستییەکان بەو جۆرەی هەیە بە خەڵک ناڵێن؟

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا لە باسی دیپلۆماسی حیزبە کوردستانییەکاندا هاتووە: «ئەو دیپلۆماسییە شان بە شانی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل توانیویەتی مەسەلەی کورد چەند هەنگاو بەرێتەپێشتر و لە حاڵەتی گەمارۆدراوی موتڵەق ڕزگاری بکا» لە ،شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «هەر بە هەولی حیزبە سیاسییەکانیشە کە ئێستا مەسەلەی کورد، سنوورەکانی تێپەڕاندووە و خەریکە لە سیاسەتی جیهانیداحیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە». ئەمە ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە کە ئەو ناساندنەی کێشەی کورد بە دونیای دەرەوە بە نرخێکی یەکجار زۆر لە سەر گەلی کورد وەستاوە و کەم کەسیش هەیە لێی ئاگادار نەبێ، بەڵێ ئەو ناساندنە بە قیمەتی کارەساتی ژینۆسید و قڕکردنی نەتەوەیی هاتووەتە بەرهەم، نەک لە ڕێی هەوڵ و تێکۆشانی حیزبە دڵپەسندەکانی نووسەری وتار. کێ هەیە نەزانێ هەتا بەر لە بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە و کوژرانی زیاتر لە (٥٠٠٠) کەس و پاشان ڕەنگدانەوەی ئەم کارەساتە لە ژێر تیشکی شەڕی کەنداو کامە کۆڕوکۆمەڵ باسی گەلی کوردیان دەکرد؟ ئایا ئێستاش حیزبە سیاسییەکان لە بازنەی گەمەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خال ناخۆن؟ بە بێ ئیزن و ئەمری وان چ شتێک دەکەن؟ ئایا دوژمنانی کورد، مەیدانیان بە حیزبەکان بەرتەسک کردۆتەوە یان ئەوان بە ئەمان؟

نووسەری وتار لە لایەکەوە بەرەوپێشچوونی لایەنەکانی ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە ژێر ڕووناکایی پرۆگرامی باشی حیزبەکاندا دەبینێ و لەلایەکی دیکەشەوە، ڕاست بەپێچەوانە هەر بە دوای ئەم قسانەدا دەڵێ: «من بە هیچ جۆر لەوباوەڕەدا نیم کە حیزبە سیاسییەکانی بێ عەیب وکەم وکوڕین و بەپێچەوانە گەورەترین هەڵە لەلایەن ئەوانەوە ڕوویداوە، و هەر لە ئاکامی ئەو هەڵانەشدا خەڵکی کوردستان زەبری جوبرانەکراویشیان وێکەوتووە». بەدوای ڕیزکردنی ئەم ڕستە دژ بە یەکانە، لەگەڵ ئەوەدا "هەم لە ناڵ و هەم لە بزماردانە"، درکاندنی هێندێک ڕاستیشە. ڕاست لە بەرەبەری سەدەی ٢١ دا و پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکەم حیزبی سیاسی کوردیدا، بەداخەوە ئێستاش حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لانیکەمی داخوازەکانی گەلی کورد وەدیبێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو هەموو هەڵانەی کە نووسەر بۆخۆشی ئاماژەی پێکردووە. بەڵام ئایا باشتر نەبوو نووسەر، بۆ سەر لێنەشێواندنی زیاتری خوێنەرانی وتارەکە یەکدوو لەو هەڵانەی دەستنیشان کردبا؟ ئایا ئەمەش بە جۆرێک بە بەرگریکردن لە حیزبە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستای کوردستان نایەتە نرخاندن؟

نووسەر لە درێژەی باسەکەیدا چەند پرسیارێک بەم شێوەیە دێنێتەگۆڕێ: «کوردایەتی چ دەکا کە حیزبایەتی ناتوانێ ئەنجامی بدا؟... «حیزبایەتی بۆ لە کوردایەتی جیادەکرێتەوە و جیاوازییەکانیان چییە؟». با پێش هەموو شتێک بپرسین ئەدی پاش ئەزموونی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان، حیزبایەتی چی بۆ گەلی کورد کردووە؟! ئەوە نییە حیزب بە شێوەی عەشیرەیی و بیری سەردەمی فیوّدالیی جیاواز لە بنەماکانی حیزبی بەڕێوەدەبرێ. ئەوە نییە مێشک و کولتووری داگیرکەر، بە سەر حیزبیدا زاڵە و کەسایەتی ڕاستەقینەی کورد وەک بیری یەک گەل و یەک نیشتمان لە بەرنامەکانی حیزبیدا دەنگی نەداوەتەوە. ئەوە نییە حیزب، کورد بە کورد بە کوشت دەدا و سات و سەودا دەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا بۆتە بەرنامەی ڕۆژانەیان.

نووسەر بۆ کوتانی دروشمی سەربەخۆیی و بەرگری لە سیاسەتی بە ئامانج




رانانی کتێب:

# وەک ڕەشەبا یەک

**بەختیار حوسێن**

«وەک ڕەشە بایەک» (SOM EN SVART VIND)، ناوی ڕۆمانێکە کــە لەلایەن بەڕێز «**حەمە دۆستان**»ەوە بە زمــانی ســوێدی نووســراوە.
ڕۆمانەکە باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە لە نێوان سالآنی ٦٠-١٩٧٥ بە سـەر شـاری هەڵەبجەدا هاتووە. هەرچەند ڕۆمـانەکـە باسی هەڵەبجـە و ژمارەیەک لە کەسە ناسراوەکانی شار وەکوو بەختـیاری سەرتاش، بارام بەگ، عـومـەری خـاوەر و... هتـد دەکـات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جـۆرە ڕووداوانە بە سەر هەموو شار وگوندێکی کوردستاندا هاتووە، بێگومان هەرکـوردێک ئەو ڕووداوانە بخـوێنێـتـەوە خـۆی وکـەسـوکـاری لەواندا دەبینێتەوە.

ڕۆمـانەکە لە کـۆڵانەکـانی هەڵەبجەوە دەست پێدەکات. ژیانی منداڵانی گـەڕەک، یاریی هەڵماتێن، شـەڕەگـەڕەک و توتک بەخـێـوکـردن و...هتـد تێـیـدا بەرجـەسـتـە دەبێـتـەوە. پاشـان دێتـە سـەر ژنانی گـەڕەک، قـسـە و قسەلۆک و تەشەرلێدانی ڕێبواران و کۆبوونەوەی بەردەرگاکان و ئەوەی کە کێ دەوڵەمـەند وکێ هەژارە و کێ ژنی هێناوە و کێ جیـابۆتەوە دەخـرێتـە ڕوو.

دوای ئەمـە، دەسـتـپـێکردنی خەباتی چەکداری و کوشتن و گـرتن و بڕین، پەلاماری لەشکری عێراق و دروستبوونی پێشـمـەرگە و شـەهـید بوون و ڕاکـردنی خـەڵک، بیروڕای جیاوازی خـەڵکی ناو شـار لەمەڕ شـەڕەوە بە دوورودرێژی باسدەکرێ و پاشان دێتە سەر باسی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێژیمی عـێــراق و ناکـامـەکـانی کـودەتای بەعـسـیـیـەکـان (١٩٦٣) و شەڕهەڵگیرسانەوەو بیر وڕای جیاوز لە ناو خەڵکەوە...

ڕۆمـانەکـە زۆر لایەنی ئەو کـاتەمـان بۆ دەگـێـڕێتـەوە، وەکـوو: چۆنیـەتی دروسـتـبـوونی شـەڕی براکوژی و یارمـەتی وەرگرتن لە وڵاتانی داگـیـرکـەر، گەیشـتنی حیزبەکان لە چوارچێوەی بە قـەولی خۆی ئەو وڵاتانەی کـوردی تێدا دەژین، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە نموونە دێنێـتـەوە کە گۆیا دەستیان لە سەربەخۆیی هەڵگرتووە و بە لانیکەمی مافەکانیان قایل بوون. سـەبارەت بە سـەربەخـۆیی و دامـەزراندنی دەوڵەتی کـوردی زۆر گــوتراوە و نووســراوە، بەڵام من تەنیــا ئەوە دەڵێم دیارە چوارچێــوە و قەبارەی ئەم حیزبانە و هەروەها مەیدانی بیرکردنەوەیان لەوەی کە ئەمڕۆ هەن، ناتوانن بەولاوە بڕۆن و هەر ئەوەی کە هەبوون ئێستاش هەن. بەڵام ئەگەر هاتبان و لەباتی دروشمی سۆسیالیزم و سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک و شـــتی لەم بابەتە، وەک ئامـــانجی دوارۆژ دروشـــمی دامـــەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان لە بەرنامەکەیان گونجاندبا، بەر لەوەی سۆسـیـالـیـزمـیـان دامـەزراندبا، چ دەبوو ؟! پێـویسـتـە وەبیـری نووسـەر بخرێتەوە کە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بێجگە لە پاراگرافی (لە نێو بردنی ئیسرائیل) ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی وای بە سەر بەرنامەکـانیدا نەهێناوە و دامەزراندنی دەوڵەتی فـەلەسـتینیش لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ و سبەینێی ئەو ڕێکخراوە دایە.

نووسەر لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەیدا دەنووسێ: «گومانی تێدا نییە، بەشی زۆری کـوردەکـانی دەرەوە لە نێـو خـۆدا [کـوردسـتـان] نەک هەر سـەربەخـۆییـخـواز نەبوون، بگرە تێکۆشـەری ڕێگای ئازادی لە شکڵی دیکەدا بون و هەتا ئەگـەیشـتـوونەتە دەرەوە قـەت دەریان نەبڕیوە کـە باوەڕیان گـۆڕاوە...». گـۆڕینی بیـر و باوەڕی سـیـاسی بە هی باشـتـر و پێـشکەوتووتر لە لای هەر مـرۆڤـێک شـتـێکی ئاسـای یە و جـێگای لۆمـەکـردن نیـیـە. بێـجگە لەمـەش، لەگـەڵ ڕێزم بۆ تەواوی ئەندامـانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات، خۆ چ لە هەمـوو هەرزانترە هەر حیـزبایەتی کردنە. مەگەر ئەوە نییە حیزبایەتیکردن بریتی یە لە یەکدوو کۆبوونەوە لە سـاڵدا و دانی هەقی ئەندامـەتی کـە لە مـانگدا دەکـاتە قـاوە و چاخـواردنەوەیەک. ئەدی حـیـزبایەتیکردن چ ئەرک و زەحـمـەتێکی وا قورسی لە سەرشانە کە خەڵک بە ئانقەست خۆی لێ ببوێرن؟

لە کۆتاییدا هاتووە: «کاتێک هەزاران ڕۆڵەی گەل بە ئامانجی ئازادی لە شکڵ و شێوەی غەیری سەربەخۆییدا گیـان فیـدادەکەن و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە تاوێک ناحەسێنەوە، چ دەبێ داواکارانی سەربەخۆییش خۆیان دە مـەترسی باوێن و ڕزگـاری لە زاری هەژدیهـادا دەربێنن؟». شـەهـیـدانی سوورخەڵاتی کوردسـتـان تاجی سـەری هەمـوو کـوردێکی ئازادیخـوازن و نیـشـانەی ئازایەتی مـیللەتێکی خـۆڕاگـرن، نەک تەنیـا حـیـزبێـک و لایەنێک.

هەزاران ڕۆڵەی کورد کە لەبەر زوڵم و چەوسانەوەی داگیرکەرانی فارس و تورک و عـەرەب دەسـتـیـان بۆ چەک بردووە و ڕاپەڕیون، تەنیـا لەبەر ئەوە نەبووە شێت و شەیدای ڕێبازی حیزبێکی سیاسی بن. بەڵکوو لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشـتمـانەکەیان هەستاونە سەر پێ و شەڕیان لەگەڵ داگیرکەران کردووە. ئایا ئەگەر حیزبێکی دیکە، بە بیروباوەڕێکی دیکەی جیاواز لە مانەی کە ئەمڕۆ هەن خەباتی بکردایە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد نەدەچوونە نێو ڕیزەکانی؟

جگە لەمــەش، هەر ئەو کــەســانەی کــە ئەمــڕۆ بە لایەنگری لە سـەربەخـۆییـخـوازی کـەوتوونەتە بەر نیـتـکە و ناتۆرەی ژمـارەیەک لە حیزبەکان، ئایا هەمان هاوسەنگەرانی دۆینێی ئەو شەهیدانە نەبوون کە ئێستا بە بەزیو و لەشەڕهەڵاتوو تاوانبار دەکرێن؟ ■

سەرلێشێوانی دانیشتووان و ونبوونی هەستی نەتەوەیی لە نێو چەکداراندا و لاگۆڕین بۆ وەرگرتنی پارە و کورسی و تۆڵەسەندنەوەوە.

سەرەڕای شەڕ و ئاژاوە و براکوژی و هێرشی لەشکری عێراق، ژیانی دانیشتووان هەر بەردەوامە. منداڵان هەر یاری خۆیان دەکەن. ژنان لە سەر کۆڵانەکاندا دەوستن و قسە وقسەڵۆکەکانیان گەرمتر دەبێ و، لاوانی گەڕەک هەروا خەریکی چاوبازی و دڵداریی و نامە گۆڕینەوەی خۆیانن.

بەڵام کە شەڕ ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبێ، خەڵکیش زیاتر بێزار دەبن. لایەنێکی چەکدار، چریکی ئێرانی دەهێنێ و لایەنێکی دیکە پێش لەشکری عێراق دەکەوێت و هەر دوو لاش ئامادەن دێهات وشارەکانی ژێردەسەڵاتی ئەولا بە سەر دانیشتوواندا کاول بکەن.

لەم گەرمەی شەڕەدا، ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەبەسترێت وخۆشی و شادی ئاهێک دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی و زۆربەی ئەو کەسانەی شاریان بەجێهێشتووە دەگەڕێنەوە ناوشار. چەکداران بە لووتبەرزییەوە جادەکانی ناوشار دەپێون و خۆیان دەردەخەن و بە مافی خۆیان دەزانن کە بە ئارەزوو چییان بوێت بیکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی خەڵک شادمانن بەڵام ماوەی ئاشتی زوو تەواو دەبێت و مقۆمقۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەستپێدەکاتەوە. لێپرسراوانی چەکدار دادەمێنن و نازانن چۆن بارەکە ڕوون بکەنەوە. لەلایەکەوە شوێنی گەرم و نەرمی خۆیان گرتووە و نایانەوێ جارێکی دیکە ڕابکەنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت لەو فیز و خۆ هەڵکێشانەی خۆیان نەکەون و خۆیان بە نیشتمانپەروەر و خاوەن هەق و ئامادەی خۆ بەختکردن لە ڕێگەی میللەتدا نیشان بدەن. خەڵکی ناوشار لە جاران زیاتر نارەحەتتر و دوودڵترن. بیروڕاکان بە ئاشکرا دژی یەکترن. زۆرکەس دەیەوێ ناوچەکە بەجێبێڵێ و بەشداریی شەڕ نەکات و ماڵوێران نەبێ، بەڵام چاریان نییە. زۆربەیان خاوەن شەهیدن و زۆربەیان کەسوکاری پێشمەرگەیان هەیە.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، ژمارەیەکی زۆرتر ماڵیان وێران بوو و پەنایان برد بۆ ئێران. لێپرسراوی چەکداران باری ئابووری و کۆمەڵاتەتییان زۆرزۆر باش بوو، بووبوونە خاوەن پارە و ماڵ. پێشمەرگەش وەکوو کوللە شەهید دەکرا و سەرکردەکانیش شانازیان بە ژمارەی شەهیدانەوە دەکرد و پارەیان پێ وەردەگرت.

شەڕەکە ئەوەندەی تر گەرم بوو، دەوڵەتی عێراق هەڵەبجەی بۆمباران کرد، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دانیشتووان بەرکەوتن و زۆریش شاریان بە جێهێشت. پاش ماوەیەک دانیشتووان گەڕانەوە شار وژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی هەڵەبجە بوون بە پێشمەرگە و شەهید بوون و، دڵتەنگی و نارەحەتی بۆ کەسوکاریان دەمایەوە. سەرەڕای ئەمە، دەوڵەتی عێراقیش ئەو کەسەی کە شکی لێی بوایە دەینارده بەندیخانەکانی موسڵ و لە سێدارە دەدرا. ئەو کەسانەش کە لە شەڕ ڕایان دەکردە شارەکانی عێراق، ئازار دەدران و هەڕەشەیان لێدەکرا. کورد هەمووی وەک دوژمن سەیر دەکرا لە عێراقدا. بەمجۆرە لە ڕۆمانەکەدا، ڕووداوەکان بەردەوام دەبن تا کاتی ئاشبەتاڵ... دوای ئاشبەتاڵ، خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ ئەو هەموو ماڵوێرانی و ئازاردان و ناهەقییەی کە لێیان کرابوو، هەم لەلایەن عێراق و هەم لەلایەن چەکدارە کوردەکانەوە، سەرسام بووبوون و نەیاندەزانی شتەکە چۆن ڕووی داوە و چۆن لەشکرێکی پەنجا هەزار کەسی واز لە شۆڕش دەهێنێ و سەرکردە و لێپرسراوەکان هەر یەکە و بۆخۆی پارە و ماڵی شۆڕش دەفڕێنێ و بەرەو ئێران تێی دەقووچێنێ...

ڕۆمانەکەی کاک حەمە دۆستان کە خۆی خەڵکی هەڵەبجەیە و لە کاتی ڕووداوەکاندا لەوێ بووە، بە زمانێکی ئاسان و خۆش نووسراوە. خوێنەر بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک ڕووداوە باسکراوەکانی دێتەوە بەرچاو. نووسەر ژیانی منداڵان و ژنانی کوردی ناو کۆڵانەکانی بە شێوەیەک گێڕاوەتەوە کە خوێنەر وادەزانێ خۆی بەڕاستی لە پەنجەرەیەکەوە سەیری سەرسووچی کۆڵانەکان دەکات و گوێ لە قسەکانیان ڕادەگرێت. نازانم نووسەر کێی بە پاڵەوانی ڕۆمانەکە داناوە؟ لای من پاڵەوانی ڕۆمانەکە شارەکەیە. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کە دەبوایە پاڵەوانی ڕۆمانەکە بوونایە و لەناونەچوونایە، بە داخەوە نامێنن. هەرچەند شارەکە زۆر ئازاری پێدەگات و کاول و تاڵان دەکرێت کەچی هەر سەرهەڵدەداتەوە.

دوو سەرنجی بچووکیش هەیە دەربارەی سەرجەمی ڕۆمانەکە: یەکەمیان، نووسەر تەنها لایەنێکی خەڵکی شار دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی شار دژی شەڕن و هۆی هەڵگیرسانی شەڕەکەش کورد خۆیەتی. دوای شەڕی ١٥ ساڵەی کوردکە ئاکامەکەی ئاشبەتاڵ بوو، مرۆڤ ئێستا دەزانێت کە خەبات بۆ ڕزگاری کورد نەبووە بەڵکوو بازرگانی بووە بە سەر خوێنی لاوانی کورد و بۆ سوودی سەرکردە و لێپرسراوانی چەکداران بووە... دیارە لەوکاتەشدا چینێک هەبووە کە نیشتمانپەروەر بوون و زانیویانە کە کوردیش مرۆڤە و دەبێت مافی خۆی هەبێت. ئەو مافەش بە خۆڕایی و لەلایەن داگیرکەرانەوە نابەخشرێ بە کورد. کاک حەمە دۆستان بە هیچ جۆرێک پەنجە بۆ ئەو چینە نیشتمانپەروەرە ڕاناکێشێت. ئەوەی کە بە لای منەوە جێی ڕەخنەیە ئەوەیە کە لە ڕۆمانەکەدا کەسانی ساختەچی و بێ بیروبڕوا نوێنەرایەتی ئەو چینە دڵسۆزە دەکەن. خوێنەرێکی سوێدی کە زۆر دەربارەی کوردستان شارەزا نییە، وا تێدەگات کە بیری نەتەوایەتی و چینی دڵسۆزی کورد و داوای مافی میللی و مافی مرۆڤایەتی بێ بنچینەیە و، تەنها قسەی پووچی ژمارەیەک چەکداری بازرگانن کە خەڵکی کورد بێزیان لێدەکاتەوە. واتە مرۆڤە تێگەیشتووەکان کە خۆیان بەخت دەکرد لە ڕێگەی گەل و نیشتماندا، دەنگیان نابیسترێ.

سەرنجی دووهەم دەربارەی بێدەنگیی خەڵکی عێراقە. هەرچەند ڕۆمانەکە لە سەر کوردە، بەڵام کاتێک کە لەشکری عێراقی پەلاماری کوردستان دەدات و شار ودێ کاول دەکات و خەڵکی بێتاوان دەکوژێ و هەروەها ژمارەیەکی زۆریش سەربازی عێراقی دەکوژرێن، دەبوایە دەنگێکی نارەزایەتیش لە عێراقییەکانەوە بهاتبایە کە ئەم شەڕەیان ناوێت و بە نارەوای دادەنێن. تەنها دەنگێک کە دەبیسترێ ئەو کوردانەن کە لە ترسی شەڕ بۆ بەغدا ڕایان کردووە و لەوێ عێراقییەکان عەزیەتیان دەدەن و بە پشتگیریی چەکدارانی کوردیان دادەنێن.

ڕاستە، کاک حەمە دۆستان ڕۆمانەکەی بە زمانی سوێدی نووسیوە و لە سوێدیشی بڵاوکردووەتەوە، کە سوێدییش پێ لە سەر بێ مانایی شەڕ و گرینگیی ئاشتی دادەگرێ، بەڵام ئەوە هەموو ڕاستییەکان نییە و خەبات لە ڕێی میللەتدا هیچکاتێک و لە ناو هیچ میللەتێکدا نارەوا نەبووە و خەبات لە ڕێی مافی نەتەوایەتیدا مانای دژ بە ئاشتی نییە. ئاشکراشە هەوڵدان بۆ مافی ڕەوای میللەتێک خوێنی تیادەڕژێ و ماڵی تێدا وێران دەکرێت.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کاک حەمە دۆستان دەخوازم و چاوەڕوانی بەرهەمەکانی دیکەی دەکەم. حەزیش دەکەم ئەوەش بڵێم کتێبەکە لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتیشەوە زۆر بە نرخە و ئەوەی بیخوێنێتەوە تام وچێژێکی تایبەتی لێ دەبینێ و لە خوێندنەوەی پەشیمان نابێت. ■

## ناساندنی دوو کتێب:

☐ **دەستە بوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان**

☐ **«لێکۆڵینەوەی وشە خوازراوەکانی ئورووپایی و فارسی و عەرەبی لە ستانداردی سۆرانیدا»**

**هێرش**




- **نێوی کتێب: دەستە بوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان**
- **کۆکەرەوە: جەعفەری حوسێنپوور (هێدی)**
- **چاپ: کتێبی هەرزان، چاپی یەکەم ١٩٩٩ سوێد**
- **قەوارە: ٢٦٨ لاپەڕە**
- **شوێنی داواکردن: جگە لە کتێبفرۆشی هەرزان، لە ڕێگەی گزینگ یشەوە داوا دەکرێ.**

☐ **«دەستە بوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان»**، هەروەک لە نێوەکەیڕا دەردەکەوێ کۆمەڵێک زاراوەی باوی ناوچەی موکریانە کە لەلایەن کاک **جەعفەری حوسێنپوور (هێدی)** کۆکراوەتەوە و لە بەرگێکی جوان و ڕازاوەدا لە چاپ دراوە. کۆکەرەوە یان نووسەر، دوای ئەوەیکە بە پێشەکییەکی جوان، هۆ و چۆنیەتی کارەکەی خۆی ڕووندەکاتەوە ، تەواوی زاراوە کۆکراوەکان بە پێی پیتەکانی ئەلفوبێ ڕێکدەخا و لە کۆتاییشدا بۆ هاسانکردنەوەی کاری خوێنەروان یان بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ کاری لێکۆڵینەوە بکەن، لیستەیەک لە نێوە گرینگەکانی دەکارهاتوو لەنێو زاراوەکان لە ژێرعینوانی (کۆدی زاراوەوەکان)، دەخاتە ڕوو، کە ئەوە لە گەڵ ئەوەدا شێوەیەکی تازەیە، کارێکی زۆرباش و بە نرخیشە.

هەرچەند لێرەدا لایەنی ناساندن و بەسەرکردنەوەی کتێبەکە مەبەستە، نەک لایەنی ڕانان و ڕەخنە و شێکردنەوەی زاراوەکان. بەڵام دەکرێ لە سەر ڕۆشنایی بیر و بۆچوونی خودی کۆکەرەوە یان نووسەر سەبارەت بە (پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و ئیدیۆم) ڕوونکردنەوەیەک بخرێتە ڕوو. نووسەر دوای ئەوەیکە بەشبەحاڵی خۆی سەبارەت بەو سێ بابەتە، کاری «د. عێزەددین مستەفا ڕەسوول» لە پێشەکی کتێبی (شاری سلێمانی ـ بەرگی دووەم)، بە کەمتەرخەمی دەزانێ، دەنووسێ:

«پەندی پێشینیان (proverb, Sprichwort) وەک لە نێوەکەیڕا دیارە پەندێکی تێدایە بەڵام زاراوە (Idiom, Redewendung)، شێوەیەک قسەی نەستەقی بە توێکڵە و مانایەکی تێدا شاردراوەتەوە، نەک پەندێک. ...» (ل ١١)

ئەوەی ڕاستی بێ، لە کوردەواری خۆماندا، پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، مەسەل و مەتەڵ و مەتەڵۆکە و وردە گۆرانی منداڵان و... هەموویان دەتوانن لە شێوەی دەستەواژە، واژەرۆک یان زارویژ، بخرێنە نێو خانەی ئیدیۆمی زمانی یەوە. دیارە هەموو زمانە زیندووە پێ ئاخێوەکانی جیهانی، ئیدیۆمی تایبەت بە خۆیان هەیە. جا ئەگەر، زاراوە (ئیدیۆم) دەربڕینی حاڵەتێکی تایبەتی زمانی بێ، سەبارەت بە بیر و خەیاڵ و ئاکار و ڕەفتاری کۆمەڵەخەڵکێکی هاوزمان و تێکەڵاو لە مەڵبەندێکی هاوبەشی جوغرافیاییدا؛ هەڵاواردن و لێک جیاکردنەوەی ئەو چەند بابەتەی سەرەوە، بەڕاستی کارێکی نەتەنیا هاسان نییە بگرە زۆریش زەحمەتە. بە دەستەوەدانی نموونەیەک لە چۆنیەتی پێکهاتنی زاراوە (لە شاری مەهاباد)، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە زاراوە دیاردەیەکی زیندووی زمانی یە کە لە کات و زەمانی پێویستدا، سەرهەڵدەدا و گۆڕانی بەسەردادێ و لەوانەشە دوای ماوەیەک ببێتە قسەی سەر تاقچە و تەنانەت لە بیریش بچێتەوە.

لە ساڵەکانی ١٣٤٥ (١٩٦٦) بەولاوە لە شاری مەهاباد، دیاردەی فێربونی ماشێن ئاژواندن و بەتایبەت تاکسی کە دیاردەیەکی شارستانی یە دێتە ئاراوە. کابرایەکی فێرکەری ماشێن ئاژواندن، لە هەورازێک بەو کەسەی ماشێنەکە دەئاژوێ ، بە تووڕەییەوە دەڵێ: **«کاکە بیدە بە دووی»** (واتە دەندە/گێڕەکەی دە ٢ ی باوێ). دیارە چەند کەس و لەوانە کابرایەکی جەفەنگبازیش گوێیان لێ دەبێ. لەو کاتەوە ئەو (زاراوە)یە لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەوروبەر و تەنانەت ئەولاتریش دەبێتە باو و، ئەگەرکەسێک نەتوانێ خۆش بڕوا یان لە ڕۆیشتندا داهێزاو بێ، پێی دەڵێن: «بیدە بە دووی» (واتە: خێرا بڕۆ). بەمجۆرە دەبینین کە زاراوەکە، ئەسڵی مانا هەقیقی و ڕواڵەتییەکەی خۆی لە دەست دەدا و مانا ئیستیعارە/ مەجازییەکەی دەبێتە باو، کە جگە لەوەی وەک ئیدیۆم دەربڕی ڕووداوێکە، قسەی نەستەقیشە. کەوابوو بۆمان دەردەکەوێ سنوور کێشانی ورد لە نێو ئەو چەند بابەتەی کە بەڕێز کاک هێدی باسی لێوە دەکا، هێندەش هاسان نییە. نووسەر لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی هەوڵێکی زۆری داوە کە ئەو چەند بابەتە لە کتێبەکەیدا تێکەڵ نەکا، بەڵام هەر بە گوێرەی ئەو تاریفەی خۆی کردوویەتی، جێ جێ لێی تێکەڵ دەبێ، هەڵبەت زۆر کەم.

ئالی: ل ١٨، ئاوالکراس: ل ٢٠، ئەستۆ شکان: ل٢٥، ئەنگوتک گرتن: ل ٢٧، ئێسک گران: ل ٣٠، باقر بوون: ل ٣٣، باشار کردن: ل ٣٣، بناوان: ل٣٦ و هێندێکی تر... ئەوانە تەنیا ناو یان کار (فێعل)ن و بە پێی بۆچوونی نووسەری کتێنەکە، ناتوانن ئیدیۆم بن. بۆ نموونە: **نەبان** (مانگایەک کە شیری نادا بە بێچووەکەی و لێی نەبان دەبێ) لە ڕستەی: ئەو مانگایە نەبانە، تەنیا وشەیەکی ئاسایی یە لە ڕستەیەکی ئاساییدا؛ بەڵام ئەگەر گوتمان: **دەڵێی مانگای نەبانە** (بۆ ژنێک یان کەسێک کە لەگەڵ منداڵەکەی خراپ بجووڵێتەوە و وەخۆی نەگرێ)، ئەوە دەبێتە زاروێژێکی ئیدیۆمیی. هەروەها چەند نموونەی وەک: «ئەم لام تات و ئەو لام تات، وەی بابە جیقم دەرهات»: ل ٢٨، مەتەڵۆکەیە و زاراوە نییە؛ یان «بەحر بە زاری سەی پیس نابێ»: ل٤٢، مەسەلە و ناکرێ بە زاراوە لە قەڵەم بدرێ.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێم، ئەو قسانە، بە هیچ عینوان لە نرخ و بایەخی کتێبەکە کەم ناکەنەوە. بۆیە هیوادارم بە زوویی چاوم بە بەرهەم و کاری دیکەی نووسەر ڕوون بێتەوە و هاکا کتێبخانەی کوردیشی پێ برازێتەوە. ■




A Study of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani
Jafar Hasapoor
Uppsala University 1999
Reports on Asian and African Studies(RAAS)1. 176 pp. Uppsala. ISBN 91-506-1353-7

Doctoral dissertation for the Degree of Doctor of Philosophy in Iranian languages presented at Uppsala University 1999

Jafar Hasapoor, Department of Asian and African Languages, Uppsala university, Box 327, S-75120 Uppsala-Sweden

❑ ئەو کتێبە، کە بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە و تەرجەمە کوردییەکەی دەبێتە **«لێکۆڵینەوەی وشە خوازراوەکانی ئوڕووپایی و فارسی و عەرەبی لە ستانداردی سۆرانیدا»**، تێزی دوکتورای کاک **«جەعفەری حەسەنپوور»**ە، کە بۆ دەرەجەی دوکتوری لە بەشی (فەلسەفە لە زمانە ئێرانییەکاندا)، لە ساڵی ١٩٩٩ پێشکێشی دانیشگای ئوپسالا (سوێد)کراوە. کتێبەکە، سەرجەم ١٧٦ لاپەڕەیە و لە شەش بەش پێکهاتووە. دیارە هەوڵ و تێکۆشانەکانی کاک جەعفەری حەسەنپوور، جێی ئەوپەڕی ڕێزە و بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کتێبە، پڕ بەدڵ دەستخۆشانەی پێ دەڵێم و بۆ وەرگرتنی دوکتوراکەشی پیرۆزبایی لێدەکەم.

کتێبی ناوبراو هەروەک لە نێوەکەیڕا دەردەکەوێ، لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە تەواوی ئەو وشەگەلەی کە لە زمانەکانی ئوڕووپایی، فارسی(ئێرانی)، عەرەبی و تورکی خوازراونەتەوە و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی پەرەگرتنی زمانی کوردی (ستانداری سۆرانی)دا، چ بە شێوەی ئاخافتن و چ بە شێوەی نووسین، لە لایەن ئاخێوەران و شاعیران و نووسەران دەکارهاتوون. دیارە لێکۆڵینەوەکە، تەنیا تایبەت بە وشەگەلی خوازراوە لە زمانەکانی دیکەڕا بۆ نێو زمانی ستانداردی سۆرانی نییە کە نووسەر بە شێوەیەکی زانستییانە بە نێوی «تیۆری وشە خواستنەوە»وە تئۆریزەی کردووە و لێکی داوەتەوە، بەڵکوو لە بەشە سەرەتاییەکانی کتێبەکەدا، سیاسەتی سەرکوتکردنی زمانیی لە لایەن دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر خەڵکی کورددا باس دەکا و دەڵێ لە حاڵێکدا کە زمانی کوردی لە مەڵبەندی جوغرافیایی خۆیدا وەک زمانێکی گەورە لە جیهاندا خاوەنی ٢٥ میلیۆن ئاخێوەرە، تا ئێستاش لە لایەن نەتەوە سەردەستە خاوەن دەوڵەتەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە بە ڕەسمییەت نەناسراوە و بگرە لە هێندێک شوێندا لەگەڵ توانەوەی زمانییش ڕووبەڕو بووە.

کتێبەکە بە تێکڕایی زۆر بابەتی تازەی زانستیی سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەگرتنی زمان، تیۆری وشە خواستنەوە، تیۆری زمانی ستاندارد و هەروەها تێکەڵاوی و کارتێکەریی زمانەکان لە سەر یەکتر دەگرێتەوە و، بێ لەوەش نووسەر جگە لە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو وشەگەلەی کە لەلایەن شاعیران و نووسەرانی کوردستانی گەرمێن و موکریان لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا دەکارهاتوون، لەگەڵ نووسەرانی بەشی دیاسپۆراش پێوەندی دەگرێ و لەوبارەوە بۆ پوختەبوونی بەرهەمەکەی پرس و ڕایان پێدەکات.

بە کورتی کتێبەکە شیاوی ئەوەیە کە خوێنەرەوەی کورد بە زمانی خۆی بیخوێنێتەوە و چێژی لێوەرگرێ. خۆزیا کەسێکی لێزان و شارەزا و دڵسۆز قۆڵی لێ هەڵماڵیبا و ئەو کتێبەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕابا، کە هەم کتێبخانەی کوردی پێ خەنی بووبا و هەم ئاواتی زۆری وەک من بە دیهاتبا. ■

# ئەدەبی گاڵتە

ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە

نووسین و ئامادەکردن: کاوە

■ پیاوێک بەپەلە پڕوزە خۆی لە هۆدەی سەرپەرستی شێتخانەیەک هاویشت و بە هەڕەمە لێی پرسی: «ئەرێ قوربان هیچ کام لە شێتەکانی ئەم شێتخانەیە ڕای نەکردۆتەدەر؟». دوکتوری شێتخانەکە وەڵامی دایەوە: «نەخێر کاکە، شێتەکانی ئێمە هەموویان لە سەر جێی خۆیانن و کەسمان ڕای نەکردۆتە دەر». کابرا دیسان لێی دووپات کردەوە و گوتی: «دە تۆ بی و خودا دوکتور گیان شێتەکانت بەسەر کەوە بزانە تەواون». دوکتور بەتوڕەیی گوتی: «ئای لەم کابرایە! من گوتم نا، نەخێر کەسمان ڕای نەکردۆتەدەر، بەڵام دەکرێ پێم بڵێی بۆچ هێندە پێ دادەگری... چ ڕووی داوە؟!» کابرا ڕووی لە دوکتور کرد و دەستێکی لە ئەژنۆی خۆی کوتا و لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەدی ئەگەر شێتی هیچ شێتخانەیەک ڕایان نەکردۆتەدەر، دەبێ ئەوانە چ میللەتێک بن کە هێستاش دەستم لێ هەڵناگرن و پاشی ئەو گشتە عۆینەی کە من بەسەرم هێناون، باوڕەکەیان نەڕوخاوە و بڕوایان هەر پێمە. خۆ من عومرێکە لە جیاتی گەنم، جۆیان دەدەمێ و هەر جۆم لەجیاتی گەنم پێ فرۆشتوون. من لەدەست ئەوان لەماڵی خۆم ڕامکردووە، کەچی ئەوان دەست هەڵگرتنیان نییە و ڕۆژ نییە بەشوێنم دا نەیەن و...». دوکتوری شێتخانە نەی هێشت قسەکانی تەواو بکا، هات یەخەی گرت و بانگی پۆلیسەکانی کرد و گوتی: «وەرن بیگرن، وەرن ئەم شێتە بگرن و کەلەبچەی بکەن، کەسێک کە لەم ڕۆژگارەدا جۆ لەجیاتی گەنم نەدا بەخەڵکی ئاوا، دەبێ چ شێتێک بێ.»

■ شێتخانەیەک بەسەر چۆمێکدا دەیڕوانی، لەپشتی پەنجەرەی ئاسنی ئەم شێتخانەیە چەند شێت دانیشتبوون و سەیری کابرایەکیان دەکرد کە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێکی درەنگ بەکاتی تاوپەڕانان، شتێک لە ئاوی چەمەکە دەخات و دەری دەکێشێتەوە و دیسان هەر ئەوکارەی دووپات دەکاتەوە. لای بانگی شێوان شێتەکان بانگیان کرد و گوتیان: «ئەرێ کاکە ئەوە لە بەری بەیانییەوە ئاوی ئەم چەمە بۆچی لێک دەدەی؟» کابرا گوتی: «ئاوی چەم لێک نادەم، خەریکی ماسی گرتنم». گوتیان: «هەتا ئێستا چەند ماسیت گرتووە؟» کابرا گوتی: «هەتا ئێستا هیچ». شێتەکان پێکەنین و گوتیان: «دە هەستە وەرە لای خۆمان کاکە، ئەتۆش لەخۆمانی».

■ کابرایەکی دەوڵەمەندی پیر، ژنێکی گەنجی خواستبوو. کابرا لە عەینی حاڵدا کە پیریش بوو، یەکجار زۆر چنۆک و لەچەر و دەم شڕ و بێ حەیاش بوو. ژنەش شووی ناچاری بوو کردبووی و هەر بە هومێدی ڕۆژی سللار بوونەوەی سەبری دەکرد و هیچی نەدەگوت. سەرەنجام کابرا نەخۆش کەوت و هاتە حاڵی غەرغەرە و لینگ لێ ڕاکێشانێ. دوکتور هاتە سەری و بە وردی پێیدا چۆوە و لە ئاخرسەردا گوێی خستە سەر دڵی کە بزانێ ئاخۆ ماوە یان مردووە. پاش تاوێک دوکتور سەری بەرز کردەوە و بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە گوتی: «بەداخەوە مێردەکەت جووت پێی لێ ڕاکێشاوە و چۆتەوە خزمەتی باری تەعالا». کابرای پیر کە هێشتا گیانی تێدا مابوو، لەم قسەیە هاتەوە هۆش و گوتی: «نا، نا، من هێشتا نەمردووم و هەر ماوم». ژنە بۆ یەکەم جار لێی دەرهەڵبوو و هاواری کرد: «بێدەنگ بە خەرفاو، مەگەر دوکتور، دوکتورە، یان ئەتۆی مردەلۆخ؟

■ ئەفسەرێک و نووسەرێک لە مەجلیسێکدا لەبارەی کار و پیشەی خۆیانەوە قسەیان دەکرد و هەریەک لەوان بە کار و باری خۆی هەڵدەگوت و بە پیشەی خۆی دەخوڕی. ژنێکی جوانیش هەر لەو میوانییەدا، لە بەرانبەری هەر دووکیاندا دانیشتبوو. ئەفسەر و نووسەرەکە ڕوویان تێکرد و کردیانە قازی کە حوکم بدا و بڵێ کامە کار و پیشەی پێ باشترە، قەڵەم یان شمشێر؟ ژنە گوتی: «بەباوەڕی من چونکە شمشێر ناتوانێ وەک قەڵەم لە بانکدا ( چەک)ی بانکی ئیمزا بکا، کەوایە بۆ ئەم جۆرەکارانە، قەڵەم لە شمشێر باشترە. بەڵام شمشێریش بۆ ماڵ باشە، چونکە هەرکە پیاوی ماڵێ خەیاڵی خەراوی بەکەللەدا هات، دەکرێ کەللەی پێ داپاچێنی.

■ کابرایەک لە وەسییەت نامەکەی خۆیدا نووسیبووی: «من لە ماڵی دنیا هیچ هیچم نەبووە کە هیچ، بگرە گەلێکیش قەرزدارم. گەردنتان ئازاد ناکەم ئەگەر نیوەی بەسەر هەژار و فەقیران دا دابەش نەکەن و نیوەشی نەدەن بە منداڵە هەتیوەکانم.

■ پاپۆڕێکی یەکجار مەزنی پڕ لەخەڵک، خۆی بە کەندێک دادا و بنەکەی لەبەر یەک هەڵوەشا. هەر لەوکاتەدا تۆفان و گێژەوی ئاویش دەستی پێکرد و لایەکی پاپۆڕەکە لار بۆوە و خەڵک کەوتنە چرپان چرپان. هەرکەس لە فکری ڕزگاری خۆیدا بوو. هەرکەس کەمەربەندێکی تایبەتی مەلەوانی ی لە کەمەر دەبەست و خۆی بەئاودا دەدا. هەر تەنێ پیاوێک بەدوو دەستان خۆی بە قەراخی پاپۆڕەکەوە هەڵواسیبوو و پڕ بە پاپۆڕەکە هاواری دەکرد و دەیگوت: «ژنەتیو ئەوە بۆ نایەی ماڵ وێران، دە زووبە وەرە هەموو کەس ڕزگار بوون و هەر ئێمە ماوین. ژنەش وەک هیچ نەقەومابێ، جوابی دەداوە: «سەبرت بێ پیاوەکە، پشووت لەسەرخۆبێ، ئەوە دێم ... خەریکم کەمەربەندێک هەڵبژێرم کە خاڵ و گوڵ و ڕەنگەکەی دەگەڵ کراسەکەم یەک بگرنەوە.

■ کابرایەک بۆ دۆستەکەی خۆی دەگێڕاوە: «ڕۆژێک نامەیەکم نووسی و لەسەر پشتی پاکەتەکەم نووسی (بۆ گەوجترین پیاوی دونیایە) و لەپۆستم خست و ناردم، بەڵام پاشی سێ ڕۆژان، نامەکە گەیشتەوە دەستی خۆم.

■ کابرایەک دەگەڵ کوڕەکەی پێکەوە شەڕیان بوو. کوڕەکەی بە تووڕەیی دەیگوت: «باوکت نەفام بووە، بۆیە کوڕی نەفامی وەک تۆی لێ بووە. بابەکەش پێی دەگوتەوە: «باوکی خۆت نەفام بووە کەرە، بۆیە کەرێکی وەک تۆی لێ بووە».

■ دوکتورێک لە مەجلیسێکدا باسی شارەزایەتی و خاس حەکیمایەتی خۆی دەکرد و دەیگوت: «ئەوە بیست و دوو ساڵە دوکتورم و تا بەئێستا هیچ نەخۆشێک لەدەستانم نەچۆتە شکایەتێ. یەکێک لە دانیشتووان هەڵی دایە و گوتی: «ئاخر دوختۆرگیان، خۆ تۆ هیچ یەک لەنەخۆشەکانت نەماون کە لەدەستانت بچنە شکایەتێ.

■ لەچاپخانەیەکدا کرێکارێک ورد خەریکی چنینی پیتی ئەلفبایی بوو. خاوەن کارەکە بەلایدا تێپەڕی و لێی پرسی: «ئەوە ئاوا بەوردی خەریکی چی کوڕە؟». کرێکارەکە گوتی: «خەریکی چنینی پیتەکانی ئەو کتێبەم کە قەرارە ببێتە دیوانی شیعری ئەو شاعیرەی دوێنێ بەلای خۆتانەوە بوو. خاوەن کارەکە سەرێکی بادا و گوتی: «هێندە خۆتی پێوە ماندوو مەکە ڕۆڵە. هەرچی هاتە دەستت بیچنە، فەرقی پێ ناکا، هەرچۆنی ڕێکبخەی

لەوانەیە لە هی خۆی باشتر بێ، ئەوە شاعیر نییە و خۆی پێی وایە شاعیرە».

■ دوو دۆستی یەکجار مەست و سەرخۆش لەبەر دەرگایەکدا ڕاوەستابوون. یەکیان کلیل بەدەستەوە خەریک بوو دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام جێ کلیلەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە. سەری بەرز کردەوە و لە دۆستەکەی پرسی: «ئەرێ ئەوە ماڵی منە یان ماڵی تۆیە؟ ئەوەی تریان جوابی داوە: «منیش چاوم ڕەشکە و پێشکە داکا و هیچ نابینم، بەڵام با لەدەرگاکە بدەین و بانگێک لەخانمەکەمان بکەین. ئەگەر خانم بە لینگە کەوشان وەرگەڕایە سەر و سەکوتی هەر کامێکمان، ئەوە بزانە ماڵی ئەوە.

■ کابرایەک لەلای دوکتورێکی ددانساز، ددانی دەکێشا. کاتێک کە ددانەکەی کێشا، سەد دۆلارێکی دا بە دوکتور. هەقی ددانەکە پەنجادۆلار بوو، بەڵام دوکتور خوردە پوڵی پێ نەبوو باقییەکەی بداتەوە. گوتی: دانیشەوە. کابرا دانیشتەوە و دوکتور ددانێکی دیکەشی بۆ کێشا و گوتی: کاکە هەستە، بێ حیساب.

■ لە دێهاتی هەوشار کوللە هەستابوو. هەر کەس بە هەر شتێکی کە لەدەستی دابوو، وەک بچێتە جیهادی دین، بۆ کوشتنی کوللە وەدەرکەوتن. کابرایەک تفەنگێکی ڕەشۆکی پێ بوو. چەند تفەنگی بەکوللەکانەوە نا و بەڵام هیچی نەگوشت. لەنزیک دێ، دیتی سێ کوللەی قەڵەو بەقەدرایە بۆقێک لەسەر پشتی ژنێک هەڵنیشتوون. سێرەی لێگرت و پێوەی نان، کوللە و ژنەی پێکەوە کوشتن. خەڵک هاتن و زۆریان لۆمە کرد. ئەویش گوتی: شەڕە ئێستر... ئەمن سێم لەوان کوشتووە و ئەوانیش یەک؛ سێ بەیەک!

■ کابرایەک هاتە دایرەی پۆلیس و بەسەرۆکی پۆلیسانی گوت: جەنابی ڕەئیسی پۆلیس! من لەدەستی ئەم پاسەبانەتان هاتوومە شکایەتێ... ڕەئیس پرسی: کار و پیشەت چییە؟ گوتی: قوربان گیرفان برم.

■ کوڕێکی گەنجیان لە دادگادا محاکەمە دەکرد. تەواوی پەروەندەکەی هەر باسی سەر پەتکێکی تێدا نووسرابوو. ڕەئیسی مەحکەمە لەکوڕەی پرسی: ڕۆڵە، ئەمە ڕاستە کە تۆ لەحالێکدا دەس بەسەر کراوی سەر پەتکێکت لەمستدا بووە؟ کوڕە گوتی: بەڵێ قوربان ڕاستە. ڕەئیس گوتی: ڕۆڵەگیان! سەرە پەتکێک هیچ تاوانێکی ئەوتۆ نییە کە لاوێکی وەکی تۆی پێ لەبەند بکرێ... کوڕە گوتی: ئاخر قوربان سەری پەتەکە، لە ملی مانگایەک بەسترابوو.

■ دەوڵەت، جەماعەتێکی لە مامۆستایان کۆکردەوە و گوتی: «ڕەنگە لە نێوانی ئێمە و دراوسێکانمان دا ببێتە شەڕێکی بێ ئامان، کەوایە هەموو کەس دەبێ کاری گریلایی و سەربازی بزانێ. ئێمە دەمانەوێ لەمامۆستاکانەوە دەست پێ بکەین و مامۆستاکان فێری چەتربازی بکەین. بەڵێ مامۆستاکانیان سواری تەیارە کرد و چونیەتی خۆهەڵداشتن و چەترکردنەوەیان لە حەوا دا فێر کردن. گوتیشیان: «ئێوە خۆتان دەهاوێنە خوار، کە پەنجا گەز لە تەیارەکە دوور کەوتنەوە، دوگمەی چەترەکە دادەگرن و ئارام ئارام بەرەو زەوی دادەکشێن. دوابدوای ئێوەشدا بار و بارخانەی خورد و خۆراکی هەمە چەشنە و پێخەفی نەرم و نۆڵتان بۆ دەهاوێژینە خوار، یەک هەفتە لە سەر ئەم کانی و ئاوەی کە لەژێرلینگتانەوە دیارە و هەر دەڵێی بەهەشتە، کەیف بکەن و خۆتان قەڵەو بکەنەوە». مامۆستایانیان هەڵداشت. یەکەمینیان کە پەنجا و نۆ گەز لەتەیارەکە دوور ببۆوە، دوگمەی داگرت بەڵام چەتر نەکرایەوە. بانگی ئەوانی دیکەی کرد و گوتی: «کوڕینە هەر هەتا پەنجا گەزەکەیان ڕاستە، بەهەشت و تاعاماتەکەیان دیدار بەقیامەت.

■ دەگێڕنەوە دەڵێن دزێک بۆ دزی کردن دیواری ماڵی نەقاشێکی بڕی و خەریکی کۆکردنەوەی شتومەک بوو. نەقاش بەئاگا هاتەوە و لە ژێر لێفەدا زانی دزەکە نێرە کەرێکی درشت هەڵکەوتەیە و پێی ناوەستێ. گورجێک خەریکی کێشانەوەی سەر و ڕوخساری دزەکە بوو. ئەمەش بڵێین کە کابرای نەقاش، هەر بەس شارەزای شێوە نەقاشیی کوبیسم بوو. سبەی بەیانی نەخش و نیگاری دزەکەی بردە دایرەی پۆلیس و گوتی خاوەنی ئەو وێنەیە ماڵەکەی منی دزیوە. پاش دوو ڕۆژان خەبەریاندا بەکابرای نەقاش، کە بچێ و دزەکانی بناسێتەوە. پۆلیس لەڕووی نەخشی تابلۆی هونەرمەندەکە، دوو مەیمون، دوو قرژاڵ، ماشێنێکی جلک دروون و مەقەستێک و چوار دەرزی و پەرداخێکی لە ژوورێکدا دانابوو.

■ دەڵێن تەفاوەتی نێوان پیاوی خەیاڵاتی و شێت و ڕەوانشناس ئەوەیە کە: خەیاڵباف لە بیرۆکەی خۆیدا کۆشکێکی خەیاڵی ساز دەکا. شێتەکە تێیدا دادەنیشێ و ڕەوانشناسەکە کرێکەی وەردەگرێ.

■ شاعیرێکی ماعیر، بەلای دۆستێکەوە گوتی: من شیعرێکم بەتازەگی گوتووە کە ناوی چل و پێنج کەس لەدۆستانی خۆمی تێدا گونجاوە. کابرا گوتی: دە بڵێ ئوتوبوسم ساز کردووە، نەک شیعر.

■ کابرایەکی چەرچی لە مەهاباد چوە لای مەلا و گوتی: مامۆستا، کار و کسبەکەی من لە دێ و دێهاتانە و هاتووچۆی دێ و دێهاتانم زۆر لە بەرە. خۆشت دەزانی کە دێ و دێهات پڕی سەگن. دەمەوێ دوعایەکم فێر بکەی کە لە شەڕی سەیانم بپارێزێ. مەلا گوتی: «وەی بەچاوان». مەلا دوعایەکی فێرکرد و کابرا بەخەیاڵی تەخت ڕۆیی. پاشی هەفتەیەک کە گەڕایەوە بۆ لای مامۆستا، هیچ ئازای ئەندامی جێی ساغی نەمابوو. هەمووی جێ کەلپ و قەپاڵی سەگان بوو. مەلا گوتی: «بەڵا بەدوور بێ یاخوا، ئەوە بۆ وات لێ بەسەر هاتووە؟» کابرا گوتی: «لەدوعاکەی خۆت بپرسە کاکەمەلا!» مەلا گوتی: «ئاخر خاڵە گیان، ئەو دوعایەی من فێرم کردبووی، عەرەبی بوو، خۆ سەگی کوردستانیش زمانی عەرەبی نازانن بۆیە بەم دەردەیان بردووی».

■ کابرایەک تووشی خانمێکی ئاشنای بوو. پاش چاک و چۆنی کردن، لێی پرسی: «ئەرێ دایکت چۆنە؟». بەڵام لەپڕ هاتەوە بیری کە دایکی سێساڵ لەمەوبەر مردووە. بۆ پینەکردن، زوویەکی گوتی: «ئەرێ هەر لەو گۆڕستانەکەی خۆیدا نێژراوە؟».

■ مامۆستای دەرسی ماتماتیک بە ئەحمەدی گوت: ئەحمەد، ئەگەر من هەزار دۆلار بەماوەی دوازدە مانگان بدەم بە باوکت و قازانجی قەرزەکەش مانگانە سەتی دوازدە بێ، لەئاخری ساڵدا باوکت چەندەم دەداتەوە؟ ئەحمەد گوتی: «هیچ... فلووسێکیشت وەچەنگ ناکەوێتەوە مامۆستا». مامۆستا گوتی: «ئەحمەد وادیارە لەدەرسی ئەمرۆ هیچ حاڵی نەبووی». ئەحمەد گوتی: «بەڵێ مامۆستا حاڵیم و زۆرچاکیش حاڵیم، بەڵام جەنابت باوکی من ناناسی و نازانی کە ئەگەر پوڵ و پارەی پێغەمبەریشی بکەوێتە دەست، فلووسێکی ناداتەوە».

■ نەخۆشێکی ترسنۆکیان دەبردە ژووری عەمەلی جەڕاحی، هاتن بێهۆشی بکەن. نەخۆش دەستی دوکتوری گرت و گوتی: «جەنابی دوختۆر بیکە بۆ خاتری ئیمامی هەمزە بێهۆشم مەکەن». دوکتور گوتی: «نابێ، ناتوانین بێ بێهۆشکردن عەمەلیاتت بکەین». کابرا گوتی: «دوختۆر بێهۆشی چم دەکەی، هەر سێک تەڵاقم کەوێ من هەر لە بابەلبابەوە پیاوێکی بێهۆش بووم».

# چاپەمەنی

١) کتێب و نامیلکە:

* دەستــە بوخچــە ــ زاراوەی ژنانی مـوکـریان، کـۆکـەرەوە هێدی(٢٦٨ لاپەڕە)، چاپی یەکەم: کـتـێبی هەرزان، ١٩٩٩ سـوێد. جگە لە کـتـێـبفـرۆشی هەرزان، دەتوانن لە ڕێگەی گۆڤاری گزینگ یشەوە داوای بکەن.

* A Studdy of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani
Jafar Hasapoor, Uppsala University 1999.

* گرامەری دیکتەی ئینگلیزیی، کرمانج گوندی، چاپی یەکەم ١٩٩٩ سـوێد. ئادرێسی داواکردن: کـتـێـبفـرۆشی هەرزان ــ سوێد.

* نامە سرگشادە، به سران جنبش(فئودال ــ عشیره) کرد در عـراق، مـوضـوع: دسـتـگـیـری اوجـلان و اتهـام و افـتـراء !تروریزم"...تاکی همه هدف... لکن بیهدف؟... هان... تاکی؟! از(له): چیا، مالموــ سوئید، ١٩٩٩.

* سوخەنرانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە مـەراسمی ڕۆژی کۆمەڵەدا ــ لە شاری استکهلم سوئێد، ڕێبەندانی ١٣٧٧، ئینتشاراتی مەرکەزی کۆمەڵە.

* ڕێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراقدا، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: فەهد گردەوانی، ستۆکهۆڵم =١٩٩٩.

* دوو ساتیرە چیرۆک: ژن و سـولـتـان؛ گـەڕان لە دووی سەروادا، حەمە سەعید حەسەن، بنکەی خەرمانە، کاترینەهۆڵم ــ سوێد ١٩٩٩.

* لیست عناوین کتاب(٨) مخصوص اعضای کانون کتاب فردوسی:
Ferdosi, Box 45095, S-10430 Stokholm-Sweden

٢) گۆڤار:

* هەوار، ژمارە ٦، ١٩٩٩، گـۆڤـارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبـیـری گشتی یە. ئادرێس:
Post Office Box 489, Torrensville plaz SA 5031, Astralia

* هانا، ژمارە ١٢-١١، ١٩٩٩، گـۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی یە. ئادرێس:
Box 6040, 42406 Angered-sweden

* ڕابوون، ژمـارە ٢٧، ١٩٩٩، گـۆڤـارێکی کـولـتـووریی گشتییە. ئادرێس:
Box 25161, 75025 Uppsala- Sweden

* کۆنتراکت، ژمـارە ٤، ١٩٩٩. گـۆڤـارێکی سـیـاسـیـیـە. ئادرێس:
F-stålsgatan 96, 75439 uppsala-Sweden

* مەڵبەند، ژمارە ٨٨، حوزەیران ١٩٩٩.
Kurdish Cultural Centre(KCC), 14 Stsnnary srteet, London SE11 4AA, U.K.

٣) ڕۆژنامە و بڵاوکراوە:

* پەیام، ژمارەکانی ١٥ و ١٦ ساڵی ١٩٩٩. ئادرێس:
Peyam, PO Box 16283, London W2 5ZR U.K

* پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێـران (کـۆمـەڵە)، ژمـارەکـانی ٩٩، ١٠٠ و ١٠١ سـاڵی ١٩٩٩. ئادرێس: ڕۆژنامەیەکی بێ ئادرێسە!

* چراخان، پەیوەستگای دێمۆکراتییە کوردەکان لە سوید ــ لوند، ژمارەکانی ١٩، ٢٠ و ٢١ ساڵی ١٩٩٩. ئادرێس:
Fax:046-130813

* ڕزگاری، ئۆرگـانی پارتی کـاری سـەربەخۆیی کـوردسـتـان، ژمـارەکـانی: ٦٢، ٦٣، ٦٤ و٦٧ سـاڵی ١٩٩٩. ئادرێس:
APSK, Box 26030, 75026 Uppsala-Sweden

* کورد، ژمـارە ٦، سـاڵی ١٩٩٩، ڕۆژنامـەیەکی گـشـتی سەربەخۆیی بێ لایەنە. ئادرێس:
3/36 Mellor Rd, glanville S.A 5015, Adelaide Australia

* کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کـوردسـتـانی ئێـران، ژمـارەکـانی ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧١و٢٧٢ ساڵی ١٩٩٩. ئادرێس:
AFK, B. P. 102-75623 Paris, Cedex 13-France

**سەرنج**

بەشێکی زۆر لە دۆستان و خۆشەویستان، تائێستاش هەر بە ژمارە تەلەفۆن و فـاکـسـەکـەی ئێسـتا پێوەندیان پێوە دەگرن. تکایە سەرنج بدەن و لەمەودوا، بەو ژمارە تەلەفۆن و فـاکس و هەروەها ژمـارە موبیلەی کـە لە لاپەڕەی ٣ و لاپەڕەی ڕووبەڕوودا تۆمار کراون، پێوەندیمان پێوە بگرن.

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**

Box: 327

824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax/Tel:** +46-0650-94029

**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 24 Summer 1999 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 24, Summer 1999**



## له کتێب فروشی هه رزان داوه بکه ن :

-هه نبانه بوّرینه( کوردی-کوردی- فارسی ) هه ژار
١٠٣٥لا په ره
-قاموسا سه لاحه دین ( ئینگلیزی - کوردی )
سه لاح سه عدلا ١١٨٣ لا په ره
-روژباش( کتیبی راهینان بو فیربوونی ئه لف وبێ ی نوێ
فهمی کاکه یی ١٤٠ل
-ئه لف وبێ ی نوێ ابراهیم ئه مین بالدار ٩٠ل
- ده سته بو خچه ( قاموسی زاراوه ی ژنانی موکریان ) \ هێدی
- فه رهه نگی ناو ی کوردی\ سیروان کاروانی
-مه سعود محه مد-ده سته و دامانی نالی٣١٨لا په ره

..........

### کتیبی تازه له کتیب خانه هه رزان:

چیشتی مجیور هه ژار٥٨١ل- قاموسا سه لاحه دین ئینگلیزی- کوردی ١١٨٣ل
- خاطرات واندیشه های عبدالله اوجالان دکتر یالچین کوچو ک ٤٠٠ ص ٨٠کرون
- امید ها وناامیدی ها خاطرات سیاسی دکتر کریم سنجابی ٤٧٠ص ١١٠کرون
- جامعه شناسی مردم کردآغا شیخ و دولت ترجمه ابراهیم یونسی ٥٠٣ص ١٣٥کرون
- جنبش کردها ادگار ابالاس ترجمه فتاه قاضی ٢٧٥ص ٧٥کرون
-دعا برای آرمن رمان ابراهیم یونسی ٤٩٠ص ٨٥کرون
-تاریخ موسیقی کرمانشاه ایرج نطافتی ٢٧٩ص ٦٥کرون-
-شرفنامه شرفخان بتلیسی و ده ها تیتر دیگر

.......

KITAB-I ARZAN
BARNARPS G 31 \ 553 16 JÖNKÖPING \ SWEDEN
TELEFAX: +46 (36) 710999
MOBIL: +46 (O) 70 492 69 24
E-postadress: kitab.i.arzan@jonkoping.telia.com